Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# شـــۆڕش و دارلاستیك

کۆمەڵە گوتارێکی سیاسیی ڕۆژنامەوانیە

## غیاسەددین نەقشبەندی

2016

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پێشکەشە: بە نەوەی داهاتوو، دوای پەنجاساڵی تر.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# پێڕست


پێشکەشە: بە نەوەی داهاتوو، دوای پەنجاساڵی تر ............................ 2

پێڕست ............................................................ 3

*دەروازە* ........................................................ 6

*پێشەکی* ........................................................ 13

*سایکس پیکۆت شەترەنجێکی سەد ساڵە* ................................ 20

*ورچی ڕوسی و فاقی هاوپەیمانان* ................................... 24

*گوتارەکی سەخیف* ................................................ 29

*خوێندنەوەیەکی بێلایەن بۆ سیاسەتی ناوخۆیی* ........................ 34

*عەقڵیەتی دەستەڵات* .............................................. 39

شۆڕش و دارلاستیك ................................................ 48

جیاوازی نێوان گەل و مێگەل ........................................ 84

تەعریب بەدەستی کورد .............................................. 88

داعش و خوشکە دەمامکدارەکانی ...................................... 91

ئەفسانەی دیکتاتۆری دادپەروەر ...................................... 95

کورد و توێکڵ ..................................................... 100

ئەحزابی بێ ئەدەب ................................................. 103

کودەتای دۆڕاو .................................................... 106

هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ، دوو هەنگاو بەرەو دواوە ...................... 109

تیۆری دەوڵەت و کەڵەکەبوونی فشار .................................. 113

زەنگینی ولات پارێز ................................................ 113

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کورد چەتەی نێودەوڵەتی نیە ........................................... 118
هەڵسەنگاندنێك بۆ هەنگاوەکانی بەدەوڵەتبوون .............................. 122
کوردو دەنگدان ........................................................ 126
دەسەڵاتمان چ جۆرە تاکێکی دروستکردووە؟................................ 130
مێرفی و سەیرستان .................................................... 136
وەك چەمکێکی دوو تیغ ڕیالیزم............................................ 140
تەوژمی پەیف............................................................ 150
حزبەبچوکەکان ......................................................... 154
من دژی فیمینیزمم ..................................................... 157
ڕەشنووسی دەستوری عیراق................................................ 161
کورد لەنێوان شێمانە .................................................. 168
کاغەزی فشار ........................................................... 175
تۆڵەی هەڵەبجە ......................................................... 179
ئیعدامکردنی سەدام...................................................... 183
خاڵبەندیی بنەما سیاسیەکان ............................................. 187
مەنەفیستی مەلەکییەت بۆ کوردستان ...................................... 191
ئینقلاب لەسەر حکومەتی هەرێم ........................................... 206
ئاخ فەلەك............................................................... 210
ماتماتیکی کەڤاڵی سیاسی ................................................ 215
لەناوبردنی چەمکی ئۆپۆزیسیۆن لەپرۆسەی سیاسیدا ........................... 219
دەوڵەتی کوردی . خاڵێکی ڕووناك.......................................... 223
ژن . سەنگەر و ئیکسیسوار................................................. 226
دەستەی مامۆتك یان پیاوکوژی ئاغا......................................... 231
تورکیا .. ................................................................ 236

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەدەستدانی پێگەی جیهانی ........................................................ 236
کۆڵەواری و تێنەگەیشتن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندن ................................ 241
ماتماتیکی سیاسی و ............................................................... 247
گرفتی کوردستان ................................................................... 247
لە دایکبوونی مرۆڤی بۆر ......................................................... 250
برادەرانی یەکێتی و برادەرانی پارتی ............................................. 256
پارادۆکسی پێشاز .................................................................. 263
جاڕدانی بەیانی سەروەری ......................................................... 268
سایکۆلۆجیای دەسەڵات ............................................................. 276
کوردستان مەیدانی جەنگی بێگانە ................................................ 282
کورد دەرۆزەکەر نیە ............................................................... 290
گەندەڵی نامۆییەکی ڕوخێنەری دێرینە ............................................ 295
هزری توندڕەو بە باروت لەناو ناچێت ............................................ 304
یاسای مۆراڵی پیشە ................................................................. 308

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# دەروازە

ئەورۆ 13.03.2016 یە

یازدەساڵ بەرلەئێستا گەڕامەوە کوردستان، دوای یانزدە ساڵی کۆچکردن کە بەر لەشەڕی ناوخۆ ئەوبڕیارەم دابوو، ئەوسا، واتە 1993 هەستێکی قووڵ دایگرتم کە هیچ وابەستەو گرێدانێکم بەسیستمی سیاسییەوە نەمابوو شەپۆلە بەهێزەکانی نامۆیی لەناو وڵاتەکەم خەریکبوو ناخم دابڕزێنن، بۆیە هەوڵێکی جیددیم دا بەرەو شوێنێکی ئارامتر بڕۆم بۆ ئەوەی نەختێك لە گوشاری نامۆیی خۆم کەم کەمەوە، چونکە خەریکبوو پەنجەکانی دەگەیشتنە قوڕگم و دەمزانی هەردەمخنکێنێ.

یانزدە ساڵ لە تاراوگە، بەهەموو خەمو ئازاری غوربەت و دووره وڵاتی، گرێیەکی کرێت تری لەناخمدا چاند ئەویش دوریی وڵات بوو، لەوێش هەستم بەخۆشی نەدەکرد چونکە گرێیەکە وەکو شێرپەنجە هەمیشە ئازاری دەدام، شەوێك نەنوستم بەبێ ئەوەی بیری ئەو وڵاتە وێرانە نەکەمەوە، بەشەقام وشۆستە و مرۆڤ و بۆنی خاکەوە. هەرچەندە لەو یانزدە ساڵەی تاراوگە، یەکەم کتێبی خۆم بەناوی «نامۆیی» چاپکردو توانیم خوێندنی خۆم تەواوکەم و منداڵەکان پێڕابگەیێنم، بەڵام لەبەرامبەردا هەمیشە هەستی ئەوەم بەسەردا زاڵ بوو کە (لەکوردستان نیم).

هەستم نەکرد ساڵانی غەریبی بەفیڕۆ چووبێت چونکە توانیم شتێك بکەم، بەڵام ئەو یازدە ساڵەی کە هاتمەوە و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەکوردستان بەنیازی یەکجارەکی مانەوە، هەستێکی تری قـووڵی لابەجێهێشـتم کە هـیچ شـتێك بـایەخی نەمـاوە، نە ژیـان و نەمـردن، نە زەنگینـی و نە هەژاری. تـوانیم جـگە لە وەزیـفەی فەرمانبەریم وەك شارەزا لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێـم، ئەو گوتـارانە هـیچ پەیوەنـدییێکی بە وەزیـفەکەمەوە نیـیەو تەنهـا ڕای خـــــۆمن، زۆربەی گۆتارەکــــانیش لەخەفەتــــی ئەوە بڵاوکــردونەتەوە کە نەمتوانیــوە چارەســەری گرفتەکــان لە فلتەرەکــان بپەڕێــنمەوەو بیگەیــنمە دەســت خــاوەن بڕیــاڕ، نەمویسـتوە ئەو هـزرە بەفیرۆبـڕوات و نەگـاتە دەست خـاوەن بڕیار وەك چارەسەرێك بـۆ ئەو گرفتـانەی کە ئێسـتا تـوشمان بوون، چونکە گرفتەکانی ئێستامان هەر هەموییـان لەئەنجـامی هەڵەی پێشـتر تووشـمانبوون، و ئەو هەڵەی ئێسـتا دەیکەیـن کەپێمان وایە زۆر ڕاستن، ئەنجامە نەرێنـی و خرابەکـانی دوای چەندســـاڵێکیتر وەدەردەکەون، بـــۆیە زۆرم پێخۆشـــە کـــاتی کتێبەکە دەخـوێنییەوە مێـژوی نوسـینی گوتارەکـان ڕەچـاوبکە، سـەریکە کە چەنـدین شـتی تێـدایە کە بەئاراسـتەی جیـاواز ڕۆیشتوون بونەتە هـۆی گرفتەکـانی ئێسـتامان و ئەگەر ئەوسـا پێشـنیارەکان بەهەنـد وەرگیرابـان دڵنیـام ئێسـتا ئەوگرفتـانە هەموویان نەدەهاتنە ئاراوە.

تـوانیم لە مــاوەی ئەو دەســاڵەدا، چەنـدین گوتــار لە ڕۆژنامەکانــدا بڵاوبــکەمەوە، ئەو گوتــارانەش هەنــدێکییان لە ڕۆژنامەی «ڕووداو» و ڕۆژنامەی «هەولێر» و ڕۆژنـامەی «بـاس» دا بڵاوبــوونەتەوەو هەندێکیشــیان بڵاونەدەکــردەوە بە بیــانووە هەمیشـــە ئامـــادەکە، کە لەگەڵ سیاســـەتی ڕۆژنامەکەیـــان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ناگونجێت! تائێستاش نەمزانی ئەوسیاسەتە تایبەتە چیە؟ ئەو سیاسەتە چیە؟ توڵەیە لەبلەبییە، یان تووڕە؟

ئەو گوتارانە نەك تەنها گوتاری ڕۆژنامەوانین، بەڵكو زیاتر دیەر (شاهد) و گەواهین لەسەر ڕووداوەكانی ئەوكاتەو هەڵوێستی تایبەتیم بەرامبەر ئەو بوویەرانە كە لەدە ساڵەی ڕابردودا لەناویاندا ژیاوم و دەنگم بەهیچ كوێ نەگەیشتووە. وەك بێئومێدییەك لەوەی كە نەوەی ئێستامان توانای چاككردنەوەی بارودۆخی نیەو دەستەلاتیش ویستی چاككردنەوەی نیە، بۆیە بەنەوەی داهاتووی دوای پەنجا ساڵیتر پێشكەشمكردوە، دەسەلات پەمۆی لەناو گوێی خوی داناوە، بۆ ئەوەی تەنها ئەو دەنگانە ببیستێ كەخۆی دەیەوێن، لێرەدا قسەیەكی هاوڕێی دێرین ‹سەعدوڵلا پەرۆش›م هاتەوە بیر كە حەفتەیەك بەر لەئێستا لەدانیشتنێكی ماڵی نووسەران باسیكرد، منیش بەئەمانەتەوە دەینووسمەوە چونكە ئاخافتنەكە ‹أختزال›ی زەمەنە دۆڕاوەكەی نووسەرانی دەسەلات دەكات ( ئەوانەی نایانەوێ باسی هەڵەكانی دەسەلات بكەن وەك ئەوە وان كە باوكێك نەخۆش بكەوێ و براو خوشكەكانت نەهێڵن پێی بڵێی: بابە تۆ نەخۆشی و دەبێ چارەیەكت بۆ بدۆزینەوەو عیلاج وەرگری) بێگومان ئەوانە دەیانەوێ ئەو باوكەیان بەسەبری بكوژن بۆیێ پێی ناڵێن بابە تۆ نەخۆشی، بۆ ئەوەی سەخڵەت نەبێ و معاشەكانیان نەبڕێ، بەلام لایان گرنگ نیە كە خۆی لەبەر وەرنەگرتنی عیلاج لەناوبچێت. من ئەوەی بەباشم زانیبێت بۆ چارەسەركردنی ئەو باوكە نەخۆشە، گوتوومە بەمەبەستی پێزانینی بە نەخۆشییەكان و خێرا عیلاجكردنی، چونكە ئەودەسەلاتە بۆ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کـورد وەکـو بـاوك وایە، نەك حزبێکـی هەتیـو، کە تەنهـا بەسـندووقەکانی دەنگـدان دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە گرتبێـت و چەند خـولێکی تـری هەڵبـژاردن دەڕوات و لەکۆڵماندەبێتەوەو کەس نازانێت بۆ کـوێ. ئەو دەسـەڵاتە، خەڵك بەخـوێن بـۆی مـۆرکردووەو ئێسـتاش هەر بەشـەرعییەتی خەبـاتی شـاخەوە حوکم دەکات، نەك بەشەرعییەتی دەنگدان.

ئەو گۆتارانەی کە لەو کتێبەدا هەڵمبژاردون، یەکگرتنەوەیەکی بابەتگەرییان لەناودا هەیە " Subject Unification" ئەگەر چی هەمووی لەسەر هەمان بابەت نەبن، بەڵام بەتێکڕایی هزری من بەرامبەر ڕووداو و چەمکەمان بەئاشکراو بێ لایەن دیاردەکەن، بێلایەن بەدیدی خۆم، بەڵام بە دیتنی کەسانی تر زۆر جار لەناو دەستەڵاتەوە پێمگوتراوە: ئەوەچیە تۆ دەینووسی؟ ئۆپۆزیسیۆنیش هەرئەوەندە دەڵێت. هەروەها زۆرجاریش بابەتەکان دەبیندرێن کە دژی ڕەفتارەکانی دەستەڵاتن، نەك دەستەڵات خۆی، بەڵام ئەوانەی دژی دەستەڵاتن هەر قەناعەت بەوەش ناهێنن و کۆڵی دڵییان بەوەش دانامرکێ کە ڕازاندنەوەی بابەتگەری و بونیادگەرانە تەرح دەکرێن، دەڵێن ئەوە وەکو قسەی دەستەڵاتە! یان دەستەڵات پێی گوتووە ئەوها بنووسێت! بەکورتی، بەناو ئۆپۆزیسیۆن لێیان ڕازینیەو دەستەڵاتیش هەروەتر، بۆیە زۆر بەزەحمەت لەناو ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان جێگاییان دەبێتەوە، چونکە ئێستاش شتێکمان نیە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەناوی ڕاگەیاندنی ئازاد، یانیش ئەگەر هەبێت کەس نایخوێنێتەوە، چونکە زۆربەی خەڵك ئازادی بەمانای ڕێگاپێدانی جنێودان و سووککردنەوە تێدەگەن و گوتاری تێکدەر تێدەگەن، نەك چاککردنەوەی هەڵەکان و ڕێگا دۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنییان.

دەربارەی نووسینی کرمانجی خوارو کە ئێستا بەسۆرانی ناودەبرێ، گرفتی زۆر لەناو سینتاکس و دەربڕین و شێوازی نووسین هەیە، هەروەك لە کرمانجی خوارو کە زیاتر زاراوی ئیمارەتی بادینانە کە بە تیپی عەرەبی دەنووسرێت، لەوانەیە زۆرجار، هەوڵم داوە خۆم لە (دوو واوو سێ واو) ، یان (دوو یێ و سێ یێ) رزگارکەم، هەرچەند دژی ڕێزمانە سەپێندراوەکەش بێت، بەڵام من بە لۆجیك کارم لەسەرکردووە زاراوەی هیچ دەقەرێکی پێوەنیە بەقەد ئەوەی کە هەوڵمداوە بەزاراوەیەکی ئاسانتر و پڕ ماناتر بینووسمەوە، ئەگەر لەشوێنێك بینیت (دوووسێ واوو دووو سێ یێم) نەهێشتوە، ئەوە بزانە زۆر پێم ناشرین و کرێتبووە لەڕستەیەکی سێ چوار پەیڤیدا نۆ واو هەبێت؛ پێویستە ئێمەمانان کە کار لەگەڵ پەیڤ و زماندا دەکین، بەزوترین کات شێوازێکی نووسین بدۆزینەوە، کە بەکەمترین پەیڤ پڕ واتاترین هزر بگەیێنێت، چونکە هزر واتا زمانێکی زەنگین، هیچ هزرێك بەزمانی هەژارو بێ یاساو ڕێسای لۆجیکی نانوسرێتەوە، دەبێ بەزمانێك بنووسین توانای

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەربڕینی لە پێشکەوتن بکات، بۆ ئەوەی بو نەوەی داهاتو ببێتە کانیاوێکی بووش و لەبننەهاتو بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بتوانن شانازی بەو زمانە زیندوەی بەهەزاران ساڵە سەرڕای هەموو هەوڵەکانی دژمنان بۆ لەناوبردنی، ئێستاش تەنها زمانە کە بەساغ و سەلامەتی ماوەتەوەو ئێستاش زیاتر دەربڕینی پێدەکرێت لە زمانەکانی دەوروبەرمان.

هەروەها لەو کتێبەدا (نییە) و(چییە)م بە (نیەو چیە) گۆڕیوە، چونکە هیچ پاساوێکی لۆجیکی نیە بەشێوازە کۆنەکە بنوسرێت، ئەوەندەش هەنگاوێکە هەوڵمداوە بیهاوێژم وەك هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی نوێ لەناو زمان و وتاگەریدا بکەم کە نیازمە ڕێکخراوی و بە هاریکاریی چەند برادەرێکی زمان زان، کودەتایەکی زمانەوانی لەسەر شێوازە کۆنەکە بکرێت و زاراوێکی پوخت و تێکهەڵکێشراو بە زاراوەکانی تری کوردستان موتوربە بکرێت، بڕیارەکە لەدەست ڕۆشەنبیرو زمانزان و مرۆڤی ئەکادیمیدایە، نەك لەدەستی دەستەڵات و حیساباتی دەنگدەر و وەلائی حزبی، کەی دەستەلات بەچاکی زانی و بڕیاری دا زمانی یەکگرتو دروستکات، دەبێ هەنگاوی یەکەم لەئێمەوە بێت، ئێمە ناتوانین بەهەڵەو نالۆجیك و ڕێزمانێکی گەمژە بنووسین هەتاکو دەستەلات بڕیار دەدات کەی دەبێ بیکەین. ئەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەنگاوەش خشتێکی بنەڕەتیی دروستبونی دەوڵەتە، کە دەبێ یەك زمانی تەڤگەری هەبێت.

غەیاسەددین نەقشبەندی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# پێشەکی

غەیاسەدین نەقشەبەندیم لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردوو ناسی، بەیەکەوە کاری رۆژنامەوانیمان دەکرد، ئەو ریپۆرتەرێکی بواری رووداو و کێشە کۆمەڵایەتیەکان بوو، منیش لە بواری شیکاری سیاسی، زۆر ئارەزووی خوێندنەوەی ئیشەکانیم دەکردوو تا ئاستێکی زۆر تیایاندا سەرکەوتوو بوو، بویێریەکی رۆژنامەگەریانەی هەبوو و بە تاسە و شەوقەوە کارەکانی دەگەیاندە جێ.

ئەم کۆمەڵە وتارەی ئێستاش لەم کتێبەدا کۆیکردوونەتەوە و خستوونیەتە ژێر ناوی یەکێك لە وتارەکانی «شۆڕش و دار لاستیك» نەفەسێکی چارەسەری رۆژنامەوانیانەی رووداوە سیاسیەکانی هەیە و لە چوارچێوە گشتیەکەیدا دەکرێ، پێموابێ هەموویان پەیوەستن بە کێشەی کورد و تەنگژەکانی هەرێمەکەمان و عیراقەوە، بەلام لەنگیەك لە هارمۆنیەتی وتارەکان بەیەکەوە هەیە، رەنگە ناهۆمۆجینیەتی مامەڵەی سیاسیانەی ئەم هەرێمەمان لەگەڵ رووداوەکان بەشێك بێ لەو لەنگیە.

لەبەر ئەوەی جووڵانەوەی شۆڕشگێری ئێمە لە زەمەنی شاخ و راپەڕاندنی کاری ئیداری لە دوای راپەڕین کەمترین رۆڵیان لە دروستکردنی رووداودا هەبووە و زۆربەی هەرە زۆریان ئێمە دروستمان نەکردوون، هەر بۆیە رووداوەکان بە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیشەوە لە سیاقێکی هەماهەنگدا لەگەڵ یەکتر نایەنەوە و ئەمەش لە راستیدا نەزانینی یاریە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

سیاسیەکانە لە لایەن کاراکتەری سیاسی کوردی دەردەخا و پێمان دەڵێ ئەوەی بکەری کوردی دەیکات لە رووی سیاسیەوە دەنگ و سەدایەکەی تەنها لە گوێچکەکانی خۆمان دەنگدەداتەوە و ئەوانی تری دەرەوە، دوور و نزیك ئەوەندە بەم نرکە نرکانە تێکناچن.

دروستکردنی رووداو هەوەنتە نیە ئەوەی درووستی دەکا دەبێ چوارچێوەیەکی مەرجەعی هزری سیاسی و نەتەوەیی پتەوی هەبێ و ئاسۆکانی کاری سیاسی و شۆڕشگێریشی لە هیرارکیەتێکی ستراتیژیدا سیستماتیزە کردبێ، ئەوەندە قورسایی لە واقیعی مەعنەوی و فیزیکیدا هەبێ بتوانێ لە هەردوو رەهەندی کات و شوێندا خۆی لە پێشەوە بێ، بکەری رووداو فەلسەفەی تایبەت بەخۆی هەیە و یەکەم بەرپرس لەهەر رووداوێك دەبێ هەر خۆی بێ، ئەوەی ئێمە سەرنجی دەدەین و پێشتریش لەم سەرزەمینە روویداوە کەمترین مۆری کوردانەی لەسەرە و زۆرترین پشکداریەکانمان لەهەر رووداوێکی چ بچووك چ گەورەدا راستەوخۆ دوای دەنگدانەوەی رووداوەکان بووە، ئەمەیە ئێستا باجەکەمان پێدەدا و ناچاری کردووین تەنها بۆ مانەوەی فیزیکی خۆمان بەو لا یا بەم لایەدا بدەین.

نووسینەکانی غەیاس نەقشبەندی لەم کتێبەدا هەندێکیان دەچنە چوارچێوەی هزری ستراتیژی سیاسیەوە وەك «سایکس پیکۆ» و «شۆڕش و دارلاستیك» و«تیۆری دەوڵەت و کەڵەکەبوونی فشار» و«میکانیزمی پەیدابوونی حکومەت و .. .. .. » و یەك دووێکی تر و هەندێکیشیان بۆ ساتەوەختەکانی روودانی رووداوەکان نووسراون و رەنگە ئێستا لەدەرەوەی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هاوكێشەكانی هێز لە ناوخۆی هەرێم و دەرەوەی هەرێمدا بن، بەڵام كە نووسەر بە بیركردنەوەیەكی دۆكومێنتاری بیەوێ بیانخاتە روو ئەوە بە ئاسایی دەزانم.

غەیاسەدین پێشتر چاوێكی رۆژنامەوانیی بە دیقەت بوو هەربۆیە هەستیارانە ئەوەی لەسەر ئاوازی ئاسایی ژیان پێی خوار بوایە دەیكرد بە بابەتێكی رۆژنامەوانی، لێرەدا و دوای دووركەوتنەوەیەكی چەند ساڵە لە وڵات لە هەندێ شوێن سۆزێكی كوردانەی زیاد لە سنووری ئاسایی تیادا دەبینم و من وەك سایكۆلۆژیستێك دەیبەستمەوە بەو وێنە قەبانەی نیشتیمان و نەتەوە كە هەمیشە لە دید و یادگەی غەریبدا لە دووری لە زێدی باب و باپیران سەرهەست دەكەون، نیشتمان هەر نیشتمانە و نەتەوەش هەر نەتەوە بەڵام لە دەرەوەی دوور وێنەكانیان گەورەتر دێنە بەرچاو و سۆزیشمان بۆیان لەوێدا زیاتر لەناوەوە دەمانسووتێنێ، ئەم سووتانە دەروونیە بۆ كورد و كوردستان نابێ وامان لێ بكا عەرەب و تورك و ئەوانی ترمان پێ لە خۆیان و خۆمان بچووكتر بێ و گەر واشمان كرد ئەوا بێئاگا یا بە ئاگا دەپەڕینەوە بەری راسیسزم و لەسەر ئاوازی ئەم هزرە توندەش ناتوانین نە خۆمان و نە ئەوانی تریش لەگەڵ خۆمان بخەینە سەما ئینسانیەكانەوە.

زمانی غەیاس نەقشەبەندی لە هۆنینەوەی وتارەكانیدا هەمەرەنگیەكی هەمە دیالێكتی تیایە ئەمەیان هەوڵێكی رۆژنامەوانیانەی خۆیەتی و بەشێكە لەو ئەركە مۆراڵیەی وەك نووسەرێكی كورد لەسەر شانی بووە و خۆشبەختانەش باش وشەو دەستەواژەكانی بەیەكەوە گونجاندوون لەكاتێكدا كە حزب و رێكخراوە كوردیەكان ئەگەر زیانیان بە زمانەكەمان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نەگەیانــدبێ ئەوا کەمتــرین خزمەتیــان بە زمــانی کــوردی کــردووە، ئەوەتــا هەر حــزبەی بە شــێوازێك و بە شــێوەزارێك دەنووســێ و گەیشــتۆتە ئەو ئاســتەی بەنــاو رۆشــنبیرانیش ئەوانەی سلێمانی بە شێوەزاری سـلێمانی و ئەوانەی کەرکـووك بە هــێ کەرکــووك و ئەوانەی هەولێــر بە شــێوەی هەولێــر دەنووسن، لە راستیشدا ئەم پەرتەوازەییە گەورەتـرین زیـان لە تـوخمێکی هەرە بنچینەییمـان بـۆ پێکهێنـانی گەل و نیشـتیمان کە زمانە دەدات.

نووســینەکانی ئەم کتێــبە هەنــدێ جــار ئاســۆمان بــۆ دەگەشێنێتەوە و هەندێ جاریش دەمانخەنەوە تـاریکی، ئەمەش مــن بە مانــدوویی سیاســەتی کــوردیی لە هــاتووچوونی لەم رووداوەوە بـــۆ ئەم رووداو و لەنگەرنەگرتنـــی لە کەنارێـــك دەبەستمەوە، لە لایەکی دیکەشەوە فەراهەم نەبوونی هەواڵ و ئازادی وەدەسـتکەوتنی و توخمەکـانی دیـکەی شـیکاری سیاسـی هەمـوو ئەمـانە رۆڵیـان لە نـارِوونی بۆچوونەکـانی لێکـدانەوەی سیاســی لە تەواوی هەرێمــدا هەیە و ئەم خــاڵەش ئەوەمــان پێـدەڵێ کە کەلێنێکـی گەورە کەوتـۆتە نێـوان رۆژنـامەگەری و فەزای کـاری سیاسـی و ئۆرگانیزاسـیۆنی ئەم دوو فەزایە جـارێ گەلێ زۆری ماوە بەر بگرێ.

لە وێچوانـــدنی ئەم هەمـــوو رەنـــجە شۆرشـــگێرِی و حکومەتــداریە بە ســیمبولی دارلاســتیك غەیاســەدین تەواو پێکــاویەتی و زۆربەی هەرە زۆری ئەو شۆرشــانەی خــاوەنی پرۆژەیەکـی روون و دیـار نەبـوون پەیـژەیەك بـوون کۆمەڵێـك خەڵـك پێیانـدا سـەرکەوتنە سـەری سـەرەوە و دواتـر هیچـی نوێیان نەخستە سەر پرۆژەی داگیرکەر و مۆنۆپۆلیستەکان.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەم وێکچواندنەی غەیاس لە هەردوو ڕێچکەی بنیاتنان و وێرانکردن نزیکن و ئەوەی دووەم زیاتر نمایش دەکا و لە راستیشدا ئەزمونی ئەم 25 ساڵەی دوای راپەڕین جەستەیەکی شەپرەلێدراومان دەخاتە بەرچاو کە هەموو لەشی دەجوولێ بەلاّم هیچ ئەندامێك لە ئەندامەکانی ئەم جەستەیە ئاگای لەوەکانی تر نیە و (سەر) فەرمانی لەسەر (دەست و قاچ) نایخوا و (دەستەکان) یش لەگەڵ جووڵەی سك و مل و پشت نایەنەوە و .. تاد. ئەم ناهارمۆنیایە لە کاری سیاسی و حزبی و ئیداری و حکومەتی نارسیسیەتی عەقڵی حزبی کوردیمان نیشان دەدا و ئەم بە خۆعاشقبوونەش لەسەر هەرچی بوار هەیە لە بوارەکانی ژیان رەنگیداوەتەوە، ئەوەتا هەروەك ماکس شیلەر دەڵێ: هۆکارەکان جێگەی ئامانجەکانیان گرتۆتەوە و ئامانجەکانیش جێی هۆکارەکان، لە راستیشدا هەر ئەمەیە نامۆیی لەسەر ئاستی جیا جیا لێکەوتۆتەوە.

لە زۆر رای نێو ئەم کتێبەدا لەگەڵ هاوڕێم غەیاس دێمەوە، لە زۆریشیان هیچ لەگەڵی نیم، منیش وەك ئەو پێم خۆش بوو کوردستان دەوڵەت بوایە و خاوەن قەوارەی سیاسی خۆمان بووباین، بەلاّم گەیشتن بەم ئامانجە عەقڵی پڕو بەرنامەی چڕو وردبینی جیددی و خوێندنەوەی ستراتیژی پێدەوێ و سەرەنجامیش دەبێ ئەوانەی بەرەو ئەو ئامانجەمان دەبەن ئەوە بزانن کە ئەوەی وەدی دێت لەوەی ئێستا هەیە باشتر و پتەو تر بێت

وەك غەیاس پێمخۆشە ئەوەی گەندەڵی هەیە نەبوایەو ئەوەی کردووشیەتی و ئێستاش دەیکا یاساکانمان توانای ئەوەیان هەبوایە بیانخەنە پەراوێزی کۆمەڵگەوە، بەلاّم ئەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بریایانە بەر ناگرن و ئەم حەز لە ناسیستم کردنەش لەم سەرزەمینەی ئێمە ئەم ئامانجانەی من و غەیاس دوورتر و دوورتر دەکەنەوە.

هەندێ بابەتیش هەن تەواو زانستین و نە من و نە غەیاس و نە هیچ کەسێکی تر ناتوانین لێیان لادەین و نادیدەیان بگرین، بۆیە کە رایەك لە بواری لەم جۆرە دەخەینە روو دەبێ تەواو ورد و بە دیقەت بین، ئەوەتا کاك غەیاسەدین لە وتاری «سەنگەر و ئێکسسوار» دەڵێ: من بە قەناعەتێکی چەسپاوەوە دەزانم کە ژن لە پیاو ژیرتر و وردبینتر و بە سۆزتر و بە هێزترە، ژن بە HD و پیاویش بە تەلەفزیۆنی رەش و سپی دەچوێنێ.

بە کورتی ئەمانە هیچیان لە رووی زانستیەوە نەسەلماون و زۆربەی هەرە زۆری ئەو توێژینەوانەی لەسەر تواناکانی ژن و پیاو ئەنجامدراون جاری پیاو و جارێك ژنیان وەسەر خستووەو زۆرترین جاریش هیچ جیاوازیەکی رەگەزی لە دنیایەك فاکتەری سایکۆلۆژی و پەروەردەیی و .. .. تاد نەبووە، کە غەیاسەدین ئەم جیاوازیانە بە سوودی ژندا دەبات خەمێکی خۆیەتی لەم هەموو ناعەدالەتیەی لە کۆمەڵگەی ئێمە بەرانبەر ژن هەیە و تا ئێستاشی لەگەڵدابێ ژن تەنها بەرکارەو پیاو پارتیزانانە کات و شوێنەکانی مامەڵە لەگەڵکردنی دیار دەکات.

ئەم خەمانەی غەیاس هیچیان نامێنن ئەگەر عەقلانیەت لە کاری دەوڵەتداری و حزبایەتی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئاینیشدا چووبایە جێگەی دەمارگیری و سۆزی هۆزگەرایی و کلانگەراییەوە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پیرۆزبایی ئەم کارە لە هاوڕێم کاك غەیاس نەقشبەندی دەکەم و زۆر لە بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە وردبوونەوەیەکی جوانی تیایە و دەکرێ لە ئایندەدا لەسەر هەندێکیان زیاتر بنووسێ چوون بۆ ئەوە دەشێن بە تەنها ببن بە ناونیشانی کتێبێك.

سوپاسیشی دەکەم کە شەرەفی نووسینی پێشەکیەکەی دایە من و هیوادارم گوڕو تینی کاك غەیاس زیاتر بەرەو بواری ستراتیژی بەرێ چوون ئەو توانایەی تیادا دەبینم.

محەمەد تەها حوسێن

هەولێر

13.03.2016

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## سایکس پیکۆت

## شەترەنجێکی سەد ساڵە

ڕووداو ژ(325) 20.05.2015

لە مــاوەی دووماندگــدا و لەگەڵ نزیکبــوونەوەی کۆتــایی هــاتنی پێکهــاتنی "ســایکس- پیکــۆت" کە لە 1916 لەنێــوان فرەنســا وئینگلیــزدا ئیمزاکرابــوو بــۆ پــارچەکردنی میراتــی ئیمپراتۆریەتی ئوسمانی، لەنێـوان هەردوو دیپلومـاتی ئینگلیـز 'مـارکس سـایکس' و فرەنسـیەکە 'فرانسـوا جـورج بیکـو' لەگەل نزیکبــوونەوەی مــاوەی ســەد ســاڵی، هەرێمــی کوردســتان و دەڤەرەکە بەگشــتی شــڵەژان و کەوتــنە بــارێکی نائــارام و گەورەترین تـاوانی مرۆڤـایەتی ئەنجامـدران کە نـزیکەی 500 ژنــی کــورد لەبەرچــاوی جیهــانی پێشــکەوتووی مرۆڤدۆســت لەبازاری بەنـدە فرۆشـران و لاقەکـران و بێسەروشـوێن کـران؛ وەکــو جینۆســایدی ئەرمەن و لەنــاوبردنی کــورد دوای ئەو پێکهاتانە گومانلێکراوە.

98 سال بەسەر ئەو پێکهاتنە تێپەڕبـوون و لەوە دەچێـت نەهێڵن سەد ساڵ تێپەڕێنێـت، ئەگەر مەرزی نـوێ دانەمەزرێـنن و بەگوێرەی بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیزمی نوێ نەخشـەی وڵاتـانی رۆژهەڵاتی ناڤین نەکێشنەوە.

ئێستاو دوای ئەو هەموو هەوراز ونشێوەی مانگی رابـردوو، گەیشتمە قەناعەتێکی تـایبەت لەو بـابەتە: هەرکەسێ بڵێـت لەبارودۆخەکە تێدەگەم و وای لێدێت، یان داعش بـۆچی هـات و کێ هێنای؛ درۆ دەکـات؛ چـونکە ئەو ڕووداوانەی دوایـی هـیچ پەیوەندیەکیان بە زانستی سیاسەت و ئەکادیمیەتەوە نەبـووەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

زیاتر جووڵەی شەترنجین، لەسەرەتاوە داعش مەبەستی کوردستان نەبوو زیاتر نیازی بەغداو نەجەفی هەبوو بەڵام دوای چەند جووڵەیەکی شەترەنجی ڕویان لە کوردستان کرد و پەلاماری ناوچەی مادەی 140 یان دا ونەشهاتنە ناو کوردستان و هێڵی مادەی 140 یان بەلای کوردستانەوە نەبەزاند لەکاتێکدا کە پێیان دەکرا ئەگەر شەوی یەکەم و دووەم بیانویستبا هیچ بەربەستێك نەبوو رایانگرێت. هیچ نەبێ چەند مووشەك و تۆپێکیا بهاوێژتبا شارەکانی کوردستان کە دڵنیام تۆپیشیان هەبوو و لەتوانایاندا بوو بیکەن و ئەگەر بیانکردبا دڵەڕاوکێ زیاتردەبوو هێزی پێشمەرگەش لەو ئامادەباشیەی ئێستادا نەبوو، هۆیەکە چی بوو نەیانکرد؛ سەرم لێی دەرناچێت، هەرچەندە داعش توانای مانەوەی لەهیچ جێگایەکدا نیە، ئەگەر خەڵکەکە بۆی نەبن بە هێلانە و پێشوازی لێنەکەن، چونکە داعش توانای شالاویان هەیە و لەبەر چەند هۆییەکی پاراکتیکی تیایدا سەرکەوتوون، بەلام مانەوە زۆر زەحمەتە چونکە ئالیەتی مانەوەیان نیەو پلانی تۆکمە و درێژخایەنیان بۆ مانەوەو خۆپاراستن نیە.

تەنها پەنا بەخوا و هێزی پێشمەرگە و هاوکاری دۆستان و سیاسەتێکی دەروەی سەرکەوتوو داعشمان شکاند و تێکشکاندنی هەر بەردەوامە، ئەگەر بە یەکجارەکیش نەبێت، بەڵام ئێستا بارەکە گەڕاوەتەوە دۆخی جاران تەنها جیاوازیش ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە ناوبانگێکی یەکجار زۆری دەرکردووەو ڕای جیهانی بەگشتی بەچاوێکی بەرز سەیریان دەکات و ئەوەندەش مایەی خۆشحاڵیە، نەخاسمە ئەو هەموو یارمەتی و چەك و جبەخانەی بەدوادا هات، کە پێموایە بۆ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

یەکەمین جارە لەدیرۆکی کورد لەبارێکی ئەوها باشدابین، بەڵام چارەنووسەکە نادیارە و ئیحتیمالاتی زۆری لێ دەردەکەوێ و بەدەیان سیناریۆ لەسەر مێزەکان رازێندراونەتەوە کە جگە لە خەلیفەکانی "سایکس-بیکو" کەسی تر سەرەداوی لێهەڵناکات.

پێشمەرگە لەسەرەتاوە نیشانی دا کە هێزێکی پەرتوبڵاوەو هێشتا بە ئیمرەتی حیزبەکان کاردەکات ئەگەر بانگەوازەکەی سەرۆکی هەرێم نەبا بۆ ئەوەی هیچ کەسێك بۆی نیە ئاڵای حزبەکان هەڵگرێت ئێستا نە ئەوروپا و نە ئەمریکا ئەوجۆرە یارمەتیەیان نەدەنارد. پێویستمان بەو یەکگرتنەیە ئەگەر بمانەوێ دەسکەوتی زیاتر بەدەستەوە بێنین چونکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان وڵاتە زلهێزەکان پشت بە میلیشیاوە نابەستن و لەدوارۆژدا لەشکرێکی یەکگرتووی بەهێزیان دەوێ بەرژەوەندیەکانییان بپارێزێت، هەروەها لەشکرێکی یەکگرتوی بەهێز دەبێتە جێگای متمانەو ودەسکەوتی زیاتر دەبێت سەرەڕای ئەوەش هێشتا پارتی و یەکێتی لەناو لیستی تیرۆرن و ئەمریکا ئامادە نیە لە لیستەکە دەریان بێنێت لەکاتێکدا بۆ ئەمریکا خۆی دەبێتە گرفت کە پشتگیری جهیانی بۆ «تیرۆریستان»! کۆدەکاتەوە.

ئێستا هەموومان هەستمان بەوەکرد کە بردنەوەی جەنگ لە مەیدانەکانی شەڕدا دەسکەوتێکی یەکجارەکی نیە، تەنها بردنەوە سیاسیەکانە کە پاراستنی دەسکەوتی لەشکری دەکەن و دەیانکەن بە بردنەوەی هەمیشەیی، و بردنەوە لەشکریەکان کاشخانی(سقف) داواکاری لەکاتی مفاوەزات بەرزتردەکاتەوە، بۆیەش ئێستا سیاسەتێکی دەرەوەی یەکجار توکمەمان دەوێت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بـــۆ ئەوەی بـــردنەوە لەشـــکریەکانمان بکـــات بە بـــردنەوەی بەردەوام بەتـــایبەت لەگەڵ ئەو پشـــتگیریە نێـــودەوڵەتیە بەهێزەو لەکاتێکی ئەوەندە هەستیار کە تەنها دوو ساڵی ماوە پێکهاتنە شەترەنجیەکە کۆتایی پێ بێت.

هەڵوەشـاندنەوەی سـایکس بیکـو کـارێکی یەکجـار گـرنگە لەبەردەم نەخشەکێشی سیاسـەتی دەرەوەی کوردسـتان و ئەگەر ئێسـتا پێمـان نەکرێـت سـوودی لێـوەرگرین هـیچ کـات پێمـان ناکرێت و با چیتر گلەییش لەکەس نەکەین.

کۆتایی:

ئەگەر جارێك لەخشتەتبردم گوناهی خۆتە، بەڵام ئەگەر بوو بە دوو و سێ جار، تەنها من بارەقورسەکەی هەڵدەگرم.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# ورچی ڕوسی و فاقی هاوپەیمانان

ڕۆژنامەی هەولێر ژ (2267) لە 02.12.2015

ڕۆژنامەی هەولێر مانشێتەکەی گۆڕیوە بۆ( روسیا وگروەی هاوپەیمانان)!

لەسەرەتای دەستپێکردنی گرفتی سوریاوەو تاکو ئێستا، ڕوسیا توانی ڕۆڵێکی سەرکەوتووانە لە پاراستنی رژێمی سوریا نیشان بدات، هەمان ڕۆڵی کۆنە سۆڤیەت و پاراستنی پێگە گرنگەکەی دەریای ناوەند، ڕوسیا لەسەرەتای گرفتی سوریاوە بە ناڕاستەوخۆ لەناو جەنگەکە دایە، هەروەها توانیبووی ببێت بە کۆسپ لەڕێگای هاوپەیمانان بۆ ئەنجامدانی نەخشە داندراوەکەو بڕینی کێکەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرچەندە ڕوسیا لەناو پێکهاتەی "سایکس-پیکۆت" دا نەبوو کاتێ فرەنسا و بریتانیا ئیمزایان کرد بۆ دابەشکردنی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی ئوسمانی، بەڵکو تەنها پەسەنی چاودێری هەبوو و پێکهاتنە نهێنی و شوومەکە، لەساڵی 1916 بەئاگاداری ڕوسیای قەیسەری ئیمزاکرا، دواتر شۆڕشی کۆمۆنیزم سەرکەوت و حوکمی قەیسەریان لابرد، بولشیفیەکان هاتنە دەسەڵات و هەرچی دۆکیومێنتی ڕوسیای قەیسەری هەبوو هەموویان ئاشکراکرد بەو درکاندنەی سۆڤیەت، جیهان ئاگای لە پێکهاتنە شوومەکەی "سایکس-پیکۆت" بوو و زانی کە شتی وا هەیە.

ڕۆڵی ڕوسیا لە دروستکردنی موعەسکەرێکی دژ بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا تاڕادەیەك سەرکەوتو بوو و حیسابی بۆدەکرا، زۆربەی وڵاتانی کە ڕقیان لەئەمریکایە کەوتنە ناو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەو بلۆکە بێ ئایدیۆلۆجیاو خرشەی ڕوسیا، و بوون بە ڕێگر لە ڕێگای ئەمریکا و هاوپەیمانان، لە کەسیش ناشاردرێتەوە کە ڕوسیا تا ڕادەیەك توانی ببێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ئێران لەپێناو ئیمزاکردنی پێکهاتنێك لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاڤا کە بەپێی ئەو پێکهاتنە ئێران زیاتر لەنیوەی پرۆگرامی ئەتۆمی خۆی بەجیهان سەلماند.

هاتنی ڕاستەوخۆی ڕوسیا بۆ ناو جەنگ و هەوڵدانی ئەوەی کە ببێتە هێزێکی پراکتیك لەدژی ویستی هاوپەیمانان، زیانەکی مەزنی پێ گەیاند و نەیتوانی یان نەیزانی ئەو هێزەی خۆی بپارێزێت. بەشداری ڕوسیا لە جەنگی دژی داعش مەبەستم هاتنی بۆ ناو ئەرینای ڕوداوەکان بەمەبەستی گەڕاندنەوەی سەروەریەکانی کۆنەسۆڤیەت و ڕۆژانی جەنگی ساردبووە، هەروەها دروستکردنی پێگەیەکی ستراتیجی بۆ هەژمۆنی دوارۆژ. ڕوسیا بە هەموو هێز و توانای نمایشی هێزێکی لەبن نەهاتووی دەکرد، دەیویست خۆی بخاتە ناو ئەو جەنگە سەیرە بەمەبەستی وەرگرتنی بەشێکی گەورەتری ئەو کێکەی کە بەتەمانە دوای کۆتایی هاتنی (سایکس- پیکۆت) دابەشی بکەن.

ڕوسیا لەژێر حوکمی 'پۆتن' بۆ هەردوو جار کە 'پۆتن' سەرۆك بوو و جاری سێهەم کە ‹میدڤیدیڤ›ی دانا بەڵام هەرئەو سەرۆك بوو، ڕۆسیا گەشەیەکی زۆری کرد، تەنانەت ئەوکاتەی 'میدڤیدیڤ' یش سەرۆك بوو، هەر بەهێزی دەزگا هەواڵگریەکان و پاشماوەکانی "کەی جی بی" دەزگای هەواڵگری سۆڤیەت، لەناو جونگەکانی دەوڵەت و لەشکر توانی خۆی بپارێزێت و ڕوسیا بباتە قۆناغی پێشکەوتوتر لەوەی ‹یلتسن›

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەجێیهێشــتبوو، پــلانەکەی ‹پــۆتن› بەهێــزە ســێخوڕیەکەی گەشەیکردو پشتی بە هێزی نهێنی قایمدەکرد، لەبەر ئەوەی دەرچــووی دەزگــایەکی هەواڵگریبــووە هەر لەســەرەتاوە وەك هەواڵگرێك نەخشەی کاری بۆ داڕێژراوەو زۆر لە کارو پایەکان کە بەدەستی هێناون وەك سەرۆکی شارەوانی ‹سان پترسبۆرگ› و جێگری ‹یلتسن› و زۆر پایەی تر نیشان دەدەن ئەو کابرایە روســیای خۆشویســتووەو پیــاوی روســیای پــلە یەك بــووە، هەربەوەش گەیشتوتە بەرزترین پلەو پایەی دەسەلات، بەلام هەر بە کابرایەکی مەسلەکی سیخوڕی دەمێنێتەوەو هەژاریەکی زۆر لەناو بیری سیاسی و ستراتیجی و دیپلۆماسی پێوەدیارە.

هــاتنی روســیا بــۆ نــاو ئەو گێــژاوە لە قەبــارەی خــۆی مەزنتربوو، هەر بەحیسابی جارانی سۆڤیەت و جەنگی سارد لێی دەخوڕی، بۆیەش لەیەکەمین هەلنگڤتن (ساتمە) گیری خــواردو هەمــوو جیهــان بینــی کە لەڕاســتیدا ئەوەی روســیا دەیکــرد و تــاڕاددەیەك ســەریگرتبوو لەڕووی دروســتکردنی بلۆکێکی دژە ڕۆژئاڤا تەنها خەونێك بــوو و زوو کۆتــایی پێهــات، هاوپەیمانان نامەیەکی کــورت و پوختیــان بەدەست تورکیــا بــۆ نارد، بۆ ئەوەی قەبارە ڕاستەقینەکەی خۆی بزانێت و جارێکی تــر هەوڵــی گــۆڕینی سیســتمی جیهــانی و ئیقلیمــی لەدەرەوەی ئورتی هاوپەیمانان نەدات. لەئەنجامــداو وەك بەڵگەیەك بــۆ ئەم بۆچوونە، دوو ڕەفتاری هەرزەکاری کرد کە هیچ لەڕەفتــاری سیاسی و ستراتیجی نــاچن، یەکەم؛ کــاتێ تورکیا فــڕۆکەکەی خستەخوارەوەو بەدڕی وەلامی دایەوە، ئینجا زانی کە خەریــکە ورچی روسی ڕادەکێشرێتە ناو زەلکــاوێکی زۆر مەنــدو پڕلەفــاق. دڵنیــام لەوکــاتەی ڕوســیا نمایشــی هێــزی دەکــردو جیهــانی بەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

چەكە سەرسامكردبوو، ‹پۆتن› ئەوەی بەبیرنەبوو كە (نیشاندانی هێز، كاردارترە لە بەكارهێنانی)، ئەوەش وانەیەكی نوێبوو كە روسیای ‹پۆتن› لەو جەنگەدا فێری بوو. دووەمیش: جاڕدانی ڕاشكاوی پشتگیری خۆی بۆ كورد و مافە ڕەوایەكانی، لەو كات و ساتە نەزانین و كۆڵەواریەكی زۆری پێوەدیاربوو، بۆ پێش ئەوەی توركیا فڕۆكەكە بەرداتەوەو فڕۆكەوانێك بكوژێ روسیا نەیدەزانی كە كورد هەیەو كێشەكەی ڕەوایە؟ لای من زۆر سەیربوو كە هەندێك كورد بەو گوتارە خرشەی روسیا هەڵخەڵەتان و دەیانویست كورد بەرەو ئاقارێكی دۆڕاو ببەن، ڕاستە شتێكی چاكە ڕوسیا پشتگیری لەكورد بكات بەڵام نەك لەو كاتوساتەدا كە فڕۆكەی ڕوسی بەردرایەتەوەو دونیا هەمووی چاوڕێی دژەكرداری ڕوسیا دەكات.

‹پۆتن› لەبیری نەبوو تەنانەت ئەگەر ئەمریكا و هاوپەیمانەكان بۆ نمونە گەنمیان لێ ببڕن، یان گازی لێنەكڕن؛ ڕوسیا دەكەوێتە قەیرانێكی خنكێنەر؛ تاكو ئێستا ئەوروپا و ئەمریكا ئابلۆقەیان لەسەر ڕوسیا هەیە؛ چۆن دەتوانێت ببێت بە زلهێزێكی سیاسی سەنگین و بتوانێت بەشداری لە گۆڕینی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا بكات!

ڕوسیا وەك زلهێزێك خۆی نیشاندەدات، بەڵام ڕۆڵەكەی هەر بەقەد بەشداریكردنی لە هێزی هاوپەیمانانەدا دەمینێتەوەو بە نمایشی هێز و چەك ناتوانێت پارچە كێكێكی گەورەتر بخوات، بۆیەش هەڵەیەكی مەزنە ئێمەی كورد خوێندنەوە سیاسیەكەی خۆمان لەسەر بنەمای جیهانێكی دوو جەمسەر ئاڤا بكەین، چونكە ڕوسیا توانای جارانی یەكێتی سۆڤیەتی نەماوەو نایبێت، هەروەك بریتانیا و فەرەنسا خاوەن

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەزمونێکی مەزنن و خاوەنی شـەرعیی "سـایك-پیکـۆت"ن، بەڵام نە فرەنسـا و نە بریتانیـا وەك جـاران هێـزی ئیمپەراتۆریـان نەماوە، تەنها دوو دەوڵەتی ئاساییـن لە ئەورووپا.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

# گوتارەکی سەخیف

2015 بڵاونەکراوەتەوە

دەزانم پەیڤی چاکتر هەبوو لەجیاتی (سەخیف) ئەگەر بمویستبا بەکاری بێنم، بەڵام ئەو پەیڤەم بە جێگیرتر زانی بۆ ئەو حاڵەتانەی کە باسیان لێوەدەکەم. پڕوپووچ، بێمایە، بێکەڵك، هیچوپووچ، بەڵام نازانم بۆ پێموابوو (سەخیف) لەو پەیڤانە سەخیفترە، تۆش سەیری بکەو بزانە وایە؟

ئێمە لەچاخێکی سەخیفدا دەژین، من بەهەڵە کەوتومەتە ئەم چاخە، چونکە هیچ شتێك نرخ و بەهاو تام وچێژو سەنگ و ڕەنگ و قوڵایی و پانتایی نەماوە، دەبوا من لەساڵانی بیستەکاندا ژیابام تاکو هەشتا ونەوەدەکان، ئەوکاتەی شتەکان بەهایان هەبوو، نەك تەنها لەرۆژهەڵاتی ناقین، بەڵکو لەهەموو جیهان، جەمسەرەکان لەیەکتری دووربوون و چاکەوخراپە جیاوازییان هەبوو، ڕەش ڕەشتربوو و سپی بێگەردتر.

ئەوچاخەی ئێستا چاخی نەمانی پێڤاژەکانە (تناقض) دژەکردار، نەپیاو وەکو جاران ماوەو نەژن، ژن پیاوتری لێهاتووەو پیاو ژنانی تر، نەمنداڵ و نەمەزن، منداڵ مەزنتریان لێهاتووەو مەزن بچووکتر، شەو تاریکی خۆی لەدەستداوەو رۆژیش خەریکە رۆناکی خۆی لەدەستدەدات، مرۆڤی پاك پیسبووەو مرۆڤی پیس خۆی پاك نیشاندەدات لەنێوان هەردووکیان پاکەکە بزربووە، پەیڤی بەهاو ئاکار، چاکی، رەوشت، واتاگەری خۆیان لەدەستداوە، بێ بەهاو بێ ئاکاری و بەدڕەوشتی ئەوەندە نزیکبوونەتەوە کە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەماوە، ڕەش و سپی ئەوەندە لێك نزیکبوونەتەوە، هەردووکیان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەبۆر خۆیان نیشاندەدەن .. بەڕاستی چاخێکی سەخیفی بێقیمەتە.

پرۆژەی خۆدەوڵەمەندکرن و تۆڵەوەرگرتن لەسیستم و گەندەڵی و دەستپیسی و دزی و ملشکاندن و خۆ گەیاندن لەسەر حیسابی نزیکترین کەس، جێگای پرۆژەی فیکری و چاکسازی و پێشکەوتنخوازیان گرتۆتەوە، مرۆڤی سەخیف لەجیاتی مرۆڤی بەهرەمەند دانراوەو خاین و خۆفرۆش لەجێگای شۆڕشگێڕو دز لە دادگا، نەخۆش لەجیاتی نوشدارو پیاوی رق و کین لەجیاتی عاشق.

نە ژیان تام وچێژی ماوەو نەمردن سامی هەیە، شتەکان هەموویان سەخیف بوونەتەوە، نە هەبوونی و زەنگینی خۆشی خۆیان ماوەو نە هەژاری کەرامەتی جاران، نەبێکاری و نە پایەبەرزی چێژیان ماوەو نە ڤیان و نەکەرب، نە دوور و نەنێزیك، نێزیکەکە دوور دەبینین و دوورەکە هەرنابێنین، مەوداکانمان لە فەزای گشتی تێکچووەو خەڵەلی تێکەوتووە، نەسەرما و نەگەرما واتای خۆیان ماوە، نەعیشق و سوتانی جاران و پەرۆشی دیتن و نە خۆشی و چێژ وەرگرتن لەوەی کە هەمانە، کەس دڵی بەوەخۆش نیە کە هەیەتی، ئەوانەی هەمووشتیان هەیە لەوانە بێزارترن کە هیچیان نیە.

داهێنان و توانا و خوێندەواری و رۆشەنبیری، بوونەتە مادەی سزادان، سەری خاوەنیان دەبەنە گۆڕی بابوباپیری، چاك بزانە داهێنانت هەبێت، یان عەقڵت بە شت بشکێت، هەر سزادەدرێی و باجەکەی هەر دەدەیت، جێگات لەو وڵاتە نابێتەوە، بە هەرشێوەیەك بێت ڕاوتدەنێن، یانیش دەبێ وەکو نەخوێندەوار ڕەفتاربکەی، برۆ خۆت خەریکی کارو کاسبی بکە،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نزیکی دەزگای ڕۆشەنبیری و شوێنی بڕیار مەبەوە خـۆت لەهەر شـوێنێك دوور بـخەوە کە پـارەی لێـوەدێ، دڵسـۆزبیت دەبـێ بیشـاریەوەو نیشـانی نەدەی و لەمەجلیسـان باسـی نەکەی، ئەگەرنا هەرچـی خـراپە بەسـەرت دێـنن، ئەگەر لێیـان پرسـی چۆنی، دەبێ بزانی ئەوە قورسترین پرسـیارە، ئەگەر بـاش بـی دەبـێ بڵێـی خـراپم و خەراپـی دەبـێ بڵێـی باشـم، سـاغ و تەندروسـت بـی دەبـێ بڵێـی نەخۆشـم (نەخۆشـیی دڵـم هەیە شەکرە و فشاری خـوێنم هەیە، شـێرپەنجە، هەرچـی نەخۆشـی خراپە) بۆ ئەوەی نەڵێن چـۆن دەبـێ یەکێـك لەو زرووفە بـاش بێ! ئەگەر خراپیش بـی نـابێ بڵێـی خـراپم بـۆ ئەوەی نەڵێن ناشـوکرە، ئەو هەمـوو خۆشـیەی لەو وڵاتە هەیە چـۆن دەڵێـی خـراپم! ئـاخر لەچیـت کەمە! ئەگەر پـارەت هەبێـت یەکسـەر پێـت دەڵـێن دزیـویەتی گەنـدەڵە، و ئەگەر نەتبـێ، دەڵـێن بەخـوای کـابرایەکی بـێ کەڵکە یەك فلسـی پـێ نیـە، کەڵکی گەندەڵی و دزیشی نیە، ئیش بکەی و کاسبی بکەی پێـت دەڵێن جـا تـۆ کەی بـڕوات بەو وەزعە هەبـووە خەریکـی پـارە کۆکردنەوە بووی، پـارەی هەزار بخـۆی و مـاڵ و سـامانی گشـتی لـرف بـدەی دەڵێن گەنـدەڵە ئەوهەمـوو پـارەی دزیـوە هێشـتا تێرنابێت، نەیکەی دەڵێن کـابرایەکی (معقـد) و بـێکەڵکە پێـی نـاکرێ هـیچ بکـات، هەسـتی نەتەوایەتیـت هەبێـت، دەڵـێن: ئاهووو.. ئەوە لەکام زەمان دەژی، هەستی نەتەوایەتیت نەبێت دەڵێن: کابرایەکی بۆشە و تەنها لە قازانجی خۆی دەگەڕێت.

برسیمانەو تێرین، تێرین و برسیمانە، خەریکی غـاردانین، ڕاوە پارەیەو کەسیش نازانێت بۆ غاردەدات، ئەو میللەتە کـۆدی ڕۆیشتووە، تەواو تێکچووە، بەملیۆنەها مـرۆڤ شـاربەدەرکراون،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئـاوارەن، خوشــكەكانمان بەديـل گيـراون، ئـێمەش نمايشــى مەوكبــى وەنەوشـەو ليّكسـس دەكەيـن و پـێلاوى بەدەفتەرێـك لەپێـدەكەين و قـاتو كەراڤێتــى بە دە دەفــتەر بەكەتەلـۆگ دەكـرِين و كـاتێ ميّوانى بيانيمـان ديّـن پێشـانيان دەدەيـن بـۆ ئەوەى وەكو قەشـمەر گاڵتەجارِيمـان پێبكەن، وايە؛ حكـومەت بەوشێوەيە بەرِێوە دەچێت و هەسـتى نەتەوايەتـى لاى خەڵك بەوشێوەيە دروستدەبێت؟

بـۆيەش و دواى ئەو هەمــوو نەهامەتيــانەى بەســەرمان هـاتوون تەنها لەو دووسـاڵەدا، باكمـان پێـى نـيە ژن و كـچ و خوشـكى ئێمەيـان كـردووە بە (سـبية) و مەلەكەى يەمـين و لەبازارِى بەندە دەيانفرۆشن، هێشـتا تەقەى سـەرمان دێ لەبەر ئەوەى خوشـك و ژنـى فعليمـان نـين، چ خەممـان هەيە خۆمـان سـاغ و سـەلامەتين. ولاتمـان لەجەنـگە، جەنگێكـى بەرِاسـتى، رِۆژانە كورِە هەژارەكان خوێنى خۆيان دەبەخشن، ئينجا شـەش مـانگە شـــەرِى ئەوەمـــانە دەبـــێ ســـەرۆك لەپەرلەمـــانەوە هەڵبژێردرێت يان لەناو خەڵك، دەسـەلاتى هەبێـت يـان تەنها تيمسـاڵێكى مـردوو بێـت و كـار لەدەسـت منـداڵ و تـواڵ بێـت، ئـێمەش لە كافترياكـان دادەنيشـين نـارگيلە دەكێشــين و بە مەوكب دەردەچين بۆ بەرشەلۆنە و رِيال.

دەروازەى ماڵەكانمان كردووە بەزێرِ لەكاتێك دا نيو مليۆن منداڵى برسى هەيە، تاخمى ناوماڵەكانمان هەمـووى بە ئـۆردەر لەدەرەوە دێـت نـرخەكەى بەشـى ميـزانيەى ولاتێـك دەكـات، لەكاتێكـــدا چـــوار هەزار ئێزيـــدى گيـــراون و ولاتمـــان پـــرِە لەكەمپـى ئـاوارە، ئوتومبيلەكانمـان هيچيـان لە بيسـت دەفـتەر كەمترنين لەكاتێكدا پێشمەرگە بێ موچەيەو لەخـانوى كـرێيە،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەمــوو دونیــا قەرزداری پێشــمەرگەیەو پێشــمەرگە قەرزداری خــاوەن خــانوەکەیە، ئەی تــۆو ویژدانــت ســەخیف چ واتــایەکی تری هەیە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# خوێندنەوەیەکی بێلایەن

# بۆ سیاسەتی ناوخۆیی

2015 بڵاونەبۆتەوە

بەر لەتەواو بوونی نووسینی ئەم گوتارە، پارتی و گۆڕان پەلاماری ڕاگەیاندنیان دژبەیەکتری ڕاگرت، من پێمـوایە ئەو نووسینە ناکەوێتە خانەی پەلاماری ڕاگەیاندن بەقەد ئەوەی هەڵسەنگاندن وخوێندنەوەیەکی دوورە لە گرژی و ئاڵۆزکردنی بارودۆخ.

دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان هیوایەکی ئومێدبەخش بوو، چونکە لەو کاتەی گۆڕان دروستبوو لەوپەڕی پێویستیدا بووین بەئۆپۆزیسیۆنێکی نیشتیمانپەروەرو بە بۆیاغێکی نەتەوەیی کە بتوانێت هەزرە یاخی و ناڕازایەکانی ناو حزبەکانیتر بۆخۆی ڕابکێشێت بۆ ئەوەی تەرازوی هێزە ناوخۆیەکان باڵانس بکات و لەهەمانکاتدا ڕێگربێت لە سوودوەرگرتنی حزبە ئیسلامیەکان بۆ ئەوەی توندڕەوەی نەهێننە ناو کوردستان و پلەو پایە بەسەری خەڵکی نەزان کە حەزیان لە سیاسەتی پارتی و یەکێتی نەبوو دەنگ بدەن بە ئەوان، هەربۆیەش خەڵکێکی زۆر بەدوایان کەوت، هەڵبەتە کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیان هەبوو و دەیانتوانی گوتارێکی ئامانجبەخش بڵاوبکەنەوە، توانیان لەکاتێکی کورتدا دەنگێکی زۆر کۆبکەنەوەو بەگوێرەی کورسی و ژمارەی دەنگدەاران ببن بەحزبی دووەم، بەڵام بێ گومان نەیانتوانی ببن بە ئۆپۆزیسیۆن، چونکە پرۆژەی ئۆپۆزیسیۆنیان پێنەبوو،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

تەنها بەرەخنەگرتن و ناوزڕاندنی پارتی و یەكێتی ئەو دەنگانەیان بۆخۆیان ڕاكێشا.

لەبنەڕەتەوەو لەكاتی دروستبوونیانەوە مەبەستی سەرەكیان لەناوبردنی یەكێتی بووە بۆیەش تەركیزێكی زۆریان كردە سەر یەكێتی و توانیان لەئەنجامی فرەجەمسەری و داكەوتنی یەكێتی و غیابی مام جەلال فورسەتێكی چاك وەرگرن و بزوتنەوەكە بخەنەگەڕ. ناشاردرێتەوە كە ئینشقاق لەهەر حزبێكدا نیشانەیەكی تەندروستە و هەموو حزبێك لەئەنجامی هەڵەی سەركردایەتی یان بڕیارێكی تایبەت لەسەر بارودۆخ ئینشیقاقی تێدەكەوێت، بەلام ئینشیقاقی گۆڕان لە یەكێتی زیاتر لە ئینقیلاب و كودەتا دەچوو، چونكە ئینشقاقێكی تەندروست نەبوو و لەسەر بنەمایەكی فیكری ئایدیۆلۆجی عەقیدەیی نەكرا، جگە لە بەرژەوەندی و دابەشكردنی دەسكەوت هیچی لێ بەدی نەدەكرا، ئینجا كە ناوی ئۆپۆزیسیۆنیان لەخۆیان نا، لای من وەك خوێندكارێكی زانستی سیاسی، سەیربوو (زۆر سەیربوو) چونكە هەركەسێ بەحكومەت بڵێ (نا) نابێتە ئۆپۆزیسیۆن! ئۆپۆزیسیۆن بوون واتە پرۆژە! واتە ئەلتەرناتیف بۆ بارودۆخی خراب و دزێو، نەك دژایەتی حكومەت و دژایەتی دەسەلاتدا بە كارێكی كەسایەتی و فریودانی خەڵك بۆ روخاندنی دەسەلات!!

بۆیەش لەهیچ لەگوتارەكانمدا نەمتوانیوە بە ئۆپۆزیسیۆن ناویان بێنم، هەمیشە دەمگوت لەوانەیە من هەڵەبم، بەلام كە رازیبوون بێنە ناو حكومەت ودەسەلات و بەشێكی گرنگی وەزارەتەكان بگرنەدەست، ئەو هەستەی بەهەڵەبوونم لا نەما

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

و گومانم نەما کە ئۆپۆزیسیۆن نەبوون و تەنها بەشی خۆیان دەویست و خەڵکەکەش بەوە فریویخواردبوو.

پارتی هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد کە لەسەر حیسابی بەشەکەی یەکێتی کەشەریکی دێرینی پرۆسەی سیاسی و رۆژانی خەبات و دانانی بناغەی یەکەمین حکومەت و پەرلەمان بوو، گۆڕانی وەك ئەلتەرناتیفی یەکێتی لەخۆی نزیککردەوەو حیسابی ئەوەی نەکرد کە یەکێتی جگە لەوەی کە شەریکی بنەڕەتی پرۆسەی سیاسیە، خاوەن لەشکرو خاوەن ئەزموون وخاوەن شەهیدە، گۆڕان قەد جێگای ناگرێتەوە.

نەزانین لە سیاسەتکردن

ناساندنی ‹نەزانین لە سیاسەت› زۆر ئاسانە و هیچ ئاڵۆزی تێدانیە، ئەوەیە کە هەرکارێکی دەیکەی ئەنجامەکەی بەپێچەوانەی ویست و خواستت دەربچێت؛ رێك ئەوە نەزانینەو هیچ پێناسەیەکی تری نیە، گۆڕان لە رۆژی دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا هەرچی کردبێتی بەمەبەستی لاوازکردنی یەکێتی وپارتی بەپێچەوانە شکاوەتەوەو سوودی بە پارتی و یەکێتی گەیاندووە، کە زۆرجار هەردوکیانی لە لاوازبوون و سستبوون رزگارکردووە، بۆتە مایەی بەخۆ هاتن و گورجوگۆڵی کردوون، هەرچی کردبێتی رێك لە بەرژەوەندی پارتی و یەکێتی شکاوەتەوە.

نەزانینی سیاسەتکردنیش چەندین جۆری هەیەو ئەوەی گۆڕان دەیکات بەئاشکرای رۆژ دژایەتیکردنی یەکێتی و پارتی و بنەماڵەی بارزانە، نەك بەرژەوەندی وڵات یان خەمی میللەت و بەرژەوەندی باڵا، ئەوەندەش یەکێکە لە خاڵە نەگەتیڤەکانی کە ئەوشکستە گەورەی بە گۆڕان هێنا، جگە لەمەش مەودای

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

سیاسـەتی گـۆڕان لە سـنوری سـلێمانی دەرناچێـت ئەگەرچـی دەنگی زۆری لە هەولێر هێنابێـت بەڵام هەرئەوەنـدەیە خەڵك هەست بە نـاوچە پەرسـتیەكەی نـاو گـۆڕان دەكـات پـێم وانیە جگە لە چەند كەسێك كە بڕوای تەواویان بەكاك نەوشـیڕوان هەبێت یانیش ڕق وكینەی لەتێكڕای پرۆسـەی سیاسـی هەبێـت، بڕواناكەم كەسیتر جارێكی دی دەنگیان پێ بدات.

هاتنیـان بـۆ نـاو حكـومەت تەنها بـۆ ڕازیكردنـی كـادیرە ناوخۆیەكـان بـوو كە حەزیـان لە وەرگرتنـی پاداشـت هەبـوو، ئەگەرنا هەڵەی كوژەك ی گـۆڕان هـاتنیبوو بـۆ نـاو حكـومەت، ئینجا كە هاتە نـاوحكومەتیش بەهەسـتێكی موعـاریزانە هـات كە دەیویسـت هەم دەسـەڵاتیش بێـت و هەم موعـاریز! ئەگەر وابا كە خۆیان دەیانویست پێشانی خەڵـك بـدەن گـوایە پـارتی دەســــــەڵاتی بەوەزیرەكانیـــــــان نەداوە، ئەی بــــــــۆ دەستلەكاركێشانەوەی خۆیان جـاڕنەدەدا و هەسـتابان بە دەوری فیعلــی ئۆپۆزیســـیۆن ئەوكــــاتە كەس نەیـــدەتوانی بڵێـــت نیشتیمانپەرەور نین، یان نایانەوێ وڵات پێشكەوێ.

ئەوكـاتەی وەزارەتـی دارایـی وبەرگـری و وەبەرهێنانیـان لەدەستدا بـوو، هـیچ گۆڕانكـاریەكی وایـان نەكـرد كە بەفیعلـی خەڵك هەستبكات نیشـتیمانپەروەرن و دەیـانەوێ بـارەكە بەرەو باشـتر بـبەن، چـونكە لەبـنەڕەتەوە پـڕۆژەی ئەلتەرناتیڤیـان پێنەبـوو، ڕەخنەیـان لەحكـومەت دەگـرت كە گەنـدەڵی هەیە بەڵام چارەسەریان نەبوو، نە لە ئیدارە و نە لە باری گـوزەرانی تاك و نەش لە كێشەو گیرودەیی گەنجەكان، ژنان، كارەبا، ئـاو، خزمەت گوزاری بەگشتی، خەڵكەكە هیچی لەو شتانە نەدیـت و تەنهـا ئامانجیـان تێكـدانی بـارودۆخەكەبوو، جێبەجێكردنـی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەجیندای دەرەکی و پێکهاتن لەگەڵ هەرکەسێك کە بتوانێت پارتی و یەکێتی لاوازبکات جا ئەگەر نرخەکەی تێکچوونی ولاتیشبێت هەرباشە.

لەو دوایەدا هاندانی خەڵك بۆ سوتاندنی بارەگاکانی پارتی ئەوەی ڕێك ئاشکراکرد و بزوتنەوەکە لە تەوەری دەنگی نارەزایی خەڵك دەرچوو کەبوو بەمایەی بێدەنگکردنی مامۆستایان و توێژەکانی تر کە لەدەسەلات نارازیبوون، بوون بە هۆی سەرەکی پێشێلکردنی داواکاری خەڵك بۆ مافە سەرەکیەکان و وایان کرد کەسێك نەتوانێت بەپارتی ویەکێتی بڵێ بۆ وادەکەن؟ بۆ مووچە نادەن، ئێستاشی لەگەڵدابیت هیچ لەو شتانەی خەڵك ئەنجامنەدران و خەڵکەکەش بەسایەی گۆڕان و نەزانینی سیاسەت کردن وازیان لەو داواکاریانە هێنا، مافەکانی خەڵکیان کرد بەقوربانی ویستی بەدەستگرتنی دەسەلات بۆتۆڵەوەرگرتن و لەناوبردنی یەکێتی و پارتی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# عەقڵیەتی دەسەڵات

## دیاردەی تۆڵەوەرگرتن لەسیستەم

2008 بڵاونەكراوەتەوە

دەسەڵات ئەو هێزە سەرووەرەیە كە هەموو تاكەكان بە حوكمەكەی ئەرێ دەبن وكەسیش هێزی وای نەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرامبەری بوەستێت، هەتاكو ئەو هێزە سەرووەرە شە رعییەت و ڕەوایەتی خۆی لەدەست دەدات، ئەگەر دەسەڵات بتوانێت هێزی سەرووەری خۆی ڕاگرێت ویەكسانی بپارێزێت، هە ركاتێ دەسەڵات عەداڵەتی لەدەستدا و كەوتە ژێر پاراستنی بەرژەوەندی چینێك یان كەسێك وتاكەكانی تری پشتگوێ خست، هێزی سەروەریی ورەوایەتی شەرعی دەكەوێتە مەترسی و لەوانەیە لەدەستی بدات.

دەسەڵات گرنگی خۆی بەدەست دێنێ ودەبێ لەپێناو ڕێكخستنی ژیانی خەڵك و پاراستنی مافەكانیان هەوڵبدات، هە روەها دابینكردنی كۆمەڵە ئاسایشێك، وەك ئاسایشی نەتەوە یی، ئابووری، كەسایەتی و پاراستنی كەسایەتی تاك لەمە ترسی تاكی بەهێزتر، یاخود دەزگایەكی بەهێز، یانیش دوژمنی دەرەكی، هەروەها بۆ ڕێكخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك.

دەسەڵات لە دوو ئێلێمێنتی سەرەكی پێكدێت ئەویش ئایدیۆلۆجیا و سایكۆلۆجیایە، ئایدیولۆجیا ئەوەیە كە لەناو پەیڕەو وپرۆگرامی نووسراوو بڵاوكراوەیدا دەبیندرێتەوە واتە ئەو حاڵەتەیە كە دەسەڵات دەیەوێ وابێت وەكو Supper Ego واتە خودە باڵاكەی، سایكۆلۆجیەتیشی واقع حاڵیەتی واتە ئەو قۆناغانەن كە دەسەڵات دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەو بەرنامە نووسراوەدا بگات و ئامانجەکانی خۆی بهێنێتەدی، زۆر جاریش دەبینین کە دەسەلات دەکەوێتە ناو پێشاژەکانی گوتاری سیاسی کە لە نووسراودا شتێکدەڵێت و رەفتارەکانی یان رەفتاری دارو دەستەکەی بەشێوەیەکی جیاواز کاردەکەن.

(هەتا هزرەکە دەبەنگتر بێت چەسپاندنی زەحمەت تر دەبێت) نمونە: کاری Transcendental واتە بالا، دەسەلات دەکەوێتە ناو ئەو جۆرە گێژاوانە ئەگەر هات و بە ئایدیۆلۆجیەکەی نەگەیشتە مەبەستی خۆی بۆیە دەبینین لە زۆربەی دەسەلاتی هەمەگەر(شمولی) بە عەقیدەو ئایدیولۆجیای خۆیەوە بەستراوەو بەشێوەیەکی پیرۆز سەیریان دەکات، بەلام لەکاتی بەرپاکردن، نشوستی دەهێنێ چونکە ئەو ئایدیۆلۆجیایە هەموو ویستو خواستەکانی دەسەلات ئەنجام نادات، بۆیە دەکەوێتە ناو حالێکی سەیر کە هەرکارێکی خراب دەکات کەدژی پەیرەوو پرۆگرامیەتی ناوی حالەتی أستثنائی لەسەر دادەنێت و بەدوژمنانی گەل وشۆرش دەیبەستێت دەیناکات بە سنگێك هەلەکانی خۆی پێوەدەکات، لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆجیا شتێکی نەلف نییەو توانای گۆڕانکاری هەیە بەگوێرەی جۆری بیرکردنەوەو پێداویستەکان، هەروەها زانستێکی تاقیگەریش نییە کە گۆڕانکاری ئەرێ نەکات بۆیەش وەکو شتێکی نەلف نابێندرێ بەڵکو وەك کۆنسێپتێکی زیندوو کە بەگوێرەی گەیشتن بە ئامانج گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێ.

زۆرجار دەبینین دروشمەکانی دەسەلات خەلکێکی زۆر بۆخۆی رادەکێشێت کە ئایدیۆلۆجیای دەسەلاتیان ئەرێیە،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەلام تەطبيقكردنەكە وا لەتاكەكان دەكات هەموو هزرەكە ڕەتبكەنەوە

ئەگەر لەدەسەلات نەگەين ونەزانين چۆن بيردەكاتەوەو ئامانجەكانى چين و دەيەوێ بەچى وبە كوێ بگات، زۆر زەحمەت دەبێت بزانين دەسەلات چى لەئێمەدەوێ وەكو تاك و وەك جەماوەريش.

دەسەلاتى ڕێككەوت

يەكێك لەبنەما سەرەكييەكانى خوێندنەوەى دەسەلات ئەوەن كە بزانين دەسەلاتەكە چۆن هاتووەو شەرعيەتى لەكوێ وەرگرتووە دەسەلاتە تۆتاليتارەكان كودەتايان لەسەردە كرێت، بەلام دەسەلاتە ديموكراسييەكان كودەتايان لە سەرناكرێت چونكە دەسەلاتى نوێنەرايەتيى ميللەتن.

ئەگەر زانيمان دەسەلات چۆن وەرگيراوە و سەرچاوەى هێزى لەكوێيەو شەرعيەتى چۆن بەدەستەوە هێناوە، دەتوانين بەئاسانى بزانين دەسەلات دەيەوێ چى بكات و بەرەو كوێ بڕوات ياخود ئامانجەكانى چين؛ ئەوسا دەزانين چى لەتاك دەوێ بۆ ئەوەى وەكو تاكێكى صالح لەقەلەمبدرێت و ڕێگاكانى بەصالحبوونى چين بۆ ئەوەى لە مەيدانى جياوازدا وەك هاولاتى ڕشت بكات و بەرەو پێش بچێت و پاشەرۆژێكى گەش بۆ خێزان و مندالەكانى دابينبكات.

داروودەستى دەسەلات

بەشێك لەخوێندنەوەى كەسايەتى دەسەلات ئەو كەسانەن كە لەدەوروبەرى دەسەلات كۆدەبنەوەو وەكو داروودەستى دەسەلات ڕەفتار لەگەلّ خەلّكدا دەكەن يان دەبن بەبەربەست لەرێگاى هەبوونى كۆنتاكتى ڕاستەوخۆ لەنێوان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەسـەڵات و تاكدا، ئـەوەش زیـانێكی زۆر بـۆ مـاوەی درێـژ بـە دەسەڵاتەكە دەگەیەنی ئەگەر چـی دەسـەڵات سـوودێكی كـاتی لە دارودەستەكە وەرگرێت بەڵام بێگومان زیانیان بۆ دەسـەڵات زیاترو درێژخایـەنترە، ئـەگـەر تـاك لـەدەسـەڵات تێنـەگـات، ناتوانێـت بزانێـت دەسـەڵات چـی لێـدەوێـت بـۆ ئـەوەی ببێتـە هاوڵاتیەكی راست و دروست، ئەو حاڵـەتانـە روودەدەن ئـەگـەر دەسـەڵات خـۆی نـەیـەوێ جـەمـاوەر تێبگـات، یـاخود گوتـارە سیاسیە كۆمەڵایەتیەكەی لاواز و مزدەوەج بێت.

لەژێر چ جـۆرە پرنسـیپێك دەسـەڵات و جـەمـاوەر جـووت دەبن؟

ناسیونالیزم، راسیزم، ئایین، ئایدیولۆجیا، لۆجیك.

ئـەوانـەن كە لـەگـەڵ پاراسـتنی بـەرژەوەنـدی تاكەكـان دەسەڵات لەگەندەڵی دەپارێزن، گەندەڵیش بەو مەبەستە نییـە كە حكومەتێك یان دەسەڵاتێك گەندەڵ دەبێت، بەڵكـو بـە مـە بەستی ئەوەیە كە میللەتـەكـە بـە گـەنـدەڵـی دەسـەڵات ئەرێ دەبێت، جا یان لەبـەر ناهۆشیـاری یـانیش لـەبـەر قودسـییەت، هەردوكیشیان كاتین و كارتێكردنەوەیەكی نەگەتیفیـان لـەسـەر دەسەڵاتەكە دەبێت.

چـەنـد فاكتـەرێـك هـەن جوتبـوونی دەسـەڵات لەگـەڵ جەماوەر رێكدەخەن، چونكە هیچ دەسەڵاتێك بۆ ئەوە نەهـاتوە بـۆ ئـەوەی خـەڵكـەكـە تێركـات یـان ببێتـە بـەرێوبـەری تەمبەڵخانەیەكی گەورەو هیچ دەسـەڵاتێكیش نـاتوانێ هـەمـوو میللەت رازیبكات، بەڵام لێرەدا چەمكی بەگشتبوون رۆڵی هـەرە گرنگ دەبینێ كە دەسەڵات دەبێ خەڵك فێـری كـاركردن بكـات و هەلی رەخساو بۆ هەموویان وەكهەڤی و یەكسان دابـین بكـات

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کەسیش نەبێت بە ڕەنجی خەڵکی تر بژی، ئەوسا چینی تازە و مۆدێرن لە کۆمەڵگادا پەیدا دەبن و دەبن بە بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ساغ و تەندروست.

نامۆبوون لەسیستمی سیاسی

ڕاپەڕین خاڵێکی گۆڕانکاری گرنگبوو بۆ کوردستان و میللەتەکەی، نەك تەنها لەبەر ئەوەی دیکتاتۆریەتی ڕامالی ومیللەتی ئازادکرد، بەڵکو لەڕوی سۆسیۆلۆجیەوە گرنگی زیاتری هەبوو، چونکە کۆمەڵگایەکی نوێ دروستبوو، ئەو کۆمەڵگایە نوێیە بە تێکەڵاو بوونێکی ناکاوەوە هاتەکایەوە، ئەوانەی لەشاخ شۆڕشیان دەکرد وئەوانەی لەشار خەباتیان دەکرد وهەروەها کۆمەڵە دەستکردەکەی ڕژێمی بەعس و پاشماوەکانی، ئەو ئینتیگرێشنە Integration تێکەڵکێشانە تێکەڵبوونێکی وای ئەنجامدا کە ببێتە بنەمای کۆمەڵگایەکی نوێ، ئەو کۆمەڵگایە نوێیەش مژادێکی تری دابڕاوی ناوکۆمەڵگای بۆ خۆی ڕاکێشاوە ئەویش ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتبوون، ئەو هەمووە بەیەکەوە تێکەڵەیەکی سەیریان دروستکردو هەموویان بەیەکەوە کەم تازۆر دەسەڵاتە نوێیەکە یان ئەرێبو، ئەوانەی لەشاخ هاوتونەتەوە خەڵکی ناوشاریان فێرە کۆمەڵێك شت کرد، هەندێکی سەرەکی و هەندێکی لاوەکی، شتە سەرەکییەکان ئەوەبوون کە ژیانی حزبی تاڕادەیەك بەسەر خێڵەکەدا زاڵبوو، بەڵام بە ئەبعادی نادیارەوە، چونکە حزبییەکەش مۆرکی خێڵەکی و بنەماڵەیی هەرپێوە دیاربوو، سیستمی خێڵەکی و هەڕەمیان دروستکردووە، سیستمی خێڵەکیش ئەگەر چی سیستمێکی دواکەوتوویێت بەڵام چاکەی خۆی هەر هەیە لە پاراستنی تاکەکانی خۆی و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پاراستنی بەهاو ئاكار، بەڵام خێڵەكییە و تەنها ئەندامانی خێڵەكە لێی سوودبەخش دەبن، بەگوێرەی پێشكەوتنی دونیاش، سیستمی خێڵەكی سیستمێكی دواكەوتووە، بەڵام چاكەی خۆشی هەر هەیە، چونكە سیستمە، منیش زۆر جار گوتوومە و بڕوایەكی تەواوم پێی هەیە كە سیستمی خراپ لەبێ سیستمی باشترە و بەهاو ئاكاری دواكەوتو لەبێ بەها وئاكاری باشترە (ئەخلاقی خراپ لەبێ ئەخلاقی باشترە) و حكومەتی خراپ لەبێ حكومەتی باشترە، بۆیەش هەجاری لە شوێنێك دەبیستم كە خەڵك لەسیستمێك بێزارە، یەكسەر سیناریۆی بێحكومەتی دەینمە بەرچاوم كە هیچ حكومەتێكی خراپ بەقەد بێ حكومەتی خراپنییە؛ بۆیە زۆر گرنگە رق و قینە نەمانگرێت و بەئاسانی لەخشتە نەبەردرێین و چاومان تاریك ببێت و هەوڵبدەین سیستمەكە، دەسەڵاتەكە، ئایینەكەیان خێڵەكە بگۆڕین، چونكە ئەوانە سیستمن و روخاندنی سیستمیشChaos و Anarchy كەیۆس وئەناركی، واتە فەوزاو بەرەڵایی بەدوواداد‌ێت، زامنیش نییە دوای ئەو بەرەڵلاییە كێ دەباتەوەو كێ سیستمێكی تر دادەمەزرێنی، بۆیەش پاراستنی سیستم – هەرسیستمێك، دەبێ یەكبێ لەشتە سەرەكییەكان، بەتایبەت ئەگەر سیستمەكە سیستمێكی ئینتیقالی بێت، كە لە حاڵەتێك بەرەو حاڵەتێكی ترمان ببات، لێرەدا كۆنسێپتی ریفۆرم دێتەكایەوەو دەبێتە سەنتەری بیركردنەوە، نەخاسمە ئەگەر بەو قەناعەتە بگەین كە چاككردنەوەی سیستمێكی خراپ زۆر ئاسانترە لە روخاندنی و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی، چونكە تەنانەت بیركردنەوەش لە روخاندنی هەرسیستمێك هزرێكی رادیكالی (متطرف)ە،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەمووشـمان دەزانـین ئـەنجـامی رادیکالیـەت چییـەو چـی بـە دوادادێ، بۆیـە هـەوڵـدانی چاککردنـەوەی سیسـتم وەکـو پرۆسێسـێکی ریفـۆرمی لـەقـازانجی هـەمووکـەسـێکدایە، ئـەو سیستمانەی رێگا لە ریفۆرمیش دەگرن میللـەتـەکـە بـەرەو هـە لدێرێکی خراپ دەبـەن کـە ناچـاردەبێـت بیـر لـە توندوتیژی بکاتەوە بۆ گۆڕینی سیستم کە نە لەبەرژەوەندی دەسـەڵاتەکـە دایـە ونـەك لـەبـەرژەوەنـدی مـیللەت و ئامانجـە بـەرزەکـانی دوارۆژیدایە.

دەسەڵات لەکوردستان لە پێکهاتەیەکی شۆڕشـگێڕی خێڵـە کی دروستبووەو ئایـدیۆلۆجیای لەنـاودا نابێنـدرێت و خـەباتـە درێژخایەنەکەی حزبەکان جۆرە دەسەڵات ورەوایـەتیەکی بـە حزبە دەسەڵاتدارەکـان بـەخشـیوە کـە بـەو دەسـەڵاتە زیـاتر حوکمدەکەن، نەك بە رەوایەتی پرۆسەی سیاسی، لـەبـەرئـەوە ش پێکهاتـەی سۆسـیۆلۆجی و مێنتـاڵێتی کـورد پێکهاتـەیەکـی خێڵـەکـی ئایینییـە، سیاسـەت وەك چـەمك بـەتـەواوەتـی نـە یتوانیوە ڕەگەکانی لەناو ئەوکۆمەڵگایـە سـەیـرەدا بچـەقێنێ، کەواتە ئەرێبوونی یەکتری جارێ خاڵێکی دوورە کە حزبەکـانی سەر شانۆی سیاسی بتوانن پێی بگەن.

لەدوای هاتنیان بۆ دەسەڵات هەوڵی بێـوەچـان دەدرێ بـۆ ئەوەی سەرچاوە ئابوورییەکان بگرنە دەست بە هیـوای ئـەوەی رۆژێك ئەو دەسەڵاتە بتوانێ سەرچاوە ئابوورییەکە بەکاربێنێ وەك زامنێك بۆ مانەوەی خۆی، بۆیە زەنگینی وا دروستبووە کە پێموانییە لەهیچ شوێنێکی دونیا کەسێك هەبوووبێـت بـەوشـێوە یە زەنگینبوووبێت، تەنانەت ئەوانەی لۆتۆشیان بۆ دەردەچێت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەوانەی لەدەسەڵاتەدان جۆرە کەسێکیان لەخۆیان کۆکردۆتەوە کە لەبنەڕەتدا لە دەسەڵاتیشەو لە شۆڕشیش نامۆن و هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی بارە کەسایەتییەکەی خۆیان بگۆڕن ئەو کارەش کۆتایی نییە، لەبەر ئەوەی نە ملیۆنێك دۆلارو نە سەد ملیۆن چاوی کابرایەك تێردەکات کە لە دەسەڵاتەکە نامۆیە، ئەو نامۆییەشی بەڕێکەوت دروستنە بووە بەڵکو چەند هۆیەکی تری ئاشکراو نهێنی هەیە کە کەسایەتی ئەو مرۆڤانەیان وا لێکردووە، یەکەمیان نەزانینە؛ چونکە گەندەڵی و تێکدانی سیستەم و خۆ پێگەیاندن لەسەر بنەمای نەزانین دادەمەزرێن، کاتێ بەهاو ئاکار لەناو کۆمەڵگایەك نەما، ئەو پەسەن و ڕەفتارانە دەبن بەشتی ئاسایی، بەڵام وردەوردە سیستەمی ئیداری تێکدەدەن و دواتر دەبن بە دابوونەریت کە کۆمەڵگاش فاسد دەکات.

حوکمکردن لە کوردستان بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، بەڵام پێکهاتەی دەسەڵات هەر وەکو خۆیەتی، خێڵەکی و فیودالی و کۆمەڵگایەکی پەرت وبڵاو، کە کەس خۆی بەکەس نادات وتەنها لەژێر زەبری حاکمێکی دڕندەو دادپەروەریەکدەگرنەوە.

بۆ حوکم کردن لەکوردستان دەبێ سێ ئیلیمێنتی سەرەکی هەبێت وەکو سێگۆشەی دەسەڵات ئەو سێگۆشەیە پێکهاتەی هەر دەسەڵاتێکە وەك سێکوچکە بۆ ئەوەی هەردەسەڵاتێك لە سەری رابوەستێ ئایین، خێڵ، حزب، ئەگەر یەکی لەو سێیانە نەبێت زۆر بەزەحمەت بتوانێت لەکوردستان حوکم بگێڕێت.

چونکە کۆمەڵگایەکە تەنها بەڕووکەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە بنەڕەتەوە وەکو خۆی ماوە،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کۆمەڵگایەکی فیوداڵیە بەڵام بەجل و بەرگی بۆرژوا، سیاسەت کردن و حکومەت بەڕێوەبردنەکەشمان فیوداڵێکی بورژواین، بۆیەش دەبینین سیاسیەکانمان لەناو حزب و لەناو سەندیکاو ڕێکخراوی جەماوەری و لەناو پەرلەمانەکە فۆرمی پێشکەوتووی کۆمەڵگایەکی بۆرژوان، ڕەفتاری فیودالیست دەکەین، تەنانەت بەڕێوبەرو بەڕێوبەری بەشەکانیش کوڕەکانی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە جێگیریان، جگە لە وەزیر و ئەندام مەکتەبسیاسیەکان کە بەهیچ شێوەیەك ویستی بەردانی کورسییان نیە، چونکە ئەو پلەوپایەو مەنسیبانە بە خەڵات دەزانن، ئاغاکانیان ڕازیکردووە بۆیە بەوە خەڵاتکراون و بوون بەسەرکردایەتی و ئەندام مەکتەب سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، بۆیە ئەو مەنسیبانە بە دەسکەوت و پاداشتی ساڵانی خەباتی ڕازیکردنی سەرکردەکانیان دەزانن و بەئاسانی دەستی لێ بەرنادەن.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# شۆڕش و دارلاستیك

## هەنگاوێك بەرەو ڕیفۆرم

**ڕۆژنامەی میدیا 2007**

شۆڕشەکان تا بەو ڕۆژە گەیشتوون کە خەباتیان لە پێناوداکردووە، بەقۆناغی جیاوازدا تێپەڕیون، ئەگەرچی لە وانەیە بارودۆخی هیچ شۆڕشێکیش وەك ئەوەیتر نەبووبێت. پەیقی شۆڕشیش لە چەمکی ڕەتکردنەوەدا خۆی نواندووەو لەهەر کوێ ستەم ئەستوربوبێت، شۆڕش بە نوێنەرایەتی وشەی (نا) خۆی نواندووەو لەسەر بنەمای ‹کردار و دژەکردار› کاریکردووە، "هەر کردارێك دژەکردارێکی هەیە، بەهەمان هێز بەلام بە رووگەی پێچەوانەوە". هەتا ستەمەکە ئە ستوورتربێت ڕەنگدانەوەی دڕتر دەبێەو هەتاکو زاڵمەکە دڕندانەتر بێت زوڵم لێکراوەکە دڕتر وەڵامی دەداتەوە.

شۆڕش وەك کۆنسێپت ئەوەیە کە حاڵی میللەتێك لە خراپەوە بەرەو باش و باشتر ببات، ئەگەر وا نەبێت، دەبێ ئێلەمێنتەکانElement و پراکتیزەی ئەو شۆڕشە بخرێنە ژێر پرسیارو شەڕ لەپێناو راستکرنەوەیاندا بکرێت، گرنگیش نییە ئەو شەڕە چەند دەخایەنێ و چجۆرە قوربانیدانێکی دەوێ، لە پێناو ئەوەی میللەت حکومەتێکی ڕاست و دروست مسۆگەر بکات کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی بکات و میللەت بگەیەنێتە کەناری ئۆقرە بۆ ئەوەی ئامانجە مەزنەکانی بهێنێتەدی و بە میللەتانی تری پێشکەوتووی جیهان ڕابگەیەنێت.

کە شۆڕشەکە سەری گرت و ویستی میللەت بەرێگای حزبە خەباتگێڕەکە هاتەدی، حزبەکە بەرامبەر بە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دووڕیانێك دەبێت كە سێهەمیان نییە، یان ریفۆرم دەكات و خۆی دەگۆڕێ و ڕەوایەتی تەسلیمی میللەت دەكاتەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی بەتەندروستی بەڕێوەبچێت، یانیش دەكەوێتە سەر ڕێگایەكەی تر كە بریتیە لە دیكتاتۆریەتو هەمەگەری، كە كۆتاییەكەی لەناوچوونە، لەبەرئەوەی دەسەلآت دەبێتە نوێنەری ستەم و میللەتان بەڕەوایەتیەوە دژایەتی هەمووجۆرە ستەمێك دەكەن و تەمەنەكەی كورتتر دەكەن.

من ئەو دووڕیانە وەكو دارەكەی دارلاستیك یان تیپی (٧) ئینگلیزی دەبینم؛ كاتێ شۆڕش لەسەردەمی خەبات و تێكۆشاندایە، لەكلكەكەیە كە بەرەو هەوراز دەچێت و سەركەوتنی شۆڕش ناوەندی دارلاستیكەكەیە و دەكەوێتە سەرەتای دووڕیانەكە كە یەكەمیان: تەسلیمكردنی ڕەوایەتیە بۆ میللەت و سەرلەنوێ هێزی هەڵبژاردنی نوێنەر بە میللەت بداتەوەو ئەوەی تر: دیكتاتۆریەت و تۆتالیتاریزمە Totalitarianism كە بەزەبر- زەبری هەرشتێك- حوكم دەكات، مەرج نییە چەك و ئاگرو ئاسن بێت، بەلآم زۆربەی جار دەسەلآتدارەكە لەبەر تورەبوونی میللەت ناچار دەبێت ئاگر و ئاسن و تۆقاندن بەكاربێنێ، كە لەئەنجامدا روخانی مسۆگەرتر دەبێت.

لاربوونی تەرازووی هاوكێشەكە

جەمسەرێكی هاوكێشەكە تاكەو جەمسەرەكەی تری دەسەلآتە، ئەو دوو جەمسەرە كۆمەڵگا پێكدێنن وهەریەكیان بەرامبەر بەوەی تر بەگوێرەی كۆنتراكتێكی ئیمزانەكراو، كۆمەڵێك ماف وئەركی هەیە، ئەگەر هاتو جەمسەرێك لەوانە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

مافەكانی وەرگرت و نكۆڵی كرد لە ئەنجامدانی ئەركەكان، لایەنەكەی تری هاوكێشەكە نامۆ دەبێت، بەلام لەبەر ئەوەی دەسەلات دەتوانێ سزای تاك بدات، وتاك ناتوانێت سزای دەسەلات بدات، لاری دەكەوێتە هاوكێشەكە.

ئەگەر هات و حكومەت نشوستی لەئەركەكانی خۆی هێنا بەرامبەر بە تاك، تاك لێی زوێر دەبێت و پشتگیریی ناكات تەنانەت دژایەتیشی دەكات و دژایەتیی هەرشتێك دەكات كە پەیوەندیی بەدەسەلاتەوە هەبێت.

ئەركی هەموو حكومەتێكی تازە دروستكردنی تاكە، دەبێ هەموو هەوڵ وتەقەلایەك بدات بۆ دروستكردنی تاكێكی صالح و هاولاتیەكی تەڤلی (منتمی) بۆ ئەوەی بتوانێت لە قۆناغەكانی پاش شۆڕش شوێنەواری شۆڕشگێڕایەتی لەناو دامودەزگا و دامەزراودا نەهێڵن چونكی دامەزراو Institution لەگەڵ شۆڕشگەرایەتی ناگونجێ و لەیەك شوێندا كارناكەن، چونكی (أستثنائات) و چاوپۆشی پەیدا دەبن و یاسا لەسەر هەموو كەسێك وەكهەڤی پراكتیز ناكرێ، یاساش ئەگەر لەسەر هەموو تاكەكان وەكهەڤی پراكتیز نەبێت، كەواتە یاسا نییە و ئەگەر یاسا نەبێت، بێگومان دەبێتە ستەم، لەهەر شوێنێك ستەم پەیدا بوو ئەوە بێگومان دژایەتی ستەم دەكرێت و ناو و فۆرمی دەگۆڕێ و دەبێتە خەباتی دژی ستەم، كە لە هەموو عورف و یاسا وئایینەكاندا ڕەوایەتیی هەیە، دژی ستەمیش بەگوێرەی چەندایەتی ستەمە و هەرچەند ستەمەكە توندتر بێت بەرپەرچدانەوەی تیژتردەبێت.

بنەمای وەرگرتنی هێزی دەسەلات میللەتە، بۆ ئەوەی بەناوی ئەو دەسەلاتە حوكم بكات، هەركاتێ تاك هەڵەیەك

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەكات یان هەوڵبدات مەرجێكی ئەو كۆنتراكتە بەجێ نە هێنێت سیستم بەناوی هێزی میللەت سزای دەدات، سزاكەش دەگاتە رادەی ئیعدام و لێوەرگرتنەوەی سامان و هتد .. بەلام ئەگەر دەسەلات نكۆڵی كرد لە وەدیهێنانی ئەركەكانی بەرامبەر بەتاك، تاك ناتوانێت تۆڵەی خۆی لەسیستم وەرگرێ یانیش بەرپەرچی نادادیی بداتەوە، بۆیە لاسەنگی دەكەوێتە ناو هاوكێشەكەو تاكیش تووشی خزینەوە لەكۆمەڵ دەكات و گۆشەگیردەبێت و دواتر یاخی و نامۆ دەبێت، ئەو نامۆییەشی دەبێتە مایەی ئەوەی هێزێكی ناوەكی تێكدەرانە لەناخی تاكدا پەیدا دەبێت، بۆ ئەوەی تۆڵەی شاراوە لەسیستم وەرگرێت، چونكە ناتوانێ بە ئاشكرایی تۆڵە لە سیستم وەرگرێت، لەبەرئەوەی تۆڵەی ئاشكرا لەسیستم لەوانەیە تووشی سزادانی بكات؛ بۆیەش دەبینین بەلای كەمەوە هەوڵدەدات ئە ستووربوونی رقی خۆی بەشێوەیەكی شاراوە دەرببڕێ بۆ ئەوەی نەختێك لە بارگرانییەكەی ناخی بەتاڵ بكاتەوە، ئەوەش بە فۆرمی جیاوازەوە دەكرێت، لەوانەیە بە تۆڵە لە بەهـا و ئاكار ولەوانەیە بە تۆڵە لە تاكەكان بەجیاوازی وەرگرێت، بۆ نموونە: ئەگەر فەرمانبەرێت هەوڵدەدات بەشێوەیەك ناوی دائیرەكەی بزڕێنێ و كاروباری خەڵك تێكدەدات و ببێتە كۆسپ لەبەردەمیان و لەوانەشە بەرتیل وەرگرێ وگەندەڵی بەرپابكات، نەك تەنها لەبەر سوودە ماددیەكەیە، بەڵكو بەقەدەر ئەو بۆ ناوزڕاندن و نشوستی هێنان بەسیسیتمەكەیە و ئەگەر كاربەدەست بێت و شتی لەدەست بێت لەوانەیە بە كڕینی خانووی گەورەو خۆ زەنگینكردنی بێسنوربێت بۆ ئەوەی تەعزیزی رقلێبوونەوەی خۆی بەو جیاوازیەكەی نمایشبكات.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

کەسایەتی زاڵی وەکو 'سەددام' بەناخێکی نامۆوە هاتۆتە دەسەلات، لەبەر ئەوەی کاتیخۆی سیستمی کۆمەلایەتی/سیاسی، بەهیچ جۆرێك رەحمی پێنەکردووەو ژیانەکەی هەر لەبەرپێ ولەژێرپێ بووە، بۆیە لەناهۆشیاریدا هەمیشە هێزێکی رق و کەربی شاراوە هەبوو تۆڵەی خۆی لە تاکەکان بەجیا ولە سیستمەکە دەکردەوە. ئەو کەسایەتیانەی کە لەشۆڕشە درێژخایەنەکاندا دەتوێنەوە بە ئاشکرایی ئەوە نیشاندەدەن کاتێ دوای سەرکەوتنی شۆڕش داوای قەرەبووی ماددی دەکەنەوە و دەخوازن خانووی گەورە دروستەکەن و عەردی بێ حساب داگیرکەن وپارەی خەیاڵی کۆبکەنەوە، کە ئەوانە لە بنەڕەتەوە بڕوایان بە شۆڕشەکە نەبووە و هەستدەکەن ئەو ماوەیە لەژیانیان بەفیڕۆ چووە ولێی پەشیمانن، بۆیە دەیانەوێ بەو شتە ماددیانە قەرەبوویبکەنەوە، بەوەش ئینتیحالی کەسایەتی بازرگان دەکەن چونکی جیاوازی نێوان بازرگان وخەباتکەر ئەوەیە کە دووەمیان بە گیلفانی بەتاڵ لە شۆڕشەکە دەردێت وهیچ سوودێکی ماددی ناکات، بەرامبەر بەمەش سەردانوواندن ورێزێکی زۆر لەمیللەتەوە وەردەگرن، بازرگانیش خەبات دەکات بەلام تەنها بۆ باخەڵی خۆی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

میکانیزمی پەیدابوونی حکومەت و جۆرەکانی

حکومەت بە ساکارترین چەمکەوە: ئەو ڕێکخراوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە یەکەیەکی سیاسی دا Political Entity بەڕێوەدەبات، واتە هێزی حوکم گێڕان لە جڤاتێکی سیاسیداو ئەو ئامێرەیە کە لاشەی سیاسی Political Body لەناویدا دەسەڵات بەرهەمدێنێ، حکومەت بەدەسەڵاتێکی سیاسی وهێز، پاراستنی بەهاو ئاکار دەکات و چاودێری بەرژەوەندی گشتیی دەکات، هەروەها کۆنسێبتی ‹بەگشتیبوون› دەپارێزێ و چاودێری بەها وئاکاری گشتی و گەشەسەندنیان دەکات، حکومەت بۆی هەیە لەپێناو ئەو هەموو ئەرکە هێزی دەسەڵات بەکاربێنێ وەك پۆلیس و لەشکر و ... هتد.

گرنگیی هەبوونی حکومەت لەوەوە هاتووە کە خەڵك/تاکەکان Individual بەمەبەستەوە دەیانەوێ بەهەڤرا بژیەن بۆ ئەوەی کارەکانیان ئاسانتر ببن، حکومەتیش وەك ڕێکخەرێك کاری ئەو بەهەڤرا ژیانە ڕێکبخات و ئاسایشی ئابووری، کەسایەتی، سڤیل وهەروەها ئاسایشی وڵاتەکەی بپارێزێ وباری کۆمەڵایەتیی تاکەکان وەکهەڤی بپارێزێ و هەوڵ لەپێناو گەشەکردن و بەختیاری گشت تاکەکان بدات.

دەسەڵات و بەهێزی ڕەوایەتی و بەیاسایەك یان کۆمەڵە یاسایەکی کۆمەڵایەتی دەبێ نەهێڵێت تاکی بەهێز، تاکی لاواز قوتبدات یاخود مافەکانی پێشێلبکات، لەبەر ئەوەی تەنها هێزە دەتوانێتبڕیاری ئیداری وسیاسی بەناوی میللەت دەربکات و پەیمان ئیمزابکات و پەیوەندی دەرەوە ببەستێت، هەروەك بەسترانی پەیمانی ناوخۆ لە چەمکی Social Contract کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاك و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەسەڵات وەك دوو جەمسەر بۆ هاوكێشەی كۆمەڵ/میللەت و بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەو كۆنتراكتە بە هەرسێ دەسەڵاتەكەیەوە: یاسادانان، ڕاپەڕاندن، دادپەروەری، وهەندێك كەس چوارەمین دەسەڵات بە ڕۆژنامەگەری دادەنێن وەك چاودێرێك و ویژدانێكی زیندوو لەسەر دەسەڵات

ئازادی تاك لەوەدایە كە بە ویستی خۆی كرداری ڕاست هەڵبژێرێت و ئەنجامی بدات، تەنانەت ئەگەر ئەو كردارە دژی ئازادییە كەسایەتیەكانی بێت، پابەندبوونی تاك بەو كارانە چەمكی «بەگشتیبوون» فۆرمۆلە دەكات و دەیكاتە یاسای كۆمەڵایەتی لەژێر پرنسیپی كۆنتراكتی كۆمەڵایەتیدا و هەروەك هیگڵ بۆی دەچێت: بڵندترین پلەكانی ئازادی ئەوەیە كە تاك بەئیرادەی خۆی بەرپابوونی یاساكان هەڵبژێرێت. كاتێ تاكەكان ئەوە هەڵدەبژێرن، بڵندترین پلەكانی ئازادی وە دەستدێنن و بەوەش میللەتی هۆشیار پەیدادەبێت، كە بڵندرین ئاستی میللەتانە.

حكومەت ئەو دەسەڵاتە سەرووەرەیە كە هەموو تاكێك كە لەژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا دەژی دەبێ بە هەبوونی ئەرێ بێت، بۆ ئەوەی ئەو كۆنتراكتە ئیمزانەكراوە نافیز بێت، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها حكومەت بۆی هەیە وەك دەسەڵاتێكی ڕەسمی ئۆفیشال هێز بەكاربێنێ بۆ ئەوەی یاساكان بچەسپێنێ. ئەوەی دەشیبینین ئەوەیە كە زۆر كەم حكومەتە پێشكەوتووەكان ئەو هێزە دژی میللەتی خۆیان بەكاردێنن چونكی تاكەكان بە دڵخۆشیەوە ملكەچی یاساكانی دەبن، لەژێر پرنسیپی (العام یقید الخاص) كە بەرژەوەندیی گشتی هات، دەبێ بەرژەوەندی كەس/تاك دوابخرێ.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەچاخی 19 وچاخی 20 گۆڕانكاریەكی زۆر بەسەر چەمك وشێوازی حكومەتدا هاتووە، كە لە زۆربەی وڵاتە ئۆروپییەكان و ئەمریكادا حوكمی ئۆلیگاركی Oligarchy حوكمی كەمینەیەكی بەختەوەر بە حوكمێكی فراوان گۆڕایەوە و نەمانی جیاوازی لە ڕەگەز و سێكس بە ئەلیمێنتێكی سەرەكی نەما بۆ حوكم كردن و زەنگین بوون.

دیدی سەرەكی كۆنسێرڤەتیستەكان بۆ چەمكی حكومەت دەرپۆشی نەهاتنی فەوزا و بێ یاساییە، وهەروەها ڕاگرتنی یاسا لەدژی ئەوكەسانەی كە ئەو Order ئۆردەرە تێكدەدەن یان هەوڵی نەهێشتنی دەدەن، كۆنسێرڤەكان هەوڵی مانەوەی بەهاو ئاكار دەدەن و ڕێز لە داب ونەریتی سیاسی دەگرن.

دیدی نوێی بۆ دەسەڵاتە سیاسییەكان ئەوەیە: كاتێ تاك سەروەری خۆی بە حكومەت دەبەخشێت و بە هەموو حوكمەكانی ئەرێ دەبێت، تەنانەت حوكمی سزادانیش، بەرامبەر بەوەیە بەرژەوەندیی تاك بپارێزێت و بەشێوەیەكی دادپەروەرانە و یەكسان ئەو دەسەڵاتە بەكاربێت.

یەكێك لە تیۆرە هەرە گرنگەكانی پێكهێنانی حكومەت لە دووسەد ساڵەی ڕابردوو دا، تیۆری كۆنتراكتی كۆمەڵایەتی بووە كە زۆربەی دیمۆكراسیە مۆدێرنەكان و سۆسیالیستەكان سوودیان لێی وەرگرتووە، هەروەها لیبرالیزمە هاوچەرخەكانی وەكو ئەمریكاش هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو تیۆرە كاریان كردووە، ئەو تیۆرەش بە تێروتەسەلی لەكتێبە بەناوبانگەكەی جان جاك ڕۆسۆ 1712ـ 1778 بە تێروتەسەلی باسكراوە؛ Contract Social حكومەت لە لایەن خەڵكەوە دروستدەكرێت لەپێناو ویستە هاوبەشەكانی تاكەكان وەكو:

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئاسایش و تەناهی و نەهێشتنی تاوان و سەلامەتی تاکەکان لە داگیرکردن و کارکردە سروشتییەکان.

حکومەت بۆ خزمەتکردنی ویستەکانی تاك و بەدیهێنانی ئاواتەکانی لەناو فۆرمێکی مەقبوولدا بەمەرجێك کارنەکاتە سەر ویستی خەڵکی ترە، یانیش زیانیان لێبدات، ئەوە بە ساکاری واتەکەیەوە، ساکارترین شێوازی کۆنتراکتی کۆمەڵایەتیە.

ئەگەر زۆربەی تاکەکان لەئازاردابن ئەوە کۆنتراکتەکە هەڵدەوەشێتەوە و فۆرمی حکومەت و کاربەدەستانی دەگۆڕدرێ، بەڵام ئەگەر کەمینە نارەحەت بن، ئەوە رێگای تێدەچێت کە قەناعەت بە زۆرینە بێنی لەپێناو گۆڕانکاری باشتر و سوودلێوەرگرتنی ئەو کۆنتراکتە لەلایەن زۆرترین ژمارەی خەڵکەوە، شایەنی باسە کە جۆن لۆك، تۆماس هۆبیز، جان 'جاك رۆسسو' و 'تۆماس جیفەرسون' فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی کۆنتراکتی کۆمەڵایەتین کە بەناوی Contractarianism کۆنتراکتاریانیزم ناوزەدە دەکرێن.

لە دیرۆکە تۆمارکراوەکەی ژیاردا، حکومەت لە ئەنجامی ئاڵۆزی ژیانی مرۆڤەکان هاتۆتەکایەوە، ئەوەی بە کۆنترینیان ناسراو بێ شەریعەتی حەمورابی بووە کە یەکەمین فۆرمی حکومتی بەخۆیە وە بینیوە، هەروەها تیۆکراسیەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین و دیمۆکراسیی ئەسیناو جمهوریەتی رۆمانی و ئیمپراتۆریەتی رۆماو فۆرمی دروستبوونی دەوڵەت لە چاخە ناوەندەکانی ئەورووپا. شێوازی حکومەتەکان لە ئەورووپا بێگومان مۆنارکی بوون واتە شانشێن، شۆڕشەکان، دیمۆکراسی، وڵاتپارێزی، «هەروەها بەشێکی چاخی 20 رژێمە فاشیستەکان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

و كۆمۆنیستەكان سەریان هەڵدا. لەبەشەكانی تری دونیادا، وەكو ئەفریقاو ‹رۆژهەڵاتی ناڤین› زیاتر ئایین و خێڵ و عەشیرەت ئەلەمێنتی دروست بوونی حكومەت بوون، دواتر گۆڕانكاریان بەسەردا هات لەكاتی تێكەڵبوونیان لەگەڵ خەڵكی تر و لەسەرەتای دروستبوونی ئیمپەراتۆریەكان».

كەواتە حكومەت پێداویستێكەو بێی ئەو ژیانی تاكەكان بەیەكەوە ناگوزەرێ و لەبەرئەوەی پێداویستێكە، گرنگیەكەشی لەوەدایە كە كارەكانی خۆی بەرێكوپێكی ئەنجامبدات، كەواتە حكومەت بەحوكمی ئەوكارانەی كە دەیكات گرنگی بەدەستەوەدێنێت وەك ئێلێمێنتێكی سەرەكی ‹هۆی هەبوونی› ئەگەر هۆیەكانی هەبوونی نەمینن، مانەوەی نامێنێت، وەك هەر شتێكی تر ئەگەر هۆیەكانی هەبوونی نەمێنن نرخی شتەكەش نامێنێت. وەك خێزان وگشت پێكهاتەكانی ئەگەر هۆیەكانی كە لەبەریان خێزانمان دەوێت نەمینێ، ئەوە پێویست بەو خێزانە ناكات، نمونەكان زۆرن. هتد.

حكومەتەكان بەجۆراوجۆر ناسراون، ناسینیشیان دەكەوێتە ژێر پرنسیپی دەرەنجامگەرایەتی كە لەئەنجامی كارو شێوازی حوكم نیشاندەدرێت و هەریەكە لە شێوازەكان ژێدەری تایبەتی بەخۆی هەیە كە شەرعیەتی لێ وەردەگرێت، بۆ نمونە:

## ثیوكراسی:

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

حكومەتی ثیوكراسی Theocracy ئەو حكومەتەیە كە هێزی خوداوەند بە سەروەرترین هێز دەناسێ و خۆی بە نوێنەری ئەو هێزە سەروەرە دادەنێت وخودا دەكاتە حاكمی ڕەها بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی سڤیل، بۆ ئەو كەسانەی كە باوەڕیان بەو چەمكە هەیە كە یاسای ئاسمان دەبێ لە سەرزەوی پراكتیزەبكرێت و لەسەربنەمای ئەوەی كە دەبێ سزادانی تاكەكانی ڤاری بە هێزێكی سەروەر ئەنجامبدرێت، وەكو حوكمی كەنیسە لە چاخەكانی بەر لە شۆڕشی ڕۆناكگەری "رینیسانس" ی ئەوروپا و هەروەها دەوڵەتە ئایینیەكانی كە بەشەریعەت وكیتابی خۆدا حوكمی ژیانی سڤیل دەكەن، یانیش مەلەكیەتێكی كە بەئەمری هێزی سەروەر و بڵند حوكمی خەڵك دەكات.

ئەگەر حكومەتێكی ثیوكرات Theocrat بێت بەئەمری خودا ئەمر ونەهی دەكات وكەس بۆی نییە دەستكاری یان چاكسازی لەناو چەمكەكانیدا بكات، ئەو جۆرە حكومەتانەش هیچ ڕێگایەك بە ئۆپۆزیسیۆن نادەن چونكە ئۆپۆزیسیۆن بە چەمكی دژ لەقەڵەمدەدەن ودژیش دەكاتە دژایەتی ئەمری خودا، كە ئەوەی دژی ئەمری خودابێت هەموومان دەزانین چۆن سزادەدرێت و سزادانەكەشی دەبێتە ئەركێكی ئایینی كە خەڵك بۆ ئەنجامدانەكەی غاردەدەن ئەگەر فەتوای پێدەرهات.

لەوانەیە بكرێت حكومەتی ثیوكراسی تاكرەو بێت و لەوانەشە حوكمی ڕەها لەدەست چەند كەسێك بێت كە بەئەمری خودا حوكمی جەماوەر دەكەن بەڵام بە هێزی نوێنەرایەتی ئەو ڕەهاییە. دژایەتی كردنی ئەو ڕەهایەتیە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کارێکی ئاسان نییه لەبەر ئەوەی هەرکەسێ بە گوێرەی ویست و بۆچوونی حکومەتەکە نەجولێتەوە دژایەتی ئەمری خودا دەکات و ئەوەندەش چەمکی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتیمان پەروەر پوچەڵدەکاتەوە .

ئۆلیگارکی:

ئەگەر حکومەتێکی ئۆلیگارکی Oligarchy بێت، تەنها بەرژەوەندیی کۆمەڵێك کەس دەپارێزێت و ئەگەر حکومەتی بازرگان بێت تەنها بەرژەوەندی ماددی دەبێتە ئامانجی گەورەی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەندامەکانی و کێشە سەرەکیەکەی پشتگوێدەخات و خەمە سەرەکیەکەی دەبێتە کڕین وفرۆشتن و زەنگینکردنی ئەندامەکانی.

ئۆلیگارکی فۆرمێکی حکومەتە کە دەستەیەك حوکم دەگرنەدەست ڕێگا بەکەسیتر نادەن نزیکی بەرژەوەندیەکانیان ببێتەوە کە لەگەڵ سیاسەت و دەسەڵت وحوکومگێڕان تێکەڵبوون، هەروەها ئەوانە دەوروبەریشیان لە هەمان بەرژەوەندی تێوەگلاون و لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان هەموو شتێك دەکەنە گووری (قوربانی) تەنانەت بەرژەوەندی زۆرینەو هەروەها ئامانجە سەروەرو بڵندەکانیش، ئەو بەرژەوەندیەش بە هێزی پارە مۆنۆپۆل دەکرێت و هەوڵدەدرێت هێزی پارە لەپێناو مانەوەی ئەو دەستەیە بەکاربێت.

«زۆربەی ئۆلیگارکییەکان هێزی سەروەری حکومەتیان داوەتە دەست کەمینەیەکی مرۆڤ، زۆر جاریش جەدەل لەسەر ئەوە دەکرێ کە ‹ئۆلیگارکی› شێوازێکی ئۆریستوکراسیەتە .. کە بەشێوازێکی داخراو حاکمیەت دەکەوێتە دەست

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بنەماڵەیەك، یاخود كۆمەڵەكەسێك. بەڵام وەك ئاشكرا دەبێت كە جیاوازیان لەگەڵ یەك ئەوەیە كە ئۆرۆستوكراسیەت لەرێگای نەوەوە دەمینێتەوە لەكاتێك دا مەرج نییە ‹ئۆلیگاركی› لەبنەماڵەكەدا بمینێت بۆ نەوەكان هەروەها كەلتوری تایبەت بە ‹ئۆرۆستۆكراسیەت› بەرپاناكات، حكومەتە ‹ئۆلیگاركەكان› ناسراون وەك حكومەتی كەمینە یاخود حكومەتی نوخبەیەكی هەڵبژێردراو بۆیەش هەندێك رووگەی فەلسەفی وای بۆ دەچن كە ‹ئۆلیگاركی› لەئەنجامی دیمۆكراسیە درێژخایەنەكانیش دێتە كایەوە، كە حوكمەتی باشترین كەمایەتی نۆخبەیە. هەروەها جۆرەها شێوازی حكومەت هەن كە دەرفەت نییە لێرەدا بە تەفصیل باسی هەموویان بكرێت.

ئۆتۆكرات:

حكومەتی ئۆتۆكرات Autocrat تەنها رێچكەی تایبەتی تەسكی خۆی دەپارێزێت و بە ئاگرو ئاسن حوكوم دەكات كە لە بنەرەتەوە كاتێ لەدووریانەكەی پاش شۆرش رێگای دیكتاتۆریەتی هەڵبژاردبوو چونكە نەیتوانیوە رەوایەتی دەسەڵات بداتەوە دەست میللەت، ئەو دووریانەی كە هەموو حزبێكی خەباتگەر تووشیدەبێت دوای سەرگرتنی شۆرشەكەی، یان دەبێ دامودەزگای شۆرشەكە هەڵوەشێنێتەوە وسەرلەنوێ ریفۆرم بكات و رەوایەتی بداتەوە دەست میللەت، یاخود رێگا حەیاتەكەی؛ دیكتاتۆریەت بگرێتە بەرو بەئاگر وئاسن حوكم بكات چونكە دەبێتە حكومەتێك تەنها بەرژەوەندی چەندكەسێك دەپارێزێت وهیچ رێگاش بە تاك نادات

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەناسەیەکی ئازادی هەڵکێشێت کە پێی وایە هەناسە دژی بەرژەوەندیی شۆڕشە!

دیموکراسی:

دیمۆکراسی قۆناغێکی پێشکەوتووی پرۆسەی سیاسییە، ئەگەر دەسەلات وەکو پرۆژە نەیگرێتە بەر و ئامادەکاری بۆ نەکات و میللەت رەوشەنبیرنەکات، ناتوانێ بە رێچکەکەدا بڕوات و ناوی دیموکراسی لەخۆی بنێت چونکی دیموکراسی بەشەوێك ورۆژێك ئەنجامنادرێ. دیمۆکراسی خەلاتێك نییە خودا بە بەندەی خۆی ببەخشێ، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایەنی سیستمە سیاسیەکەیە، بۆیە هەڵگرتنی ئارم و لۆگۆی دیمۆکراسی بەبێ خەباتی سیاسی، کۆمەلایەتی و دیمۆکراسی ناهێنێتە دی.

مافی ئاخافتن و مافی دەنگدان ومافی یەکسانی هەل و مافی خەبات ومافی کەسایەتی سڤیل و مافی یاسایی و ئابووری، ئەلەمێنتی سەرەکی پرۆسەی دیموکراسین، ئەگەر ئەو ئەلەمینتانە نەبنە ناوك و پێکهاتە سەرەکییەکانی دەسەلاتەکە کە خەباتی تازەی لەپێناودا بکات لەجیاتی خەباتە کۆنەکەی چەکدارییەوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەلاتەکە بە لکەکەی تری دارلاستیکەکەدا دەڕوات و دەبێ بیگەڕێنینەوە سەر رێگا راستەکەی، ئەگەر ئەو راستکردنەوەیە شەڕیشی بووێ دەبێ هەربکرێت، چونکە لەبەرژەوەندی گشتی و لەبەرژەوەندی بالای میللەت دایە.

دیموکراسی کە واتای حوکمی جەماوەر دەدات شێوازێکی تری وەرگرتووە لەوەی جاران لە یۆنان هەبووە و ئێستا زیاتر

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

چەمکی ئازادی بیروڕاو ئازادی مافەسقیلەکان دەگرێتەوەو هەروەها پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ، ئازادی رۆژنامەگەری، حوکمی یاسا، کۆنترۆڵکردنی لەشکر لەلایەن سقیلەوە بۆ ئەوەی رێگا لە عەسکەرتاریەت بگرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی سقیل.

دیمۆکراسی وەکو چەمك ئاستێکی بەرزی سیستمە سیاسیەکانە و ئەگەر کات وشوێن بەیەکەوە ساز نەبن و چەمکەکە بە هەموو پرۆسەکانی گەشەکردنیدا تێپەرنەبێت مەحاڵە بچەسپێت وبێتە دی. دەبێ هەموو قۆنەغەکانی پرۆسیسەکە ببڕین و بەهەموو جونگەکانیدا برۆین بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لەئەنجامی هۆشیاری و پێشکەوتنی میللەت و پرۆسە سیاسیەکەدا برۆین و کەس ناتوانێ چەمکی دیمۆکراسی بەنیوەچڵی پراکتیز بکات، چونکە دیموکراسی دەبێتە حوکمی ئەغلەبیەت، ئەگەر هات و لەشوێنێکدا ئەغلەبیەتەکە نەزان وکۆلەواربن ئەوە بەئاسانی دەخاپێندرێن و نازانن نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵکو بە ئەسیری چەند چەمکێکی ئایینی و خێڵەکی دەمینێن و دەبن بەبەندی هێزی ‹فیودالیزم› کە تەنها دوایان دەخات و نایڵێت بگەنە قۆناغی ‹بۆرژوا›، کەواتە دیمۆکراسی تەنها بۆ میللەتی ئاست بەرز دەستدەدات و لە شوێنی تر دەبێ حوکمی تر جێگیربێت، لەبەر ئەوەی ‹مەرج نییە رای زۆرینە رایە راستەکەبێت›.

لەناو میللەتێکی نەزاندا کە خێڵەکی و عەشیرەتگەری باوی زیاتر بێت، ئەغلەبیەتەکە دەنگ بە کابرایەکی عەشایری نەزانیش دەدات، چونکە سەرۆکی خێڵەکەیە، لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەرامبەر بەوەی ئەگەر هەڤرکەکانی باشترین مرۆڤیش بن و بروانامەی بەرزیشیان هەبێت یاخود دلسۆزبن و هەموو پەسەنەکانی سەرکردەیەکی سەرکەوتوویان تێدا بێت، خەڵکەکە هەر سەرۆك خێڵەکە هەڵدەبژێرێت، بۆیە هەمیشە سیستمێکی ‹مۆنارکی› مەلەکی بۆ کوردستان بەباشترین سیستم دەزانم، چونکی کورد وەکو نەتەوە ومیللەت قۆناغەکانی حەتمیەتی دیرۆکیان بە تەندروستی نەبڕیوە وهێشتا هەر لەناو قۆناغی فیودالیزمدا ماون ئەگەرچی جلی کوردیان بەقات گۆڕیووەو خێڵیان بە حزب گۆڕیوە، بەلام ئێستاش هەر حزبایەتی بەخێڵەکی بەڕێوەدەبەن و بەقاتەکەش وەکو جلی کوردی رەفتاردەکەن، ئەوەندەش نالێم بۆ ئەوەی بەکەموکوڕی بیناسێنم، بەڵکو راستیەکەمان وایە، بۆ شەرمی لێبکەین؟ دەبێ جاری یەکەم دەستنیشان بکەین و دواتر چارەی بۆ بدۆزینەوە، زانامان، پرۆفیسۆرمان، سیاسیە مۆدێرنەکانمان، مامۆستاکانمان، تەنانەت ئەوانەی ژیانی خۆیان لەدەرەوەی ولات بردۆتە سەرو مرۆڤی مۆدێرنن، ئاغایەکیان لەناخدایە وناتوانن لێی رزگاربین، حەزدەکەن خەڵك لەبەریان هەڵستێتەوەو لە پێشەوەی ئۆتۆمبێل دابنیشن ولەدەرگاکان پێشبکەون، ئەگەر نەتوانین ئەو ئاغایە لەناخماندا بکوژین، چیمان داوە لە سیستمی دیموکراسی وجمهوری، فیودالیزم زووتر دەبێتە مەلەکی لەوەی بەقۆناغەکانی تری حەتمیەتدا بڕوات، واتە فیودالیزم زووتر دەبێتە میرنشێن ومەلەکی لەوەی ببێتە بۆرژوواو بۆرژوای بچوك دروستکات، چونکی بورژوا تەنها لەگەڵ شارستانیەت دێت و هەستی شارستانیەت جارێ لامان بەتەواوەتی گەلالەی نەکردووە، ئێمە سەر بە خێڵەکەین؛

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئێستاش پێمان شەرمە بڵێین دهۆکین، یان هەولێرین .. هتد بەڵام بەئاسانی دەڵێین: دزەیین، دۆسکین، مزورین، بەرواریین، ریکانین، هەرکین .. هتد.

مەلەکیەت

بەڕای من بۆ شوێنی وەکو ئێمە ئەگەر مەلەکیەت بێت لە هەموو شتێك باشتردەبێت، چونکە دەتوانێت سوود لە هەردوو چەمك وەرگرێت، یەکەم چەمکی دیمۆکراسی و تەشکیل کردنی حکومەت و هەروەها میللەتەکەش بەرەو کارەسات ناچێت، بۆ نموونە ئەگەر میللەت کەسێکی نادروستی هەڵبژارد، ئەوە هێزی مەلیك وەك هێزێکی سەرووەر بەرژەوەندی گشتی دەپارێزێت و جگە لەمەش لەناو دوورشین ‹بلاط› مرۆڤی زاناو شارەزا نەوەی مەلیك لەبەرژەوەندی گشتیدا پەروەردەدەکەن و ئەو مەلیکەی دێت دەبێ پێش هەمووشتێك لە خوێندنگەی فەلسەفی دوورشین دەرچووبێت و لەمنداڵیەوە بۆ ئەو ئەرکە نوێیە ئامادەکرابێت، ئەوەیان بێگومان لەکەسێك باشتر دەبێت کە لەبەر فێڵبازی وقسەخۆش و زمانلووسی، لەخشتەبردنی میللەت هەڵبژێردرێت.

لەجیهانی ئەمڕۆدا نزیکەی 31 مەلەکیەت هەیە کە لە زیاتر لە 45 شوێندا حوکم دەکەن هەندێکیان بە راستەوخۆ و هەندێکیشیان بەناراستەوخۆ وەك ئوسترالیا و کەنەدا و دەولەتەکانی تری کۆمانویڵث، کە مەرج نییە هەموویان لە سەر خاکێکی بەیەکەوە گرێدراو بن، دەشێ هەریەکە لە کیشوەرێکی جیاواز بێت.

لەدێرزەمانەوە حکومەتەکان بە شێوەی جۆراو جۆر پێکهاتوون جاران لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی چەند خێزانێکی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەسەڵاتدار یان خەباتگێڕ، فۆڕمی ئەوە دروستبووە کە حکومەتەکان بەگوێرەی ویستی تاکەکان پێکهاتوون، ئەو جۆرە حکومەتانەش یان ‹مۆنارکی› مەلەکیەتی لێ دروستبووەو یانیش بۆتە مایەی دروستبوونی حکومەتێکی بەهێزی ‹ئۆلیگارکی› کە بەرژەوەندی چینێك یان کەمینەیەك دەپارێزێ.

### Authoritarianism ئۆتۆریتاریانیزم

فۆرمێکە لە فۆرمەکانی درووستبوونی حکومەت کە سەربە دەسەڵاتدارییەکی زۆری پێوەدیارە و دەسەڵات هەمووجۆرە هێزێك بەکاردێنی بۆ ئەوەی تاکەکان ملکەچی بڕیارەکانی بن ئەگەرچی زۆڵمیش بێت هەردەبێ پەیڕەوبکرێت و تاکیش لەو جۆرە دەسەڵاتانەدا توشی Submission دەبێت کە شێوازێکی زەلیلی رازیبوونە بە ستەمەکە شێوازو چەندیەتی ستەمەکە دەکاتە پێوەر بۆ هێزی دەسەڵات، بۆیەش زۆرجار تاك پێیەوایە ئەگەر دەسەڵاتێکی تر بێتە سەر حوکم و دیمۆکراسی و مافی تاك بەرپابکات وادەزانێت هێزی نییەو ناتوانێ وەکو دەسەڵاتدارە زۆردارەکەی پێشو حوکم بگێڕێت، بۆ نموونە وەکو ئەو کەسانەی کە پێیان وایە ئەگەر ‹سەددام لەسەر حوکم مابایە باشتربوو، چونکە ئەو دەیتوانی خەڵکە کە راگرێت و نەهێڵێت کەس تەنانەت داوای مافەکانی خۆیشی بکات، وای لێدەکات تەنانەت بیر لە گۆڕانکاریش نەکاتەوە.

‹ئۆتۆریتاریان› هاوڵاتیەکان بە گۆێڕایەڵی دەسەڵات دەبینێ و ناتوانێ لەدەرەوەی ئەو بازنەیە رایەکی جیاواز ببینێت کە لەناو چەمکەکانی فەلسەفەی سیاسیدا وەدەردەکەون وەك مافی سڤیل و ئازادی تاك، بەڵکو زیاتر

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

خەمی مانەوەی لەسەروی دەسەلأت دەبێتە خەمە سەرەکییەکەی .. هتد.

زۆربەی جاریش ‹ئەنارکیزم› دەبێتە جێگۆڕی سیستەمە ‹ئۆتۆریتاریان› و سەرانسەر ولأتەکە دەکەوێتە ناو حاڵەتێکی فەوزا وتێبزربوون، ئەنارکیزم Anarchism واتە بێ حاکمی و بڕوای تەواو بەوەی کە هەموو جۆرە حکومەتێك شتێکی هەڵەیەو یاخیبوون دەبێتە ئەلەمێنتی سەرەکی ئەو رووگەیە کە هەموو جۆرە ئوردەرێکی پێ هەڵەیە و دەبێ هە رکەسە بەکەیفی خۆی رەفتاربکات وکەس هیچ شتێکی پێنەکات.

رەوایەتی دەسەلأت

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، حکومەتەکان رەوایەتی بە شێوەی جیاواز وەردەگرن و هەر جۆرە حکومەتێك ڕەوایەتی خۆی لەسەرچاوەیەکی تایبەت یان لە چەند جۆرێك سەرچاوە وەردەگرێ، بۆ نموونە ڕەوایەتی کە لە حکومەتە دیموکراسیەکاندا هەیە هەڵبەتە بە هەڵبژاردن هاتۆتەکایەوەو لە حوکمە مەلەکیەکان رەزامەندی میللەتە بە Absolutism حوکمی ڕەهای مەلیك و هەریەکە بەجۆرێك ڕەوایەتی وەردەگرێ، ثیوکراتەکان بەئەمری خۆدا خەڵکەکە دەخەنە ژێر دەسەلأت وحکومەتی بازرگان بە پارە، بەلأم لە شۆڕشەکاندا، میللەت بە خوێن بۆی مۆردەکات کە نوێنەری خەباتە ڕەوایەکەیەتی وپێویست بە هیچ جۆرە هەڵبژاردنێك ناکات، چونکە میللەت بەخوێن و سامان و هەموو شتێکەوە مۆری کردووە، بەلأم ئەو مۆرکردنە مەودای تەنها هەتا

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

سەرکەوتنی شۆڕش دەبێت، هەرکاتێ شۆڕش سەریگرت ڕەوایەتی شۆڕشگێڕی باوی نامینێ و دەبێ فۆرمەکەی بگۆڕدرێت، چ بە شۆڕشی سپی، پاکسازی و چاکسازی، یانیش بە گۆڕینی حزبەکە بۆ ئەوەی بتوانێت ئیستیعابی بوویەرو بەدەرە نوێیەکان بکات.

دەتوانین چەمکی دەسەڵات وەکو دوو نموونە ببینین یەکەمیان: خولی ژیانی دارو درەخت، لەبەهار پەلك دانی دارەکە لەهەمووشتێك گرنگترە، ئەگەر ئەوەندە پەلکەی دا بتوانێت گوڵەکان بپارێزێ، ئەوسا پەلکەکان خۆیان دەکەنە گووری (قوربانی) گوڵەکەو گوڵەکەش خیف دەبێت و خۆی دەکاتە گووری بۆ ئەوەی میوەی پێوەبێت، ئێمە لێرەدا ناتوانین بڵێین: کامە گرنگترە، گەڵاکە، گوڵەکە، یان میوەکە، بێگومان هەموویان ئەلیمێنتی گرنگی پرۆسەی بەرهەمهێنان؛ هەروەها خولی ژیانی زیندەوەرەکان، جاری یەکەم بەهێلکە دەستپێدەکات دواتر ترووکاندنی دەبێتە کرمۆکە، وکرمۆکەی ناو قۆجاغەو زیندەوەری تەواو کۆتایەکەیەتی ... هیچکامیان ناتوانێ بڵێت من لە قۆناغی کرمۆکەیی دەمینێمەوە یان نامەوێ لەوقۆناغە دەرچم یان ڕێگا نادەم هێلکەکە ببێتە زیندەوەرێکی پێگەییوی تەواو، لەبەر ئەوەی قۆناغی هێلکەیی بۆ من خۆشەو دەمەوێ هەروا بمینێم، لەهەر قۆناغێکیشدا زیندەوەرەکە خۆشی بە قۆناغەکە دەبات تاوەکو تەواو دەبێت و ژیان هەر وادەسوڕێت.

ئەگەرحزبە دەسەڵاتدارەکە هەر بەڕیتمی شاخ لێیبخوڕێ ئەوە مانای ئەوەیە کە نایەوێ خۆی بتاوێنێتەوە لە فۆڕمێکی نوێدا فۆڕمە نوێیەکەش شێوازێکی نوێی ئەوەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەرهاویژتەی خولی ژیانی ئەوە، لێی نامۆ نییە؛ بەڵکو بەردەوامییە ویستی مانەوەو پێشکەوتنی ئەوو ئەگەر نەیکا، دژی خۆی رادەوەستێ و خۆی دەبێتە مایەی پوچەڵبوون و خرشیی خۆی کە تێکڕای پرۆسەکە دەخاتە مەترسیی لەناوچوون، چونکی دژی سروشتی سیاسی و دژی سوڕی ژیان دەوەستێت. لەخولی ژیانی دارەکە، یان زیندەوەرەکە، ئەگەر یەکێك هەوڵبدات هێلکەکە لەناو ببات کە لەتوری هێلکایەتییە، ئەوە کارێکی دژ بەسروشتدەکات دەکات و هەموو دونیا دژی دەوەستێت، بەلاّم ئەگەر قۆناغەکە دەربازبوو ئەوکاتە لێکردنەوەی هێلکەکە و فرێدانی قەپێلك دەبێتە کارێکی ڕەوا.

لە کاتی شۆڕش کردن هەر کەسێك یان گرووپێك دژایەتی حزبە شۆڕشگێڕەکە بکات دژایەتی هەموو خەباتی میللەتەکە دەکات و ڕەوایەتی لەدەست دەدات، کە زوو ناوی بەخاین و خۆفرۆش لەقەڵەمدەدرێ، بەلاّم دوای سەرکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی حوکمی یاسا ودامودەزگا حاڵەتی ئوپۆزیسیۆن دەبێتە ئەلەمێنتێکی گرنگ و خەڵکەکەش بەناوی «خۆفرۆش و دژی میللەت» لەقەڵەمیان نادات لەبەر ئەوەی دژی سیاسەتی حزبەکەن، بەڵکو لەوانەیە شرینتریان لێبێت چونکە لە هەموو شوێنێك دەسەلاّت ناشرینە و خەڵك بەبەردەوام خۆشی ناوێ.

ئەگەر حزبە شۆڕشگێڕەکە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش نەیتوانی ریفۆرم دروستبکات و گۆڕانکاری راستەقینە بخاتە ناو دامودەزگا ئیداریەکان ‹لەبەر هەر هۆیەك›، بێگومان توشی شکست دێت و بڕواپێکردنی جەماوەر بە حزبەکە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کەمدەبێتەوەو هەر حکومەتێك توانای ئەوەی نەبێت گرفتە ناوخۆیەکان چارەبکات و بایەخ بە ویستی میللەت نەدات ئەوە بێگومان لاواز دەبێت، لاوازیەکەشی لەبەر ئەوە نییە کە حوکمدارەکە لاوازە، بەپێچەوانەوە هەرچەندی بەهێزیشبێت ئەو گرفتانەی پێ چارە ناکرێن ئەگەر سیستمێکی چاك و پلاندانانێکی چاکی نەبێت، هەردەم حکومەتێکی لاواز دەبێت ئەگەر نەتوانێت میللەت بۆ خۆی راکێشێت و وا لەمیللەت بکات بەبێی ئەوەی دراپەتی و زۆرداری بەکاربێنێت میللەت ملکەچی فەرمانەکانی بێت.

ئەگەر حکومەت میللەتی لەپشت نەبێت ناتوانێ بەترس و تۆقاندن بیانخاتە ژێر چەتری دەسەلات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەترس و تۆقاندن خەڵك لێی دەرەوێتەوەو لێی نامۆ دەبێت؛ هەرئەوەندەشە میللەت لەدەسەلات نامۆبوو جارێکی تر لەگەڵیدا چاکنابێتەوەو هیچ حکومەتێك بەلای کەمەوە لەسەر ئەو زەمینە نەیتوانیوە حوکم بەبێی یارمەتی و ملکەچی وپشتگیری میللەت بەتەواوەتی بەڕێوەببات، هیچ حکومەتێك ناتوانێت بۆ هەر هاولاتیەك ئوتومبێلێکی گلێش تەرخان بکات بۆ ئەوەی جادە پیس نەبێت و هیچ حکومەتێك ناتوانێت بۆ هەر هاولاتیەك پۆلیسێك تەرخانبکات بۆ ئەوەی هەڵەنەکات و ئەرکی هیچ حکومەتێك ئەوە نییە تەمبەڵخانە دابنێ و موچە بداتە خەڵك و بێکاری دەمامکدار درووستبکات.

هەڵەکردنی تاك، دەبێ لە ئەنجامی تەڤلیبوونی (أنتماء) تاکەکە نەکرێت و هەستی بەهاولاتیبوونی لا بەرزببێتەوە، نەك لەبەر ترس وتۆقاندنی حکومەت ودارودەستەکەی، هاولاتیەکە هەموو گەڕەکەکە وهەموو شارەکە و هەموو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

شارەكان و ولاتەكە بە مالى خۆى بزانێت، ئەگینا قەد ناكرێت. تەڤلیبوونیش بەخۆڕایی نایەتە دی، دەبێ هاولاتی هەست بكات كە سیستەمەكە بەرژەوەندیەكانی دەپارێزێت، دەبێ بەیارمەتی رێكخراوەكانی كۆمەلگای سڤیل و رێكخراوە پیشەییەكان بەبێلایەنی ونەك سەر بەحزبەكان، هەول بۆ دروستبوونی سەرخانی كۆمەلبدرێت، ئەگینا مەبەستەكەی ناگە یەنێت و جودایی لەنێوان لقێك ومەلبەندێكی حزبی لەگەل یەكیەتی نووسەران، سەندیكای رۆژنامەنووسان، كرێكاران، ماموستایان، خوێندكاران، قوتابیان نامێنێت، و ئەو رێكخراوانەش دەبنە رەنگدانەوەی دەسەلات وكارە بنە بنەڕەتییەكەی خۆیان لەدەستدەدەن.

دەبێ هاولاتی بزانێت و هەست بەوەبكات كە دەولەت و دامودەزگا مولكی حكومەت و دەسەلات نییە، بەلكو دەسەلات دەزگایەكە كارەكانی بەرێوەبردنی ولات ئەنجامدەدات ورێكیاندەخات، جادەكان، شەقامەكان، چرایەكان، دامودە زگاكان، پۆلیس، لەشكر، دەزگای بەرو بووم، پارەی نیشتیمان، سامان سامانی گشتیە، نەك هی حكومەتە، دەبێ بەهاوكاری حكومەت تاك ئەو چەمكانە دروستبكات، بۆ ئەوەی بە هی خۆی بزانێت نەك مولكی حكومەت، ئەگینا تاكەكە تووشی یاخیبووندەبێت و بەهەمووتوانای خۆی دژایەتیان دەكات، دەبێ سەرخانی كۆمەل هاریكاری ئەوەبێت كە ئەو هەستی تەڤلیبوونە لای تاك دروستكات بۆ ئەوەی تاك بتوانێ ببێتە تاكێكی بەكەلك بۆ پرۆسەی دامەزراندنی ژێرخان Infrastructure كە تەنها بە سەرخانێكی كۆمەلایەتی پتەو دروستدەبێت. Base and Super Structure، حكومەت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ناتوانێت هەموو خەڵك خەلات بكات و هەموو شتیان بۆ دابین بكات، بەڵكو بەوكارە لاوازیەكەی زیاتر دەبێت و لەبەر نادادی كۆمەلایەتی و نادادی لە دابەشكردنی هەلی، خوێندن، هەلی گوڕانكاری سیاسی وحوكم كردن گلەیی خەڵك زۆرتردەبێت.

لەئەنجامی ئەو زوێربوونەو نامۆبوونی تاك لەدەسەلات چینی رۆشەنبیریش لەدەسەلات دووردەكەوێتەوە، جێگایان نابێتەوە، چەند دۆڵچی و چاوەش بەناوی رۆشەنبیر لە دەوروبەری دەسەلات خڕ دەبنەوە وكارە سەرەكیەكەیان دەبێتە ڕاونانی رۆشەنبیری راستەقینە و نەهێشتنی گەشەكردنی هەر هزرێكی نوێی جوان وئەفرێنەر؛ دەسەلاتیش بەڕێنمایی كەسانی وا دەكەوێتە ناو پرۆسەی كپ كردنی دەنگی ئۆپۆزیسیۆن، بە (تەرهیب وتەرغیب) یان سیاسەتی ‹دارو گێزەر›، وهەر رەخنەیەك لەحكومەت یان لەدەسەلات بە خیانەتی مەزن ودژایەتی بەرژەوەندیی بالای شۆڕش لەقەڵە مەدەدرێت، بۆ ئەوەی سزایەكەی ئاسانتربێت، بەردەوامیدان بە هەمان خەبات و ریتمی خەبات وا لەدەسەلات دەكات كە پێیوابێت: ئێستاش هەمان ڕەوایەتیی شاخی هەیە، بەلام ناتوانێت بەناوی ئەو ڕەوایەتیە جارێكیتر حوكم بكات، چونكە فۆرمی گۆڕاوە، چونكی ئەو ڕەوایەتییەی كاتی خۆی میللەت پێی بەخشیبوون بۆ ئەوەی بەناوی میللەت جەنگی داپەرور لەپێناو ئامانجە نەتەوەییەكانی میللەت بكەن، بۆیەش لەكاتی شۆڕشدا رێگای هیچ ئۆپۆزیسیۆنێك نەدەما لەبەرئەوەی خزمەتی بەرژەوەندی بالای نەتەوەیی نەدەكرد، هەركەسێكیش لەبەرامبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی میللەتی خۆی بوەستی، بە جاش وخۆفرۆش لەقەڵەمدەدرێ. بەلام ئەو چەمكە لەكاتی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەڕێوەبردنی حکومەت و دامودەزگا فۆرمێکی تری هەیە، کە یەکێکە لە ئەلەمینتە گرنگەکانی هەر حکومەتێك، دەبێ دەنگی ئۆپۆزیسیۆن هەبێت وکەسیش ناویان بەجاش ودژی خەباتی میللەت نابات، چونکە دەبێتە ئەلەمنتێکی بنەرەتی بۆ هەبوونی ژیانی سیاسی وبەبێ ئۆپۆزیسیۆن هیچ حکومەتێك ناتوانێت بە نۆرماڵ کارەکانی بەڕێوەببات، تەنها دەسەلاتە تۆتالیتاری و ئوتۆکراتەکان نەبێت.

ئەرکی دامەزراندنی دامودەزگا لەئەرکە هەرە گرنگەکانی هەموو حکومەتێکە کە پرۆژەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ بگرێتەبەر، دەزگای وەبەرهێنای مرۆڤ گرنگتربێت لەدەزگای بەرهەمهێنان و تەوزیفی سامانی بێگانە لەولاتەکەیان، دەبێ پرۆژەی دروستکردنی مرۆڤ لەئەولەویاتی حکومەتەکەبێت و هەموو دامودەزگاو توانای خۆی لەپێناو دروستکردنی مرۆڤ بخاتە گەڕ.

بێگومان ئەو ئەرکە بۆ حزبەکانی کوردستان زۆر قورسترە لەمەسەلەی ریفۆرم و گۆڕانکاری ئیداری وپاکسازی وچاکسازی، بەڵکو ئەرکە هەرەمەزنەکە سەرلەنوێ دامەزراندنی دامودەزگایە، نەك نوژەنکردنەوەیان، چونکی لەدوای راپەرین حزبەکان هاتنە سەر دامودەزگایەکی ئامادە کە جاران یاسادانەر و فەقیهە یاساییەکانی ‹سەددام› بۆ دام و دەزگای تایبەتی (حوکمی زاتی) دایانمەزراندبوون و بۆ خزمەتی چەند ئامانجێکی تایبەتی رژێمی بەعس، بەلام کاتێ حزبە کوردستانییەکان کەوتنە ناو سەنگی مەحەك و بەدەرە سیاسیە جیاوازەکانەوە، سیستمە کۆنەکە لەبەردەم ویستە مەزنەکان نشوستی هێناو کەسێك تاکو ئێستا نەیتوانی سیستمە کۆنە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پەككەوتەكە راستبكاتەوە یان سیستمێكی نوێ دابمەزرێنێ، سیستمەكە بەقەد باڵای ویست وخواستی حزبە كوردستانیەكان و ئیرادەی میللەتی كورد لەباشووردا نەبوو. بۆیەش زۆرجاردەبینین گوتاری سیاسی سەركردایەتی كوردستان لەگەڵ نەك هەر ویستوخواست دا نییە، بەڵكو پێچاوانەی زۆر تێدایە وبێدەسەڵاتی ناوەكی و دەرەكی نیشاندەدات، چونكە سیستمە كۆنەكە بەرگەی ئەو هەموو ویستانە ناگرێت و دواتر گرفتی تری لێدروست دەبێت كە لەبەردەم ئیدارەی كوردیدا دەبن بە كۆسپی نەقۆڵا و كەس ناتوانێ چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، وەكو گەندەڵی، بێنەخشەیی، نەزانینی دامەزراندنی پەیوەندیەكانی دەرەوە، نەزانینی رەفتاركردن لەگەڵ میدیا، پەیوەندی نێوان رۆشەنبیر و دەسەڵات وزۆر شتی تر كە من وەكو ئەنجام دەیانبینم نەك هۆ، ئەوانە هەموویان دەبن بە گرێیە كوێرە لەبەردەم دەستەڵات.

حزبە كوردیەكان لەشاخ و لە ناوەوە لەكاتی شۆڕش كەمتەرخەمیان لەخەبات نەكردووە و دەبێ هەمیشە بەبەرز بنرخێندرێ چونكی هۆی مانەوەمانن و ئەگەر ئەو خەباتە نەبووایە ئێمەش بەو شێوەیە رۆژە نەدەگەیشتین، بۆیە دەبێ ئەو رابردووە بپارێزین و چونكە رابردووە سەروەرەكە تەنها مولكی حزبەكان نییە بەڵكو كەلتورێكی دووروودرێژی هەموو میللەتەو بەشێكی گرنگی بیرەوەریەكانی مرۆڤی كوردە، بۆیە دەبێ ئەو هەموو سامانە سیاسیە بپارێزین هەروەك دەبێ سیمبولەكانی ئەو خەباتەش بپارێزین ونەهێلین تەنانەت حزبەكانیش زیانیان پێبگەیەنن، چونكی ئێستا لەكوردستان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

حزبە دەسەلاتدارەکان زیاتر زیان بە رابردووە پرسەرووەرییەکەی میللەتی کورد دەگەیەنن لەوەی هەر دوژمنێك هەوڵی بۆ دابێت. ئەورۆ لەبەر رەفتاری چەند کەسێك هەموو خەبات و سیمبوڵەکان Symbol کەوتوونە تە ژێر مەترسی، لەکاتی نەمانی دوژمنەکە ئێستا زیاتر زیانی پێدەگەیەنن لەژێر کارتێکردنی دزی وگەندەڵی و نەزانینی بەرێوەبردن و بێ پلاندانان، سەرووەریە مەزنەکانی کورد لەبەر چاوی خەڵك دەزرێنن. هەبوونی سیمبوڵی نەتەوەیی، ئایینی، کۆمەلایەتی بەشێکن لە هەبوونی مرۆڤ، بۆیە خەڵك پێی ناخۆشە ئەو سیمبولانە بەدەستی چەند کەسێك تێکبدرێن. ئەو نەوەی بەبێ سیمبوڵ گەشە دەکات نەوەیەکی خرش و پووچ دەبێت و نابێتە مایەی متمانەی هیچ پرۆسەیەکی دوارۆژی دەوڵەت.

تێگەیشتنی دیاردەکان

دزیکردنی سامانی گشتی و گەندەڵی تەنها لەنەزانینەوە دێت، بە پێچەوانەی ئەوەیە کە خەڵك تێیدەگات، چونکی هەرکەسێك تۆزقاڵێك عەقلی لە مێشکدا هەبێت نایکات، چونکە ئەو کارە زیانێکی یەکجار زۆر لەوەی کابرا تێیگەیشتووە بە بەهاو ئاکار دەگەیەنێ، مەسەلەکە ئەوە نییە کابرا دزی بکات یان گەندەڵی و هەرئەوەندەیەو تەواو، نەخێر، تەنانەت بەرتیلدانیش، ئەوبەرتیلە بچووکەی کە هاولاتی بە فەرمانبەرێکی دەدات، گرفتی زۆر مەزنی لێدرووستدەبێت؛ بەرتیلی بچوك گرفتی مەزن دەنێتەوە، بەلام بەرتیلی گەورە؟ خودا دەزانێ.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەگەر هاتو دەسەلاتێك ڕێنمایی ئەوەی نەكرد و سزای دزو جەردەكانی وەكیەك نەدا و حوكمی یاسای لەسەر هەموو تاكەكان بەرپانەكرد، ئەوە بێگومان لەنەزانینەوە دێت، نەزانینیش زۆر فۆرمی هەیە، ڕاستە مرۆڤی بێكەڵك و بێ بەهاو ئاكار دەوروبەری دەسەلات دەگرن و بێگومان ناهێڵن هیچ مرۆڤێكی نیشتیمانپەروەر ودلسۆز لەدەسەلات نزیكبێتەوە ئەگەر پێیان بكرێت، بەتایبەت حاكمی (ڕەها)؛ گەندەڵەكان هەولدەدەن بیكەن بەحاكمی ڕەها و لەدەوروبەر بیترسێنن و وای لێدەكەن نەوێرێ بەتەنیا بگەڕێ و ناهێڵن خەڵك ببینێ و لە میللەتەكەی خۆی نزیكبێتەوە، كەلە بنەڕەتەوە لای میللەت خۆشەویستە. ناشزانن سەركردەی سەركەوتوو ئەوەنییە كە بەسەدان چەكدار پاسەوانی بێت، بەڵكو سەركردەی سەركەوتوو ئەوەیە كە پاسەوانی نەبێت و میللەت هەمووی پاسەوانی بكات، هەروەك هێزی حزبیش بەوە نییە كە ژمارەی چەكدارو ئەندامی زۆربێت بەڵكو حزبی بەهێز ئەوەیە كە ئەگەر هیچ چەكدار و ئەندامیشی نەبێت، بەلام هەموو جەماوەری بێلایەن پشتگیری سیاسەتەكانی بكات.

ئەركی دەسەلات لە پاراستنی بەهاو ئاكارەكان

هارمۆنی بەهەڤڕا ژیان و دروستكردنی نەوەی پاشەڕۆژو پاراستنی كەلتوور ودابوونەریتە باشەكان لەپێناو دروستكردنی ئادێنتیتی Identity دامەزراندنی دەزگای وەبەرهێنانی مرۆڤ بەناردنی قوتابیەكان بۆ دەرەوەو نەك كوڕە مەسؤول وئەو كەسانەی كە خەباتیان كردووە، بەڵكو ئەو قوتابی وخوێندكارانەی كە بەفیعلی دەبن بە سەرمایە بۆ ولاتەكە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

یان. تێگەیشتنی ئەو چەمکە وەك خزمەتێکی نەتەوەیی بالا بۆ بەرهەمهێنان و هێنانەوەی زانست و شارەزایی لە ولاتە پێشکەوتووەکان و پاراستنی هەموو مافەکانی تاك بۆ ئەوەی هەست بە تەفلیبوون بکات، نابێ دەسەلات تەنها پەرە بەویستە هەنوکەییەکان بدات و پرسە ستراتیجی و نەتەوەییەکان پشتگوێبخات.

هەر کەسێك وەکو تاك لەناو کۆمەلگادا مافی ئەوەی هەیە بەکەرامەت بژی و بەکەرامەت نانێك بۆ مال و مندالی دابین بکات و تەنانەت گەشەو ڕشتیش بکات، حکومەت وەکو ڕێکخەرێکی سەروەر دەبێ ئەو خالە ڕەچاو بکات و دەبێ یارمەتی تاك بدات بۆ ئەوەی سەعیکردن لەدوای نان پەیداکردن و پارە لەپێناو کەرامەتدابێت و بۆ کەرامەت بێت و ڕێگای شەریف بۆ پەیداکردنی نانێك پەیدابکات، چونکی هەروەك «هیگل» بۆی دەچێت *"مرۆڤی خاوەن مولك بە کەرامەتترە لەوەی کە هیچی نەبێت"*، بەلام ئەگەر هات و حکومەت ئەو هەلەی لەخەلك داخست و بێکەرامەتیی کردە مەرجێکی سەرەکی بۆ پارە پەیدا کردن، مەبەستم؛ ئەگەر هەلسەنگاندنی تاکی باش لەناو کۆمەل لەسەر بنەمای بێکەرامەتی بێت، ئەوە بێگومان تاکیش ئەو بێکەرامەتیە دە کاتە سیمبولی پەیداکردنی پارە و هەلسەنگاندن لەسەر بنە مایی داهێنان و خۆ بەخشینی تاك نامینێت، بەلکو بێکەرامەتی دەبێتە جێگۆڕی ئەو و تاك داهێنان لەبێ کەرامەتیدا دەکات وڕێی باشتر دەدۆزێتەوە بۆ پەیداکردنی پارە و منداڵەکانیشی فێری بێکەرامەتی دەکات. ئەو مرۆڤانە بەهەرحالێك بێت خۆیان دەگەیەننە دەوروبەری دەسەلات

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

وخۆیان لەژێر پێی حاكمی ڕەها دادەنێن بـۆ ئـەوەی كـارەكـانی خۆیان بەتەواوەتی ئەنجامبدەن و نەهـێڵن هـیچ دەنگێكـی دژی برژەوەندییەكانیان بكاتە دەسەڵات ئەو شـێوە مرۆڤانـە مرۆڤـی بۆرن و لە میللەت و لەكۆمەڵگا وتـەنانـەت لـەحكومـەتـەكـەش نامۆن لەهەمو كـات وسـاتێكدا هـەن بـەڵام تـەنها لـەو جـۆرە ژینگانە زاوزێدەكەن وزیـاد دەبـن، سیسـتمی تۆتالیتـاری ژینگـە یەكی تەواو بۆ ژیانی مرۆڤە بۆرەكە پێكـدێنێت كـە دەوری هـە موو دەسەڵاتەكان دەگرن و وازی لێناهێنن هەتا كو لـەخشـتەی نـەبـەن دواتـر لـەنـاوی دەبـەن و هـەرهـەمـان شـت لـەگـەڵ دەسەڵاتی دوای ئـەوو دوای ئـەویـش دەكـەن؛ دەسـەڵاتداریش فێردەبێـت، فێـری ئەوجـۆرە پاكردنـەوەو زمانـە لوسـەكـەیـان دەبێت و دەینكات بەپێـوەرێكـی سـەرەكـی بـۆ هـەڵسـەنگاندنی خەڵك (كێ دلسۆزی بێكەرامەتترە) چونكی دەسەڵات شیرینە و بەئاسانی دەستییان لێبەرنابێت، و هەركـەسـێك پێـی بڵـێ ‹نـا›، یان تۆ هەڵەیت، لەخانەی دوژمنانی ئەزمونەكـە لـەقـەڵـەمـدە درێت، یانیش بەلایەنی كەمەوە لە مافە سفیلەكـانی بێبـەشـدە كرێت.

یاساو مافی سڤیل

هەروەك پێشتر گۆتم: یاسا ئـەلـەمێنتێكـی گرنگـی هـەر حكومـەتێكـە، ئـەگـەر یاسا ومـافی سـڤیل نـەبـن، حكومـەت ڕەوایەتـی وەرناگرێـت. هـەبـوونی یاسا شـتێكی چـاك دەبێـت ئەگەر تواناى پراكتیكی هەبێت، ئەگەر توانای پڕاكتیكی لەبـەر هەر هۆیەك نەبێت، ئـەوە نـەبـوونی باشـترە، چونكـە خـەڵـك فێری ئەوە دەبێت كە گوێڕایەڵی یاسا نـەبێـت و گوێڕایـەڵیـی یاسا دەبێتە مایەی گەمژەیی و بێكەڵكی، ئـەوسا خـەڵـك چـاو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەوانە دەكات كە سەرووی یاسان، دەیانكەنە سوپەرمانی خۆیان وگرنگی تەنها بەوانە دەدەن كە لەسەرووی یاسان، ئەوسا خەڵك بەگشتی هەوڵ دەدات سیستمی یاسا تێكبدات بۆ ئەوەی ستەم لەسەرخۆی هەڵگرێ، چونكە ئەگەر یاسا تەنها لەسەر هەژار و ئەوانەی دوور لەدەسەڵاتن پراكتیزە بكرێت، دەبێتە ستەم وخەڵكیش مافی ئەوەیان هەیە بەهەموو جۆرێك دژایەتی ستەم بكەن، ئەگەر دەستەڵات نادادی كرد، بەرگری كردن لەو مافانە دەبێتە ئەركێكی نیشتیمانی دادپەروەر. یەك لە هەوڵە گرنگ و سەرەكیەكانی هەرحكومەتێك ئەوەیە كە بە كونتراكتەكەی نێوان دەسەڵات و تاك، تاك فێری ئیلتیزام بكات. نەهێڵێت تاك لەبەر تێكدانی ئەو كونتراكتە هەست بە نامۆیی بكات و لە دەسەڵات نامۆببێت، چونكە نامۆبوونی تاك لەسیستم، دەبێتە مایەی خزینی تاك بۆ ناو قاڵبێكی خودپەرستی و دواتر دژایەتیكردنی سیستمەكە؛ دەبێ هەمیشە حكومەت پاسەوانی كۆنتراكتەكەبێت و بە دابەشكردنی هەل و یەكسانی و دابەشكردنی سامانی گشتی بەسەر خەڵكدا بەرێگای پرۆژەی گشتی و نیشتیمانی، ئەو كۆنتراكتەی نێوان تاكەكان و كۆمەڵگا بپارێزیت، ئەگەر تاك بەتەواوەتی لە سیستمی حوكم نامۆبوو ئەوە دەبێتە مایەی دژایەتیكردن و حەزو ویستی تاك بۆ تێكدانی سیستمەكە، گرنگیش نییە سیستمەكە چی بەسەردێت یاخود كێ سیستمێكی نوێ دروستدەكات، لای ئەو وای لێدێت كە گرنگ ئەوەیە بگۆردرێ، ئەوسا رێگا خۆشدەكات بۆ دروستبوونی ئەناركی Anarchy ودواتر مایەیی دەستێوەردانی دەوڵەتی دەرەوەو هاتنی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ڕژێمێکی ترسناك کەدەبێتە مایـەی سـەراوبنکردنی شـتەکان و روخانی بەهاو ئاکاری گشتی.

مـەرج نیـە جـوانترین یاسـا باشـترین یاسـابێت، بـەڵکـو باشترین یاسا ئەو یاسایە کـە توانـای پراکتیزەکردنـی هـەیـە، ئەگەر پراکتیزە نەکرێت، بێگومان باشترین یاسـا نیـە. ئـەگـەر بەوردی سەیری چەمکی یاساو داد بکەین و شیی بکەینـەوە دە گـەینـە ئـەوەی کـە جیـاوازی نێـوان یاسـا و سـتەم زۆر نییـە، چونکە یاساش بەدیدێکی جیاوازەوە جـۆرە سـتەمێکـە، ئـازادی خـود زەوتـدەکـات، بـەڵام تـاك بـە هـەبـوونی ئـەرێیـە و بـە حوکمەکەی رازییە بەمەرجی ئەوەی لەسەر هەمووان وەکهەڤـی پڕاکتیزە بکرێت، واتا ئـەگـەر بـە وەکهـەڤـی لـەسـەر هـەمـوو کەسێك پڕاکتیزە نەکرێت، یاساش دەبێتـە سـتەم و لاسـەنگی دەکەوێتە تەرازووی گشت سیستەمەکە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پێشكۆتایی

دەبێ بە عاقڵانە و بێلایەنانە بیر لەوە بكەینەوە كە قۆناغێكی سەختمان لەبەردا ماوە و پێویستە بیر لەپێكهێنانی حكومەتێكی لۆجیكی بكەینەوە، چونكە ئەوەی تاكو ئێستا هەمانبووە حكومەتی ڕێككەوتبوو، دەبێ لە دوارۆژدا بیر لەوە بكەینەوە كە كارەكان بەوشێوەیە بەڕێوەناچن و دەبێ بە جیددی بیر لە دەرەوەی بازنەی دابەشكردنی دەسەڵات لەنێوان حزبە دەسەڵاتدارەكاندا بكەینەوە، دەبێ بیر لەكۆنسێپتی ئۆپۆزیسیۆن بكەینەوە، چونكە هەتا ئێستا ئۆپۆزسیۆنێكی ولاتپەروەر سەریهەڵنەداوە و حزبە دەسەڵاتدارەكان ناتوانن بیر لە ئۆپۆزیسیۆن بكەنەوە لەبەر ئەوەی هێشتا خۆیان لە كەفاڵی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق دەرنەكردووە.

ناشبێ لەبیرمان بچێت كە كێشەكەمان هەر بەنیوەچڵی ماوەتەوە و دوای شۆڕشە درێژخایەنەكەمان ئێمە بەتەواوەتی ڕزگارنەبووین، چونكی ئەو نموونانەی سەرەوە هەموویان لەسەر میلەتێكی ئازاد لەخاكێكی ئازاد پراكتیزە دەكرێن، ئێمەمانان جارێ بەشێكی زۆڵین لە شوێنێكی جیوگرافی كە ناوی عێراقە، بەلام لەوەتی ئەو عێراقە دروستبووە وكوردستانی پێوە لكێندراوە سەروەری بەخۆیەوە نەبینیوەو پێشمەوایە تازە ببینێ، بۆیە تەنها هەر بەناو ولاتە. ئەوەی لەنزیكەوە لە ڕۆژهەلاتی ناڤین بكۆڵێتەوە چاك دەزانێت بۆ دروستبوونی ولاتێك ئالا ونوێنەرایەتی نەتەوەیەكگرتووەكان بەس نییە بۆ ئەوەی بەشوێنێك بڵێی ولات، ئەگەر مافی هاولاتی لەگەڵ ئەركدا نەخرێتە ناو چەمكی هاوكێشەی سۆسیۆپۆلیتیك و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هاوڵاتی هەست بە تەقلیبوون نەکات و خۆی بە بەشێك لەو هاوکێشەیە دانەنێت ئەوە بەو شوێنە ناگوترێ وڵات.

ئەگەر شۆڕشێك -هەرشۆڕشێك- سەریگرت و بە ئامانجەکانی گەیشت دەکەوێتە بەرامبەر بدەری سیاسی نوێ و تەنانەت حزبەکانیش کە خەباتەکەیان کردووە دەکەونە ناو فۆرمێکی نوێی خەبات، ئەوسا مەسەلەی ریفۆرم و خۆ نوێکردنەوە دەبێتە شتێکی گرنگ بۆ ئەوەی حزبەکە بتوانی بەرامبەر بە ئەرکەکانی بەرێوەبردنی دەوڵەت دامو دەزگا دابمەزرێنێ و کادیرە شۆڕشگێڕەکانی بە تەکنوکرات و مرۆڤی شارەزا بگۆڕێتەوە ومیللەت فێری ئەوەبکات کە کێیە نوێنەرە راستەقینەکەی وکێ لەدوارۆژدا بۆ میللەت باشدەبێ، ئەگینا پرۆسێسی دیموکراسی هیچ واتایەکی نامێنێ.

ئەگەر دیکتاتۆریەتەکە چەسپا و هێزی رەوایەتی لە میللەت زەوتکرا، کارەکان زەحمەتتر دەبن، چونکە دەسەڵات زۆرشرینە وبەئاسانی دەستیان لێبەرنادرێ، بۆیەش حزبەکان دوای شۆڕش پێیان غەدرە لەگەڵ کەسانی تر دەسەڵاتەکە هاوبەشبکەن، چونکی حزبە دەسەڵاتدارەکە پێی وایە دەسەڵات بەدەستگرتن خەڵاتێکەو لە ئەنجامی خەباتە درێژخایەنەکەی پێی بەخشراوە، بۆیە زۆر بەزەحمەت دەبێ لەلای کە لایەنەکانی تر لەو خەڵاتەدا بەشداربکەن، لەبەر ئەوەی پێی وایە بەقەد ئەو خەباتیان نەکردووەو شایستەی خواردنی بەرهەمەکەی نین. لەکاتێکدا ئەگەر هەموو شتەکان بەرێگای راستیاندا برۆن دەسەڵات وەرگرتن و حوکم گێران دەبێتە ئەرکێکی قورس نەك خەڵات وپاداشت؛ مەگەر حزبە دەسەڵاتدارەکە یاخود سەرکردە شۆڕشگێڕەکە هۆشیاری و لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

خۆبوردنێکی مەزنی هەبێت ووەکو ‹نیلسۆن ماندیلا› بە ویستی خۆی تەنازولی لێبکات و تەنها ڕۆڵی شۆڕشگێرو ڕێنیشاندەر ببینێت نەك هەموو ڕۆڵەکان، ئەوەش بەدەگمەن دەکرێت.

پێشنیار وچارە

پێوەیستە حزبە دەسەلاتدارەکان پێداچونەوەیەکی دراماتیکی بە پلانی ڕێکخستنی خۆیاندا بکەن و بەگوێرەی بارودۆخی نویێ، شێواز وەرگرن، ئەو شێواز وەرگرتنەش لەوانە یە پێویستی بەوە بێت حزبەکە ناوی بگۆڕێت یان خۆی حەلکات یان لەناو حزبێکی نوێدا بتوێتەوەو هەرهەمان بەها وئاکارە کۆنەکان بەشێوازێکی نویێ بپارێزێت.

سەرکردەکان بەتایبەت لە مەنسیبە سەروەرەکان هێزو تواناى خۆیان ووردەکەنەوەو شێوە لامەرکەزیەتێکی ناوخۆیی بەرپابکەن ودەوری حاکمی ڕەها وەرنەگرن، بۆ ئەوەی کاربەدەست بتوانێت بەتوانا و بەرپرسایەتی خۆیان بەرامبەر بە میللەت ودیرۆك رابوەستن، چونکە ‹سەددام› نەماوە و هەروەها شەڕی ناوخۆش نابێتەوە مەگەر مەترسییەکی تری دەرەکی سەرهەلدات.

سەرکردەکان شێوازێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی دەنگی تاك /هاولاتی بەبێگەردی پێیان بگات وپشت بە یەك سەرچاوەی هەوال نەبەستنەوە، چونکی لەوانەیە ئەو سەرچاوەیە گەندەلبێت، یانیش لەدوارۆژدا گەندەلببێت. دەبێ میللەتی خۆیان بە ڕاستەوخۆ ببینن بەبێ ڕاسپاردن و تەزکیەی لایەنێك، چونکە میللەتەکە بەوانەوە وابەستەیە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ رێکخستنی کاری بەرپرسەکان و نەهێشتنی بەکارهێنانی دەسەلات بۆ کاری کەسایەتی و زەنگینبوون، هاوسەنگی دابەشکردنی سامان دەبێ بە یاسایەکی تایبەت دابرێژردرێ و کاری پێکرێ. وگوێ بەوە نەدرێ کێ زۆێردەبێت، چونکە دۆراندنی چەندکەسێك و بردنەوەی هەموو میللەت باشترە لەوەی چەند کەسێکی رازی لەدەوروبەریان بێت و هەموو میللەت لێیان زوێربێت.

کۆتایی: دۆراندنی داروەدەست، بردنەوەی میللەتی بە دواوەدێ.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# جیاوازی نێوان گەل و مێگەل

ڕووداو 2014

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، برادەرێك پرسیاری لێکردم: پێتوایە حزبێك لەوحزبانەی کوردستان ڕازی بێت کوردستان ببێتە دەوڵەت بەبێ ئەوەی ئەوانی تێدابێت؟ یان لەسەر دەستی ئەوان نەبێت؟ یەکسەر وەڵامم دایەوە: نازانم. دواتر بیرم لێیکردەوە کە بەڕاستی هیچ حزبێك لە گۆڕەپانی سیاسی لەکوردستاندا ئامادەنیە خۆی بکاتە قوربانی بۆ دروستبوونی خەونی لەمێژینەی میللەتی کورد، کە دەوڵەتی کوردستانە ئەگەر لەسەردەستی ئەونەبێت، بەڵام هەرهەموویان ئەو بیرۆکەیان کردۆتە ئامانجی سەرەکی بۆخەبات، چونکە دەزانن خاڵەکی هەستیارە ولەناو خەڵکی ڕەواجی هەیە، بەو ناوە هەڤڕکەکانیان لەناودەبەن بۆ ئەوەی کوردستان لەسەر دەستی ئەوان دابمەزرێت، بۆیە کاتێ پێشمەرگە پێشڕەوی دەکات هەرکەناڵێك هەوڵدەدات پێشڕەوییەکە بکاتە ئیخۆی و ئەگەر پاشەکشە هەبێت یەکسەر بە لایەنەکانی ترەوە دەیلکێنن، ئەگەر سەرۆکی هەرێم ئاڵای حزبەکانی قەدەغەنەکردبا بێگومان ئێستا لە هەموو سەنگەرەکان شەڕە پەڕۆ دەبوو.

ئەو جۆرە ڕەفتارانە زۆر ترسناکن و بێ گومان هۆیەکی سەرەکیین بۆ هەرنشوستیەکی پاشەڕۆژ، بێزاری خەڵك و بڕوانەمانیان بەشۆڕش، هەروەها دەرگایەکی والایە بۆ سازشکردن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وکێشە نەتەوەییکان بەگشتی لەپێناو ئەو ململانێیە حزبی و کەسایەتییە، کە بەڕای من تا نەبین بەدەوڵەت بەهیچ شێوەیەك نابێ ململانێی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

حزبی بکرێت. حزبەکان جیاوازی ناکەن لەنێوان سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوە، ئەوەی لەبەغدا دەیکەن پێیان وایە دەبێ لەکوردستانیش وابێت، وەك بڵێی تەواو بووین بەدەوڵەت و هیچمان نیە بیری لێبکەینەوە جگە لەوەی بزانین کامە حزب لە کوردستان ئەنجومەنی پارێزگا پێکدەهێنێت وکامە حزب زیاتر قایمقام و بەڕێوبەری بەرکەوتووە، لەبیرمان چووە کە ئێمە جارێ لە قۆناغی رزگاریخوازیداین و هەبوونی کورد لەبەرامبەر ئەو پێکهاتنە ئیقلیمی و دەوڵەتیانەدا لەمەترسیدایە، ناکرێ لەوبارودۆخەدا وەکو دەوڵەتێکی ئازادکراوی سەربەخۆی بێ گرفت ئەو ڕەفتارانەبکەین.

کوردستان وەك Entity ئینتیتیەکی جودا لەعێراق، جیاوازیەکی زۆری هەیە لەڕووی بوونیاد، پێکهات، کەلتورو دابوونەریتی سیاسی، لەکاتێکدا دەبینین عێراق زیاتر بەرەو ڕوخان دەچێت چونکە دامودەزگای ئیفلیجە و نەفەرەکانی بەناخێکی ڕوخاو لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە دەبێ تیکبچێت - نەفەرم بەکار هێناوە لەجیاتی تاك- چونکە تاك لەناو کۆمەڵگادا چەند مەرجێکی هەیە کە خۆیان لە ماف وئەرکدا دەبیننەوە کە لەعێراق نەبووە و ناشبێت، بۆیە ناشێ ناوی تاك، یان هاوڵاتی لەسەر نەفەرەکانی ناو عێراق دابنێین، کەس بڕوای بەوە نیە کە جارێکی دی عێراق دەبێتەوە دەوڵەتێکی بەڕێز، ئەگەر بڵێین هیچکاتێك بەڕێز نەبووە بەهەڵەناچین، چونکە ڕاستە عێراق هەمیشە دەوڵەتبووە، بەڵام هیچ کاتێك وبۆ هیچ کەسێك نەبۆتە وڵات کە بێگومان جیاوازی زۆر لەنێوان دەوڵەت و وڵاتدا هەیە، نەفەرەکان لەناو ئەو شوێنە زۆردارەدا قەد هەستیان بە تەڤلیبوونی نیشتیمانی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نەكـــردووە، بـــۆیەش هـــیچ كاتێـــك ئایـــدێنتیتی عێراقـــی دروستنەبووە.

پێكهاتەی لاشەی سیاسی وحزبیەكان هەمـوو هەوڵـدانێكی ڕزگـــاركردنی عێـــراق ئیفـــیلج دەكەن، بـــۆیە هەســـتی بەنیشـتیمانیبوون لای نەفەرەكـان نـیە، ئـێمە بـۆ ئەو نمـونە ئیفلـیجە بێنیـــنەوە كوردســـتان و چ ســـوودێكی بـــۆ بزاڤـــی ڕزگـاریخوازی نەتەوەی كـورد هەیە؟ ئەو مشـتومڕەی لەنێـوان یەكێتی و گۆڕاندا كە لە حەفت مانـگ زیـاتری خایانـد و كـارە ئیـدارییەكانی پارێزگـاو قەزاو ناحیەكـانی خسـتە شـەپرزەیی، تەنها لەسەر دامەزرانـدنی ئەنجـومەنی پارێزگـاو دابەشـكردنی پۆسـتەكان بـووەو ئەوەش نیشـاندەدات كە دەیـانەوێ مـۆدێلە وێرانكەرەكەی بەغـدا بەرەو كوردسـتان بیـنن و هەمـان ڕەفتـار لێـرەش بـكەن كە پێشـتر پـارتی و یەكێتـی كردوویـانە و پۆستەكانی خزمەتگوزاریان وەكو خەڵاتكردن لەنێوان خۆیانـدا دابەش كردووە، ئەگەر ئەو مـۆدێلەی حكـومەتی بـنكە فـراوان وتەوافـوقی لەبەغـدا دەسـتبدات، ئەوە بێگومـان لەكوردسـتان دەسـتنادات و دبێـتە مـۆدێلێكی وێـرانكەر، چـونكە لەبەغـدا میراتی پاش بەعس وەكو دەسـكەوت وپاتـاڵ لەنێـوان نەتەوەی جیاواز و مەزهەبی جیاوازدا دابەشـدەكرێت، بەڵام میـراتەكە لەكوردســتان شــێوازێكی تــری هەیە، چــونكە یەك نەتەوەی سەرەكی هەیە و هیچ مەزهەبێكی تر نیە لە سـەر ئەو هەسـتە نەتەوەیە زاڵببێت، بۆیە ناشێ ئەوەی پارتی و یەكێتـی وگـۆڕان بــۆ بەدەســتهێنانی پۆســت لە بەغــدا دەیــكەن، هەمانشــت لەكوردســتان بــكەن، چــونكە ئــێمە لەقۆنـاغی فۆرمولەبـوونی دەوڵەتێكـی نەتەوەییـداین كە ڕێـز لەهەمـوو پێكهاتەنـاكی تـر

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەگرێت و ئەوان لە قۆناغی هەڵوەشانی دەوڵەتێکن کە ڕێزی لەکەس نەگرتووە وناشگرێت.

دەبێ جاری یەکەم چەمکی وەرگرتنی پۆستی خزمەتگوزاری لە مێشکی خەڵکدا بگۆڕێت و هەروەها لەناو بیروڕای حزبەکانیش، خەڵاتکردنی نەفەرە موخلسەکانیان بەپۆستی حکومی ناکرێت، چونکە ئەوپۆستانە خزمەتگوزارین و شەونخونی و کاری بەردەوامیان دەوێ بۆ ئەوەی سەربکەون، نەك بۆ خەڵاتکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەندامانی ئەوحزبەن.

کە حزبێك لەکوردستان ئەوهەموو پێکۆڵ و شەڕەشەقە لەسەر پۆستی ئیداری دەکات، تەنها ئەوە دەگەیەنێ کەدەیەوێ ئەو پۆستە قورغبکات بۆ ئەوەی تەنها ئیشی نەفەرەکانی بەڕێوە ببات و خەڵکی تر پشتگوێبخات، ئەگەرنا بۆ خەڵکی بێلایەن و خاوەن شیان بۆ ئەوپۆستانە دانانێن بۆ ئەوەی کاروباری هەموو هاوڵاتیەکان بەیەکسانی بەڕێوەببەن و کۆنسێپتی بەهاوڵاتیبوون لەناخی مرۆڤی کورددا بچەسپێنن، بۆ ئەوەی تاك نەبێت بەنەفەر و کۆمەڵگا و ڵات نەبن بەمێگەل ی گەلەمرۆڤ کە هیچ تاکێك لەناویدا هەست بەتەڤلیبوون نەکات.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# تەعریب بەدەستی کورد

ڕووداو ژ(364) لە 22.06.2015

هاتنی پەنابەر بۆ کوردستان بەوشێوازە، بار و ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەرشانی حکومەتی کوردستان و خەڵکەکەشی، لەوانەیە وەکو مەوقفێکی سیاسی کوردستان تا ڕاددەیەك سوودی مەعنەوی لێ وەرگرتبێت بەلاَم زیانی زیاتربووە، چونکە ئەو گرفتانەی لەئەنجامی هاتنی پەنابەرەکان دێنە ئارا، بەرۆشتنیان چارەسەرناکرێن و شوێنیان هەردەمێنێت.

نازانم ئەو حکومەتەی ئێمە بەچ پێوەرێك شتەکان لێکدەداتەوە، هێشتا خێزانی پێشمەرگەو شەهیدەکان کرێچین و خانویان نیە، کوڕەکانیان بێ مووچە و بەچەکی خۆیان بەرگری لەخاکی کوردستان دەکەن و خوێن دەڕێژن، لەکاتێکدا عەرەب لەکوردستان دەبن بە خاوەن خانوو گەشتوگوزار بۆ هاوینە هەوارەکان دەکەن، پێشمەرگە بەرگریان لێدەکات و ئەوانیش لە کافتریاو مۆڵەکان نارگیلە دەکێشێت. دونیا هەمووی قەرزداری پێشمەرگەیەو پێشمەرگەش قەرزاری خاوەن خانوو.

ئەوەی لای من سەیربوو، حەفتەکەی ڕابردو پارێزگاری هەولێر لەگەڵ مانگی سووری ئیماراتی بەردی بناغەی ئاڤاکردنی 500 خانوی لەبەحرکە بۆ پەنابەری عەرەب دانا، هەڵبەتە ئەوە بەشێکە لە پرۆگرامێکی کودەتایی تەعریبکردنی کوردستان، کە ئێمە پێینازانین، بەلاَم ئەو جارەیان بەدەستی خۆمان و بەپارەی ئیماراتی، هەزار و پێنجسەد خانوی کۆنکریت -نەك خێوەت و کابینە و کەرەڤان- خانووی بەبنیات کە دەبێتە سامانی نەگوێزراو، بۆ عەرەب

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دروست دەکرێت، بۆ؟ بۆ لەبەحرکە ؟ بۆچی لە تل الورد و سولتان عەبدوللا دروستناکرێت؟ یان لەودیوی حمرین دەرەوەی سنووری کوردستان و لەژێر کۆنترۆڵ و پارێزگاری پێشمەرگە نەبێت؟ ئەوسا خاکەکەی ئەولاشمان مسۆگەر دەکرد و هەرکاتێ بمانویستایە سنوورەکانی خۆمان دەبردە پشت هێڵەکانی ئەوان و ئەو خاکەشمان مسۆگەر دەکرد، بەڵام وا دیارە جگە لەوەی کە کورد حەزی لەوەیە پێی بڵێن؛ ئافەرین، کۆمسیۆنێکی چاکیشی تێدایە و چەندکەسێکی تر پێی دەوڵەمەند دەبن، بۆیە خاکی کوردستان وا بەئاسانی دەفرۆشرێت و کەسیش نیە لێی بێتە دەنگ.

هاتنی پەنابەر بو هەرشوێنێك تەنانەت لەکاتی جەنگیشدا پێوەر و ڕێسای خۆی هەیەو ناکرێت بەهەڕەمەکی و بێ پلان بەلێشاو بێنە ناو وڵاتێکی تر. مەبەستیشم پەنابەری عەرەبە چونکە ناکرێ بە کوردی ڕۆژئاوا بگوترێت پەنابەر، چونکە ئەوە وڵاتی خۆیانە و هیچ منەت وپیاوەتیەکی تێدا نیە تەنانەت ئەگەر نانەکەی سەرسفرەشمان بکەین بەدوو کت و نیوەی بدەین بە ئەوان، تەنها عەرەبەکان پەنابەرن بۆ ناو خاکی کوردستان، کە بۆ ئەوان شوێنێکی ئاسایشەو بۆ خۆیان و خێزانیان جێگای حەسانەوەیە، بەڵام ئەوانەی دێن و خانووبەرە دەکڕن و دەبن بەخاوەن موڵك، ئەوانە جارێکی دی کوردستان بەجێناهێڵن، چونکە منداڵیان فێری کوردی دەبێت و تکتی بایع نەقڵی کوردستان دەکەن و بێگومان دیموگرافیای کوردستان زیاتر دەشێوێنن.

کاتی خۆی ڕژێمی بەعس عەرەبی بۆ کەرکوك هێنا و دیموگرافیای گۆڕی، ئێستاش لەگەڵدابی وا لەدەستی دەناڵێنین

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

و پێمان چارەناكرێت، ئەی تەعریب كردنی كوردستان ئەگەر بەدەستی خۆمان بكرێت چۆن چارە دەبێت؟ پرسیارێكە بۆ هەركەسێك كە دەستی لەگەڵ ئەو كودەتایە هەیە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## داعش و خوشكە دەمامكدارەكانى

ڕووداو 2015

پێم وایە كرداری ئیسلامیەكانی فرەنسا دەبێت بەهۆیەك، كە تەواوی جیهانی پێشكەوتوو بە بڕیارەكانی كۆچبەری و بەیەكەوەژیان و مافی مرۆڤدا بچێتەوەو وفەزای ئازادیی تاك تەسكتربكەن، ئەو دەسكەوتانەی كە بەسەدان ساڵ خوێنی لەپێناودا ڕژاوەو فەیلەسوفی مەزن كارو شەونخونیان كردووە لەپێناو ئەو مافانەی كە بە دەسكەوتی هەرەگەورەی مرۆڤایەتی دەژمێردرێن، جگە لەمەش ڕێگا بۆ شەپۆلی ڕاست و ڕاستی ڕادیكال لە وڵاتە پێشكەوتووەكان خۆشدەكات بۆ ئەوەی ببنە قەڵغان بۆ ئەو شەپۆلە ترسناكەی كە مەترسی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیارو پێشكەوتنی مرۆڤایەتی بەگشتی هەیە، ڕاستە ڕادیكالیەكەیان لە وەی ئێمە زۆر باشترنیەو ئەگەر ڕێگای پێبدرێت زۆر بەتوندی وڵامی كارە تیرۆریستیەكان دەدەنەوەو ئەوروپاو وڵاتە پێشكەوتوەكان دەكەن بە دۆزەخ بۆ بیانیەكان، جگە لەوەی ئەم ڕووداوە تیرۆریستیە یەكێكە لە ڕووداوە ترسناكەكان بۆ بەهاو ئاكاری لیبراڵی لەجیهان، بەڵام دەبینین ئێستاش خەڵكی وا هەن پێیان وایە كە كارێكی چاك كراوەو سەركەوتنە بۆ ئیسلام، لەبەر ئەوەی باسی موقەدەساتی ئیسلامیان كردووە موستەحەقن با وایان بەسەربێت!

ڕاگەیاندن ومیدیاكانی كوردستان لەشەش مانگی ڕابردودا هیچیان نەهێشتوە لەسەر داعش نەیڵێن، باس لە مەترسی وخراپەكاری و وێرانكردنی داعشیان كردووە، بەڵام كەسێك باسی خوشكەكانی نەكردووە؛ ئەو خوشكانەی كە بەهیچ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

شێوەیەك لەداعش دانابڕێن، تەنانەت ئەگەر زڕ خوشکیش بن، هەموویان لەبن نیقاب وەك شانەی نووستوو خۆیان بە جۆرەها دەمامکەوە شاردۆتەوە، ئەو خوشکە سەرپۆشانەی کە تەنها لە حزوورو دەسەڵاتی ئەودا پۆشیەکانیان هەڵدەگرن و چەهرە ناشرینەکەی خۆیان پێشانی خەڵك دەدەن، کاتێ خوشکە گەورەکەیان لە دەسەڵات نابێ، لەژێر دەمامکی حزبی ڕێگاپێدراو بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکەن، بۆیەش ئێمە ناتوانین بزانین کە داعش چەند خوشکی هەیە، لەراستیشدا پێشمەرگە بە زەند و باسکی پۆڵایین نەیانهێشت بزانین کە چەند خوشکی لەکوردستان هەیە، خوا نەکات ئەگەر داعش کوردستانی داگیرکردبا ئەوسا دەمانزانی چەند خوشك و زڕخوشك و خوشکەزای هەتیوی هەیە، ئەو خوشکانەن کە زۆر لەداعش ترسناکترن، چونکە شاردراوەن وئێستاش پێیان وایە ئایینەکی پیرۆز بەچەند کاریکاتورێك سووکدەبێتەوە.

پێم وانیە کەسێك هەبێت بەقەدەر من هاتنی «ئیسلامی سیاسی» پێ ناخۆشبێت، چونکە قەناعەتێکی زۆرم بەوە هەیە کە تێکەڵکردنی ئایینی پیرۆز لەگەڵ سیاسەت، هەردووکیان دادەڕمێنێ و وڵات دەکاتە دۆزەخێك کە تەنها درندەی وەکو خۆیان بتوانن لەناویدا بژین، بەڵام کە کارەکە دێتە سەر بەرژەوەندی باڵاو ئاسایشی نەتەوەیی، یەکسەر ستۆپێك دەگرم وجارێکی تر پێدادەچمەوە، ئایا داعش جگە لەو زیان وخراپیانەی کە هەموومان دەیزانین، چ سوودێکی بۆ ئێمە هەبووەو لەدوارۆژدا چ سوودێکی دەبێت؟ دەبێ بتوانین بە دیدێکی دوور لە سۆز و هەڵچوون چاکەکانیشی بخوێنینەوەو لەپێناو بەرژەوەندیە نەتەویەکانمان بیانکەین بە خاڵی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

وەبەرهێنان بۆ داهاتوو، چونکە سیاسەتی سەرکەوتو ئەوەیە کە بتوانی ڕووداوە خراپ ومەترسیدارەکان لەبەرژەوەندی خۆماندا بقۆزینەوەو بیانکەین بەخاڵی پۆزەتیف بۆ دوارۆژی نەتەوەمان.

هاتنی داعش جگە لە زیان ومەترسیەکەی بۆ سەر ئەزموونی کوردستان و ڕژاندنی خوێنی بەسەدان پێشمەرگەو تالانکردن و ڕفاندنی ژنی کورد، چاکەی خۆشی هەبووە، بەندی سەدوچلی دەستوری عێراقی کرد بە فاکت، حکومەتی بەغدای وا لاوازکرد کە بتوانین وتووێژی لەگەڵدا بکەین، کوردی کرد بەیەك دەنگ، پێشمەرگەی کرد بەهێزێکی ناسراو لەسەر ئاستی جیهان و ئێمەی گورج وگۆڵ کردەوە، بۆیەش بەدوودڵییەوە نالێم؛ لەناوبردنی داعش بەیەکجارەکی لەبەرژەوەندی ئێمەدا نیە، زیانەکان قەوماون و بارەکە جارێکی دی وەکو خۆی لێنایەتەوە، با داعش بمینێت، بەلام دوور لەئێمە و تەنها وەك خاڵێکی فشار لەسەر بەغدا بۆ پێگەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیەکانمان، وابزانم دوای هەڵی داعش، جارێکی تر ئەمریکا و هاوپەیمانەکان هەلێکی واچاکمان بۆ نارەخسێنن.

بڕوایەکی زۆرم بەوە هەیە کە شتێك نیە بەناوی قۆناغی پاش داعش، داعش خاڵی گۆڕینی یەکجارەکیە، کە جارێکی تر گشت دەڤەرەکە وەکو خۆی لێنایەتەوەو هێڵ و سنووری نوێ بۆ دەڤەرەکە دادەمەزرێن و داعشیش بەفۆرمێکی نیانتر خۆی دەکاتە نوێنەری سوننەکان ومەترسی ئەوەشی هەیە لەگەڵ بەغدا بەرێککەوتنێك بگەن کە زیانی ئێمەی تێدادەبێت؛ بۆیەش دەبینین کاتێك داعش بەهێزدەبێ، بەغدا خۆی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

كرِدەكات و بودجە دەنێرێت وخۆی دەكاتە پیاوچاك، هەر ئەوەندەیە داعش لاوازبوو، بەغدا بەزمانێكی ترو تۆنێكی تر قسەمان لەگەڵدەكات، بۆیەش بەهەڵەناچم ئەگەر بڵێم: مفاوەزاتمان لەگەڵ بەغدا دەبێ لەكاتێكی وادابێت كە بەغدا لەدەستی داعش لەوپەڕی لاوازی دابێت، ئەگینا دەرەقەتی ناهێین، بەڵگە بۆ ئەم قسانەش مادەی 140 و شوێنە دابڕاوەكانی هەرێمن كە ئێستا لەڕووی لەشكریەوە لەدەست پێشمەرگەدان، بەڵام هیچ جارێك دەسكەوتی لەشكری كۆتایی بە ریالیتی ناهێنێت، دەشێ یارمەتیدەرێكبێت بۆ ئەنجامدانی پێكهاتنی سیاسی لەبەرژەوەندی خۆمان، بەڵام خۆی لەخۆیدا كۆتاییهێنەر نیەو دەشێ بەیەك بڕیاری سیاسی بوویەرەكە لەپێشان خراپتری لێبێت و وانە هەزارجاریەكەی كە هیچی لێفێرنەبووین دووبارەدەبێتەوە، چونكە مفاوزی چاكمان نیەو ناتوانین بەمفاوەزات نەك خاكی خۆمان تەنانەت تاشەبەردێكیش لەبەردەستی حكومەتی بەغدا دەربێنین.

ئێستا و بێ ئەوەی چاوەڕێی چاكەو خراپەی عەبادی بكەین، دەبێ واز لە قەیرانی مووچە بێنین و دەستبەجێ مفاوەزاتی شوێنە كێشەلەسەرەكان بەرێگای دیپلۆماسی و لەژێر چاودێری نەتەوەیەكگرتووەكان و هێزە بالادەستەكان بكەین، بۆ ئەوەی ئەو دەسكەوتانەی لەمەیدانی جەنگ بەدەستمان كەوتوون لە سەر مێزی مفاوەزات نەیاندۆڕێنین.

كۆتایی: داعش باشترە لە خوشكەكانی، چونكە بێ دەمامكە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## ئەفسانەی دیکتاتۆری دادپەروەر

ڕووداو ژ(338) لە 15.12.2014

کام سیستم باشترین سیستمە بۆ حوکمداری؟ پرسیارێکە لەدێرزەمانەوە مشتومڕێکی بەردەوام لەناوەندە سیاسی و فیکریەکاندا لەسەری هەیە، باشترینیش لێرەدا واتای ئەوە نادات کە من کێم دەوێ و تۆ کێت دەوێ و کێ بۆ من باشە، بەڵکو ‹باشترین› ئەوە دەگەیەنێت کێ زیاتر خزمەتی خەملین و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە دەکات، کە هەموو تاکەکان لەسەر ئاوەدانکردن، گەشەکردن، بەرەوپێشبردن، بەهێزکردنی وڵات پێکهاتوون بە کۆنتراکتێکی کۆمەڵایەتی/ نیشتیمانی لەنێوان تاک و کۆمەڵدا.

دیموکراسی ولیبرالیزم، بەمۆدێلە ئەمریکیەکەی بۆتە تاکە سیستمی باو، یاخود لە ئەنجامی پێشکەوتنی ڕژێمە سیاسیەکان و زالبوونی فیکری لیبرالی و هەژمونی ئەمریکا دوای جەنگی سارد، ئەو سیستمە بۆتە مۆدێلێکی عورفی کە هەموو جیهان دەبێ لەسەری بڕوات لەپێناو بوژانەوەی ئابووری و مافی مرۆڤ و ئازادی بازاڕو زۆر جار بینیومانە لە شوێنی جیاوازدا، دەوڵەت سزادراون لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە ئەو سیستمە بەرپابکەن، سزای ئابووری، سزای بایکۆت، سزای لەشکری .. هتد.

هەمیشە پێموابووە کە باشترین سیستم لەشوێنێك ئەوە ناگەیەنێت کە دەبێتە باشترین سیستم لەهەموو شوێن، بەڵکو لەهەندەك شوێن نشوستی دەهێنێت، چونکە لەگەڵ بونیەو دابوونەریتی مرۆڤەکانی ناگونجێت، ناشکرێت دیکتاتوریەت بەکاربهێندرێت لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسیەت! چونکە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەوسا دیکتاتۆریەت و دواکەوتن بەرێگای دیموکراسیەتەوە دێتە سەر حوکم.

ئێمە لەکوردستان حوکممان نەبووە بۆ ئەوەی شێوازێکی چاکی بۆ هەڵبژێرین یان خوێندنەوەی لەسەر بکەین و خەباتی لەپێناودا بکەین، بەڵکو زیاتر حوکمێکی شۆڕشگێڕی خێڵەکی بووە، پشتبەستنمان بە خێڵ و کەسایەتیی خەباتگێڕەوە هەبووە، کە دوای ڕاپەڕین سیستەمەکە بوو بە خێڵەکیەکی مۆدرین، بە جلوبەرگی سڤیل بەڵام بەدید و ڕەفتاری دوواکەوتوو، نە بەقۆناغی بۆرژوا گەیشتین ونەشمانتوانی فیوداڵیزمەکە بکەین بەسیستەمێکی شاهانەی پێشکەوتوو.

تەنها ماوەی خەباتی شاخ و هێزی کەسایەتی و چەکداری بەهەند وەرگیراون، بۆیەش حزبەکان بەهەمان کەتەلۆگی شاخ کەوتونەتە ناو مەیدانی کاری سیاسیی پاش خەباتی چەکدار، تەنانەت ئەوانەی بەناوی نوێخوازیەوە دژایەتی خێڵەکییان دەکرد، لەکۆتاییدا بوون بە کۆپیەکی خراپی سیستەمی خێڵەکی و دەستیان لە خەباتی چینایەتی بەردا، چونکە بەهەڵە بەو قەناعەتە گەیشتن کە لەگەڵ میللەتی کورد تەنها حوکمی خێڵەکی سەردەگرێت کە واش نیە! بەووش خەباتی رزگاریخوازی میللەتی کوردیان بە قۆناغ گەڕاندەوە دواوەو بوون بە مایەی نشوستی وناموبوونی بەسەدان کادیر و مرۆڤی رۆناکبیر.

پێکهاتەی حزبەکان لەکوردستان بەگشتی ئەوە نیشاندەدات کە ناتوانین ناوی خێڵەکیش لەسەر سیستەمی سیاسی کوردستان دابنێین، چونکی تەنیا خێڵەکی نیە بەقەد

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەوەی سێگۆشەیەکی خێڵەکی-ئایینی-حزبیە، حـزبەکەش هەر خـــێڵە، بەڵام بە فـۆرمێکی پێشـــکەوتووترو بــۆ راکێشـــانی مرۆڤگەلێکـی تــر کە بە نــاوی خێڵەکــی ئەریٚ نــین، بەڵام لە بنیاتـــدا هەر خـــێڵەکەیە و ســـەری پیرامیـــد (هەرەم) هەر ســـەرۆکی خـــێڵەو حـــاکمی رەهـــا؛ ئەوەش خەراپنـــیە ئەگەر خێڵەکـان لەژێـر چەمکـی مەلەکـیەت یەکبگـرنەوەو هەسـتی بەنیشـتیمانبوون دروسـتکەن و بمـانگەیەنن بە سـەربەخۆیی، بەڵام ئەوەش ناکەن وخریکی قەپێلکـی سیسـتمی دیمـوکراتیی جمهورین بەبیٚ ناوەرۆك.

حزبـی وامـان هەیە لەکوردسـتان مـۆدرێنترین شـێوازی حوکمیـــــان هەڵبـــــژاردووە و کردویـــــانە بە دروشـــــم و پەیرەوپرۆگرام کە دڵنیام زۆربەی کادیرەکانی خـۆی لە واتـا و بدەرەکانی شێوازی ئەو حوکمە ناگەن و ناشـزانن بـۆ ئەو نـاوە دانـــدراوە (دیمـــوکرات، سۆشـــیال دیمـــوکرات، دیمـــوکراتی نەتەوەیـــی و دیمـــوکراتی چەپ وراســـت و دیمـــوکراتی پێشـکەوتوو)هتـد. بەڵام لەنـاوەرۆك هـیچ پەیوەنـدیەکیان بە نـاوانەوە نـیەو بەدیهێنـان و چەسـپاندنی دروشـمەکان تەنهـا ســـەرۆکی هەرەمەکە بڕیاریـــان لەســـەردەدات و ئەنـــدامە باڵایەکـانیش تەنهـا گـوێڕایەڵ و جێبەجـێکەری سیاسـەتی سەرۆکی هەرەمەکەن نەك پەیرەو پرۆگرام.

ئەو سیسـتمی حـوکمە کە لەکوردسـتان هەمـانە، شـتێکی سەیروسەمەرە، لەهەرشـتیٚ بەشـێکی هەیەو تـێکەڵاوی هەمـوو سیستمەکانە، بەنـاو جمهـوریە بەڵام رەفتـاری مەلەکـیە، بەنـاو دیموکراســـیە بەڵام گشـــتگیرە، بەنـــاو پێشـــکەوتووە بەڵام دوواکەوتوە، سڤیل و لەشکری و خێڵەکـی تـێکەڵە، رەش وسـپی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

تێکەڵە، دەشڵێین بۆ گرفتمان هەیەو بۆ تووشی قەیران دەبین؟

لەبەر تێکەڵاوکردنی ئەو هەموو سیستمە، دەزگای حزبی، دەزگای حکومی، دەزگای ناحکومی و خۆبەخش، هەرهەموویان بەدەردی گەندەڵی ئالودەبوون، بێ سیستمیەکی سەیریان دروستکردووە بەرهەمیان تەنها دروستکردنی قەیرانەو هیچ چارەیەك پێشکەشناکەن، بۆیەش دەبینین حکومەتیش دەکەوێتە قەیران و قەیرانەکان لەدوارۆژ کەڵەکە دەبن و دەبن بەگرێکوێرەو بە ئایدیۆلۆجیا نەبێت چارەناکرێن، ئایدیۆلۆجیایەکی تیژ، کە سیستمەکە ڕابماڵێت و سەرلەنوێ دایبمەزرێنێتەوە، یانیش ئەفسانەیەکی سیحری ڕووبدات و دیکتاتۆرێکی دادپەروەرمان پێببەخشێت کە لەگەڵ میللەتی خۆی زۆر بەسۆزو رەحم بێت وەکو مانديلا، بەڵام لەهەمانکاتدا بەرامبەر بەهەڵە و ڤاریبوون وەکو ئاگر وئاسن زۆر دڕندەو سەرسەختبێت، باوکێکی نەتەوەیی زیندوومان دەوێت وەکو غاندی، کوردێکمان دەوێت وەکو هێتلەر بەرامبەر بەدوژمنەکانمان دڕندەبێت ، دیکتاتۆرێکی دادپەروەربێت، لەسەر موخالەفەی هاتووچوو گەورەترین سزا دابنێت و لەسەر هەموو کەسێك بەیەکسانی سزایەکە ئەنجامبدات و لەسەر دزی وگەندەڵی و خیانەت، بەبێ بەزەیی خەڵك لەقەنارە بدات، یاسا تەنانەت لەسەرخۆی ونزیکەکانیشی بەیەکسانی ئەنجامبدات و گوێ لە لێدانی دڵی میللەت بگرێت، لە تەلار و قەسر وڤیللادا نەژیەت، بەڵکو لەدڵی میللەتدا بژیی، بەرژەوەندی کەسایەتیی دەوروبەری خۆی بکاتە قوربانی بەرژەوەندی میللەت، چونکە هەر میللەت بەکەڵك دێت و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەوانەی کە لەبەر بەرژەوەندی کەسایەتی لێـی نـزیکن خۆیـان ڕاستییەکانی لێدەشارنەوەو لەکۆتاییدا لەخشـتەیدەبەن. ئەگەر ئەو دیکتاتۆرە دادپەروەرە پەیـدانەبێت، گۆڕەپـانێکی چـاك بـۆ هزری تێکـدەر و توندڕەو ودژە کـورد دروسـتدەبێت، کە بەهـیچ شێوەیەك نامنگەیەنێتە کەناری ئوقرە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# کورد و تویکڵ

ڕووداو بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری 2015

لە ساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەمویست وەك ساڵەکانی تر هیچ نەنووسم، بەڵام پڕبوونی ناخ و کپکردنی هەناسەی نووسین، جاری واهەیە هێزی قوڵکانی دەبێت و مرۆڤ ناتوانێت بێدەنگبێت، 117 ساڵە دەڵێین و کەس گوێ ڕاناگری ودڵی خۆمان بەوە خۆشدەکەین کە من بۆ ئەو زەمانە نانووسم من بۆ دیرۆك دەنووسم، قومارچی ئەگەر نەڵێ بە ( ... ) دڵی دەتەقێت.

ڕۆژانە دەبینین کەناڵی ڕاگەیاندن زیاددەبن و مەودای دەربڕین کەمتردەبێتەوە، دەیان ڕۆژنامەی خرش ویوچ بڵاودەکرێنەوەو هیچیان لە خرش وبەتاڵی زیاتر لەخۆیان ناگرن، سەرەڕای ئەو هەموو پارە مەسرەفکردنەو ژمارە زەبەلاحەی کەناڵی ڕاگەیاندن، هێشتا هەناسە هەر کپەو ئەوەی ڕۆژنامەنووس دەیەوێ دەری بڕێ وبیلێت پێرا ناگات، چونکە هزرەکان لەناومێشکدا تیرۆر دەکرێن و بەر لەهاتنیان بۆ سەر کاغەز دەنێژرێنەوە، جاران و لەسەرەتاکانی کاتی ڕاپەڕین، حزبەکان، پارتی و یەکێتی ترسێکی زۆریان لە ڕاگەیاندن هەبوو، ئەو ترسەش ببووە مایەی پەرەپێدانی سەرکردایەتی سیاسی چونکە دەیانخوێندەوەو لەتۆمارکردنی دیرۆك دەترسان و حیسابیان بۆ هەموو وشەیەك دەکرد کە لەڕۆژنامەکانیاندا بڵاودەبۆوە، هەتا نووسینێکمان تێدەپەڕاند دەبوا زۆر حسابی بۆ بکەین، بۆیەش نەماندەتوانی ئەوەی ناو دڵی خۆمان بەڕاشکاوی بڵێین، کەواتە بەجۆرێك ئازادی ڕۆژنامەنووسی نەبوو هەرچەندە مەودای بڵاوکردنەوە زۆربوو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەڵام هەر ئـازادی ڕەهـا نەبـوو، ئێسـتا و دوای بیسـت سـاڵ لە ئازادی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆرترو بۆرتربـوون، بەڵام مەودای بڵاوکردنەوە کەمتربووەو ئێستا هەر چـی دەیلێـی بیلـێ، نەکەس دەیخـوێنێتەوەو نەکەس حسـابی بـۆ دەکـات، لەئەنجامـدا هەردووکیـان هەروەکـو یەکـن، کە نەتـوانی ئەوەی نـاخی خـۆت بڵێی یانیش بیڵێی و کەس گوێی بۆ ڕانەگری.

کەنـاڵی پێشـکەوتوومان هەیە بەڵام تەنهـا بەڕوخسـار لە کەنـاڵی پێشـکەوتوو دەچێـت، لەوانەیە کەنـاڵی وا هەبێـت کە لەڕوی مەسـرەفکردن و تەکنیـك وئـامێر لەزۆر لەکەناڵەکـانی دونیـا پێشـکەوتووتربن، بەڵام ناوەڕۆکیـان نـیە و وەکـو هەمـوو شتێکی تری ئەو هەرێمە تەنها چاولێکەری و میمیـك کـردنە، نە باکگراوندەکی ئەکادیمیانەو نە ئەدایەکی پرۆفشناڵ، سـەردێڕ و مانشێتی بریقەدارو بەهێز لەڕۆژنامەکاندا دەبینـدرێت، هەروەهـا فەرزی ڕەنـگ و مەسـرەفەکی زیـاد، بەڵام نـاوەڕۆکێکی مـایەپوچ، وتوێکلاوی.

لەهەمـــوو کەناڵەکـــانی ڕاگەیانـــدنی دونیـــا چـــۆنیەتی ڕاگەیانـــدن گرنگتـــرە لە شـــەکلیات و ڕوخســـار و دیکـــۆر، لەکوردستان نەبێـت، پەرەپێـدانەکی یەکجـار زۆر بە سەروسـیماو دیکۆر و جل دەدەن، بەڵام کەس ئاگای لێنـیە دەبـێ چبگوترێـت و بۆچی بگوترێت. ئەگەر بەوردی سەیری بـارودۆخەکە بکەیـن دەبینـین کە مەسـەلەی توێکـڵ زۆر بـڵاوەو خەریـکە دەبێـتە مۆرکێك و پێمانەوە دەنووسێت، هەڵبەت دەزگاکـانیتری حکـومەت و NGO دەزگاکـانی تـری ناوکۆمەڵگـا دەگـرێتەوە، بگـرە لەچایخـانە، مزگەفـت، بـازاڕ، خوێنـدگا، زانکـۆو خەسـتەخانەو پەرلەمـان، وحکـومەت و حـزب و هەمـوو کۆمەڵگـا، هەریەکە بە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

شێوەیەك سوود لە توێكڵ وەردەگرن، تێناگەم بۆ كورد تەنها بەتوێكلیەوە گرتووە، هەموو شتەكەنمان توێكلاوین، قەڵپن، تەنها بەڕوكەش لەشتە ئورجیناڵەكان دەچن. كە دەچینە دەرەوەی وڵات، لەجیاتی ئەو ڕۆشەنبیری وزانستەكەیی دونیای پێشكەوتو فێرببین، تەنها فێری شێوازی توێكلاوی و قەپێلك دەبین، تەنها بەجلوبەرگ چاولێكەریان لێدەكەین، بە ڕوكەش وتوێكڵەوە وەكو ئەوانین و لەوانیش پێشكەوتوترین، بەڵام لەناوەڕۆك خرش و بەتاڵین، ڕۆشەنبیریمان بەناو ڕۆشەنبیریەو نووسەرمان هەروەتر، دكتورمان تەنها سەدریەی سپی و چەند وشەیەكی زانستی نوشداری، سیاسیمان تەنها بە ڕوكەش سیاسین ئەگەرنا فریان بە سیاسەتەوە نیە، هەموو شتەكانمان تەنها ڕوكەشن، وەزیرەكانمان تەنها بە روكەش و مێزی گەورەو حیمایە و ناو وەزیرن، وفەرمانبەریش تەنها بەڕوكەش فەرمانبەرن وهیچیان لە فەرمانبەر ناچن، نەبە ڕەووشت و نە بە كردار، تەنانەت وڵاتیشمان تەنها بەڕوكەش وڵاتەو خۆمان بەوە هەڵدەخەڵێتینین كە وڵاتە، جاریَ بەغدا موچەمان دەبڕێ و جاریك توركیا هەڕەشەدەكات و داعشمان تێبەردەدات، جاریش ئێران دێتە ناو دەرییەكانمان وهیچمان پێناكرێت.

ئەوە قەدەری كوردە، دەبێ بە توێكڵەوە مەشغولبین سپیكەین و بەحازری بیدەینە خەڵكی تر بیخۆن.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# ئەحزابی بێ ئەدەب

ڕووداو 2015

مەبەستم لە ‹ئەحزابی بێ ئەدەب› ئەوەیە کە حزبەکانمان بەداخەوە ئەدەب و کەلتووری سیاسییان نیە، ڕەفتار لەگەڵ یەکتری دەکەن وەك بڵێی دوژمنی دێرینی یەکتربن نەك هاوکارو هاوتەریب لە پرۆسەیەکی سیاسیدا، ئەوەندەش زۆر بەئاشکرا لەنێوانیاندا دیارە، کە بەراستی هیچ ئەدەب وکەلتورێکی سیاسیی تێدا بەدیناکرێت. جگە لەوەی لەو هەموو ساڵە بەرژەوەندی گشتیان بەقوربانی بەرژەوەندی کەسایەتی و حیزبایەتی کردووە، بەوەش ڕانەوەستاون و نەوەیەکی نەفەری پەککەوتەو هاندیکاپیان لەکوردستان دروستکردووەو ئامادەیی خۆیان بۆ نەوەی سێیەم و چوارەمی گەندەڵی دەکەن، گەندەڵیان لە قاڵبی دیاردە بردۆتە دەرێ، ئێستا خەریکە دەبێتە کەلتور، بێگومان ئەگەر دیاردە بوو بەکەلتور، جارێکی تر لەناوناچیت و دەبێتە خەسڵەتێکی بنەڕەتی لەکەسایەتی مرۆڤی کوردستانی.

ئەو ڕقەی لەنێوان حزبەکاندا بەدی دەکرێت، لەگەڵ دوژمن بەدیناکرێت، لەگەڵ ئێران و تورکیا و عێراق نەرمی و موخلسی و دلسۆزی نیشاندەدن ولەگەڵیەکتری تەنها ڕق وکین و بوغز دەچێنن، خەتایەکەش وەکو خوێندنەوەی خۆم بۆ بوونیەی حزبەکان، کە هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی پێوە دیارنیە، جگە لە حزبە ئیسلامیەکان کە ئامانجی کۆتاییان دەبێتە دروستکردنی دەوڵەتی خیلافەت.

کە دەڵێم حزبەکانمان بێ ئەدەبن مەبەستم ئەوەیە ئەدەبی سیاسیان نیە بەرامبەر یەکتری، پارتی تەنها ئەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کادیرانەی خۆشدەویت کە زیاتر دژایەتی یەکێتی وگۆڕان دەکەن و یەکێتی ئەوکادیرانە بەدلسۆز دەزانێ و دەیانهێنێتە پێشەوە کە دژایەتی پارتی دەکەن، وجێگای داخە کە گۆڕانیش بەهەمان خەتدا دەڕوات؛ ئەوە نە پرۆسەی سیاسی پێ دروست دەبێت و نەش دەتوانن لەسەر ئەوبنەمایە لەولاتێکدا بەیەکەوە بژین بەلکو فۆرمولەی شەڕی ناوخۆ لەو بوغزە دروستدەبێت، کە سەرکردایەتیەکان بۆ بنکەی حزبەکان دەینێرنە خوارەوە. کە سەرکردایەتیەکان دادەنیشن، هیچ عەیبیان نیەو نوکتەو قسەی خۆش دەکەن، بەلام کە لەکۆبوونەوە دێنەدەرەوە شتێکی تر بۆ بنکەو لایەنگرانیان ڕەنگدەدەنەوە، ئەوەش زیان لەخۆیان دەدات چونکە بنکە بە ئاسۆیی کاردەکات و دووبارە ئەو بوغزە بۆ سەرکردایەتی دەگەڕێنەتەوە کە کارتێکردنی لەسەر تێکڕای پرۆسەی سیاسی دەبێت.

ئەوەی ئێستا بەسەرماندا دێ، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی هەلە گەورەکەی حکومەتی بنکە فراوانە، حکومەتی بنکە فراوان تەنها بۆ شوێنێکی وەکو بەغدا دەستدەدات کە هەموویان دەیانەوێ بەشێیکی باشییان لە لەرف دان ولوشدانی سامانی گشتی هەبێت، هەمویان لەناو پرۆسەکەبن بۆ ئەوەی کەس گلەیی نەکات و هەمووی وەکو یەك بیخوات، ئاخر ئەو بنکە فراوانەی عێراق هی ئەوە نیە چاولێکەری لێبکرێت چونکە عێراق بەرەو ڕوخان دەڕوات و ئێمە بەرەو ئاوەدانی، عێراق خەریکە بەدەولەت نامێنێت و ئێمە دەمانەوێ ببین بەدەولەت، لەجیاتی ئەوەی نمونەی وەکو ‹باشوری سوودان› و ‹پاپوا نیوگینی› و جمهوریەتە نوێیەکانی بالتیك بکەین

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەنمـــونە، تـــازە بەتـــازە عێراقێکـــی ڕوخـــاو بـــۆتە جیگـــای چاولێکەری حزبەکانمان.

یەکتـــۆز ئەو کـــادیرانەی ڕقیـــان لەحزبەکـــانی تـــر هەیە لایـان بـبەن، بـزانە چـۆن بەیەکەوە ژیـان و پرۆسـەی ئاشـتی سەردەگرێت، دەبێ سەرکردایەتی پارتی ویەکێتی کادیرەکانیـان لەســـەر ئەو ڕقـــوکینە لێـــڕانەهێنن و ڕقەکە نەکەنە پێـــوەری موخلســـی و دلســـۆزی، فێریـــان بـــکەن کە ئەوحزبـــانە دوژمنـــی یەکتری نین، داعش و تورکیـا و ئێـران و عێـراق دوژمنمـانن و هەتا کوردستان نەبێتە ولاتێکی سەربەخۆی خـاوەن سـەروەری، هەرگیز حالێکی باشتر لەوەی ئێستا نابێنین.

کۆتایی: دونیا بەهەشتی گێلانە!

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# کودەتای دۆڕاو

2015 بلاونەبۆتەوە

وروژانــــدنی کەیســـی مـــانەوەی مەســـعود بـــارزانی لەو بارودۆخەدا، لەخۆیـدا بەتێکڕایـی هەڵەیە، نەك لەبەر ئەوەی جگە لەو نابێت کەسی تربێت، یـان خەڵك پێیخۆشـبێت هەتـا هەتایە مەسعود بـارزانی سـەرۆك بێـت، بەڵكـو دەبـووا کـات و شـــوێن بە جیـــددی ڕەچاوکرابـــان، چـــونکە کـــات و شـــوێن کارتێکردنیان لەسـەر هەرکێشـەیەك هەیە، بـارۆدوخی زاتـی و ومەوزوعـی لەهەر کێشـەیەك دا حـوکم لە کێشـەکە دەکـات، جێگـــای داخە کە ئەو حزبـــانەی کودەتايـــان لەدژی پـــارتی و مەســـعود بـــارزانی کـــرد، کـــورتبینی و کاڵفـــامیی خۆیـــان بـــۆ خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسـی نیشـاندا و زیـانەکی گەورەیـان پـــێش هەمـــوو کەس لەخۆیـــان دا، چـــونکە مـــیللەت چـــاوی کـــــراوەیەو جـــــارێکی تـــــر کەس نـــــاتوانێ وا بەئاســـــانی چەواشەیبکات.

ئەو کێشەیە لەبـنەڕەتەوە کێشـەیەکی دروسـتکراوە، نەك قەیـــران، بەمەبەســـتی فشارخســـتنە ســـەرپارتی بـــۆ ئەوەی دەســـکەوتی زیاتریـــان پێبـــدات، چـــونکە کیشـــەکە کێشـــەی بەرژەوەنـــدیە، بەرژەوەنـــدیش هەمـــووی سیاســـی نـــیە بەڵكـــو کەســـایەتی و حزبـــایەتیە، ئەوەش بە ڕاشـــکاوی ئاشـــکرابوو چـــونکە هـــاتنی قونســـولی ئێرانـــی کە هـــیچ پەیوەنـــدیەکی پرۆتۆکۆڵی بەو بـابەتەوە نـیە ولەڕووی سـەرووەریەوە نەدەبـوو لەویێبێت، بەڵام ئاشکرا دەبێـت کە ئەوحزبـانە بەفیتـی ئێـران ئەوکارەیان کردووە، چونکە چاك دەزانـن تەنهـا بەکەسـایەتیی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کاریزماتیکی مەسعود بارزانی کورد دەگاتە کەناری ئۆقرە، ئەوانیش مەرگی خۆیان بوێ ئەوەیان ناوێ کورد ئازادببێت.

ناکرێت خەباتی چینایەتی پێش خەباتی نەتەوەیی بکەوێت، دەبێ دەوڵەتمان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین شێوەی حوکمی بۆ هەڵبژێرین، وەکو ئەوەی کە دەبێ جاری یەکەم خانوومان هەبێت بۆ ئەوەی بزانین چ جۆرە پەردەو قەنەفەیەك بۆی دەبێت، ناکرێت شەڕ لەسەر ڕەنگی پەردەبکەین لەکاتێکدا جارێ خانوومان نیە، ئێمە جارێ لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازداین و شەڕی مان و نەمان لەگەڵ سەرسەختترین دوژمنی مرۆڤایەتی دەکەین، چۆن دەبێ کەسایەتیەکی لاواز و بێ هێز لەجیاتی مەسعود بارزانی پێشنیار بکەین؟ کوردستان هەم لەڕوی سیاسەتی ناوخۆیی و هەم لە مەیدانی خەباتی دەرەوە کەسێکی وەکو مەسعود بارزانی دەوێت، خۆ ئەگەر بووین بەدەوڵەت و ئازادیمان بەدەستهێنا، دڵنیام هەموو دونیا لە مەسعود بارزانی بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی بە سەرۆك هەرێم بمێنێتەوە خۆی نایکات، خۆی لەبنەڕەتەوە پێویستی بەوەنیە، چونکە ئێستاش ئەگەر واز لەهەموو شتێك بێنێت و بچێت لەژێر کەپرێك لەچیای شرین دابنیشێت زیاتر خەڵك بەگوێی دەکەن لەوەی بەگوێی هەرکەسێکی تری کوردستان بکەن، ناکرێت ئێمە بەپێوەرەکانی وڵاتانی ئازاد و خاوەن سەروەری و سنوور، هەمان کێشەکانی خۆمانی بپێوین، دەشێ هەرکەسێك سەرۆکی کوردستان بێت، بەلام کێ بەگوێی دەکات و کێ ئەو هەموو تەرازووەی ناوخۆ ودەرەوە ڕادەگرێت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

مەبەست لێرەدا ئەوەنیە کە من دەمەوێ ئەوبێت و کەسی تر نا! بەڵام ئەوحزبانەی خۆیان کوشتووە بۆ گۆڕینی مەسعود بارزانی ئەگەر خۆیان خەریکی پڕۆژەی کارەبا، یان بێ کاری، یان گرفتی مووچەیان بکردبا، زۆر لەوە زیاتر سەرکەوتنیان دەهێنا وخزمەتی میللەت و خەباتی رزگاریخوازی میللەتی کوردیان دەکرد، ئەو حزبانە خەڵك بەشتێك هەڵدەخەڵەتێنن کە خۆیان لەناوخۆیان ناتوانن ئەنجامی بدەن، بۆیەش تەنها نایانەوێ مەسعود بارزانی بمینێت.. کەسیتریشییان نیە وەکو بەدیل.

هەمووومان دەزانین یەکێتی بەبێ کەسایەتییە کاریزماتیکەکەی مام جەلال چی بەسەر هات، گۆڕان بێ نەوشێروان چی بەسەردێ، تەنانەت حزبی شیوعیش کە نزیکەی حەفتا ساڵ خەباتی کردووەو تەنها چوار پێنج سکرتێری گۆڕیوە! ئەوە نیشان دەدات کە پێکهاتەی میللەتمان و جۆر وشێوازەی کێشەکەی تەنها پێویستی بەکەسایەتیەکی بەهێزی وەکو مەسعود بارزانیە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# لەپەراوێزی پێکهاتنەکەی بەغدا

## هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ، دوو هەنگاو بەرەو دواوە

ڕووداو ژ(337) لە 08.12.2014

بــژی عەلاوی، بمــری ســەدام، بــژی جەعــفەری، بمــری عەلاوی، بــژی عەلاوی بمــری جەعــفەری، بــژی مــالیکی بمــری جەعــفەری، بــژی عەبــادی بمــری مــالکی، حاڵمــان ئەوەیە لەعێــراق؛ هەمیشــە چەپــڵە بــۆ حــاکمی نــوێ لێــدەدەین و ڕۆیشتووەکە گۆڕبەگۆڕدەکەین، چاوەڕێــدەکەین نــوێیەکە شــوێن پێیخۆی قایمبکات، هیچ کردارێك ناکەین، چاوەڕێدەکەین هەتــا خەراپەیەك لەگەڵ کورد دەکات، ئینجا ڕەنگدانەوەمان دەبێــت، توانــای ئەوەمــان نەبــووە قەد خۆمــان یــاریکەری ســەرەکی وبنەڕەتیبــین، هەمیشــە چــاوەڕێی ئەکتــی ئەوانــین بــیکەن بــۆ ئەوەی کاردانەوەمــان هەبێــت، هەمــوو ژیانمــان لەعێراقــدا کاردانەوەیە، نەماتوانیوە شتێك بکەین وچاوەڕێی ڕەنگــدانەوەی ئەوانبین.

ڕژێمــی 'ســەدام'ی گۆڕبەگــۆڕ لە مــاوەی حــوکمە خوێنــاویەکەی، سیاســەتی زۆر ســەیری بەکاردەهێنــا، جــگە لە تۆقانــدنی مــرۆڤ و نەهێشــتنی ئۆپۆزیســیۆن، مــیللەتە هەژارو دامــاوەکەی کە لەبەردەســتیبوو، قەرداری ژیــانی خــۆی بــوو مەمنون بوو کە ساغەو لەژیاندایەو بژێــوی ژیــان دەکــات، نــاوە ناوە جۆرێك کاڵای دەبڕی شەکر، هێلکە، یــانیش مــۆزی لەبــازاڕ نەدەهێشــت، خەڵــك پێــوە خەریکــدەبوو، شــتەکانی تریــان لەبیردەکــرد، دواتــر بە (مەکــرەمە) پاداشــت دەیگەڕانــدەوە، خەڵــك چەپڵەیــان بــۆ لێــدەدا کە شــیر وشــەکر و مــۆزی بــۆ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

منداڵان دابینکـردووه، درێـژی نـاکەم، وای کردبـوو کە هەمـوو مافەکانی بەهـاوڵاتیبوون، ببـوون بە منـەت و چـاکەی (السـيد الرئيس)ە.

ئەوبـــڕادەرانەی کە لە تۆقانـــدنی ئەو هەڵاتبـــوون و ئەوانەی لەترسی ئەو خۆیان مات کردبـوو هەموویـان بەباشـی فێری ئەو وانانە بوون، تەنها کورد نەبێت.

ئەو پێکهاتنەی کورد لەگەڵ بەغدا ڕێك ئەوەنیشـاندەدات، کە ئەوان فێـری وانەکـانی سـەددام بـوون و ئـێمەش هیچـی لێفێرنەبـووین، جەعـفەری یاسـای گـاز و نەوت ڕادەگـرێ کە لەدەسـتووردا هەیە و مـافێکی ڕەوای میـللەتە، مـالکی مـوچەی فەرمـانبەرانی هەرێـم ڕادەگـرێ کە مـافێکی دسـتوری میللەتـی کـوردە و یەکـێکە لەو مەرجـانەی کە کـورد ڕازیبـوون لەنـاو عێراقدا بژین، عەبادی دێـت و هەمـووی چارەدەکـات دەیکـاتە منـــنەت لەســـەر ســـەرکردایەتی کوردســـتان وســـەرکردایەتی کوردیش بەدەسکەوتی دەزانی و بەمللەتـی دەفرۆشـێتەوە، ئەوە تراژیـدیایەکی سیاسـیەو نەمـاتوانیوە لە ئەزموونەکـان فێـری ببین.

موچەی پێشمەرگە و مـادەی سـەدوچل و فرۆشـتنی نەفـت هەموویان مافی دەستورین، هەموو لایەنەکـان ئیمزایـانکردووەو حکـومەتی بەغـدا هـۆی سـەرەکی نکۆڵیەکەبـووە، سـەرپێچی دەسـتوریان کـردووە کەچـی ئێسـتا دەیـکەن بەمنـنەت بەسـەر سـەرکردایەتی کـوردو وایـان لێـدەکەن بە دەسـکەوتێکی نیشتیمانیی تێبیگەن.

دەبێ لێکـدانەوەیەك کرابێـت، ئایـا پـێش ئەو قەیرانـانە چیمـان لەدەسـت بـوو وئێسـتا چیمـان بەدەسـتهێناوەو چیمـان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەدەستداوە، ئەگەر بارەکە وەکو ئەوەی پێش قەیرانەکەی لێبێتەوە، ئەوە ئێمە قەیرانەکەمان زەرەرە و هیچمان نەکرد جگە لە گیرۆکردن وڕەڤینی کۆمپانیا بازرگانیەکان و دڵڕەنجانی میللەت و نەمانی بڕوا بە حکومەت و کوشتنی بازاڕی کوردستان و دابەزینی نرخی خانوو زەوی و لێدرانی ئابووری کوردستان بەگشتی.

ئەگەر حکومەتی بەغدا بەدڵنیایەوە نەیزانیبا کە دەرەقەتی داعش نایەت و لەوانەیە کێشەی داعش زیاتر بکێشێت و پرۆشکەکانی بگەنە ئێران، چۆن و بۆ لەو کاتەدا لەگەڵ کورد پێکدەهات؟ پێویستی بەکورد هەیە بۆ ئەوەی شەڕی موسڵی پێبکات و پێویستی بەکورد هەیە کە داعشی بۆ مەشغوڵکات، چونکە ئەگەر کورد بەرۆکی داعشی نەگرتبا ئێستا دەمێك بوو بەغدای گرتبوو، بۆیە دووبارە سەرکردایەتی کورد زۆر بەئاسانی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی پێکهاتەوە لەکاتێکدا کە هەموو جیهان لەگەڵ کوردبوو، بەڵام فشاری ناوخۆ و نەزانینی بەڕێوەبردنی قەیران، کە پێشتر هیچ حیسابێکی بۆ نەکرابوو ئەوە دەبووا لەکاتی ئاسایی وپێش قەیرانەکان بیری ئەوەیان کردبا ئەگەر حکومەتی بەغدا مەعاشی بڕی ئێمە چدەکەین؟ بەڵام حسابنەکردن بۆ داهاتوو کوردی ناچار کرد لەگەڵ حکومەتی بەغدا بەکەمترین مەرج پێکبێت، پێکهاتنێکی نەچارانەی لەژێر فشاری میللەت و تێکچوونی باری ئابووری، کە دەکرا تووشی ئەوە نەبباین و لەکاتی پێویست بەمەرجی کوردی پێکهاتن لەگەڵ بەغدا کرابا زۆر باشتر دەبوو.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

ئەو پێکهاتنەی کە عەبادی و کابینەکەی کردوویانە زۆر بەئاسانی پاشگەزبوونی لێدەکرێت، خۆ ئەو پێکهاتنە لە بڕگەکانی دستور بەهێزترنیە! کە هەموو کێشەکانی کورد لەناودەستوردا هەبوون وکورد داوای شتەکی نوێی نەکردووە، ئینجا هەتا مەترسی داعش و گلۆپی سەوز لەئێرانەوە پێنەبوو نەیانکرد، ئێستاش هیچ زەمانتێك نیە کە پاش ماوەیەکی دی کە بەهێزتر دەبن و باری ئیقلیمی وجیهانی لەبەرژەوەندی ئەوان دەبێت، دیسان مووچەدبڕنەوەو پێشمەرگە بە خەرجی سیادی حیسابناکەن ئەگەر سەد پێکهاتنیش هەبێت، جارێ مادەی سەدوچلیش بۆ شەرێکی دیکە لەگەڵ بەغدا هەڵیدەگرین.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# تیۆری دەوڵەت و کەڵەکەبوونی فشار

## زەنگینی وڵات پارێز

ڕووداو ژ(328) لە 29.09.2014

بنـــاغەی دەوڵەت لە ڕێگـــای ململانێـــی چینـــایەتی و پەیوەنـدیەکانی بەرهەم دروسـتدەبێت، نەك تەنهـا بە بڕیـاری سیاسی یان گشتڕای نێودەوڵەتی، دەبێ چەمکی بەدەوڵەتبـوون لەمینتالیتی تاکـدا دروسـتببێت و کـات و شـوێنی گونجـاوی بـۆ برەخســێندرێت بــۆ ئەوی بڕیــاری سیاســی بتوانێــت ببێــتە بڕیـارێکی چەسـپاو. لەکوردسـتانی باشـوور تـاکو پـێش بڕینـی مـــووچە و هـــاتنی داعـــش ئەو چەمـــکە پەرەی پێنەدرابـــوو کارەکانی ئێمە لەسەر بنەمـای عەتـف و سـۆزی نێـودەوڵەتی و هەبـــوونی ســـامانێکی سروشـــتی مەزن دەرنەدەچـــوون و جـــگە لەچەند جارێك کە سەرۆك بـارزانی لە شـوێنی جیـاواز ئەوەی ڕاگەیانـدووە کە کـورد خـاوەنی مـافی دەوڵەتە، هـیچ هەوڵێکـی تری جیدی لەلایەن دام و دەزگـای حکـومەتی و نـاحکومەتیش بەدی نەدەکران.

دروســـتبوونی دەوڵەت کـــارێکی ئاســـان نـــیە بەتـــایبەت لەجیوپۆلۆتیکێکی وەکو کوردستان کە هەموو جولە سیاسیەکان بەوردی بەیەکەوە گرێـــــدراون و بەرژەوەنـــــدی چیـــــنە حوکمڕانەکـــان ودەســـەڵاتدارەکان زۆرجـــار لەگەڵ کۆنســـێپتی بەدەوڵەت بـوون یەکـدی نـاگرنەوە و تەنـانەت یەك هەنگـاوی هەڵە بەسـە بـۆ ئەوەی تێکـڕای دەسـکەوتەکان بخـرێنە ژێـر

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

مەترسی لەناوچوون، سەرکردایەتی سیاسی دەبێ وەکو کابرایەکی ناو کێڵگەی مین بجولێتەوە ئەگینا پێیانەوە دەتەقێتەوە.

لەکوردستان بناغەی دەوڵەت لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی چینایەتی دانەمەزراوەو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانیش هێشتا بەکەرەستەی فیوداڵیزم لەناو قەپێلکێکی بۆرژوای نوێدا دەخولێنەوە، بۆیەش ئەستەمە یەکسەر لە فیوداڵیزم و قۆناغە دوواکەوتووەکانی کۆمەڵگاوە یەکسەر بۆ سۆسیالیزمی دیموکرات بڕۆین بەبێ تێپەڕین بە قۆناغەکانی تری پێشکەوتنی کۆمەلایەتی، بێ گومان وەکو ئەوەی لێدێت کە کابرایەك لە 8 ساڵیەوە یەکسەر بکەی بە بیست بەبێ ئەوی بە نۆ و دە ویازدە ودوازدە ... هتد. دا بڕوات، بۆیەش دەبینین کە لاشەی بیست ساڵیەکمان هەیە بەلام بەعەقڵی هەشت ساڵیەك بیردەکەینەوە.

من پێموانیە جیاوازی وپەرتوبلاوی چینایەتی ببێتە بنەمای دروستبوونی دەوڵەت، بەڵکو دروستبوونی بیرۆکەی دەوڵەت لەوە زیاتری دەوێت و پەیوەندی بە ململانێی کۆمەلایەتی و پەیوەندیەکانی بەرهەمەوە هەیە. دروستبوونی ئەو چینە نوێیانەی کە دوای ڕاپەڕین پەیدابوون سەرلێشێوانێکی تەواو دەخاتە مێشکی ئەوکەسەی کە بیەوێ کۆمەڵگای کوردەواری بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ناتوانین وەکو دەوڵەتێکی کەڤنار بیر لە دامودەزگا بکەینەوەو بیانخەینە خزمەتی بیرۆکەی دەوڵەت، بەڵکو دەبێ پشت بە چینە نوێیەکانی دوای ڕاپەڕین ببەستین و فۆرمۆلەکردنی بیرۆکەی «زەنگینی وەلاتپارێز» بکەین بە مۆدێلێکی هاوچەرخ و سوود لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هێـزە تـازەكەی ئیمپراتورەكـانی جەنـگ وەربگـرین، ئەوانەی لەدوای 1991ەوە سـوودیان لە پلەوپـایەی پێشـمەرگایەتی وەرگرتووە و خەباتی چەندین ساڵی باب و باپیریان لە بۆرسـە خـوردكردوە بەرامـبەر بە دۆلار، یـان بەهەر هـۆیەك بێـت كە بەوشێوە نالۆجیكە زەنگین بـوون، باسـی 1991م كـرد چـونكە خاڵێكی وەرچەرخانبووە بۆ دروستكردنی بنەمای چینی نـوێ كە پەسـەنەكانی كۆمەڵگـای جوتیـاری لەسـەری ناچەسـپێن، لەهەمانكاتـدا نـاتوانین بەبـێ دوودڵـی نـاوی گـۆڕان بەرەو بۆرژوای لێبنێین.

كۆمەڵگای كوردستان زیاتر بە شێوازی قۆنـاغی ئینتیقـالی Transition خـۆی نیشـاندەدات، ئەو قۆنـاغە ئینتیقـالیەش درێژەیەكی نامەعقولی كێشاوە و لەوەتـی بەبیرمـان دێـت هەر لەقۆنـاغی ئینتاقلیـدا ژیـاوین، كەسـیش نازانێـت لە چـیەوەو وەبەرەو چـی دەڕۆیـن، لەبەر ئەوەی مەنـزومەی بەهاوئاكـار گۆڕانی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینیوە و ئێمەش جارێ هەر لەسەر بنەمای جاران لێی دەخورپین!

زمان و كەلتور و خاك و دامودەزگاكـانی وەك بوونیـادگەر نوێنەرایەتی چینێكی تایبەت ناكەن و وەك سەرخانی كۆمەڵگا Base and Super Structure هەروەهـا مـامەڵە لەگەڵ واقعی رۆژیشـدا نـاكەن، وەكچـۆن دامودەزگا ماددیەكـانی وەك داهـات و داهـاتی نیشـتیمانی و ئـابووریەكەی نـوێنەرایەتی ژێرخانی كۆمەڵگا ناكەن.

دەوڵەت بنـاغەی هەمـوو بیرۆكەیەكـی تـرەو بـۆ ئەوەی نەكەوینـە هەمـان هەڵەی حـزبە كۆمۆنیسـتەكانی كوردسـتان و عێـراق، دەبـێ مـافی ئەوە بەخۆمـان نەدەیـن تەنانەت باسـی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ململانێی چینایەتیش بکەین چونکە ئابووری و سیاسەت و کەلتوور بە دروستبوونی دەوڵەتەوە گرێدراون، ئەگەر دەوڵەتمان نەبێت، ناتوانین لەو قوناغە دەربازببین، بە بەدەوڵەتبوونمان ململانێی چینەکان دەستپێدەکات و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان رێکدەخرێن چونکە دەوڵەت رەنگدانەوەی ئەو پرنسیپانەیەو تەنها بەو دەتوانین شێواز و قەبارەی کەفاڵی خۆمان بەشێوەیەکی مۆدێرن دیاریبکەین و جێگایەکی تایبەت بۆ مۆرکی کوردی بدۆزینەوە لەناو نەخشەی جیهانی بەبێ ئەوەی شەرم دامانگرێت.

نەك دەسەڵاتمان سەقەتە، بەڵکو سیستمی دامەزرێنەری بەرێوەبردنی دەسەڵاتمان سەقەتە، ئەگەر دەستوریشمان هەبێت هەر بەسەقەتی دەبێت چونکە ناتوانین دستورێك بنووسینەوە لەگەڵ دستوری عێراق تێکنەکاتەوە لەبەر ئەوەی دستوری عێراق پێشی ئەو نووسراوەتەوە هەر یاسایەکی لەگەڵی تێکنەکاتەوە بەهیچ ناچێت! ئەو دەستورەی عێراق کە بە شەپرزەیی و پەلەپەل وفشاری ئەمریکا نووسراوەتەوە دژی خۆی قەبووڵ ناکات، لەکاتێکدا ویستەکانمان دژی ئەودەستوری عێراقن و ناتوانین و لەدەستیشماندا نیە گۆڕانکاری تێدا بکەین.

ئەی باشە ئێمە چۆن بەرێوە دەچین؟ ئەو پرسیارە رۆژانە لەخۆمان دەکەین ولەسەر چ بنەمایەکی فقهی یاسا رۆژانە کارەکانمان ئەنجامدەدەین؟ بۆ زانینی وڵامی ئەو پرسیارە دەبێ چاوێك بە یاسای حوکمی زاتی زەمانی بەعس دا بخشێنینەوە کە کاتی خۆی کۆمەڵێك مێشکی گەورە و فەقیهەکانی یاسا لەعێراق بۆ چەند مەرامێکی تایبەت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

وداخراو دایانڕژتبوو و مەودای هەڵکشان و بەرەوپێشەوەبردنی تێدا نەبووە، ئێستاش ئێمە هەر لەسەر ئەو دەستورە دەڕۆین جگە لە چەند گۆڕانکاریەکی بچوك نەبێت، هەر هەمان یاساییە، بۆیەش سەرکردایەتیمان توشی گێژاو دەبێت و بەدەیان قەیرانی خنکێنەری لێ دروست دەبێت نەدەتوانین خۆمان بچوککەین وبکەوینە ناو قاڵبەکەی و نەش دەتوانین یەکی تر بنووسینەوە، بۆیە بەبچوکترین قەیران چاومان زەقدەبێت وهەست بەخنکان دەکەین.

کۆتایی: ئەگەر خۆمان هەست بە سەربەخۆیی نەکەین و هەنگاوی بۆ نەهاوێژین، کەس بەخۆڕایی نالێ وەرن ببنە دەوڵەت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# کورد چەتەی نێودەوڵەتی نیە

ڕووداو ژ(326) لە 15.09.2014

هەشت ساڵ لەمەوبەر کاتی تازە ئومێدمان بەوە هەبوو عێراقێکی ڕوخاو بکەینەوە وڵاتێك بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە تێیدا بژین، من هەوارم لێ هەستابوو کە ئێمە ناتوانین لەگەڵ عەرەب لەیەك وڵاتدا بژین، تەنانەت لەدوو دەوڵەتی تەنیشت یەکیش هەر هەرزیانە، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەر باشترە لەوەی لەیەك وڵاتدا بژین.

سەرکردایەتی حزبە کوردیەکان لەبەر نەبوونی ئەلتەرناتیفی تر پێیان خۆشبوو لەگەڵ عەرەب جارێکی تر چانسە رەشەکەی خۆیان تاقیبکەنەوە کە هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر مینتاڵیتی عەرەبدا نەهاتووە نەك لە 2008 ەوە بەڵکو ئەوە 1400 ساڵە هەمان ڕەبابە دەژەنن.

سەرکردایەتی حزبە کوردستانیەکان موراهەنەیەکی دوراویان لەسەر بەسیاسیکردنی کێشەی کورد دەکردو هەمیشە گوتوویانە: هیچ گرفتمان لەگەڵ میللەتانی عێراق نیە وهەموومان براین! بەڵکو گرفتمان لەگەڵ دەسەلاتە!

منیش هەمیشە پێموابووە کە گرفتمان لەعێراق نەتەوەیی رەگەزیە وهیچ هێڵێکی سیاسی تێدا نادۆزرێتەوە چونکە جۆرەها حکومەت هاتن و رۆیشتن و گرفتی کوردی هەروەکو خۆی مایەوە وهەر سەرۆکێکی دێت لەوەی پێشی خۆی خرابتر دەکات، هەر ئەوەندەیە هەتا جێی پێی خۆی قایم دەکات ئینجا لەدەوری کورد دەسوڕێتەوە وهەمان سیناریو دوبارە و دەبارە دەبێتەوە نە ئێمە ماندو دەبین و نە واز دەهێنین و نەدەهێڵن ئەوانیش ئیستراحەت کەن.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

له زەمـــانی مەلیـــك دەمـــانگۆت: موشـــكیلەمان لەگەڵ میللەتـانی عێـراق نـیە تەنهـا مەلەكـیەت نەمینێـت هەمـوو گرفتەكانمـان چـارەدەبن و بەدوای دۆڵژەنـی بلـۆكی سۆسـیال كەوتـین و عبـد الكـریم بە تانـك وتـۆپ قەسـری ریحـابی داگیركـرد و كەلتـوری كودەتـای لەعێـراق دروسـتكرد. 'عبـد الكریم' بوو بە رزگاركەر و لەسەرەتاوە نیشانی دا لەگەڵ كـورد باشدەبێت هەتاكو توانی شوێن پێـی خـۆی بـدۆزێتەوە، دەسـتی بە لێدانی كورد كردەوە، دەسـتمان بەدوعـا كـردەوە بـۆ ئەوەی بڕوات چونكە نكۆڵی لە مافەكانی ئێمە كـرد، عبـد الرحمـان و عبدالسـلام عـارف و أحمـد حەسـەن بەكـر، بەهەموویـان رازی نەبـووین هەتـاكو سـەددام هـات و قێزەوەنتـرین كارەسـاتی سەدەی بەسەرمان هێنا ئینجا، دەستمان بەدوعا كـردەوە تەنهـا سەددام بڕوات، هەر كێ دێت بابێـت .. رۆژهـات و رۆژ چـوو و حوكمی عێراق گـۆڕا و عەلاوی هـات هەرهەمـان شـتمان گـوت، جەعـفەری هـات هەرهەمـان شـتمان گـوت هەتـا مـالیكی هـات، دەسـتمان بە كـامپەینی دژی مـالیكی كـرد تـا ئەویشـمان لادا وعەبادیمان هێنا. هەردەڵێین با ئەو كـابرایە بگۆڕێـت هەركـێ بێت لەو باشترە، بەلام هەر كێ دووای ئەو هـات لەوەی پێشـی خۆی خراپتر بووە.

ئەی كەی فێردەبین؟

كەی دەزانین كە لەعێراقدا گرفتمـان لەگەڵ میللەتەكـانە نەك حكومەت یان حزبی سیاسی، دەبێ چارەی كێشـەی كـوردی لەعێـــراق لەســـەر بنەمـــایەكی قەومـــی رەگەزی بكرێـــت نەك سیاسی و ئەگەر سەركردایەتی كورد بەتەمای ئەوەبێت گرفتـی داعش كۆتایی پێبێنێت ئینجا ریفراندوم بكات ئەوە لەئێسـتاوە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

من دەڵێم داعش وا زوو تەواو نابێت و ئەگەر تەواویش بوو عیراق و تورکیامان تێبەردەدەن وناهێڵن ئەو کارە ئەنجامبدەین.

دوێنێ حەنان فەتلاوی و ئەوڕۆ هادی العامری عەبادی وسبەی دەیانی وەکو ئەوان هەتا لەناو عێراقدا بژین حاڵمان لەوەباشتر نابێت.

پێویستە کورد دەست بەجێ بە جیهان بڵێت: زۆر سوپاس بۆ ئەو بڕواکردنەی کە بەهێزی پێشمەرگە هەیەو زۆر سوپاس بۆ هاریکاری لەشکەری، بەڵام ئێمە چەتەی کەس نین و چیتر لەدەرەوەی خاکی کوردستان شەڕناکەین. ئەگەریش بیکەین وخوێنی کوڕانی کوردستان بڕێژین تەنها لەسەر خاکی خۆمان دەبێت یانیش بەمەرج و زەمانەتی نێودەوڵەتی ڕەسمی کە جارێکی تر فشارمان بۆ نەبەن بمانگەڕێننەوە مەرزی 2004 وشوێنە کوردستانیەکانمان لێوەردەگرنەوە بۆ ئەوەی سوننە رازی بکەن.

داعش ڕووی جەنگی لەئەمریکا کرد بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی و سەرکەوتنی تێدا هێنا، چونکە ئەمریکا تواني تەحالوفەکی نوێ لەدەوری گرفتە نوێیەکەی دروستبکات و دەوڵتی تر تێوەبگلێنێ، بەڵام ئێمە سوودمان دەبێتە چی؟ جیهان هەمووی چاوی لەپێشمەرگەیە و سەرمان پفەدەدەن بۆ ئەوەی شەڕەکەیان بۆ بکەین وخۆیان بەرامبەر گەورەترین تاوانی چاخی 21 بێدەنگبن! زیاتر لە٥٠٠ ژنی کورد لەبەرچاویان رفێندران و لەبازاڕی بەندە فرۆشران، ئێمە سوودمان چیە لەوەی جەنگەکە لەجیاتی ئەوان بکەین بۆ ئەوەی کوڕەکانی خۆیان نەکوژرێن، تەنها

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەوەیە بەچەتەی نێودەوڵەتیمان ناودەبەن و تا ئێستا یەك سووكە وەعدیش نیە كە تەنانەت ناوچە دابڕاوەكانیشمان بدەنەوە، بەشداریشمان لەحكومەت بەوشێوە لاوازە كێشەكە باشتر ناكات ئەگەر چی سەركردایەتی كورد سێ مانگی دانابێت بەلام ئەوان رەزامەندییان پێشاننەداوە نە بۆ سێ مانك ونەبو سێ ساڵ.

كۆتایی: با كوڕی خۆمان چیدی بەقوربانی كوڕی خەڵك نەكەین لەپێناو چەند موشەكێكی دژە تانك یان فرۆشتنی نەفت و مووچەی بەغدا.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## هەڵسەنگاندنێك بۆ هەنگاوەكانی بەدەوڵەتبوون

2013 بڵاونەبۆتەوە

چەمكی دەوڵەت تەنها دیاریكردنی سنور و ئاڵا و میللەت نیە بەقەد ئەوەی كۆمەڵە بەرژەوەندیەكی چینی باڵادەستە بە تێكهەڵكێشراوی لەگەڵ كۆمەڵێك دابوونەریت و كەلتور و بەها و ئاكار، كە بەیەكەوە بۆ فورمۆلەدەكرنی بیرۆكەی دەوڵەت بنەما وبناغەی ئابووری چینی دەسەلاتدار دەپارێزێت؛ بۆیەوش بەهەڵە ناچین ئەگەر سەیری پێشكەوتنی كۆمەڵگاكان بكەین وچۆن و بەچ قوناغێك تێپەڕبوون كە لە مەشاعیەتی سەرەتایەوە دەستپێدەكات و دواتر كۆمەڵگا كشتوكاڵیەكان ودروستبوونی فیوداڵ و بەندەو دواتر شۆڕشی پیشەسازی ودروستبوونی بۆرژوا كە درێژەپێدانی قۆناغەكانی چەوساندنبووە بەڵام بە شێوازێكی تر، یانیش مۆدێرنەكردنی فیودالیزمبووە كە پەیوەندی بەخاك و كشتوكاڵ هەبووە، لەزۆر بۆچوونیش سەركەوتنێكی مرۆڤایەتی گەورەبوو بەسەر فیوداڵیزمدا چونكە بوو بەمایەی دروستبوونی شار یان پێچەوانەی، بەڵام بۆرژوا چینی كرێكاری چەوساوەی دروستكردو دواتر سەرمایەدار دووبارە هەڤسەری بەندایەتییەكی نوێی خستە ملی كرێكارو زەمینەی بۆ شۆڕشی سۆشیال دروستكرد كە بەتێكرا خۆی لە جاڕدانی كۆمونیست دەرخست و خۆی بۆ شۆڕشی كۆمیونیزم ئامادەكرد، كە بەڕای ماركس دیرۆك لەوێ كۆتاییدێت و ژێردستی و چاوچنۆكی نامینێت و كۆمەڵگایەكی یەكسان دروستدەبێت بەفاكتەری سەرمایە و دوبارە دابەشكردنەوەی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئێمەی کورد لەبەر بارە نائاسایەکەی رۆژهەلاتــی نـاڤین و ململانێــی هەردوو جەمســەر و جەنگــی ســارد لەنــاو قۆنــاغی فیودالیزمـــدا چەقـــین و نەمـــانتوانی بە تەندروســتی لێــی دەربــازببین و شــار دروســتکەین بــۆ ئەوی بــۆرژوا ســەرمایە دروســتکات، هــزری فیــودالێزم لەلامـان چەسپا تـا ڕاددەیەك ئێستاش لەگەڵدابی هەر باچاویلکەی ئاغا و جوتیار دونیـای پێشــکەوتوو دەبینــین، ئەوەی ئێســتاش لەکوردســتان زۆر بە ئاشکرایی بەدیدەکرێت هەمان رەفتاری فیودالْ و ئاغـایە بەلام بەجل و کەلوپەلی بۆرژوا ئەنجامدەدەین.

مەسئولەکان کوڕەکـانی خۆیـان ئامـادەدەکەن بـۆ ئەویە جێگایان بگـرنەوە چـونکە ئێسـتاش پـلەی حکـومی وحزبـی بە خەلات تێـدەگەن و وادەزانـن بەو پلەوپـایەیە خەلاتکـراون چــونکە خەباتیــان کــردووە وموخلســی ســەرکردەکەبوون، ئەو حالەتانە تەنها لەناو چینـی فیـودالْ وجوتیـار ئەنجامـدەدرێت نەك لەناو حزبی سیاسی کە لە لەپەیڕەوو پرۆگـرام باشـترین ئینشـایان نووسـیووە خۆیـان بە مـۆدێرن پێشـاندەدەن. ئەوەی کوردسـتان دەتـوانم بەبـێ دودلـێ نـاوی فیـودالێزمی سیاســی لێبنــێم، چــونکە هەمــوو خەســلەتەکانی فیودالیــان لەســەر دەچەسپێ، ئاغا هەموو شتەکان دەبات و خەلاتکردن لەدەست ئەوەو تەنهـــا بەوانە دەبەخشـــێ کە خـــۆی لێیـــان رازیە وحزبەکـانیش بەهەمـان ریـتم دەجـولێنەوە وتەنهـا نەفەری خۆیان مافی وەرگرتنی خەلاتی بوون بە هاولاتیان هەیە.

من قەد لەوکەسانە نەبـووم کە پێمخۆشـبووبێت بـۆ یەك رۆژیــش جــاڕدانی دەولەت دووابخــرێ، بەلام ئــێمە خۆمـان ئیشـــمان بـــۆی نەکـــردووەو بەورێگایەشـــدا نـــارۆین کە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەمـــانگەیەنێتە جـــارِدانی دەوڵەت، چـــونکەن بەر لە جـــارِدانی دەوڵەت دەبـــێ حـــزبە سیاســـیەکان بەو قەنـــاعەتە بـــگەن کە دەبـــێ؛ یـــان فـــۆرمی خۆیـــان بەتەواوەتـــی بگـــۆرِن و هەیکەلـــی رێکخســـتن ودامودەزگاکـــانی حزبیـــی خۆیـــان لەنـــاو دامودەزگـــای نوێی حکومەت بتوێننەوە، یانیش لەناو دەچن و ناتوانن لەگەڵ وەرچەرخـــان وپێشـــکەوتنی بـــاری سیاســـی هەتاهەتـــایە بـــرِۆن بەبـــێ ئەوی زیـــان بە بزاڤـــی رزگـــاریخوازی میللەتـــی کـــورد بگەیەنن.

دەوڵەت جـــگە لە پشـــتگیری ئەمریکـــا و زلهێزەکـــان کەڵەکەبـــوونی فشـــاری دەوێ و دەبـــێ کـــاری ســـایکۆلۆجی و ئـــابووری و سیاســـی و دامودەزگـــایی ولەشـــکری بۆبکرێـــت، بەڵام بەئاشـــکرا دەبینـــین کە لەرِووی ســـایکۆلۆجیەوە مـــیللەت ســـەری لێشێوێندراوەو نازانێت عێـــراقیە یـــان کوردســـتانی، ئـــابووری بـــۆ دەوڵەت ئامادەنەکراوە جگە لەدروســـتکردنی تـــوێژێکی کەم لە ملیـــۆنێر و ملیـــاردێرکە دەســـتیان لەنـــاو جـــونگەی هەمـــوو بزنزەکانی کوردستان دایە، لەرِووی سیاسیشەوە هێشتا پـــارتی و یەکیەتی دوو حکومەتی جیاواز بەرِێوەدەبەن و دوو لەشـــکری جیاواز و دوو ئاسایش و دوو دەزگای هەواڵگری ودوو وەزارەتـــی دارایـــی هەیە. جـــگە لەو هەشـــت فیـــرقەی کە بەنـــاوی یەکگـــرتنەوە دروســـتبوون هێشـــتا لەشـــکرەکە بەشـــێوەی پێشمەرگایەتی وخەباتی شاخ کاردەکات ودەجەنگێت لەکاتێکـــدا جەنگی لەشکری نیزامی جیـــاوازی زۆری لەگەڵ میلیشـــیا هەیە. ئەگەر لەکـــاتی خەبـــاتی شـــاخ پێشـــمەرگە میلیشـــیایەکی ســـەرکەوتوو بـــووە ئەوا بـــێ گومـــان بـــۆ دروســـتبوونی دەوڵەت دەستنادات و دەبێ بەتێکرِایی بناغەو هەیکەلەکەی بگۆرِدرێ.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەگەر فەرمانەکەی فەرماندەی گشتی لەشکری کوردستان نەبا کە نابێ ئالای حیزبەکان هەڵکەن لەجەنگی داعش، ئێستاش ئالای کەسك و زەردیان لەسەر تانك و تۆپەکان هەڵدەگرت، کە عەیب و شورەیەکی زۆر گەورەیە و یەپەکە و پەکەکە تائێستاش جەنگی داعش دەکەن و ئالای کوردستان هەڵناکەن بەڵکو تەنها ئالای حیزبەکەیان دیارە.

دەبێ حکومەتی کوردستان و فەرماندەی گشتی لەشکری کوردستان دەستەبجێ دوو سێ فرقەی رەسمی دروستکەن بۆ شەرڤان و گەریلاکانی پارچەکانی تری کوردستان و بەرەسمی مافی پێشمەرگەیان بۆ ببرێتەوە ودەرگای خۆبەخشی لەژێر ئەمری وەزارەتی پێشمەرگە بکرێتەوەو دائیرەی تەجنید بەرەسمی بکاتەوە بۆ ئەوەی هەرگەنجێکی ئەو وڵاتە بەکورد و تورکمان وعەرەب و ئاشووری هەموو پێکهاتەکان وەکهەڤ کورەکانی خۆیان بۆ بەرگریی وڵات بنێرنە خزمەتی لەشکری، با شەش مانگبێت یان ساڵێك بێت بەڵام بەیەکسانی هەموویان خزمەتبکەن لە منداڵەکانی سەرکردەو مەسئولەکان تاوەکو مرۆڤی بێلایەن وخەڵکی رووت و هەژار. ئەوە کەڵەکەبوونی فشار و پەیداکردنی مەرجی دەوڵەتە نەك بەتەمای ئەمریکا بین بۆ ئەوەی پێمان بڵێ برۆن داوای دەوڵەت بکەن دەتاندەینێ!

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## کوردو دەنگدان

لەم رۆژانە پرسیارێکی زۆر باو لەهەموو مەجلیسەکان دەبیسترێت، هەرچەندە وڵامەکە زۆر بەجیاوازی دەبیسترێت، بەڵام کۆدەنگ لەسەر گرنگی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن زاڵە.

وڵامەکان زۆر سەیرن، بگرە لەوەی کە دەڵێ هەرناچمە هەڵبژاردن لەبەر ئەوەی پەرلەمانەکە ئیفلیجە و هیچی پێناکرێ، هیچی لەدەستنیە وئەوەی دەڵێ: هەر پارتیەو کەسیترنا وئەوەی دەڵێت: بەخوا هیچیان بۆ نەکردووم دەنگیان نادەمێ، وئەوەی دەڵێت: دەبێ سیستمەکە بگۆڕدرێت دەبێ دەنگ بەگۆڕان بدەم.

ئەوانەی دەڵێن: دەبێ سیستمەکە بگۆڕدرێت بەڕای من تەنها بێزاریە و نازانێت چ جۆرە گۆڕانێك ڕوودەدات ئەوەش بۆچوونێکی زۆر سادە وساکارە، چونکە هەمیشە گوێمان لێبووە: با مەلەکی بڕوات هەرکێ دێ بابێ. با عبدالسلام عارف بگۆڕێت و عبدالکریم و ئەحمەدحەسەن بەکر کێ دێ بابێت، لەئەنجامدا سەدام هات و ڕووی عێراقی هەتا هەتایە گۆڕی کە جارێکی تر وەکوخۆی لێنایەتەوە، هەر ئەوانەشبوون بۆ ئەیاد عەلاوی و جەعفەری وایان دەگوت هەتاکو مالیکی هات، ئێستاش دەیانەوێ لەچوارچێوەی هەمان هزری ساکارەوە لەکوردستان بیربکەنەوە، ئەوانەن کە بەبۆچونی من ویژدانی خۆیان بەکار ناهێنن بەڵام دەنگیش دەدەن و دەبینی لەئەنجامی نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی ودەرهاویژتەی خڵتی کەسایەتی نەخۆش و ناخی روخاو یەکێتیە وخوێنی سەوزە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەلاّم دەنگ بە گۆڕان دەدات یان کۆمۆنیستە و دەنگ بەئیسلامی دەدات یان پارتیە و دەنگ بە یەکگرتوودەدات؛ بەلاّم لەسەرەوە وا نیشاننادات لەبەر کۆمەلیّك بەرژەوەندی خیّلّەکی و وەزیفی و ... هتد

هەرچەندە دەنگدان مافیّکی کەسایەتی بیّگەردەو کەس بۆی نیە تەنانەت ئەوپرسیارەشت لیّبکات، ئەوەی دەلّیّ دەنگ بەفلان وبەفلان دەدەم هەمووی گۆڕانکاری بەسەردا دیّت و دەنگدەر نابیّتە مالّ بۆکەس، چونکە لەوانەیە کاتی دەچیّتە ناو بنکەی دەنگدان ڕای بگۆڕیّت، تەنانەت کە دەچیّتە ناو بۆکسی دەنگدانەکەش ئیحتیمالی گۆڕینی تری هەیە، هیچیّ مسۆگەر نیە بۆ کەس.

هەرچەندە لە خەلّکی ئاسایی و سادەش ناشاردریّتەوە کە گۆڕان لەماوەیەکی زۆر کورتدا هەنگاوی زۆری بڕی وگەیشتە ئەو ڕادەی ململانیّی لەگەلّ پارتی بکات، کەلتوریّکی دیّرینی خەباتی هەیەو حزبیّکی بنەڕەتییە لەپرۆسەی سیاسیدا، جگە لە سەرکردایەتیەکی کارامە ومۆتك کە توانای خویّندنەوەی تەرازوی هیّزی ئیقلیمی و جیهانی هەیە، کە گۆڕان بەسیّچوار سالّ بتوانیّت ململانیّی لەگەلّ بکات یان ببیّتە مەترسی لەسەر مانەوەی یەکیّتی بەو زەبەلاحی و خەبات و دیرۆکە دیّرینەوە، ئەوە کاریّکی بیّ ویّنەیە لەکوردستان، و گازیەکی وەئاگاهیّنانە بۆ ئەو هەردوو حزبە دیّرینە کە بەوودوایە تەنها لە کونی دریّژایی خەبات و ژمارەی چەکدار و شەهید دونیایان دەدیت و نەیانتوانی ئەودیدە شۆڕشگیّرانە لەناو سیستمی مەدەنی و دەولّەتی موئەسەساتدا بەشیّوەیەکی دادپەروەرانە بتاویّننەوە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەو سەرکەوتنانەی گۆڕان، نیشانەی خەلەلێکی مەزنە لەناو هزر و دامودەزگاو ڕێکخستنەکانی ئەو هەردوو حزبەدا، خەڵك جاران بەخوێن بوویانی مۆرکردبوو کە نوێنەرایەتی ئیرادەی میللەتی کورد بکەن، لێرەشدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کە پارتی لە یەکیەتی جودادەکاتەوە ئەگەرچی پروشکی قوتدانی یەکێتی لەلایەن گۆڕانەوە بەر پارتیش دەکەوێت و وای لێدەکات بە زۆر شتیی خۆیدا بچێتەوە، هەرچەندە پارتی جارێ ئەوهێزەنیە بەکەس قوتبدرێت یان هەڕەشەی لێبکرێت لەبەر دوو هۆی زۆر بنەڕەتی، یەکەمیان: پارتی تەنها زامنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمە و هیچ دژمنێك ناتوانێ بەئاسانی پارتی وبنەماڵەی بارزان پشتگوێبخات لەبەر کەلتوری خەبات و پێگەی سیاسیی ناوەوەو دەرەوە، لەهەموو پێگەیەك حیسابی بۆدەکرێت و سەنگێکی سیاسیی لەپرۆسەی رزگاری یەکجارەکی کورددا هەیە، کە هیچ حزبێکی تر لەداهاتووی نێزیکیشدا ناتوانێت ئەوە بەدەست بێنێت، بۆیە زۆر بەگرنگی دەبینم جارێکی دی یەکێتی و پارتی پەیمانە ستراتیجییەکە ئەکتیڤکەنەوەو بەئاسانی نەکەونە ژێر فشاری گۆڕان و حزبەکانی تر، چونکە هەتا نەبینە دەوڵەت پارتی و یەکێتی تەنها شەریکی پرۆسەی ئاڤاکردنی ئەو وڵاتەن و تەنها ئەوان دەتوانن بەتەواوەتی پێکبێن، چونکە هەردوکییان بەشەرعییەتی شۆڕش حوکمدەکەن و مەسەلەی دەنگدانەکە بەڕای من تەنها خۆپێشاندانێکە ئەگەرنا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئێستاش لەهەموو دامودەزگای حکومی وپەڕلەمانی بەهێزترە، یەکێتی وپارتی ئەگەر لە پرۆسەی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

سیاسیش ناکۆکییان هەبێت، ئەوە لەبزنز و کـارکردنی کۆمپانیـا شەریکی ستراتیجین و ئەوبەرژەوەندییانە دەپارێزن.

دووەمیشـیان: گـۆڕان و حیـزبە ئیسـلامیەکان جێگـای بڕواپێکردن ومتمانە نین، لەبەر ئەوەی هیچ جارێـك لەحـوکم نەبـوون و کەسـێك نازانێـت ئەگەر بەسـەر پـایەی دەسـەلاَت بـکەون چـدەکەن و چـی دەقەومێـت! ئەوە هەمومـان توانـای خوێندنەوەی رەفتارەکانی یەکیەتـی وپارتیمـان هەیەو دەزانـین لەکـاتی تەنگـانە چـدەکەن وچـۆن بیـردەکەنەوە و چیـان لەهـاولاَتی دەوێـت و هەنگـاوی داهاتوویـان چیـدەبێت! بەلاَم کەس نازانێت کە حزبەکانی تر لەدەسـەلاَتبن و خۆپێشـاندانی خەڵك دەستپێبکات و ببێتە گەف وهەڕەشـە بـۆ سـەر هەرێـم، گـۆڕان وئیسـلامیەکان چـۆن رەفتـاردەکەن. بـۆیە هیـوادارم کە تاك لەکوردستان دەنگدەدات، ئەو شتانە رەچاو بکات و بزانێـت دەنگنەدان بە پارتی و یەکێتی و لاوازکردنییـان، کـارتێکردنێکی نەرێنی لەسەر هێزو سەنگی کـورد دەکـات لەبەغـداو تەنـانەت لە نـاوچە دابڕاوەکـانیش، ئەوەی پـارتی لەدەڤەری خـۆی لەتوانایـدایە لەڕوی عەسـکەری وهەوالگـری بیکـات، گـۆڕان و ئیسـلامیەکان بەهەمـوو هێـز وتوانایـانەوە نـاتوانن تەنـانەت وەکوخۆشی رایگرن، نەك باشتری بکەن.

کۆتایی:ئەگەر لە باری ئێستات بێـزاری، ئاگـات لێبێـت لە ئاگرەوە خۆت فڕێ مەدە ناو دۆزەخ.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## دەسەڵاتمان چ جۆرە تاکێکی دروستکردووە؟

نەهێزی دیجلە و نە مالیکی ونە داعش، نە دەیانی وەکو ئەوان دەتوانن کوردستان تێکدەن، کەسانی زۆر لەوان بەهێزتر هەوڵی بێوچانیان داوە، بەڵام میللەتی کورد و کوردستانیش تەنها بەهێزتری لێهاتووە، ئەوانە هیچیان جێی مەترسی نین تەنانەت تورکیا وئیرانیش، ئەوەی جێگای ترسە تەنها خودپەرستی وئەزینیی (الأنانية) Ego_centric تاکەکانی ناو ئەو کوردستانەیە، ئەو تاکانەی هەست بە بەرپرسیەتی ناکەن و تەڤلیبوونیان نیەو وابەستەگی ئەو خاك ونیشتیمانە نین، ئەوانە جێگای مەترسین، ئەوانە بەئاسانی دەتوانن کوردستان تێکدەن، ئەو تاکانە دەشێ مەسئول بن و دەشێ ئۆپۆزیسیۆنبن، لەوانەیە دەوڵەمەند بن ولەوانەیە شوفیری تاکسی بن، یان بێکاربن، چینێك وتوێژێکی تایبەتیان نیە، بەڵام خاڵی نامۆبوون بەیەکەوە دەیانبەستێتەوەو ئەو هەستەیان لادروستدەکات کە دەیانەوێ تۆڵە لە سیستم و وڵات و تاکەکانی تریش وەرگرن، کە رۆژانێك ئەوانەبوون بە هۆی نەبوونی وپەژارەیی ونزمبوونی کۆمەلایەتیان.

تاکی هۆشیارو ڕۆشەنبیر بەشێکی گرنگە لەو هاوسەنگەدا، ناسینی ڕۆشەنبیریش زۆر ئالۆزە، چونکە کەس ناتوانێت بزانێت ئایا تاکی هووشیار ڕۆشەنبیرە یان ڕۆشەنبیر تاکی هۆشیارە؟ بۆیەش هەمیشە پەیوەندی ڕۆشەنبیرو دەستەلات هاوکێشەیەکی ئالۆزە، سەرەداوەکانی دەگەڕێنەوە بناغەی چۆنیەتی دروستبوونی دەسەڵات، شێوازی کەلتوور، دابوونەریت، مینتاڵیتی میللەت و نەتەوەکە بەگشتی، لەلایەك

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

و لەلایەکەیترەوە رۆشەنبیریی و هۆشیاری تاکەکان. بۆیەش وەکو پێوەر زۆرجار لەبەردەم تەرازوی هەڵسەنگاندی ئەوجۆرە هاوکێشانە سەرسام دەبین و پرسیار دروست دەبێت؛ جاری رۆشەنبیر کێیە؟ وبە چ پێوەرێك دەیپیڤین؟ ئەوەش دەمانخاتە ناو ئالۆزیەکی تری بێ وڵام، ئایا خوێندەوار رۆشەنبیرە؟ یان مەرج نیە، خاوەن بڕوانامە؟ یانیش هاوڵاتی صالح، خێرخوازو سەرڕاست و گوێڕایەل، ئەوەی بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەرێیە و ئەرك پێیسپاردەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێنێ، بەبێ ئەوەی چاوی لە پاداشت و بەرژەوەندی کەسایەتی بێت، تەنها ئەرکەکانی وەکو هاوڵاتیەك ئەنجامدەدات. ئایا هاوڵاتی هۆشیار ئەوکەسەیە کە پلەی خوێندنی بەرزی بەدەست هێناوەو خوێندەواری چاکە و زۆر کتێبی خوێندووە یان نووسەرە؟ یان کەسێکە قات و کەراڤێت لەبەردەکات و بەناخێکی دارماوو کەسایەتیەکی ڕوخاو رەفتار لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەکات و بڕوای بە تەڤنی کۆمەڵایەتی نەماوە؛ نەك تەنها ئەوەش، بەڵکو بڕوای بەتێکڕای بهەڤڕاژیان نیە و کەسێکی نامۆیە لەسیستم و تەنها ماڵ و کارو تایبەتمەندییەکانی بە پلەی یەکەم دێن، مرۆڤێکی هەڵپەرست و بێقیمەت و روخاوە، ئایا ئەو ڕۆشەنبیرتر وسەرڕاستترە یانیش کەسانێك کە عارەبانەی شێلم لە کۆڵانەکان دەگێری بەڵام کە شەو تەواو دەبێ گلێش (زبڵ) ی خۆی فڕەناداتە سەرجادە و ئەگەر پێی بکرێ یارمەتی نەبوو وهەژاریش دەدات و منداڵی خۆی لەسەر ڕەوشتێکی وڵاتپەروەری ونەتەوەپارێزی ومرۆڤدۆستی مەزندەکات، هەستی نیشتیمانی وئینسانی لای بەهێزە، بەڵام قاتی لەبەرنیە و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئوتـــومبێلی نـــوێ لێنـــاخورێ و لاپتـــۆپی پێنـــیه و ناشـــزانێ ئینتەرنێـــت بەکـــاربینی، تەنهـــا وەك هـــاوڵاتی ئەرکەکـــانی ئەنجامـدەدات، ئەگەر مەترسـیەك لەسـەر وڵات و نەتەوەکەی هەبێت خۆی بۆ ئامادەدەکـات و گەڕەك و شـارەکەی بە وڵاتـی خۆی دەزانێت، درۆ ناکات، قۆڵی کەس نابڕیـت، خێـری کەسـانی تری دەوێ وەك خێری خۆی و خێزانی.

دەسەڵاتمان بۆ مـاوەی شێسـت سـاڵ نەیتوانیـوە ئەوجـۆرە مرۆڤە دروست بکات بەڵکـو بـۆتە مـایەی دروسـتبوونی مرۆڤـی هەلپەرست و قۆڵبڕو ئیتیکالی، ئەوانەی سـەرچاوەی ئـاو شـێلو دەکەن دووای خـواردنەوە، تەنها خۆیـان بخـۆنەوە گرنـگ نـیە ئەوەی لەدوایان ئاو دەخواتەوە چی بەردەکەوێ.

لەوانەیە بە پێوەرە زانستیەکان هەڵەبێت بڵێین دەسـەڵات تاك دروست دەکـات! بەڵکـو راسـتتر ئەوەیە: تـاك دەسـەڵات دروستدەکات، بەڵام لەکوردستان پێوەرەکـان وا نـین، دەسـەڵات تاك دروست دەکات، لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتـی دوو حزبـی ئاسایی نین کەس نەیانناسـێت و تەنها بە هەڵبـژاردن هـاتبنە سەر پایەی دەسەڵات و چەنـد سـاڵێکی تـر لەکۆڵمـان ببـنەوە، بەڵکو دووحزبی دێرینن، بە خەباتی خۆیان بـوونەتە حیزبـی جەماوەری و جەماوەر بە خوێن بۆیـانی ئیمـزا کـردووە بەر لە سـندوقەکانی دەنگـدان، بـۆیە شـوێنی پیرۆزیـان هەیە لەدڵـی جەمـاوەر، بەپێـی ئەو شـوێنە پیـرۆزە توانـای ئەوەیـان هەیە تـاك دروسـتکەن، بەڵام لەو هەمـوو سـاڵ و خەبـاتە، چ جـۆرە تاکێکیان دروستکردووە؟

مەسـۆولێکی گەلحـۆ و نەزان وکـوێر لەراسـتیەکان، کە ناتوانێ ونازانێ بڵێ نا، جگە لەبەرژەوەنـدییەکانی خـۆی هیچـی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

تر لای گرنگ نیه، کەسێکی هەڵپەرست کە پایەی حزبی و سالانی خەبات و ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی فرۆشتووە، بە ئوتومبێلی نوێ و موساتەحەو مەزرەعە وخانیی چەند نهۆم داوە، خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردنە، بۆیە لایان گرنگنیە ئەگەر هەموو وڵات لەپێناو وەرگرتنی موساتەحەیەك یان قۆنتەراتێکی نهێنی تێکبچێ، بەرتیل دەدات و بەرتیل دەخوات، سیستەمەکە تێکدەدات، تەنانەت لەپێناو بەرژەوەندییێکی تاکە کەسانە ناوی حزبەکەش دزڕێنێ، دەسەڵات لەکوردستان ئەو جۆرە مرۆڤەی دروستکردووە.

بۆیە دەبێ دان بەوەبێنین کە مرۆڤی پیس ناتوانێ ئیشی پاك بکات، هەروەك مرۆڤی گەندەڵ ئاوەدانکردنەوەی پێناکرێت، بۆیە هەمیشە دەڵێم: پاکسازی زۆر گرنگترە لە چاکسازی، مرۆڤی چاك تەنها ئیش و ڕەفتار وکرداری چاکدەکات، ئەگەر مەبەستمانە بارەکە چاك بکەینەوە دەبێ پێشتر مرۆڤی چاك بێنین و هەوڵبدەین بەهەموو شێوەیەك بیانپارێزین بۆ ئەوەی خراپ نەکرێن و ئالودەی گەندەڵی نەبن، نەك چاکەکانیش تێکدەین.

ئەگەر دەسەڵاتەکەمان بە بێ مەبەست ئەوەی کردبێ و لەبەر نەزانین ئەو جۆرە مرۆڤانەی بەرهەمهێنابێت، هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەوە نیە ئەگەر بەمەبەست وای کردبێت، چونکە لەئەنجامدا بووە هۆی دروستبوونی ئەو مرۆڤە بۆرە کە تەوری یەکەمی لەدیواری بەها وئاکار وەشاند و خەریکە بەهەردوو دەست دەیروخێنێت.

بەو بەراوردە ساکارەوە دیاردەکەوێ کە بابەتی خوێندنەوەی تاك یان هاوڵاتی چەند جانجاڵ و بەئازارە،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەگەر بێین و سەیری ڕاگیاندنی حیزبەکان بکەین ئەوانەی بە ئاشکرا ئۆرگانی حیزبن وئەوانەی بەنائاشکرا کە هەموو خەڵك دەزانێ لە حیزبیەکە حیزبی ترن، دەبینین کە گوناهی زۆر گەورە دەرحەق ڕۆشەنبیرو ڕۆشەنبیری و چەمکی بەهاولاتیبوونیان کردووە چونکە نووسەری ئازاد پشتگوێخراوە، یانێش لەتاراوگە کەوتوتە ناو کەڵبەکانی نامۆیی و خەریکی ناپایداکردن و بەخێوکردنی خێزانەکەیتی، یانیش لەکوردستان کەوتووە وکەس ئاوڕی لێنادات و گوڵ بە کڵاوی ناپێوی.

ڕۆشەنبیر دەزگای پیڤانی دەسەلاتە، ئەگەر ویستت لەهەر ولاتیك بزانی دەسەلاتەکە بای چەندە، سەیری ڕۆشەنبیرەکانی بکە، لەسەر پرنسیپی –هەتا دەسەلات گەندەڵتر و تاکرەوترو شمولیتربێت، مرۆڤی خوێرپتر لەخۆی کۆدەکاتەوە- پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی کارە ناشەرعیەکانی دەسەلات بەشەرعی پێشانبدەن و هەڵەکانی دەستەلات بەچەواشەکاری وەکو راستی پێشانی خەڵك بدەن و گەندەڵییەکانی دەسەلات پینەو پەڕۆبکەن، بەرامبەر بەوە دەسەلات پلەی ڕۆشەنبیریان پێدەبەخشێت، کە لە بنەڕەتەوە پلە نیە و کەس ناتوانێت بەکەسی ببەخشی، چونکە ڕۆشەنبیر واتا ئەخلاق و بەها ئاکارو ڕەوەشتی ڕۆژانە ومەوقف لە دیاردەو بوویەرو ڕوداوەکان.

لەناو ئەو گێژاوەدا نەك تەنها میللەت یان ولات زیانی پێدەکەوێت، بەڵکو دەسەلاتیش بەشێکی زۆری ئەوزیانەی بەردەکەوێت، چونکە دوڵچی ناتوانێت بڵێت نا، ناتوانێت زەمیرو ویژدانی بەرامبەر بە ڕوداو بەکاربێنێت، دەسەلات

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەخشــتەدەبات و هەمیشــە ئەوی پێــدەڵێت کە خــۆی دەیەوێ گــوێی لێبێــت نەك راســتیەکە، زۆر جــاریش ئەوەی دەســەڵات دەیەوێ گوێی لێبێت زۆر دووره لە راستی.

لەو هاوکێشـــەیەدا، دەســـەڵات زەرەرمەنـــدی گەورەیە، چونکە چاوە ساغەکانی خۆی کە ڕۆشەنبیرن قەپاتـدەکات یـان کــوێر دەکــات، حەزی لە ڕۆشــەنبیری مــاڵیە کە بــاڵی نــیەو ناتوانێــت لە فەزای ئازادیــدا خــۆی بنوێنێــت یــان تەنهــا بۆیەکجاریش ڕاستی بڵێت، ئەگەر بەدڵی دەستەڵات نەبێت.

دەبـــێ دەســـــەڵات بزانێــــت کە هەڵەکـــان بەوە چارەسەرناکرێن کە کەس باسیان نەکات؛ بەڵکـو دەبـێ بەدوای خەڵکـی وادا بگەڕێـت کە بتـوانن رەخـنە بگـرن وبڵـێن نـا، بـۆ ئەوەی هەڵەکانی خۆی ببینی وچارەیان بۆ بـدۆزێتەوە، چـونکە دەســەڵات، هەر دەســەڵاتێك لەرۆژی بــوونی بەدەســەڵات هەتــا ڕۆژی لاچــونی، ئــیش وکــاری ئەوەیــە چــارە بــۆ هەڵەکــان بــدۆزێتەوە. بــۆیش دەســتەڵاتی ڕاســتەقینەو دادپەروەر لەوە ناترسێت کە خەڵك باسی چەوتی وهەڵەکانیـان دەکـات، بەڵکـو ئەو باسکردنە دەکەن بە کلیل بۆ دۆزینەوەی چاەسەر.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## مێرفی و سەیرستان

ڕووداو ژ (341) لە 05.01.2015

جۆن مێرفی John Murphy لەهاوڕێ نزیکەکانمە، ئوستراليیەكی بەرەگەز ئێرلەندیەو خۆی بەدۆستی نێزیکی کورد دەزانێت، لەبەر هەبوونی خاڵێکی گرنگی هاوبەش لەگەڵ کورد، کە: هەردووکیان لەدەست ئینگلیز بوون بەقوربانی سیاسەتێکی ڕوخێنەرو ترسناك و ولاتی سەربەخۆی لێیان مەحروم کردووە. جۆن مێرفی لەو حەفتەیەدا، بە زانینێکی قوڵەوە لەسەر کوردو دیرۆکییان، لەمنی پرسی: هەستت چیە کە کوردی؟

پرسیارێکی کورتە، بەلاّم زۆر قووڵ و ئاڵۆزە، کتێبی دەوێ بۆ وەلاّمدانەوەی، پێم گوت مەبەستت جیە؟

گوتی: چۆن هەست دەکەی کە کوردی؟ جیاوازیەکەت لەگەڵ میللەتانی تر چیە؟

یەکسەر پێم گوت:جیاوازیمان زۆرە لەگەڵ دەوروبەر، دڵمان ساغە ومیللەتێکی پاکین، هەروەها ئاریایشین، وجیاوازیمان لەگەڵ عەرەب زۆرە لەوانەیە لەگەڵ رەگەزی فارس نزیکتربین بەلاّم هیچمان وەکو ئەوان نیە، ولاّتمان داگیرکراوەو میلەتێکی مەغدوورین قوربانیی دیرۆك وجیوگرافیاین. نەیهێشت تەواوکەم وگوتی: دیرۆکی کورد باشدەزانم مەبەستم ئەوەیە ئێستا کوردبوون چۆنە؟

گوتم: ئێستا وەکدەبینی، لەسایەی ئەو قوربانیانەی هێزی پێشمەرگە، کوردبوون زۆر خۆشە و لەدیرۆکی دوور ونێزیکەوە کورد ئەوەندە سەربڵند نەبووە، جەنگێك دەکەین لەجیاتی هەموو جیهانی پێشکەوتوو و لەپێناو مرۆڤایەتی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

گوتی؛ دڵنیام کورد بە مافی خۆی دگات و دەبێتە دەوڵەت چونکە مافی خۆیەیتی، بۆ فستیڤاڵ ومەراسیمی بەدەوڵەتبـوون بانگهێشتم بکە.

قســەکانم لەگەڵ مێرفــی تەواو بــوون، بەڵام لەنــاو مێشکمدا وەکو دۆڵ ڕمبەی دەهات، بـۆیە منـیش گفتوگـۆیەکەی مێــرفیم بەیەك لایەنە لەمێشــکی خۆمــدا تەواوکــرد، بەوم نەگۆت، بەڵام ئەگەر بە ئێوەی نەڵێم دڵم دەتەقی.

ئەگەر بینیت ونەتتـوانی قسـە بـکەی چـونکە دەنـگەکەت ناگاتە هیچ شـوێنێك و کەس ئامـادە نـیە گوێـت بـۆ ڕابگـری و هەر ئەوەدەکەن کە خۆیان دەیانەوێ بەبێ حیسابکرد بۆ مافی هاوڵاتیبوون، بـزانە لەکوردسـتانی، ئەگەر دیـتـت مـاف و ئەرك تێکەڵبوون و مافەکـانی هـاوڵاتی بـوون بە خەون و ئامـانج بـۆ بەدیهێنایان، بزانە لەکوردستانی، ئەگەر بینیـت سـەرۆکی وڵات بەکوڕو برازاو نزیکەکانەوە لەگەڵ هێزی پێشـمەرگەی تـایبەت چوار مانگە کۆشکی سـەرۆکایەتی بەجێهێشـتووەو لە بەرەکـانی جەنـگەو ونـایەوێ شـوێنە سـتراتیجیەکان بەجێبێڵێـت چـونکە کەسـی وای لــێ نــیە جیگــای متمــانە بێـت نەوەك دووبــارە بیقوچێنن و ئابڕومان ببەن، بزانە لەکوردستانی.

ئەگەر ســـــەرتکرد بە قوتابخـــــانەیەك و بینیـــــت کە کـۆنکریتەکەی شـکاوە و دیوارەکـان ئـاودزەکەن و پۆڵەکـان سۆپەیان تێدا نیە و عـاردەکەی ڕانەخـراوەو سـارد وسـڕە، یـان قوتابیەکان لە هاوین و لەقرچەی گەرما بێ سپلیت دانیشـتوون و زۆری بەڕێـوبەر ڕایەخـراوەو سـپلیتی هەیە و بە کەلـوبەلی گرانبەها ڕازێنـدراوەتەوە، بـزانە لەکوردسـتانی. ئەگەر سـەرت کـرد بەخەسـتەخانەیەك و بینیـت نەخـۆش تەختـی شـکاوەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

چەرچەفەکان پیسن و خواردنەکە خراپەو ئاوی گەرم نیە و ئامێرەکان شکاون، بەڵام زۆری بەڕێوبەرو دکتورەکان بەهەموو پێداویستێکی مودێرن ڕازاونەتەوەو پارەی زەبەلاحی تێدا سەرفکراوە، بزانە لکوردستانی.

ئەگەر بینیت حکومەتێك خرابترین بەنزینی پڕ لە قورقوشم بەسەرخەڵكدا دابەشدەكات و لەئەنجامدا بەسەدان حاڵەتی شێرپەنجەو ئیفلیجی پەیدا دەبێت، ئەوە بزانە لەکوردستانی.

ئەگەر سیستمی ترافیکلایت ببێتە هۆی کوشتنی زیاتر هاولاتی لەوانەی لەجەنگی دژی داعشدا کوژراون، جادەکان بەرەڵلایان پێوەدیاربوو، کەس بەکەس نەبوو لەبەر ئەوەی یاسایەکی هاتووچۆی توکمە نیە و جادەکان تەواو نین و پۆلیسی هاتووچۆ لەکاتی کارکردن خەریکی مۆبایلە، یان وەکو توتی گولەبەرۆژە دەکرۆژی، لەبەر ئەوەی ناوێرێ لەگەڵ خاوەن لاندکرۆزەکان قسەبکات و هەموو هێز و یاسا و توانا و شەرعیەتی هێزی خۆی بەکاردێنی دژی سەرپێچی خاوەن ئوتومبێلی ئاسایی و تاکسی و خەڵكی هەژار، بزانە لەکوردستانی. ئەگەر بینیت ئوتومبێلی پۆلیس و هاتوچۆ گلۆبەکانی سۆر و شینی پێکردووە بۆ پیاسە و بەدوای کەس ناکەوێ بزانە لەکوردستانی.

ئەگەر لەئەنجامی هێنانی دەرمانی ترسناك لەپێناو دەوڵەمەندکردنی چەند کەسێك، خەڵك ئیفلیج وکوێر ببێت، تووشی جۆرەها نەخۆشی ببێت، بزانە لەکوردستانی. ئەگەر گەنج ومنداڵ توشی شێرپەنجەببن و بەتەمەنی کورت بمرن

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەبەر هێنانی کالآی نەناسراو و ترسناك و لەپێناو دەوڵەمەندکردنی چەند کەسێك، بزانە لەکوردستانی.

ئەگەر بینیت بارەگای حزبەکان و بارەگای دەستەلات و حکومەت بە ترلیۆنەها دۆلار لە خۆیان و نەفەرەکانیان سەرفدەکەن و هێشتا خەڵك هەیە کەلاوەشی بەدەستناکەوێت و خەڵك هەیە ناتوانێت منداڵی خۆی بنێرێتە خوێندنگا یان جلێکی نوێی بۆ بکرێت، ئەوە بزانە لەکوردستانی. ئەگەر بینیت میللەتکی هەژار و قانع و رازی بەهەموو مەینەتیەك، بە هەژاری دەژیی و کەسانی تر بەملیۆنەها دۆلار لە قومارخانەکان دەدۆرێنن و هیچ حسابێك بۆ هەژارو ئاوارەناکەن و وەکو کێچ خوێنی ئەو خەڵکە دەمژن، بزانە لەکوردستانی. ئەگەر کۆمەڵێك کەست بینی خەباتی پێشمەرگایەتی و شاخیان لەبازارەکانی دۆلار و بۆرسە فرۆشتووە و ئێستا سەدقات بەرامبەری ئەوەیان وەرگرتووەو کێشەی نەتەوەییان لەبن پێیخۆیان داناوەو ئامادەش نین یەك دڵۆپەخوێن لەپێناو میللەتی خۆیان برێژن وهێشتا لای خەڵك وحزبەکانیان جیگای رێزن، بزانە بۆ میللەتی کورد ئەو کێشەیە چەند گرنگ و موقەدەسە، کە بەرگەی ئەو هەموو نادادیە دەکەن، ئەوە بەدڵنیایەوە بزانە لەکوردستانی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# ڕیالیزم

## وەك چەمكێكی دوو تیغ

ڕووداو ژمارە ژ(21) 25.08.2008

- دەبێ لەبیرمان نەچێتەوە کە ئەکتەری سەرەکی لای ڕیالیستەکان دەوڵەتەو ئێمەش دەوڵەتمان نییە، کاریگەری مەزنی ڕیالیزم لەسەر بنەمای سەروەری و یاسایی دەوڵەت کاردەکات.
- چەمکی ڕیالیزم و ئاکامەکانی لەسەر ئەمڕۆی نەتەوەی کورد

ڕیالیزم بەشێکی گرنگی تیۆری پەیوەندییە جیهانییەکان International Relation پێکدەهێنێت لەبەر ئەوەیە کە بە دیدێکی واقیعیانە گرێیە جیهانییەکان شیدەکاتەوە، نەخاسمە لە ئاستی بوونیدا وەك کۆنسێپتێکی کاریگەرو زیندو لەناو سیستمی پەیوەندیە جیهانییەکاندا؛ چەمکی ڕیالیزم لەسیاسەتدا وەك چەمکێکی پێڤاژ Contradiction بۆ کۆنسێپتی ئایدیالیزم هاتووە، ئایدیالیستەکان یان یۆتۆپیەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی چاوخشاندنێکی دیرۆکیان لەبارەی ئاکامەکانی جەنگەوە هەبوو، پرسیارە گرنگەکەی خوێندنی ڕیالیزم ئەوەبووە:

بۆچی جەنگ لای مرۆڤ بەردەوام کارێکی دووبارەیە؟

ئەوەی باوە کە هەموو جەنگەکان لە ئەنجامی هەڤبەرژەوەندی هەڵدەگیرسێن، ئەو بەرژەوەندیانەی کە زیاتر لە نەتەوەیەك/ دەوڵەتێك بە بەرژەوەندی شەرعیی دایدەنێن،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

یاخود ویستی مەزنبوون و بەهێزتربوون لەسەر حیسابی چەند لایەنێکی تری لاواز؛ بەلام ئایدیالیستەکان وای بۆدەچن: کە دەبێ هزر نموونەیی بێت و توند وتیژی نەبێتە چەمکی سەرەکی بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتەکان، ئەو دیدەش لەڕووی سەلماندنی فەلسەفیەوە کەموکورتی تێدایە، چونکی شتەکان وانین هەروەك ئێمە دەمانەوێ وابن، بەڵکو شتەکان بوویەرێکی تریان هەیە و واقیعەکەیان زۆرجار لە ویست و گریمانی مرۆڤەوە دوورن، بۆیەش ئەو خاڵە دەبێتە خاڵێکی سەرەکی بۆ خوێندن و تێگەیشتنی تیۆری سیاسەتی دەولی «ریالیزمێکی تازە لەدوای جەنگی جیهانی سەری هەڵدا، لە نێوان ئایدیالیستەکانی کاتی جەنگ و ریالیستەکانی دوای جەنگ و شەرگەهەکەی( Ubiquity دیمومة) هزری ڕیالیزم وەکو 'کارل هانز' و 'جۆرج کینان'ی» وروژاندەوە ولەناو قەوارە یەکی مۆدرنیان داناوە، ئەو قەوارەیەش فۆرمێکی پێویست بوو بۆ وەدیهێنانی هزرێکی نوێتر کە بتوانێ لەگەڵ بدەرەکانی کات و ساتی تازەدا کە لە ساڵەکانی دوای جەنگی دووەمەوە خۆیان بگونجێنن، کاتێ تیۆریست وهزرڤانە سیاسیەکان بە چاوی ڕیالیزمەوە سەیری کێشەکان دەکەن و هەر بەو چاوەشەوە بدەرەکان هەڵدەسەنگێنن، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە یان وڵات دەبێتە ئامانجی سەرەکی و مەسەلەی (ئەخلاق) مۆراڵ و هەرشتێکی تر دەبنە چەمکی لاوەکی و بەرامبەر بە بەرژەوەندیی باڵا بایەخیان نامێنێت.

جەنگ دەبێتە حاڵەتێکی زەروری کاتێك بەدیدی ڕیالیزم سەیری کێشەکان دەکەین و پێیان ئەرێنابێن، جەنگ دەکەین بۆ ئەوەی ئەو ڕیالیزمەی خۆمان دەمانەوێ بچەسپێ، بەلام

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەبێ لەبیرمان نەچێت کە ڕۆڵی وتوێژی دیپلوماسی گرنگیەکەی لەدەست دەدات و جنراڵەکان دەبن بە خاوەن پەیڤی کۆتایی و جەنگیش دەبێتە گرنگترین چارە.

ڕیالیزم ئەمریکای فێرکرد کە شتەکان بە گۆشەیەکی تر ببینێت ولە فۆرمی سیاسەتی دەرەوەیدا بەرژەوەندیی بەسەر ئیدیۆلۆجیادا زاڵبێت، ئەوەندەش لە هۆیەکانی زاڵبوونی ئەمریکا بوو بەسەر سیاسەتی نوێی جیهانەوە، بۆیەش سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شەڕ لە ئاشتی دەگەڕێت، یاخود شەڕ دەکات بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت؛ بێ گومان ئەو فۆرمە ئاشتیەی کە خۆی دەیەوێ.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەسایەی ڕیالیزم توانیویەتی زلهێزەکانیتر دەستنیشانبکات و لەهەمانکاتدا بە پێڤاژ Contradiction لەگەڵیاندا بژیەت، ئەگەر چی لە ڕووی هزروبۆچوون، باوەڕ، بەهاو ئاکار جیاوازیان هەبێت، دەتوانێت لەڕێگای بەرژەوەندی و ئالوگۆڕی بازرگانی جیهانگەریەتی دروستبکات و نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو دەتوانێت ئەو بەرژەوەندیانە بکات بەمەرجێکی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی جۆرەها شێوەی سیاسیی جیاوازو لە بەدەری کاریگەری جیاوازدا، لەجیهانێکی ململانێ و دژبەرەکدا. ئەو هەمووەو زۆریتر کاری تێگەیشتنی مژاری فەلسەفیمان بۆ ڕوون و ئاشکراتر دەکات، بۆ ئەوەی بتوانین لەژێر ڕۆشناییەکەیدا پرۆسەی تێگەیشتن بەباشتر ئەنجامبدەین، لە پێناو تێگەیشتنی دوا قۆناغی ‹ڕیالیزم› و بدەرەکانی و هەروەها ئاستە فکریەکەی تیۆری سیاسەتی دەولی و وابەستەکانی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەندێك بۆچوون دیرۆكی ڕیالیزم دەگەڕێننەوە كاتێكی كۆنتر لە دیرۆكی جەنگی دووەمی جیهانی، بەڵكو بە « نیكۆلۆ ماكیاڤەللی (1469ـ1527)، تۆماس هۆبیز(1588ـ1679) وجان جاك رۆسۆ (1712ـ78) ئەو ریالیستانەی لەژێر ئەو دۆكتۆراینە Doctrine كاردەكەن و بەڕێوەبردنی حوكم دەخەنە ژێر ڕێبازی Reason of State واتە عەقلی دەوڵەت، یاخود عەقڵی بەرێوەبردنی دەوڵەت، دەكەونە ژێر ركێفی چەمكی هەموو شتێك لەپێناو حوكم » [1]

هەر ئەو چەمكەش دەكەن بە بنكەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەیان، لەپێناو دابینكردنی ئاسایشی دەوڵەتەكە و ئەوەندەش لە سیاسەتی دەرەوەی زۆر لە سەركردە سەركە وتووەكانی چاخی نۆزدەو چاخی بیست خویا دەبن؛ كە پرنسیپی ڕیالیزمی كلاسیكیان گرتۆتە بەرو بەها و ئاكارو ڕەوشت دوای بەرژەوەندی وڵاتەكە دێن.

وەكو خوێنەرێكی باری سیاسی جیهانی، ئێستا دەتوانین گومانە رەواكانمان دەربارەی سیاسەتی ئەمریكا لە رۆژهەلاتی ناڤین و بەتایبەت كوردستان بە شەرعی بزانین و تێدەگەین بۆچی نابێت بڕوای تەواوی بێگەردمان بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكابێت، سەرەڕای ئەوەی كە هاوپەیمانێكی گرنگە بۆ كورد و یەكێكە لە هۆیە گرنگەكانی گەیشتنمان بەو رۆژە، واتە هاوپەیمانمانە (خۆشەویستی یەكلایەنانە)، بەلام بێگومان هاوپەیمانێكی ستراتیجی نییە، بەگوێرەی خوێندەوەی دیرۆكی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە دوای جەنگی سارد، بۆمان

---

[1]. فرانسوا شاتلێ، ئەڤلین بێزی، ئولیڤیا دوهامیل، معجم المؤلفات السياسية ل٧٢٠

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

خویادەبێت کە ئەمریکا دەتوانێت لەپێناو بەرژەوەندیی مەزنتر هەر نەتەوەیەك بفرۆشێت، نەخاسمە لە مەسەلەی گۆڕینی هاوکێشەی دەوڵەتیدا؛ کەواتە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت: چۆن ئەمریکا بکەین بە هاوپەیمانێکی ستراتیجی و هەوڵی دروستکردنی بالانسێکی گونجاوی سیاسەتی دەرەوەی کورد لەنێوان ئەمریکا و ئەوروپادا، بۆ زامنکردنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد و بەردەوامبوونی گرنگی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی ناڤین وەکو یاریکەرێکی سەرەکی کە تواناى ئەوەی هەبێت لە ناو سیستەمێکی جیهانی دژبەرەك و تاك جەمسەردا هەبوونی خۆی بپارێزێت.

جگە لە هەڵوێستە بەهێزەکانی مەسعود بارزانی و راگرتنی بالانسی هێزە ئیقلیمییەکان لەلایەن خودی سەرۆك وەزیرانەوە، هیچ شێوازێکی بنەڕەتیی رەسمکردنی سیاسەتی دەرەوەمان نییە، تەنانەت پەیوەندیەکانمان لەگەڵ حکومەتی بەغداش تەنها دژەکردارن، خۆمان کڕدەکەین و چاوەڕێدەکەین هەتاکو فلان یان فیسار شتێك دژی کورد دەکات، ئینجا دەورووژێینەوە وهەموو کارتەکانمان بەیەکجار بەکاردەهێنین، بەلام ئەوەی کردارمان لەگەڵدا دەکات حەتما چاوەڕوانی دژەکردارەکانیشمانە، بۆیەش هەمیشە لە شەڕدەبەینەوەو لەدانووستان دەدۆڕێنین، پێویستە خۆمان کردارمان هەبێت، کرداری وا کە ئەوەی بەرامبەر چاوەڕوانی نەکات بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئامادەنەکات. تائێستا نەمانتوانیوە خۆمان بکەین بەسەنگی مەحەك یان خاڵی پەرەپێدان لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپا، پەیوەندیەکانمان لەسەر ئاستی ئەقلیمی تەنانەت ئاستی جیهانیش زۆر لاواز و ئیفلیجن، لەبەر ئەوەی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

سیاسەتێکی دەرەوەی نەخشەکێشراومان نییەو بەگوێرەی کەش وهەوای سیاسی دەوروبەر دەسوڕێینەوەو لەخۆلگەی رە فتارەکانی بەرپرسە ئەمریکیەکان دەخولێینەوە، پێمان وایە هەرکەسێ قژ زەردبێت وچاوی شینبێت! هەوە خۆیەتی!، ناشزانین کە ئەوانەی بۆ لای ئێمەوە دەنێردرێن وەکو بەردی شەترەنجن وتەنها کردار دەکەن یان راپۆرت وەردەگرن، ئەوانەی سیاسەتی دەرەوە دادەرێژن، لەژێرپەردەن وکەس نایانبینێت، مەگەر بەکاری Think_Tank بەرێگای دامەزراندنی ئەو جۆرە ئینستیتۆیانە؛ لەئەنجامی ئەوەشدا هەتا ئێستا سەرەڕای گرنگی هەرێمی کوردستان لەرووی جیوسیاسیەوە نەمانتوانیوە گرنگییەکەی خۆمان لەپێناو نەخشەکێشانێکی سیاسی دوورخایەن بچەسپێنین.

راگەیاندنە مەزنەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەیەکێك لە هەنگاوە هەرەگرنگەکانی سیاسەتی ناوخۆ دەژمێردرێت، هەرچەندە وەکو دژە کردار خۆی نواندو کاتەکەی درەنگبوو، بەلاّم هەر باشبوو، چونکە ئەگەر پێشترکرابا بەبێی ئەوەی ببێتە دژەکرداری مادەی 24 کارتێکردنی زۆر زۆرتردە بوو هەڵبەتە لەخوێندنەوەی باری سیاسی و دامەزراندنی پۆڵەسی کات وشوێن دووفاکتەری زۆر گرنگن، نەخاسمە ئەگەر باس لە سیاسەت و دوارۆژی میللەتان بکەین، ئەو چەمك و بۆچوونانەی کە دوێنێ بەراستمان دەزانین ئەمڕۆ لەوانەیە هەڵەبن، یانیش باویان نەمابێت.

جاران کە کابرایەك چەند زاراوەیەکی مارکسی لەبەردەکرد، لای کۆمەڵگا شتێکی پێشکەوتوو بوو هەمووکسێك بەپێشکەوتنخوازی دادەنا بەلاّم دوای ڕوخانی بلۆکی سۆڤیەت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

و هەرەس هێنانی بلۆکی سۆشیال ئەمرۆ هەمان ئاخاڤتن شتی دواکەوتوون و ئەگەر کابراش لەسەریان زۆر مکوڕبێت، یەکسەر بەکۆنەپەرست لەقەڵەمدەدرێ، هەروەها هەموو ئایدیولۆجیایەك کات وسات فاکتەری ڤالیدیتی دەنوێنن.

بەهەڵە بەکارهێنانی چەمکی ڕیالیزم، هەڵەیەکی کوژەکە چونکە هەر ئەو سیاسەتەبوو کوردی لەخشتەبرد وپێکهاتەی جەزائیریان لەسەر کورد چەسپاند، ئێستاش زۆرجار دەبیندرێ لەسەر ئاستی بەرپرس و کاربەدەستە حکومیەکان خۆیان بە فەلسەفەی ڕیالیزمەوە دەبەستنەوە کە؛ (ئێمە ریالیستین)! وەك چەمکێکی مۆدرن بەکاری دەهێنن، واقعمان ئەوەمان لە سەر دەچەسپێنێت؛ ناتوانین ببین بەدەوڵەت، ناتوانین ئێران وتورکیا تووڕە بکەین، دەبێ باری خۆمان ئەوها وەکو ئێستا بپارێزین. ئەوانە نازانن کە ڕیالیزم کاتی بەسەرچووەو لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت ڕیالیزم بۆتە فەلسەفەیەکی کۆن وباوی نەماوە، چونکە بەساکاری و دوای ئەو ڕووداوە مەزنانە بۆمان دەردەکە وێت کە هیچ شتێك نییە موستەحیل بێت و هەموو شتێك بەگوێرەی کات وشوێن و بەرپابوونی هەڵ مومکینە. بەدەیان دەوڵەت بەبێ ئیرادەی ڕۆژئاوا درووستبوون و بەدەیان پارچەی نوێی سەر نەخشە بوون بەدەوڵەت و چاوەڕێی ڕیالیزمیان نەکرد بۆ ئەوەی ڕێگایان پێبدات.

لەکاتێکدا کە بایپۆلاریتی Bipolarity دووجەمسەر بەسەر سیاسەتی جیهاندا زاڵبوو، چەمکی کۆنترادیکشن باوی هەبوو، دژەکان مانایەکی تریان دەبەخشی، دژەکان تەواو دژی یەکتریبوون، پڕ بەرەوازی بەتاڵ بوو ڕەش دژی سپیبوو، ئەوسا

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەكرا بەچاویلكەی ڕیالیزم سەیری دونیامان كردبا؛ بەڵام دوای روخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی ئەزموونی سۆڤیەت كارەكان گۆڕان و فەلسەفەی ڕیالیزم وەك جاران باوی نەما.

جاران وەكو چەمكێكی ڕیالیزم ودووجەمسەری لەجیهاندا، نەدەكرا لە هاوكێشەیەكی دوجەمسەری هاودژ هەردوكیان راسبووان واتە ئەگەر سەرێكی جەمسەرەكە (A) بووایەو جەمسەرەكەی تری (B) بووایە و (A) و (B) دوو جەمسەری دژبان، نەدەبووا هەردوكیان راست بن، ئەگەری یەكیان راستبا بێگومان ئەوەیتریان هەڵەبوو یان درۆبوو، ئەگەر وەكو شێمانە باوەرمان بەوە هەبووایە كە راستی دژی درۆیە. بەڵام كاتێك Bipolarity دووجەمسەری لەجیهاندا نەماوە، تەنها یەك جەمسەرەو چەمكەكانی تریش لەگەڵیدا گۆڕاون، ئێستا دەتوانین لە حاڵەتی بەرداغێكی بەنیوەدا بڵێین ؛ نیوەی بە تاڵەو دەشتوانین بڵێین نیوەی پڕە، هەردوكیشیان ڕاستن وبێگومان پریش پێچەوانە بەتاڵە! كەواتە لەجیاتی چەمكی پێڤاژ (تەناقوز) Contradiction چەمكی Paradox جێگیردەبێت، كەلەناو هاوكێشەیەكی دوجەمسەردا لەوانەیە هەردوو لایەنی هاوكێشەكە دژبەیەك بن و هەردوكیشیان راستبن.

خۆبەستنەوە تەنها بە ڕیالیزم هەموو كارەكانمان ئیفلیجدەكات و هێزێكی ستراتیجی بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەرێم ناهێڵێت، كە پێویستە ببێتە سیاسەتی هونەری مومكینات. ئەو سیاسەتە دەبێ ئەوشتانەی مەبەستیبن كە بەدیدی ریالیستێك «ناكرێن»! لەبەر ئەوەی واقع نییە. ئەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

شتانەی کە دەکرێن، تەنها بەردەوامبوونمان لێی گەرەکە، بەڵام ئەو شتانەی کە «نابن» دەبێ هەوڵی ئەوانە بدەین و سیاسەتێکی دەرەوی درێژخایەن دابمەزرێنین بۆ ئەوەی بتوانین مانایەك بە ئەرکە سیاسیە رۆژانەکانمان بدەین.

شتی لەوە گرنگتر ئەوەیەو دەبێ لەبیرمان نەچێتەوە کە ئەکتەری سەرەکی لای ریالیستەکان دەوڵەتەو ئێمەش دەوڵەتمان نییە، کاریگەری مەزنی ڕیالیزم لەسەر بنەمای سەروەری و یاسایی دەوڵەت کاردەکات، ئەکتەرەکانی تر لای ئە و رێبازە شتی لاوەکین و بە شێوەیەکی کاتی مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت؛ لێرەدا دەتوانین بەئاشکرا ببینین کە بۆچی تائێستا ئەمریکا بە رەسمی ناوی کورد ناهێنێت، یاخود بە رەسمی هیچ گرێبەست و هاوپەیمانییەتیەکی نووسراو ئیمزاناکات، ڕیالیزمەکەی ‹هینری کیسنگەر› پێکهاتەی جە زاییری لێدروستبوو و هەروەها تا دەگاتە ‹پۆڵ بریمەر› و ‹کۆندەلیزا رایس›، هەموویان خوێندکاری ئەو فەلسەفە ریالستەی کیسنگەرن، لەسەر ئەوە مکوڕن کە ئەخلاق، بەها، ئاکار، دوای بەرژەوەندی باڵای ئەمریکا دێن.

ئەگەر تەنها بەچەمکی ڕیالیزم سەیری شتەکان بکەین و هیچ دیتنێکی تر بەهەند وەرنەگرین، زیانێکی زۆرمان پێدەکە وێت، چونکی بەکارهێنانی ڕیالیزم وەکو رێچکە، تەنها لەبەرژە وەندی جەمسەرە بەهێزەکانە، ئەوە ئەگەر بەحاڵی خۆت ئەرێببی ریالیستی، ئەگەر ریالیستیش بیت دەبێ لەکەرکوك خۆشبی و لەپارچەبوونی کوردستان خۆشبی ولە هەموو شتەکان کە ریالیتی بەسەرتدا چەسپاندویەتی ئەرێبی.

کۆتایی:

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەو ڕیالیزمەی کە بەچاکی دەزانم ئەوەیە: دەبێ دوژمنانی کورد بزانن کەدوو سەد ساڵە شەڕ لەپێناو سەربەخۆیی دەکەین، لاریمان نییە! شەشسەد ساڵی تری بۆی هەر بۆی دەجەنگین، بەڵام هەردەبێ ببین بەخاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەوەش فاکتێکی ڕیالیزمە .

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# تەوژمی پەیف

## مەلی نووسین و جەنجاڵیی ژیان

هەولێرپۆست ژمارە (124) لە07.03.2007

370 رۆژ بەر لەئێستا گەڕامەوە کوردستان بەمەبەستی ئەوەی بمینێمەوە و دووبارە لە وڵات کەنارێکی ئۆقرە دروستکەمەوە، بتوانم خزمەتێك بکەم.

جگە لەرۆژانی شەڕی ناوخۆ هیچ لەنووسین دانەبڕاوم، بەڵام زۆرجار نووسین وشکدەبێتەوەو چونکە نووسین لەوشتانە نییە، هەروەختێ خۆت دەتەوێ بتوانی بیهێنی، بێگومان نووسین وەك مەلێکی ئازادە، کەی خۆی ویستی ئینجا دەنووك لەپەنجەرەکەت دەدات، ئەگەر خەریکی پارە ژماردن یان پلاندانانی بزنز یان ژاوەژاوی ژیانی جەنجاڵبیت، لەوانەیە هەرلە رۆخی پەنجەرەکەوە نیگایەکت بۆ بنێرێت و ئۆغربکات کە نازانی جارێکی تر کەی دێتەوە.

جاروبار خەریکی نووسینی تاك تاك گوتار بوومە، بەڵام وەك نووسین مەلەکە ماوەیەکە پەنجەرەکە ناکرتێنێ.

ئێستاش لەگەڵ «هەولێرپۆست» کە شوێنی دەستپێکردنی، شوێنی وەستانی ئەوانیترە. مەلەکە خەریکە جارێکی تر نزیکی پەنجەرەکانم دەبێتەوە، بۆیەش بڕیارم دا پەنجەرەکە بەکراوەیی بەجێبهێڵم و حەفتانە گۆشەیەك لەو رۆژنامە خوێندراوە بڵاو بکەمەوەو مەبەستیش لەوەیە جارێکی تر کڕنوش بۆ خانمی سەروەر «خانمی جۆرنالیستی» بەرم و بە قەڵەمەوە بکەومە شەڕەکانێ سەربەخۆیی و ئازادی هەموو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بسته خاكێكی ئەو سەروەرەو نەوەستم هەتاكو خوێن لە قەڵەمەكەمدا مابێت، تا جارێكی تر عەرشەكەی دەگەڕێنمەوەو دەیكەم بەدەسەڵاتی چوارەم.

لەو شەڕەدا من بەتەنیا نیم، ئەو 370 رۆژە بەردەوام نیشانی داوم كە تێكۆشەریتریش هەن لەناو هەمان سەنگەردا دەجەنگن و مەبەستیان گەڕاندنەوەی دەسەڵات و سەروەریە بۆ خانمی خاوەن شكۆ رۆژنامەگەری، نەك بە كۆنسێپتی «لەگەڵ دەسەڵات بێت یان دژی» بەڵكو بۆ ئەوەی یارمەتی دەسەڵات بدات بۆ ئەوەی بەرەو باشتر بڕوات و هەنگاوی چاكتر بهاوێژێ و چاكسازی بەهەمووجۆرەكانیەوە بكات.

زۆر جاریش بینیومە كە سواری ماندوو بەزیو یاخود چاوەش و گەندەخۆریش بەناوی ئەو خانمە ناندەخۆن و لەپلەیی خرش دەگەڕێن بۆ ئەوەی بەزووترین كات خیانەت لەدەسەڵاتی سەروەری خانمی خاوەن شكۆ بكەن.

ئەوانەی بە بۆچوونی فەندەمێنتاڵ نانەكەیان دەخۆن هەردوكیان وەكویەك خیانەت بەخانمی خاوەنشكۆدەكەن، ئەوانەی جنێو دەدەن بەمەبستی شكاندی كەسایەتی و ئەوانەی مەدحوسەنا دەكەن و ماستاودەگرنەوەو دەبن بەدۆڵژەنی دەسەڵات بەكۆیرانە، وەكو یەكن.

پەیامی جورنالیستی دەبێ هەردوولایان بەرەو میانڕۆیی بباتەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموكراسی دابمەزرێت و هەنگاو بنێت.

زۆرجاریش هەستم كردوە كە فەرمانبەرو جۆرنالیست تێكەڵبوون، ئەو فەرمانبەرانەی لەزەمانی تۆزەوە هاتوون دەیانەوێ شەڕ لەپێناو مووچەیان بكەن و بەداخەوە لای

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

خەڵكیش هەر وەكو جۆرنالیست ناسراون، بەلام لەراستیدا بەرامبەر بەسەروەریەكەی خانم خاوەن شكۆ خیانەتكارن، خیانەت بە سەروەریی دەسەلاتی چوارەم دەكەن و لەپێناو مووچە هەوڵدەدەن رۆشنایی حەقیقەت داپۆشن.

هەروەك زۆرجار دەبینین دەسەلاتیش دەستێكی بالای لەوەدا هەیە كە ئەو توخمە مرۆڤانە بگەنە پایەی بەرز بۆ ئەوەی ببن بە چاوەش و مجێور لەدەوروبەری دەسەلات، بۆ ئەوەی كارە ناشەرعیەكانی چەندكەسێكی ناو دەسەلات بەنرخێكی كەم بكەن بەشەرعی، یانیش بەلایەنی كەمەوە خۆیان كڕكەن و لەترسی دۆڕاندنی مووچەكەیان دەنگنەكەن. ئەوەی من لێی تێگەیشتووم بەدڵنیاییشەوە دەڵێم: سەرووی دەسەلات گرفتیان لەگەڵ ئەوەدا نیە كە كەسێك راستیەكان بڵێت، بەڵكو زۆرپێیان خۆشەو داوای راستەوخۆش لەخەڵك دەكەن بۆ ئەوەی راستیەكان بگوترێن، بەلام دەورە رووخێنەرەكەی پاشكۆكانە كە هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ ئەوەی نەهێڵن دەنگی بێگەرد بگاتە سەركردایەتی، ئەوەش قەیرانێكی زۆر مەزن دروستدەكات و دەسەلاتیش دەخاتە ناو گێژاوی گوتاری ئێكانە كە بێگومان دایرێكشنەكەی بەرەو تۆتالیتاریزمەوە دەڕوات، ئێمەش ئەوەمان ناوێ، نە دەسەلاتەكەمان وای لێبێت نەش سەركردایەتیەكەمان، كە بەخوێن و قوربانیدانی هەمووومان بووتە دەسەلات و جێگای ئومێدمانە بۆ دوارۆژێكی گەش. با رێگا لەدەنگی ئازاد نەگرین، گرفت نیە چ دەڵێن گرفت ئەوەیە دەبێ بیلێن.

پەیڤی ئازاد و دەنگی خەڵك ئەلەمێنتێكی گرنگی پێكهاتەكانی هەردەسەلاتێكی شەرعیە. هەر ئەلەمنتێك لەو پرۆسەیە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کەم ببێتەوە شەرعیەتی دەسەڵات دەخاتە بەر پرسیار، هەر لەو دیدەشەوە بڕیارم داوە دنگی خەڵك بەدەسەڵات بگەیەنم نەك دەنگ و هەواڵ وفەرمانەکانی دەسەڵات بەخەڵك ڕابگەیەنم، چونکە خەڵك لە بیستنی هەواڵی دەسەڵات بێزاربووە. منیش لەگەڵ تۆی بەڕێز دەکەومەوە خەڵوەتی نووسین، حەفتانە چاوەڕێمبە و«تەوژمی پەیف» لە «هەولێر پۆست»ی ئازیزدا بخوێنەوە.

کۆتایی: دۆم بە دانیشتن ماڵی وێرانە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# حزبە بچوکەکان و

## دەستکەوتەکانی دەسەڵات

هەولێرپۆست ژ(126) لە 2007 14.03

هەرجارێ چاوم بە سەرکردەی حزبێکی بچوك دەکەوێت، بێئومێدیم لە کەڤاڵی سیاسەتی ناوخۆیی کوردستان زیاتری لێدێت. گلەیی بەردەوامیان لەوە هەیە کە حزبە دەسەڵاتدارەکان ڕێگایان پێنادەن بۆیە بێهێز ماونەتەوەو هیچیان لەدەست نایەت؛ ناتوانن پەیرووپرۆگرامیخۆیان ئەنجامبدەن لەبەر بێپارەیی، ناتوانن کرێی بارەگاو چایەچی و حەرەس بدەن، بەڵام هەروەك هەمووومان دەزانین کە فۆڕمی خەباتکردن زۆرن، خەبات تەنها ئەوەنیە لەشاخ تفەنگ هەڵگری یانیش دواتر دەبی لەدەسەڵات بیت بۆ ئەوەی بتوانی خەبات بکەی، بەڵکو بەهەزاران فۆڕمی تری خەبات هەن کە بێگومان دەڵێم نە یەکیەتی و نەپارتی ڕێگایان لەوە نەگرتووەو ناشیگرن.

حزبە بچوکەکانیش هەمان بەرپرسیارەتیان دەکەوێتە سەرشان و مەرج نیە حزبی حوکمگێڕبن بۆ ئەوەی بەرپرسایەتییە دیرۆکیەکەی نەزانینی بەکارهێنانی هێزی هزر، یان گوناهی ڕۆشەنبیرنەکردنی میللەتیان لەئەستۆدا نەبێت.

ئەگەر هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکە ڕێگا بە حزبە بچوکەکان نەدەن گەشەبکەن، ئەوە بێگومان هیچ جارێك دەسەڵات بەحزبە بچوکەکانی نەگوتووە نابێ میللەت ڕۆشەنبیربکەی یاخود ڕێگەی لەوەگرتبێ کە حزبە بچوکەکان بیانەوێ پرۆسەی ڕۆشەنبیرکردنی میللەت بوروژێننەوە، یان کۆڕ و سمینار بۆخەڵك سازبدەن؛ بۆ لەناو ئەوپرۆسەیەدا

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نایانبینین، بۆچی هەمیشە گرێیان لەسەر دابەشکردنی خەلاتی دەسەلات هەیەو تەنها مەبەستیان کورسی زۆرترە لە پەرلەمان و بەخشینی وەزارەت و کورسی سووڕخۆر هەیە (هەندێکیان)! باشتروایە ئیئتیلافێك بۆ حزبە بچوکەکان دروستببێت، (مەبەستم بچوکی نیە بەقەوارە یان بەخەبات) و لەسەر چەند بنەمایەکی پاتریۆتی نیشتیمانپەروەری ئاڤاکەر پێکبێن، کە بەراستی ببن بەدەنگی خەڵك و پرۆسەی دیموکراسی تەفعیلکەن و ببن بەتەواوکەری حزبە دەسەلاتدارەکان لەپرۆسەی درووستبوونی کەڤاڵی سیاسی کوردستان، نەك دویقەلانك بن(تابع) چونکە بەو دویقەلانکیە حزبەدەسەلاتدارەکانیش بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبەن تەنها زەرەرمەندیش بزاڤی رزگاریخوازی کوردە.

حزبە بچوکەکان بوون بەسێ بەش: بەشێکیان لایەن یەکیەتی و پارتییەوە قووتدراون، وسەرکردەکانیان دەسکەوت و پایەیان لەناو دەسەلات وەرگرتوە، ئەوەندەش لە ڕابردوویەکی نزیکدا بەپێی پلەی یاخیبوونیان بەخشراوە، هەرچەند پارتی دژایەتیانی کردبێت یەکیەتی زیاتر دراوو پلەیانی پێداوە وبەپێچەوانەشەوە.

بەشەکەی تریان: دەیانەوێ قوتبدرێن وهەوڵی بۆدەدەن بۆئەوەی حزبێکی دەسەلاتدار قوتیانبدات بۆ ئەوەی پەناگەیەك لەناو زگی دەسەلات پەیدابکەن ووەکو پاراساید بتوانن مووچە، پارچەزەوی، لاندکرۆز بۆ مەسئولەکانیان دابین بکەن. زۆرجاریش دەبینین کە لە هەندێك بلاوکراوە ئیفلیجەکانیاندا بۆچوونی ئازوراندنی لایەنێکی تێدایە بۆ ئەوەی لایەنەکەیتر باوەشیان بۆبکاتەوە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەشەکەی تریان: کەوتونەتە ناو گێژاوی لێکجیاوازکردنی نێوان رەشوسپی، کە بەو چاویلکانەوە ئەوەی بەکاریدێنن بۆ خوێندنەوەی باری سیاسی لەکوردستان رەشوسپیەکەیان پێجیاوازناکرێتەوە. بەکورتی کەوتوونەتە نێوان چەکوچی دەسەلآت وسندانی روخانی هزر لە زەمانێکی پڕ لە گرێ وئالۆزی، ئەو قەیرانە بارۆدۆخی سیاسی، کوردستانی لەژێر رکێفی بێبەهایی بەجێهێشتوە.

باهەوڵی چاولێکەری حزبەدەسەلآتدارەکان نەدەن، چونکی بەزیان بۆیان دەگەرێتەوە، دەبێ بەلایەنی کەمەوە تواناى ئەوەیان هەبێت رێچکەیەکی تایبەت بۆخەباتکردن بۆخۆیان دروستکەن، ئینجا شۆێنپەنجەی تایبەتیان دیاردەبێت و دەوری خۆیان بەتەواوەتی دەبینن.

کۆتایی: مارمیلۆك سەدساڵ لەناوئاودا بژیەت، نابێت بە تیمساح!

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# من دژی فیمینیزمم

هەولێرپۆست ژ (132) لە 11.04.2007

دژی ئـەوەم کـە ژن داوای نیـوەی کۆمـەڵ بکـات، لـەبـەر ئەوەی ژن نیوەی کۆمەڵ نیە.

هـاتنی دینـی ئیسـلام بـۆ ژنـی عـەرەب گۆڕاناکـاریەکی دراماتیکی و بنەڕەتیبوو، تـەنانـەت شۆڕشـێکی مـەزن و سەروەربوو کە جیهانی عەرەبی ڕوخساری شێوازی ژیـانی گـۆڕی، مەرجیشنیە کە ئەو شۆڕشە مەزنە مایـەی ڕزگـاری ژنـانی تـری ناعەرەب بووبێ، بۆ نموونە ژنـی کـورد هـەمیشە ئـازادی خـۆی هەبووەو ئەو ئازادیەشی لەڕێگای کارکردنی شانبەشانی لەگـەڵ پیاو بـەدەستەوەی هێنـاوە، لـەوانـەشە کـۆنتر بووبێـت و بـۆ چاخەکانی میتۆلۆجیا کوردیاکان بگـەڕێتـەوە کـە لـەناویانـدا خۆیایە ژن چ ڕۆڵێکی سـەروەری بینیـوە؛ ژنـی کـورد لـەهـەمـوو بووارەکانی ژیاندا بـەشـداری کـردووە، بگـرە لـەحوکمڕانییـەوە وهـەتـاوەکـو کـارکردنی نـاو زەوی و بـەرگریکـردن لـەخـاک و لەوڵات و شانبەشان لەگەڵ پیاو بەرگری کردووە، ئـەشکەنجە دراوە؛ هەروەها لەسـەنگەری خـەبـاتی ڕۆشـەنبیـریش هـەمـان ئەرکی لەسەرشانبووە، بەرامبەر بەوەش کۆمەڵگـای کـوردەواری تاڕادەیەك ئـازادیەکی مـەرجـداری پێبـەخشـیوە؛ واتە ڕۆڵێکـی گرنگتری هەبووە لەژیـانی کۆمـەڵایتـی لـەوەی ژنـی کـەعەرەب هەیبووە؛ ژنی کورد شانی داوەتە بەر فشاری ژینگەو شانبەشان لەگەڵ پیـاو ئـازارو ناخۆشـی چێشـتووە، پیـاویش لـەبەرامبـەر بـاوەڕپێکردنێکی زۆری پێکـردووەو بـە(عـەورة) حیسـابی بـۆ نەکردووە، بەڵکو لەهەر ماڵێکی کوردی ڕەسەن، دەرگـا لەرێبـوار

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەكرێتەوەوخزمەتدەكرێت ونانی پێدەدرێت، تەنانەت ئەگەر پیاویش لەماڵ نەبێت.

بزاڤی فیمینیزم لەجیهاندا زۆرجار سەری هەڵداوەو زۆرجاریش لاواز بووە زۆرجاریش لەژێر حوكمی تۆتالیتارو سێكتاریانیستەكان Sectarianism دژایەتی كراوە، بەلام لە كۆتاییدا ژن هەر ئەو ژنەبووە كە خودا یان سروشت ئەو بە ژن بوونەی پێی بەخشیوە، كە نە پیاو ونە خودی ژن دەسەلاتی بەسەردا هەبووە، ژن لاشەیەكی نەرمتری هەیەو كەس ناتوانێ ئەوە بگۆڕێ، ژن حەوزەكەی فراوانترە بۆ ئەوەی منداڵ لەخۆیەوە بگرێ وكەس ناتوانێ گۆڕانكاری لەو هەدامە بایۆلۆجیدابكات، ژن لەڕوێ سێكسەوە بەهێزترە، سۆزی زیاترە، بە تەحەمولترە، جوانترە، فێڵبازترە، جگە لەو هەمووەش سەنتەری هەسارە، بەڵێ سەنتەری هەسارە كە ئەركی مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤی پێسپێردراوە.

ژن پیاو ڕادێنێ و ژن پیاو هەڵدەبژێرێ، لەژێر چەند پرنسیپێكی نادیاردا كە ژن خۆشی هۆیەكانی نازانێت، مەیلی بۆ پیاوێكی ناشرین دەڕوات، حەزی لێدەكات وخۆیشی نازانێت بۆ حەزی لێیە، بەلام لەسێنتاكس، ئاشكرا دەبێت كە ئەو ژنە و بەرەبابەكەی كەمایەتیەكیان لە جینێكدا هەیە و ئەو جینە لای ئەو پیاوە ناشرینە دەستدەكەوێ بۆ ئەوەی نەوەیەكی ساغلەم بەرهەمبهێنێت وبەردەوامی بە پرۆسێسی مرۆڤبوون بدات؛ بەڵێ مێ بەرپرسە لە پاراستنی نەژاد، تەنانەت لە خولی ژیانی ئاژەڵ و باڵندەشدا مێ نێرەكان لەكاتی زاوزێ كۆدەكاتەوەو یان بەشەڕیان دێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ براوەكەدا جوت ببێت، یانیش لەگەڵ ئەوەی كە دەنگی لەهەموویان بە هێزترو خۆشترە، چونكی ئەوانە نیشانەی سەلامەتی نێرەكەن

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بۆ ئەوەی بتوانێت تۆخمێکی ساغلەمی پێببەخشێت و دواتر جۆرەکە بەردەوامی وەرگرێ، لە خولی ژیانی باڵندەدا، مێ دەنگ خۆش و پەڕ بریقەدارەکە هەڵدەبژێرێت و لە ئاژەڵ و هۆڤ بەهێزترەکە هەڵدەبژێرێت، چونکی دۆڕاوەکە کەڵکی ئەوەی نیە هێلکەکانی ئیخصاب بکات. ئەو کارانە، لەکارەکانی خودا دەچن! ئەوە چ خواوەندێکە لەسەر رووی زەمین کە ئێمەی پیاو دەیچەوسێنینەوەو وەکو عەرەب و میلاتانی تر ژێرخاکی دەکەین!

بۆیە من هەمیشە دژی فیمینیزم بوومە و هەمیشە دژی داوا خرشەکانی بزوتنەوە فیمینیستەکان بوومە، کە خۆیان نازانن چیان دەوێت، لەکاتێکدا کە ئەرکەکەیان لەکاری خودا دەچێت، داوای 8 سەعات کارکردن دەکەن، یاخود دەیانەوێ وەکو پیاویان لێبێت، من دژی ئەوەم، و بەهەموو تووانام دژایەتی ئەو بزووتنەوە خرشانە دەکەم کە ژن لە مافە سروشتیەکەی دەروتێننەوەو خەریکی کارە بێسوودەکانی تری دەکەن.

من دژی ئەوەم کە ژن نیوەی کۆمەڵ بێت. لەبەرئەوەی ناتوانیت هەموو کۆمەڵبیت وداوای نیوەکەی بکەیت، ژن هەموو کۆمەڵەو پیاو تەنها لە فەلەکەکەی سوڕدەخوات؛ ئەو خوداوەندە بەزۆر وزەبر بەمێرمەدە، لەبەرئەوەی بەو کارە دژایەتی کاری سرووشت دەکەیت و بەردەوامی بەجینە لاوازەکان دەدەیت، تۆ هیچی لێنازانیت، فێریشی نابێت، تەنها دڵە پرسۆزەکەی مێ دەتوانێ ئەو ئەرکە خوداوەندیە ئەنجامبدات.

کۆتایی: منداڵەکان بە گاڵتەوە بۆقەکانیان بەردبارانەکرد، بەلام بۆقەکان بەراستی دەمردن.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## ڕەشنووسی دەستوری عێراق بە دیدێکی جیاوازەوە

تۆڕی ئینتەرنێت 2005

ئەوەی خوارەوە ڕای منە، منیش هەم، کوردیشم وهەستی نەتەوییم بەسەر هەموو هەستەکانی ترمدا زاڵە. زۆر لە هەڵوێستی حزبەکانم بەدڵە، بەلام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت هەموو بەدڵبێت و هەروەهاش نابێ من ڕای خۆم دەرنەبڕم و بەخەڵکی ڕابگەیەنم، چونکی نووسەر/ ڕۆژنامەنووس دیەری (شاهد) چاخی خۆیانن، پێشم وانیە ڕۆژنامەنووسێکی هێژا هەبێت حەزبکات بە دیەری قەڵپ (شاهد زور) لەقەڵەمبدرێت.

ئەگەر دارتاشێك هەڵەبکات ئەوە مۆبیلێك بەهەڵە دەردەچێت و ئەگەر دکتۆرێك هەڵە بکات ئەوە مرۆڤێك دەکوژێت. بەلام ئەگەر سەرکردەیەك هەڵەبکات میللەتێك بە دارتاش و دکتۆرەوە لەناودەبات، بۆیەش دەبێ ڕەخنەگرتن لە سەرکردەکان زۆرتر بکرێت و هەمیشە لەژێر چاودێریەکی بێلایەندابن، بۆئەوەی بە ئاسانی تووشی هەڵە نەبن. ناشکرێ بڵێین: سەرکردەکانمان تووشی هەڵە نابن یان لە هەڵە مەزنترن!!

تەنها سەرکردە تۆتالیتارەکان توشی هەڵەی وا مەزن دەبن چۆنکی دەوروبەریان هەموی قازن و کەس بوێری ئەوەی نیە پێیان بڵێ: ئەوە هەڵەیە (گەورەم، خوام، مەیکە، ئەوە هەڵەیە) یەکسەر لەخانەی دوژمنانی شۆڕش جێگای بۆدە کرێتەوەو بەنامۆ لەقەڵەم دەدرێ و ئەگەر هات و کرا بە دوژمنی شۆڕش! ئەوە خوا لێی گۆڕی و ژیانی لێ تاڵ کرا، یان دەبێت لە ولات تۆڕهەڵدات، یانیش لەدەرەوی ولات بە نامۆیی هەتا هەتایە بڕزێت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەگەر کەسێك لەدەرەوەی بازنەی حزبەکان ڕایەکی جیاواز بدات، بە تێکدەر لەقەڵەمدەدرێت و هیچکام لە حزبەکان ئامادە نین نەك گوی بۆ ڕاگرن، بەڵکو ناهێڵن ڕایەکە لە میدیایەکانیشیان بڵاو ببێتەوەو تەنانەت دژایەتی کەسەکەش دەکرێت و مەوقفیشی لە وەردەگیرێت.

چیدەبوو ئەگەر پەرلەمانی کوردی لەجیاتی (بەکۆدەنگ بە 1/3 دەنگی لەسەر نووسراوەکەی دەستور دابا! چۆن ئەو هەمو مێشکە یەك ڕایان هەبووە؟

نازانم ئەو هەموو هێڵەسورە و مکوڕیانیەو چیان لێهات! دەیانگوت هەندێکیان قابلی گفتوگۆ نین، ئێستا داوای ئەوە دەکەن کە میللەت دەنگ لەسەر ئەو دەستۆرە ئیفلیجە بدات، ئەو دەستۆرەی کە بە هیچ شێوەیێك خزمەتی کورد ناکات و ئەگەر حسابی ئەو 14 ساڵە ئازادیە بکەین، بێگومان نەبوونی باشترەو دەبوا سەرکردایەتی کورد بڕاری ئەوەیان بۆ خەڵك و پەرلەمان بهێشتباوە کە بڕاری (نا) یە و ئەگەر کورد بڵێ (نا) چی دەبێت؟ چی دەقەومێت و بە ئەکادیمیانە لێکیانبدابایەوە، چونکی بەهیچ حسابێك وبەهیچ شێوەیەك نابێ ئێستا کورد بیدۆڕێنێ.

ئەمریکا کەوتۆتە ناو گێژاوێکی وا قووڵ، لە شەڕی ڤێتنامەوە گێژاوی وای نەبینیوەو نازانێ چۆن لێی ڕزگار بێت، تەنها شت لەدەستی بێت ئەوەیە کە زوو پەرلەمان و حکۆمەتێك دابمەزرێنێت، بۆ ئەوەی نەختێك لە ئابڕوە سیاسیەکەی بهێنێتەوە، هەرچی کورد یان هەر کەسێکی تر لەسەریان فەرز بکات، ئامادەن و بەدڵخۆشی دەیکەن.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

تەنانەت ئەگەر بە باری دەڤەرگەری و تەرازوی هێزەکان وگرێی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان حیسابی بۆ بکەین، بە ئاشکرایی بۆ هەمو کەسێك خویا دەبێت: لەوەتی کورد هەیە و خەبات لەپێناو رزگاری دەکات، هیچ دەرفەتێکی وا نەهاتۆتە پێش و قەد دوژمنانی کورد لەگەڵ زلهێەکان وا ناتەبا نەبوون، تەنانەت کاتی ڕووخانی ئیمپەراتۆریەتی عوسمانیش دوای جەنگی جیهانی دووەم وهیچ کاتێکیش کورد لەگەڵ زلهێزەکان وا ڕێك نەبوە، ئەمریکا بە شەریك و هاوپەیمانی دەزانێت.

هەرێمی کوردستان کە لەناو ئەو دستورەدا تەنها حسابی ئیداری بۆکراوە وەك هەر هەرێمێکی تری تازە پێکهاتو، بۆنمونە هەرسێ پارێزگای تر کە بیانەوێ لەناو یەك هەرێمدا یەکبگرنەوە باری ئیداری و سیاسیان وەکو کوردستان دەبێت، ئەی کوا هێڵە سورەکان و بەتەرازوی خەباتی ڕزگای خوازی کورد، چی بەدەستەوە هاتوە؟ جگە لە چەند شتێکی دڵخۆشکەر کە دەکرا لە هەموو حکومەتێك و هەموو زەمانێك داوایان بکەن و پێشموا نیە کەس ڕەتیبکردایە.

دەبوا بە هەرشێوەیێك بێت سەرکردە کۆردەکان لە داخوازەکانی گەلی کوردستان سست نەبنەوەو دەبوا ڕێزێك بە ڕای خەڵك دانرابا، چونکی بەهیچنەزانینی ڕای میللەت زیانێکی زۆرتر لە حزبەکان دەدات.

ئەگەر ئیعتبارو بەهایەك بۆ ڕای میللەت داندرابوایە، ئەوە ئیستا سەرکردە کوردەکان بە ئاسانی دەیانتوانی بە ئەمریکا بڵێن: ئیمە رازین، بەڵام میللەت ڕازی نیە!! خۆ عەیب نیە ئەگەر هەمو میللەت وەکو قاز نەڵێ: بەڵێ، بەڵێ!!

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەو بەزمە بەزمێکی نوێ نیە لەدیرۆکی کورددا، زۆر گفت وسۆزی وا دراوە و قەدە نەهاتۆتە دی، مادەی 64، 63، 62 لەپێکهاتنی سیفەر بە ڕاشکاوی و ئاشکرا ڕێگە بە میللەتی کۆرد دەدات وڵاتی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام قەد بەرپانەکرا، نازانم هاوپەیمانی سیفەر بەنرخ و هێز ترە، یان یاسای ئیدارەی دەوڵەتی کاتی؟ چۆن من بتوانم بە مادەی 58ی ئیدارەی دەوڵەت بڕوابکەم کە دوای 2007 ئەنجام دەدرێ؟ ئەی ئەگەر نەکرا؟ چیبکەم؟ ڕوو لەکوێبکەم ؟ ئەوەی ئیستا لەدەست کۆرد دێت، لەوانە نیە لە2007 لەدەستیان بێت. ئە گەر ئەمریکا و ئەورووپا لەگەڵ تورك و عەرەب و ئێرانی پێکهاتنەوەو بە هەموو تواناوە چەکی قورسیان پێدا! ڕوو لە کام شاخ بکەمەوە!

لە لایەکەوە سەرۆکی هەرێم داوای لە خەڵکی کوردستان کرد دەنگ بۆ دەستور بدەن و سەرۆکی عێراق لە کەناڵە ئاسمانیەکان گوتی: ئێمە تەنازۆلمان لە فیدرالیەت و مافی چارەنووسین کرد و قەبوڵمان کرد کەرکوك و سنۆری کوردستان دوابخرێت بۆ ئەوەی ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی بەرپاببێت (*نعم، نحن قدمنا تنازلات عديدة، اولا، الفيدرالية كمبدأ مقرر لكل العراق في قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية تنازلنا عن هذه لفترة معينة وتنازلنا ايضا عن حق تقرير المصير الذي طالب به اكثر من مليوني مواطن كردي .. .. وهذا ايضا تنازل من الجانب الكردي، اذا عدنا الى مواد الدستور نرى في العديد من المواد تنازلا وتصالحا من الجانب الكردي حتى يتم التوافق الوطني*)[2]

[2]. قناة العربية، لقاء جلال طالباني

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

من به هیچ شێوەیەك سوود لەو تەنازولانەدا نابێنم، هەروەها سازشی نیشتیمانی (التوافق الوطني) عێراقیش مەبەستی کورد نیە، چونکی کورد بەشێکە لە نەتەوەیەکی تری لەتکراوو خەباتەکەی لەپێناو یەکیەتی خاکی عێراق نەبوە، بەلاَم بە دیدی سەرکردایەتیە کوردیەکان (ئەوانەی لە سەرکەناڵەکانی کوردستان، هەروەها ئەوانەی لە ڕاگەیاندن ئاخفتنیان کرد) هەرهەمووی بەیەك دەنگ دەڵێن: ئەو دەستۆرە زۆرباشە ئەگەرچی هەمو مافەکانمان لەناوی نە چەسپاوە.

نازانم چی لەناو ئەو دەستوورە چەسپاوە کە وا هەموو سەرکردەکان بەو جۆرە دڵگەشبکات؟

مافی چارەنووس دیار نیە، کەرکوك دیار نیەو هەروەها مەخمورو کەلەك!! فیدرالی بێسەروشوێنە، مافی سیاسی دیاەنییە، پێشمەرگە ناوی بە ڕاشکاوی نیە، نازانم لە کێ دەترسن ناوی پێشمەرگەو فیدرالیەت بهێنن وکێوو توشی حەساسییەت دەبێت و بەو دوو ناوە سەخڵەت دەبێت. کێ دەتوانێ ڕێگە لەکورد بگرێت بڵێ (نا) ئەودەستورە بۆئێمە دەستنادات، ئێمە ئیمزای ناکەین، چونکی ئیمزاکردن لەسەری کۆمەڵێك ئەرکی یاسای دەخەنە سەر لایەنی کۆردی، بەرامبەر کەمترین ماف، هەروەها پاشەکشە لە بەندێکی یاسایی وا ئاسان نیەو بە ئاسانی دەچێتە ناو خانەی نا شەرعیەت و دواتر بە شێوازیتر لەقەڵەمدەدرێت. دوژمنانی کورد لە هەموو کاتێکی دیرۆکی خۆیان لاوازترن و کوردیش هەمیشە بژاری ئەوەی هەیە بڵێ (نا)و هەرچی دەبێ با ببێ، چونکی تەنها بەو (نا) یە حساب بو گۆتاری سیاسی کورد دادەندرێ و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەوانەی مەجبورن یاسا لە عێراق بەرپابێت، ملکەچی داخوازەکانی کورد دەبن. ئەگەر واش نەبێ، با هەر بگوترێ، یان هەر لە ئارادابێت وەکو کارتێکی فشار.

سەرکردە کوردەکان هەوڵدەدەن بە خەڵکرابگەیەنن کە عێراقی ئیتیحادی و فیدرالیەت یەك حسابە. ئەگەر یەك بوایە دەبا فیدرالیەت بێت لە جیاتی ئیتحادی، و ئەگەر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە وەکو حرس وطنی بێت دەبا پێشمەرگە بێت!. ئەوە دەبینین زلهێزێکی وەکو ئەمریکا کە بەو زەبەللاحیەی خۆی شەو ورۆژ سوننەکان بە تیرۆریست لە قەڵەمدەدات، ئیستا خەریکە دوبارە دەستور لەبەر خاتری ئەو تیرۆریستانە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ئەرێیانبکات، چونکی سوننەکان چۆکیان بە ئەمریکا داداو ناچاردەبێت هێزیان بۆدروستبکات و لەوانەیە ئەو هێزە ببێتە هەڕەشە بۆ سەرکوردستان، ئەی کەی فێردەبین ئەمریکا چۆن بیردەکات؟ بۆ کورد ناتوانێت بە ئەمریکاوە خۆی لە داوی ئالۆزی عەرەب و ‹ویلایەتی فەقیە› دەربێنێ؟

ئەگەر حسابی **4500** گوندی ڕوخاو بکەین و **182000** مرۆڤی خاوەن هەست و نەست و ئومێدی ئازادی بکەین، خوا هەڵناگرێت بەیانی ئازار زۆر لەو دەستورە باشتر بوو.

خۆ ئەگەر ئەوسا سەرکردایەتی کورد بەوە ئەرێ ببوایە لەوانەیە سەدامیش بە ئاسانی بیانوی کوردقڕانی بەدەستنەکەوتبایە. دڵنیاشم ئەوسا ش هەر سەرکردایەتی هەرێمیان دەکرد، نەپێویستی بەم هەمو گووری (قوربانی)انە هەبوو نە خۆشیان ئەوەندە تاڵیەیان بە وەرگرتنی مەنسبەکانەوە دەبینی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەگەر سەددامی خوێنڕێژ جلی کوردی لەبەردەکردو ئەگەر بەدرۆشبێت دەیگوت دەمەوێ فێری کوردی بم، ئەوەکەی ئەو برادەرانە چاوەڕێدەکەن سەرکردە شیعەکان کە هاوپەیمانن، بە هەبوونی کوردیش ئەربن!

دژایەتی شیعەو سوننە لە هەموو دژایەتیەکانی تری عێراق بەهەزترە، بەلاَم کە مەسەلەکە دێتە سەر کورد، دلَنیام هەردوکیان دژی ویستی کورد یەکدەگرنەوە، بەتورکمان و کریستیانەوە، هەموی دژی ویستە شەرعیەکانی کوردە، دەبا بۆ یەك جار شتەکان وەك خۆیان ببینین، نەك وەك چۆن خۆمان دەمانەوێ بیانبینین.

هەتاکو عێراق چەکی نیە و بێهێزە، هەر باس لە مادەی 58 دەکات و خاتری کورد ڕادەگرێت، دەبا چەکی قورس لە دەولَەتەکانی تر وەرگرێت و زلهێزەکانیش نێوانیان لەگەلَ داگیرکەرانی کوردستان چاکببنەوە، ئینجا نیشانمان دەدەن سنوری کوردستان لەکوێیەو مادەی 58 چیەو مافی چارەنووس ڕەنگی چۆنە.

کۆتایی: نا، نا، بۆ دەستورێك کە مافی کوردی بەئاشکراو ڕاشکاوی تێدا نەبێت، ئەگەر ئەمڕۆ تواناکم هەبێت بلَێم نا، لە وانەیە بەیانی پێمنەکرێت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## کورد لەنێوان شیمانە و

## گریمانەکانی هاوکێشەی سیاسیدا ..

هەولێرپۆست ژ (119) لە 18.02.2007

کێشەی کورد لەدوای روخانی رژێم هەنگاوێك بەرەوپێش چوو، بەلاّم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئالۆزی کێشەکە لەرووی دەڤەرگەری کەمتردەکاتەوە، یان گرێیە ئالۆزەکان دەکاتەوە، بەلّکو لەزۆردیدەوە رەفتارکردن لەگەلّ رژێمە داهاتووەکان زۆر بەزەحمەتتردەبێت، ئەگەرچی توانای ئەوەیان نەبێت بەهەمان دڕندەیی رەفتار لەگەلّ کوردبکەن. بێگومان ئەمەش نە لەبەر چاوی ڕەشی کوردە و نەك لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی دێن لە رژێمی سەدام بەرەحمتر دەبن، بەلّکو باری سیاسی جیهانی و دابەشکردنی هێزەکان و گە یشتنی کێشەی کورد بە قۆناغێکی پێشکەوتووتر و بوونی کورد بەئەمری واقع، دەبنە هۆو پالّپشتی ئەو چەمکە.

سیاسەت وەك هەر زانستێکی دیکە ئامێری تاقیکردنەوەو ئەزموونگەریی دەوێ، بۆیەش ئەگەر مەترمان بۆ پیڤانی درێژی بوێ و گراممان بۆ پیڤانی بارستایی بوێ، ئەوە بێگومان سیستمێکی شیمانەییمان بۆ شیکردنەوەی باری سیاسی دەوێت، کە پشتبەستنێکی چاکی بە تیۆرە سیاسییە فەلسەفیەکانەوە هەبێت.

دەبێ ئەو تیۆرانە بۆ بەرژەوەندی خوێندنەوەیەکی سیاسی بن لەپێناو ئەوەی هەنگاوی دووەممان مسۆگەربکەین و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ستراتیجی خەباتی رزگاریخوازی میللەتی کورد بەباشتر دارێژین.

کاتێ دەمانەوێ بینینێکی واقعیانە لەبارەی دۆخێکی سیاسی دروستکەین، دەبێ یەکەمین جار واز لە عەواتفی خۆمان بینین و بەبێ لایەنانە شیکردنەوەکە بکەین، ئینجا دێینە سەر پلانی تێگەیشتنمان و جەدەلەکەی، بۆ ئەوەندەش بێگومان سیستمێکی ئەگەرایەتیمان دەوێ ئەگینا دەکەوینە هەڵەوە، لەوانەشە ئەو هەلانە کوژەك بن و ببنە مایەی لەناوچوونی دەسکەوتەکانمان. ئەو دەسکەوتانەی کە من بەکاری خۆمی نازانم باسیان لێوە بکەم، چونکی کەسانی تر هەن لەسەر ئەوە دەژین وەکو پیشە.

**سیناریۆو ئەگەرەکان لە بارێکی نائاساییدا**

لەتکردنی عێراق بۆ سێ پارچە، باکوور، ناوەند و باشوور.

ئەو سیناریۆیە دەمێکە لەسەر شانۆی سیاسی باسدەکرێ، دەتوانم بڵێم لەدوای 1991ەوە بەئاشکرا باسی لێوەدەکرێ، هەروەها نەخشەکانی سیاسەتی کوردیش هەر لەسەر بنەمای ئەو سیناریۆیە دارێژراوە و لەوکاتەوە سەرکردایەتی کورد خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات و کاری بۆ دەکەن؛ بۆیەش دەستورو بڕیارەکانی تریش هەر بۆ ئەم شیمانەیە کێشراون.

ئەگەر بێت و ئەو گریمانە ببێتە راستی ئەوە سەرکردایەتی کورد توانیویەتی خۆی بۆ ئەم بارە بە چاکی بگونجێنێ، پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستان و شێوازی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، هەموویان نیشانەی ئەوەن کە باری سیاسیمان بۆ ئەم رووگەیە دارێژراوە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پارچەکردنی عێراق بۆ سێبەش، بەشێکی سوننی وکورد لە باکوور لەگەڵ دوو بەشی شیعە لەباشوور، مەرجەعیەی تاران و مەرجەعیەی قوم. یان تێکهەڵکێشانی عەرەبەکانی ئەهوار و دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ لەوێ.

ئەوەندەش سوودی ئەوەی بۆ ئەمریکا دەبێت کە لەکۆڵ سوننەکان دەبێتەوە و بەوە رازییان دەکات، چونکە چیدی شیعە حوکمیان ناکەن و لەگەڵ کوردیش دەتوانن بەهەر شێوە یەك بێت خۆیان بگونجێنن، دووریش نیە دروستبوونی هەرێمێکی تایبەت بۆ کەمایەتییە نەتەوەییو ئاینیەکانی تری وەکو یەزیدی و تورکمان و ئاشوورییەکان لە دەوروبەری مووسڵ و تەلەعەفەر دروست ببێت، لەوانەشە خەتەکەی بگاتە کەرکوك و حەمرینیش، کوردەکان بەوە رازی دەبن لەبەر ئەوەی لەعێراق جیا دەبنەوە و دەوڵەتێکی نوێ بۆ هەموویان دروستدەکرێت بە سێ یان چوار فیدراڵییەتی جیاواز، لەگەڵ سێنتراڵێکی نوێ کە بەغدا نابێت، بەلام لەوە دەچێت کورد زۆر بدۆڕێنیت، چونکی ئەوکاتە بەشێکی مەزنی خاکی کوردستان وەك دابەشکردنێکی جیوگرافی لەدەستدەدەین و بۆمبێکی بەکات دانراو لە باغەڵی خۆمان دەچێنین، چونکی نابێ لەبیرمان بچێت کە دەوڵەتە عەرەبییەکان بەهەمووویانەوە لەدوواڕۆژدا پشتگیریی سوننە دەکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی شەپۆلی شیعەگەرایی و لەناوبردنی خەونە ئزەلیەکەی کورد بەدروستکردنی دەوڵەتە نەتەوییەکەی خۆی، ئەوسا بە پیرۆزبایی هێزە جیهانییەکانیش دەبێت؛ بەهەر حاڵ لەگەڵ تورکیاش خۆمان دەخەینە ناو دەوی پلایسێکی قوفل.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دووبەشە شیعەکەش لە باشوور داهاتی گازی باشووریان دەکەویتە دەست و دەبێتە مەتاڵێك(قەڵغان) بۆ راگرتنی شەپۆلە فەندەمینتاڵە سونییەکانی عەرەب و هەروەهاش لە نێوان خۆشیاندا دەکەونە شەڕی مەرجعیەت. بۆ ئەوەندەش تورکیا بێدەنگدەبێ وسونییەکان بێدەنگ دەبن چونکە یەکەم؛ لەگەڵ شیعەدا نین، و دووەمیش؛ داهاتی نەفتی کەرکوك و دە ورووبەری لەگەڵ کوردەکان دەکەوێتە دەستیان. ئایا سەرکردایەتیی سیاسی کورد چ ئامادەیەکی بۆ ئەم شیمانەیە هەیە؟ هیچی دیار نییە؛ چونکی بڕوایەکی زۆر بەئەمریکا دراوەو هەموو هیواو ئومێدی کورد خراوەتە دەست سیاسەتی ئەمریکا، ئەویش بەگوێرەی دیرۆکی سیاسی و پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەمریکا نیشاندەدات کە هیچ ئەخلاقێکیان نییە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و لەسەر گوتەکەی کیسنگەر دەڕۆن، کە «ئەمریکا برادەرو دوژمنی بەردەوامی نییە، تەنها بەرژەوەندیی بەردەوامی هەیە».

**شیمانەی شەڕێکی نوێ لەدەڤەر**

ئەگەر هاتو ئەمریکا لە عێراق تەنگاوتری لێهات لەوانەیە لەژێر فشاری ڕای گشتی ئەمریکی و ململانێی جمهوری و دیموکراتەکان لە کوردستان بکشێتەوەو تەنها کەمپی لەشکری مەزن لەدەرەوەی شارەکان بهێڵێتەوە، ئەوسا بەهەموو تواناى خۆیان سوننە و شیعە شەڕەکە رادەگەیەنن بەدووری نابینم هێزێکی نێودەوڵەتی دروستکەن بۆ گۆڕینی مەرزەکان و دووبارە دابەشکردنی تێکڕای دەڤەرەکە، بەوەندەش تەنها ئێران دەبێتە براوەی مەزن لەناو ئەم کارەدا، چونکی شەڕی خۆی بەتەواوەتی رادەگوێزێتە ناو عێراق.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەوانەشە ئەمریکا هیچ ئەلتەرناتیڤی تری نەمێنێت یان دەبێ لە ئێرانبدات، یانیش لەگەڵی پێکبێت وبیکات بەحەلیفی خۆی لەجیاتی تورکیا وڕێگای پێبدات بەرنامە ئەتۆمییەکی بەشەرعییەتی نێودەوڵەتی ئەنجامبدات، ئەوسا ئێران دەستی دەگاتە هاوپەیمانەکانی کە حزب الله و سوریان، بۆ ئەوەی تەوقێکی ئاسایشی و قەوولاییەکی ستراتیجی بۆخۆی دروستبکات، ئەگەر ئەمریکالەکوردستان نەمێنێت ئێران تێکڕای کوردستان قووت دەدات ئەگەر بە بەهێزی لەشکریش نەیگرێت لەبەر یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەوە بێ گومان هەژمۆنی لەو دەڤەرە زیاددەکات و بەوەش کۆتایی بە ڕۆڵی تورکیا دەهێنێت وەك هاوپەیمانێکی ستراتیجی بۆ ئەمریکاو ئەوروپا. ئەمریکا یان تورکیا دابەش دەکات، یانیش سەری پفدەدات و بەئێرانی وەدەنێت بۆ ئەوەی جەنگێکی ترسناك لەدەڤەرەکە لنێوان تورکیاو ئێران ڕووبدات و چاڵدێرانێکی تر دووبارەبکاتەوە؛ ئەوجەنگە لەبەرژەوەندی ئەمریکادادەبێت، بەلای کەمەوە سەربازی ئەمریکی ناکوژرێن و شەرێکی ئیسلامی ئیسلامی لە دەڤەرەکە دروستدەبێت و وەکو شەڕەکەی چاڵدێران، کوردستان دەکەنەوە گۆڕەپانی شەڕی خۆیان، تورکیاش بەدڵخۆشیەوە ئەو شەڕە دەکات، چونکی بەرژەوەندیی دەوڵەتە عەرەبیەکان و تە نانەت ئیسرائیلیش یەکدەگرنەوە، جگە لەمەش دەوری جارانی لەگەڵ ئەمریکا دەگەڕێتەوەو هەوڵی نوێنەرایەتی سوننەدەکاتەوە.

ئەم شیمانەیە لەوانەیە شیمانەیەکی زۆر دووربێت لە واقع و بوویەری دەڤەر، بەلام بۆمان چاکترە لەئێستاوە بیخوێنینەوە و شیکردنەوەی پێویستی لەسەر بکەین، چونکی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دوارۆژی نەتەوەی کورد لەناو ئەو گێژاوەدایە. بۆیەش هاتنی لەشکری تورك بۆ باشووری کوردستان بە لەوانەیەکی لاواز دەزانم ئەگەر ئێران لەگەڵ بارەکە تێکەڵنەبێت، واتە ئەمریکا واز لە ئێران بێنێت یان بیکاتە هاوپەیمانێکی درێژخایەن.

ئەمریکا یان لە ئێران دەدات یان لەئێران نادات، دوو شیمانیە و نابێتە سێ. ئینجا ئەگەر هاتین و هەریەکە لەم شیمانانەمان شیکردەوە، دوواتر دێینە سەر ئەوەی ئایا چۆن لێیدەدات، ئەوەش باسێکی ترەو دەبێ دوای شیمانەی یەك و دوو خۆێندنەوەی بۆ بکەین.

دەبێ داوا لە ئەمریکیەکان و ئەورووپیەکان بکەین ئەگەر نیازی لێدانیان هەبێت وەکو هەموو هاوپەیمانەکانیتریان بەشێوەیەك بمانپارێزن و چەند بنکەیەکی مووشەك لە کوردستان دابنێن، نەك کورد وەکو میلیشیا بەکاربێنن بۆ شەڕی ئێران یان تورکیا یان هەرهێزێکی تر.

ئەگەر بمانەوێ ئەمریکا ئەوەمان بۆ بکات دەبێ ئێستا پێی بکەین نەك دواتر کە کاری بەئێمە کەمدەبێتەوە هەمان تاقیکردنەوە ساکارەکەی عێراق بە ئێمە نەکەن.

دەبێ سەرکردایەتی کورد بالانسێکی چاك لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دروستبکات بەتایبەت ئەوروپا و چین لەگەڵ تایوان یانیش بەلای کەمەوە لەگەڵ روسیا کە نیازی ئەوەی هەیە بە هیزێکی لاوازتری بێ ئایدیۆلۆجیاو ئابووری، سۆڤییەتی جاران، بێتەوە ناو رۆژهەلاتی ناڤین و Bipolarity جوتجەمسەر دروست بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا نەبێتە تاکە زلهێز لە دەڤەرەکە، هەڵبەتە ئەوەندەش جێگای دڵخۆشی هەموو دەوڵەتە عەرەبیەکان دەبێت، هەروەك

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەسەردانەکەی 'پۆتن' لە سەرەتای ئەومانگەدا بۆ چەند دەوڵە تێکی عەرەبی ڕاگەیەندرا.

کورد دەبێ خۆی بۆ هەموو شیمانەکان ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا نەڵێ: بەخوا نەمانزانی ئەمریکا و بە ئاسانی دەمانفرۆشێت.

کۆتایی: هەموو هێلکەکانت مەخە ناو یەك سەبەت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# کاغەزی فشار

## لە گفتوگۆی سیاسیی دیپلۆماسیدا

**هەولێر پۆست 2007**

**بەکار هێنانی کاغەزی فشار لەناو گفتوگۆی سیاسیدا ئەلمینتێکی باوە، لەوە ناچێت کە ئێمەی کورد وەکو زانستێك زۆر سوودمان لێی وەرگرتبێت، زیاتر لە ناو گفتوگۆکانی نێوان حزبەکانداو لە پەیوەندیەکانی ناوەخۆ بەکار هاتووە، بەلام وەك مفاوەزاتی دەرەوە سوودمان لێی وەرنەگرتووەو کورد هەمیشە لەو جۆرە مفاوەزاتانەدا بەدۆڕاو دەرچوە. دەیڤد فرۆمکین لە کتابی**

**After such knowledge, what forgiveness**

**ی جۆناثان ڕاندل دەڵێ: «*کورد ئەو میللەتە سەرسەختەیە کە هەمیشە دەسکەوتەکانی مەیدانی شەڕ لەسەر مێزی مفاوەزات دەدۆڕێنی، و هەردەم لەخەباتەکەی بەبێ ماندوو بوون بەردەوامە*»[3]**

**ئێمەش وەکو هەموو میللەتێك کە هۆی هەبوونی تێدایە، دەبێ فێری بەکارهێنانی کاغەزی فشار ببین و بزانین چۆن لەکاتی مفاوەزاتدا بتوانین کاغەزی فشار بەکاربێنین.**

**دەبێ دەزگای تایبەتمان هەبێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر باوەشکردنەوەی تورکیا بۆ ئەوەی لەگەڵ دەسەلاتی کوردی گفتوگۆ بەرەسمی بکات، دەبێ چاك بزانین ئەگەر تورك زۆر زۆر تەنگاو نەبن، نەك تەنها گفتوگۆ لەگەڵ**

---

3 Jonathan C Randal, After such knowledge, what forgiveness

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کورد ناکەن، بەڵکو ئامادە نین ناوی کوردیش بینن، ئەوە نییە ئیستاش ناهێڵن فرۆکەکانی کوردستان ئێرلاین بە ئاسمانەکەیاندا بڕوات لەبەر ئەوەی ئالاو ناوی کوردستانی پێوەیە؛ کاغەزی فشارمان دەبێ ئەوەبێت کە بە وردی بزانین چ جۆرە فشارێك وای لەتورکیا کردووە ئەو ئینیشەتیفە Initiative دەستپێشخەریە ڕابگەیەنێ و ئێمەش لەسەر بنەمای ئەوە ڕەفتار نەکەین کە تورك هەر ئەوتورکەی جارانە کە چەندین ساڵە بە داگیرکردن دەمانترسێنێت، ئێستا دەبێ زمانی گفتوگۆمان لەگەڵیدا جیاواز بێت، نەك وەکو ئەوەی کە باوەڕمان نەکردبێت تورك مەرحەبامان دەکات، دەبێ ئابووری نەتەوەییمان بکەین بە مایەی گفتوگۆو پەنجە بریندارەکەیان بگوشین و لەخاڵی لاوازیان بگەڕێین، بۆ ئەوەی لەکاتی مفاوەزات پێی لەسەر داگرین. ئەگەر ئەو چەمکەمان لەکاتی مفاوەزاتکردن لەسەر کەرکوك بەکاربهێنایا باری ئێستامان لە کەرکوك جیاوازیەکی زۆری دەبوو، کاتێ داهاتی کەرکوکیان کردبە داهاتێکی نیشتیمانی و کورد لەسەری ڕازی بوو، دەبووا کاغەزی فشارمان ئەوەبا کە دەبێ داهاتی شوێنە پیرۆزەکانی شیعەش ببنە داهاتێکی مەرکەزی، ئەو کاتە شیعەکان بە ئاسانی ئەوەیان قەبووڵنەدەکردو لەبەر حەساسیەتی مەزهەبی کە نابێت سوننەیەك داهاتی شوێنی شیعەکان بخوات، ئەوسا بەئاسانی کەرکوکییان لەبەردەست دەردەچوو.

گریمان ئەگەر کەسیتریشمان لەئەمریکا زیاتر نەبێت کە ئومێدێکمان پێی هەبێت، هەر نابێ بەکوێرانە بەدوای ویستەکانیان بکەوین، چونکی ئەمریکا لە دیرۆکی سیاسی خۆیدا بەتایبەت پۆڵەسیەکەی پەیوەندیەکانی دەرەوە نیشانی داوە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

که هیچ ئەخلاقێکی سیاسیی نیە، برادەرو دوژمنی بەردەوامیان نیە، بەگوێرەی بەرژەوەندی تایبەت، برادەر دەبێتە دوژمن و دوژمنیش دەبێتە برادەر. ئێستا دەبێ لەهەموو کاتێك زیاتر بەرژەوەندیە نەتەوییەکان وبوونی خۆمان بپارێزین، نەك شارەکانیان بۆ بگرین و زێرەڤانی شارە عەرەب نشینەکانی بۆ بکەین و خوێنی کورد لە خاکێکی بێگانە برژێنین دواتر تورکیا و سوننە وشیعەو هەموو دوژمنانی کوردی پێ گرنگتربێ لەئێمە لەبەر ئەوەی نازانین هەڵەکە هەڵقۆزین.

هاتنی تورك بۆ ناو خاکی کوردستانی باشوور مەحاڵە، مەگەر ئێران ببێتە یاریکەری سێهەم و بەناو خاکی کوردستان بکەوێت، وەك بەرسڤێك بۆ لێدانێکی لەوانەیی ئەمریکا، لەدووای کۆنگرەی ئاشتی و سایکس بیکۆ ولۆزان ودروستبوونی دەوڵەتی عیراق، تورکیا بەهیچ نەیتوانیوە بێتە ناو خاکی باشووری کوردستان و ناشتوانێ بێت، جگە لە پێکهاتنەکەی لەگەڵ حکومەتە عیراقییە یەك لەدووای یەکەکان لە زەمانی مەلەکییەوە لەشۆڕشە کوردییەکانی یەك لە دوای یەکەکان، هەمیشە پێکهاتنییان لەگەڵ هەڤدوو دەکرد بۆ ڕاونانی شۆڕشە کوردییەکان و گەڕانەوە نەك مانەوەو بنکەدروستکردن. هاتنی تورکیا وەکو داگیرکەر بۆ باشوور قەد ڕونادات چونکە خاکی عیراقەو بە یاسای نێودەوڵەتی پارێزراوە، هاتنییان بۆ خاکی کوردستانی باشوور تێکدانی پەیمانی نێوان حکومەتی تورکیا و حکومەتی عێراقە کە لەساڵی 1988 لەنێوان حکومەتی سەدام و حکومەتی تورکیا ئیمزا کراوە، تورکیا بە هاتنی خۆی سنووری عێراق دەبەزێنێ و لە پێکهاتنەکەی جارانی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەگەڵ حکومەتی عێراق دەردەچێ کە لەسەر ئەوە پێکهاتبوون 20 کیلۆمەتر بێنە ناو خاکی یەکتری.

بێگومان کورد بێ دەسەڵات نیە، چونکی تەنانەت لە باری سیاسەتی دەرەوەو پەیوەندیەکاندا کارتێکردنی هەیە، بۆ نموونە شێواندنی پەیوەندی نێوان تورك و ئەمریکا جگە لە کارە پراکتیکەکان گوتاری سیاسی کوردی دەورێکی باڵای لە شێواندنی ئەو پەیوەندیە هەبوو بەتایبەت گوتارە سیاسیەکەی سەرکردایەتی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی سەرۆکی هەرێم بۆ گەفەکانی تورکیا بەبێمنەتی، لەگەڵ یەکبوونی گوتاری سیاسی هەمووکورد لەناوەوەو لەدەرەوەی وڵات، وایان لەتورکیا کرد بکەوێتە ناو ئەو گێژاوە مەزنەی کەرێگای دەرچوونی نیە.

کاتێ تورك داوا دەکات لەگڵمان دابنیشێت ئەوە بێگومان گەیشتۆتە رادەیەك کە ناتوانێ زیاتر خۆی بگرێ لەژێر فشاری ئەورووپاو مافی مرۆڤ و هەرەشە بەردەوامەکانی ئەمریکاو نیگەرانی پەیدابوونی ئیسلامیستی فەناتیك لە تورکیا، روخانی باری ئابووری و نەزانینی یاریکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە لەکۆتاییدا وای لەتورکیا کردووە ببێتە جێگای نیگارانی هەموو دراوسێکان و ئەلەمینتێکی ئۆقرە نەگرتن لەدەڤەرەکە.

کۆتایی: مەرگی پێنیشاندە بۆ ئەوەی بە تا رازیببێ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# تۆڵەی هەڵەبجە

2004 تۆڕی ئەنتەرنێت

[دوای ئەم هەمو زانینە، چ جۆرە لێبوردنێك دەخوازرێ؟
لەگەڵم بیر بکەرەوە. نە ترسنۆکی و نە ئازایەتی،
دەتوانن رزگارمان بکەن]

ت. س ئیلیوت. «هۆزانی پیری»

من دەزانم کە تەنها رژێمی بەعس و مرۆڤ کوژەکانی سەدام لە کوشتنی هەڵەبجە بەرپرسیارن. هەر ئەوان دەبێ سزای یاسایی وەرگرن.

من داواکاری تۆڵە نیم، چونکی تۆڵەی کارکردەی وا زل، قد وەرناگیرێتەوەو هەڵەبجەش هەتا دونیا هەیە وەکوخۆی لێنایەتەوە؛ ئەوەی کرا، کرا وهیچی تر.

راپەڕین وهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پێشانی تەڤ جیهانی دا کە کورد سێوی (هەتیوی) جیهان نین، هەروەك کەناڵە عەرەبیەکان باسی دەکەن؛ گرفتەکە گرفتی بڕواپێکردنە، بڕواپێکردنێك کە بە تاقیکردنەوەی دیرۆکی میللەتی کورد بەبێ گومان و خۆهەڵخەڵەتاندن سەلمێندراوە.

چی دەکەین ئەگەر کەسێکی تر بەشێوەیك گەیشتە سەر کورسی دەسەڵات و لوشکەیکی لە دەستور و یاسای ئیدارەی دەوڵەت دا !! هەروەك ئەوانی پێشتر کە دەستی برایەتییان تەنها لە کاتی لاوازی بۆ کورد درێژکردوە، بگرە لە مەلیکەوەو تاکو دوای «سەدام» ئەو سەرۆك حیزبە عێراقیەی بە داواکانی کورد دەڵێ:(داواکاری ناشەرعی)!

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نـازانم ئەو كـابرايە بەچـى لە واتـاى پەيڤـى شـەرعيەت گەيشتوە؟

دەبـوا ئێسـتا بەديـان وەفـديان ناردبـاوە كوردسـتان بـۆ ئەوەى كورد لێبوردنەكەيـان ئەرێ بكـات و دەرگـاى گفتوگۆيـان لەگەڵ بكاتەوە.

پێويسـتبوو لەدواى ڕووخـانى ڕژێمـى بەعـس، كـورد تخوبەكانى تاوەكو حمرين داخستبا و بە عێراقيەكانى گوتبا: ئێوە گرفتى خۆتان چارە سەر بكەن، ئينجا وەرن با بئاخفين، وڵاتەكەتان بە ئێمە چاك مەكەنەوە، ئێمە قۆناغێكمان بريوە و نـاتوانين ڕەنجـى 13 سـاڵ بەو شـێوەيە بفەوتێنـين، ڕەنجـى ئاوەدانكردنەوە، ڕنجى خەبات، مەينەتى شەڕى ناخۆ!

## ئێمە گفتوگۆ ناكەين

كورد زۆر بە هەرزان فرۆشتى و ئەوانيش باوەڕيان نەكرد كە كـورد واز لە سـەربەخۆيى دينـێ و داواى «مەخمـور» لە عێراق دەكاتەوە! ئەو مەخمـورەى كە هەمـوو كەسـێك لەسـەر قەڵاى هەولێـرەوە دەيبينـێ! ئەگەر شـتێك هـى خـۆم بـێ، بـۆ بەكەسێكى تر دەڵێم بمدەرەوە؟!

پێويستە ئيستا گوتـارى سياسـى كـورد بەرەو ئەوە بـڕوات كە (ئێمە ناوێرين لەگەڵ عەرەب پێك بێـين نەك لەبەر ئەوەى نەفتى كەركوكمان دەوێ، ياخود دەمانەوێ پێشمەرگە بمينێ بـۆ ئەوەى جياببينەوە) بەڵكو راستتر ئەوەيە بڵێين: ئـێمە لەسـەر هەمـوو شـتێك پێكـدێين، بەڵام لەبەر حـوكمى ئيسـلامى و تـايفەگەرى نـاوێرين لەگەڵيانـدا پێكبـێن، ژنـى كـورد ئـازادە و بەهيچ جۆرێك ئەرێ نيە تەنها بەشـەريعەتى ئيسـلام حـوكمى

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لێ بکرێت و ئەوە نموونەی ئێرانمان لەبەرچاوە و نامانەوێ ئەو دیموکراسیەتەی بەدەستمان کەوتووە، لەسایەی رۆژئاواو ئەمریکا، بە ئاسانی بەدەست فەندەمینتاڵەوە بەریبدەین و بیدۆڕێنین. ئێمە لە 91 ەوە دیموکراسیەتمان هەڵبژاردوە

- بۆ ئەوەی رۆژئاواو ئەمریکا بناغەیەکی وروژاندنەوە پەیدا بکات و بتوانێت فشار بخاتە سەر هێزە عەرەبەکان- بۆ ئەوەی دان بەمافی کورد بنێن. نەك کورد ببێتە پارێزەریان و لەجیاتی ئەوانەوە بڵێ: پێموانیە حکومەتێکی ئیسلامی لە عێراق دروست ببێ!

مافێکی رەوای کوردە داوای زەمانەت لە عەرەب بکات و وبڕوایان پێنەکات چونکی نزیکترین کەسیان بۆ کورد و مافە رەوایەکانی کورد، ئێستا لەبەر شەرعیەتی قەومی رەگەزپەرستی عەرەبی، دان بەو مافانە نایێنێت، کە جاران بە پەنجەکانی دەست و پێ مۆریدەکرد.

کەرکوك موڵکی عێراق نیە، کەرکوك موڵکی کوردە و نەوتەکەی بە خوێن وهیسك و لاشەی کورد و گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەکاتی نبوخدنسەرەو فتوحاتی ئیسلامەوە و هەتاکو «سەدام» لەژێر ئەو خاکەوە بۆژاوەتەوە و ئاگری باباگورگوڕی هەمیشەیی هەڵکردوە.

چ جۆرە دڵنیایکمان دەبێت و کەی دستووری نووسراو بۆ عەرەب گرفتێکبووە؟ ئایا چ دەوڵەتێکی عەرەبی هەیە یان هەبووە بڕوای بە دستور و یاسا هەبێت؟ نموونەی یەك دەوڵەتی عەرەبیم بۆ بدۆزەوە و من ئەرێ دەبم لەگەڵ عێراق بژیم.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

پێكهاتنی «سیڤەر» نووسراو بوو، پێكهاتنی «ڤیرسای»یش نووسراو بوو، یاسای یانزدەی ئازار نووسراو بوو، بەڵام نووسین، ئەگەر پێی نەكرێت چ جۆرە مفایكی دەبیەت؟

پێكهاتنی دوو لایەن بە كشانەوەی لایەنێكیان تێكدەچێ و بیانوش زۆرن كە وابكات هەموو دەوەڵەتە عەرەبیەكان پشتگیری بكەن، بیگومان هیچ لایەنێك ناكێشێتەوە ئەگەر لەوە دڵنیا نەبێتەوە كە سزاكانی كشانەوە كاری تێدا ناكەن، دیرۆكیش پرە لەو جۆرە كشانەوانە و دیرۆكی كوردیش پڕە لە خیانەت و كودەتا و غەدری دیرۆك و جیوپولیتیك. هۆكاری مەزن هەبوونە كە كورد تاكو ئێستا جیگایكی تایبەتی لەسەر ئەتڵەسەكانی جیوگرافیا نەبێت، مەزنترینیان نەزانینی خویەتی لە زانستی سیاسەت و دیپلوماسی و هاوكێشە دەوڵەتیەكان، بۆیەش دەڵێم تۆڵەی هەڵەبجە ناكرێتەوە.

تەنها تۆڵە ئەوەیە كە قەد و قەد جارێكی تر لەگەڵ عەرەب گفتوگۆ نەكەین و قەد پێكنەیەنەوە، تەنها بەوە نەختێك لە پیاوەتی وكەرامەتی خۆمان دەگەرێنینەوە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## ئیعدامکردنی سەدام

## یان

## لەناوبردنی دیاردەی سەدام

هەولێرپۆست (109)14.01.2007

کاتێ سەدامیان راکێشایە بەر پەتی قنارە، من هیچ هەستێکی تایبەتیم نەبوو، نە پێم خۆشبوو، نە پێمناخۆش بوو، هەروەها سەیری دەموچاوەکەشیم نەدەکرد چونکی لای من زۆر گرنگ نەبوو بزانم دەترسێ یان هیتاف دەدات، ترسنۆکە یان زیرەکە!!

مردنی سەدام ڕووداوەکی گرنگ بوو لە مێژووی عێراقییەکان و تەنانەت کوردەکانیشدا، لەبەر ئەوەی لە ژێر حوکمی سەددام و ڕژێمەکەی مەزنترین چریسەتی دیرۆکیان لێ قەوما، بەلام خۆم ئاسایی لە هەرکێم دەپرسی دەیگوت: وایە بەس نازانم شعورم نەبوو. منیش لێتان ناشارمەوە، کە ئەو چرکەساتە دیرۆکیانەم دەدیت کە سەددام بەرەو پەتی سێدارە دەبەن، بەلام دڵم بە ئیعدام کردنەکەی خۆشنەبوو، بێگومان دڵم بەئیعدام نەکردنیشی هەر خۆش نەدەبوو؛ لای من سەددام ی (کەس) لەرۆژی لابردنی لەسەر کورسی دەسەلات ئیعدام کراوە، چونکی سەددام بە دەسەلاتەکەوە سەددام بوو، بەبێ ئەو دەسەلاتە، مەبەستم لەکاتی ئاسایی، سەددام جگە لە چەقوکێشێکی سەرجادان هیچیتر نەبوو، بۆیە سەددام لای هەموومان گرنگ بوو چونکی دەیتوانی خوێڕیاتی سەر جادە بەرزکاتەوە سەر کورسی دەسەلات و دوا ڕۆژی میللەتێك بکەوێتە دەستی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

مردنی سەددام وەکو (کەس) هیچ گرنگیەکی نەبوو، ناشزانم کە بەراستی رووداوی ئیعدام کردنی سەدام کۆتایی بە دیاردەی سەددام دەهێنێ یان نەء، چونکی لەوەیان بە گومانم کە بەو ئیعدامکردنە کۆتایی بەدیاردەی سەددام بێت سەددام دیاردەیەك بوو نەك کەسێك کە بە ئیعدام کردنی کۆتایی بە خوێرپیاتی سیاسی بێت، ئەو دیاردەیە لە ناخی نەوەیەکی کاملدا ماوەتەوە، ئەو کەسەی خۆی دەتەقێنێتەوە و ئەو کەسەی بە تۆندرەوی دەچێتە سەر کورسی دەسەلات و بە توندی کورسی دەسەلات دەگرێتە دەست، ئەو کەسەی بە لەناوبردنی ئۆپوزیسیۆن گەشەدەکات و بە خوێن پێدەکەنێ و بە لەناوبردنی نەتەوەیی هەست بە ئارامی دەکات و ئەو کەسەی بە هۆڤینی و کوشتنی خەلك بوونی خۆی دەسەلمێنێ و زۆر شتی تر.

بۆیە دەلێم: لەناوبردنی دیاردەی سەددام گرنگترە لە ئیعدام کردنی، لەوانەیە زۆر کەس بۆ جەدەل بلێن: بەلام لە وانەیە هەنگاوی یەکەم بەرەو دیموکراسیەت و پێشکەوتن ئەوەیە کە سەددام لەناو بچێت. بەوانەش دەلێم هاتنی ئەمریکاو لێوەرگرتنەوەی دەسەلات، سەددامی لەناو برد، ئەوەندەش بەس بوو بۆ ئەوەی ببێتە یەکەمین هەنگاو، چونکی درایەتی تەنها درایەتی بەرهەم دەهێنێت، لەوانەیە ئیعدام کردنی سەددام ببێتە مایەی رواندنی خەم و پەژارەی دایکە شەهیدێك کە هەست بکات تۆلەی کەسوکاری وەرگیراوەتەوە، بەلام ئەوەندەش بەتەواوەتی نەکرا لە بەرئەوەی سەددام بەهۆی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیا لێدانی هەلەبجەو وبارزانیەکان ئیعدام نەکرا، بەلکو شیعەکان بە پەلەپەل سەددامیان لەناوبرد بۆ ئەوەی بە حوکمدانەکەی ئەنفال و تاوانەکانی تررا نەگات، هەروەك بەو قەناعەتە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

گەیشتبن کە بە ئیعدامکردنی سەدام وەکو کەس دیاردەی سەدام لەناو دەچێت.

ئەوەی ڕۆیشتوە نابێ لەبیری بکەین و دەبێ بیکەین بە عیبرەتێك بۆ ئەوەی کەسیتر نەبێتە قوربانی و هیچ سەدامێکی تر دروست نەبێت، دەبێ ئێمە غەمێکی جیددی لەوە بخۆین و نەهێلین جارێکی تر لەژێر هیچ بارودۆخێکی تر ژینگەیەك دروست ببێت کەسانی وەکو سەددامی تێدا پەیدابین، تەنها بۆ ئەوەی کەسانی تر نەبنە قوربانی، ئەوەیان گرنگترە لە ئیعدامکردنی سەدام وەکو کەس.

با عەرەب وەلانێین؛ ئێمەی کوردی باشوور کە لە هەموو کەسێك زیاتر لەدەست سەددام ئازارمان دیوە، ڕۆژانە چەند ڕەفتاری وەکو سەددام دەکەین؟ مافی ئاخاڤتن لەدەوروبەرمان زەوت دەکەین، ژنەکان دەچەوسێنینەوە، بڕوامان بە ڕای دژیخۆمان نیە، لە ترافیکی سوور دەدەین و مافی کەسانی تر دەخۆین، چاو لەخەڵکی لەخۆمان لاوازتر زەق دەکەینەوە، پابەندی یاساکانی هاتووچۆ نابێن، ماڵی گشتی دەدزین، گەندەڵیمان پێ ئاساییە، پشتی هاوڕێکانمان دەشکێنین، دووڕوویی بەکاردێنین تا بێینە جێگایان، لەچەپ دەدەین، لە ڕاست دەدەین بەس بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانمان بگەین، مەرجنیە ئامانجەکانمان ڕاست ودروست بن. فێڵ لە معامەلە کردندا دەکەین ساختە لە کار دەکەین پلەی دەسەلآت لەپێناو بەرژەوەندی کەسایەتی بەکاردێنین، هەمووی تۆڵەوەرگرنە لە لەیستمێکی ستەمکار کە فێری ئەوجۆرە ڕەفتارانە بووینەو ناتوانین تەنانەت لەناو ئیدارەی خۆشمان بەکاری بێنین، خەباتی خۆمان و چەندین چەمکی پیرۆز هەمووی دەکەینە وشکە پارە و لە بانقی دەرەوی دادەنێین، پێمان قەبوڵناکرێ کەسێك خراپەکانمان بڵێت، پێمان قەبووڵناکرێت تەنانەت دە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نگی ئۆپۆزیسیۆنیشمان هەبێت، هەرکەسێك لەگەڵمان نەبێت، دژمانە، دوژمنەو بەهەموو توانا کار بۆ لەناوبردنی دەکەین، خۆمان بڕوامان بەسەروەری یاسا نیە بۆیە پێمان خۆشە یاسا سەروەربێت، بەلام نەك بۆ ئێمە، تەنها لەسەر کەسانی بێدەسەلات، ئێمە حەز دەکەین یاسا لەسەر هەموو کەسێك هەبێت، بەلام کاتێ دێتە سەر خۆمان، خۆمان یاساین خۆمان لە سەرووی یاساین، کێشەی میللەتەکەمان کردۆتە مایەی دەوڵەمەند بوونی بێسنوور و کەسێکمان ئاگای لە کێشە سەرەکیەکە نەماوە. چەند کەسمان سەددامێکی بچووکی لە ناخدایە؟ با هەوڵبدەین لەناخی خۆماندا ئیعدامی بکەین نەك چاوەڕێی ئەوەبین شیعە لەسەر کوشتنی چەندکەسێك لە دوجێل و بەفەرمانی دادوەری کورد بۆمانی ئیعدام بکات.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# خاڵبەندی بنەما سیاسیەکان

هەولێرپۆست 28.03.2007

لەرۆژی دامەزرانی عێراقەوەو دوواتر لکاندنی کوردستانی باشوور بەم پرۆژە سەرنەکەوەتووەوە، سەرانی حوکمی عێراق کابووسێکیان هەیە ناوی کوردە.

ئەو کابووسە نەیهێشتووە نە شەوان بەباشی بخەون و نە بەباشی کاری سیاسی بکەن و نە وڵاتەکەشیان بکەن بە وڵات.

هیچ سەرکردەیەکی عیراق ئامادەنەبووە دان بەمافەکانی کورد بێنن، چونکە هەر هەموویان بەردی شەترەنجی هێزی دەرەکیبوونەو خزمەتکارو زێرەڤانی زلهێزەکانبوونە بۆ پاراستنی سنوورە دەسکردەکان و مانەوەی پێکهاتە نێودەوڵەتییەکانی وەکی سایکس پیکۆ و لۆزان و سیڤەر، ئەو مافانەی کورد کە زلهێزەکان بەڕەوایان نەدیتووە کورد هەیبێت، کوردیشییان بەکارهێناوە وەك ئەلمینتێکی نائۆقرەیی بۆ ئەو دەوڵەتانەش گەشەنەکەن وپێشکەوتن بەخۆییانەوە نەبینن، هەرچەندە مافەکانی کورد بەخێری باوکی کەس نە دراون، بەڵکو مەرجێکی سەرەکیی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقبوون، پیاوەتی کەسی بەسەرەوە نییە، هەر ئەوەش وایکردووە کە هیچ حکومەتێکی عیراقی شەرعیەتی نەبێ چونکە نکۆڵی لەمافەکانی کوردکردووە.

عێراق وەك وڵاتێکی دەستکرد، مەرجەکانی درووستبوونی خۆی ئەنجامنەداوەو هیچ حکومەتێك نەهاتووە ئەو ماف و مەرجانە بەتەواوەتی پراکتیزبکات، بۆیەش هەمیشە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

شـەرعیەتی بـوونی عێـراق بـە دەوڵـەتێکـی سـەروەر جێگـای پرسیاربووە، ئایدێنتیتی عێراقی دروست نەبووە وەکو ئـەوەیـە کۆمەڵێك خەڵکی جیـاواز بـەزۆری خراونـەتـە نـاو قەفەسـێکی داخــراودا، بۆیــەش هــەمیشــە زەمینــەی چــاك هــەیــە بــۆ دروستبوونی دیکتاتۆریەت بۆ ئـەوەی بتـوانن بـەئـاگر و ئاسن ئەو نەتەوەو یەکنەگرتووانە بەزۆرداری بەیەکەوە بلکێنن.

ئـەو کۆمـەڵـە خـەڵکـەش وەلائـی نیشـتیمانپەروەریـان دروسـتنەکـردووە، وەلائـەکـە گـەڕاوەتـەوە مـەرجـەعیـەتـی مەزهەبـی و سیاسـی و نـەتـەوەیـی، کـە عـەرەبـی سـوننە مەرجەعیەتیان پانئەرەبیزم و هـزری شـۆڤینی و ڕەگەزپەرسـتی بووەو شیعەکانیش تەنانەت بۆ مەرجـەعیـەتـی سیاسـیش هـەر مەرجەعیـەتـی ‹قـوم و نـەجـەف› بـووە؛ کـوردییش لـە سەرکردایەتی شۆڕشی وەرگرتووەو سەرکردایەتیش شەرعیەتـی لە ناشەرعیەتی حوکمی عێراق وەرگرتووە، هەرچەنـد حـوکمی عێراق زیـاتر پێـی لـەسـەر چـەوسـاندنەوەی کـورد داگرتبێـت، شەرعیەتی شۆڕشی کورد زیاتری لێهاتووە .

ئێمە بە هیچ پێوەرێك ناتوانین بڵێین کەلەناو ئەو هەمـوو سەرکردەیە، یەکی باش نەبوو، بەڵام شتێکی هاوبەش لەنێـوان ئەو هەموانەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە عـەرەبـن. شـتەکـە لێرە گەلالـە دەبێـت کـە گرفتـەکـەمـان لـەعێراقـدا گرفتێکـی سیاسی نیە هەروەك گوتـاری سیاسـیمان وسـەرکـردەکانمـان لـە پێنـاو تـەبـایی و بـەیـەکـەوەژیـان بۆیـدەچـن و زۆرجـاریش دووپاتکراوەتەوە:(*ئێمە گرفتمان لـەگـەڵ میللـەتـانی عێراقـدا نییـە، گرفتمـان لـەگـەڵ ڕژێمـەکانـدا هـەیـە*)، ئـای کـەوا دەرنەچوو!، گرفتمان لەگەڵ خۆدی عەرەب هەیە نەك لـەگـەڵ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

حكومەتەكان، ئەگینا لۆجیك نییە ئەو هەموو حكوومەتە خراب بن؛ یان هیچ عەرەبێك نەبێت لەدەرەوەو لەناوەوە پێیخۆشبێت كورد دەوڵەتێكی سەربەخۆی هەبێت، جگە لە چەند كەسێكی مرۆڤدۆست كە ئەو مافەیان پێ ڕەوایە، هەمان سیناریۆ لەئێران و لەتوركیاش روویداوە، ئەگەر ووردبینانە سەیربكەین نیشاندەدات كە گرفتی كورد گرفتێكی سیاسی نیە و هیچ سوودێك لەناو بەسیاسەیكردنی ئەو خەباتەدا نیە، گرفتمان گرفتێكی نەتەوەیی ڕەگەزی بێگەردە.

عەرەبەكان لەگەڵ ئیسرائیل هەمان گرفتیان هەیە، كە بەهەڵە ناوی ململانێیەكە بەسیاسی دەبەن، كە لە ئەسڵدا ململانێیكی ئایدیۆلۆجی ئایینییە لەنێوان ئیسلام و جولەكەدا، بەڵام شەپۆلەكانی عەرەبگەری وناسریەت و ناوە خرشەكەی ‹ئوممەی عەرەبی› بۆ كەسبكردنی جادەی عەرەبی سوودیان لە بەسیاسی كردنی ئەو ململانێیە وەرگرتووەو بۆ بەخشینی شەرعیەت بە حوكمەكانیان و راكێشانی خەڵك كە هاوكێشەكە پەیوەندی بە جەنگی ساردەوە هەبوو و ململانێی بلۆكی سۆسیال وسۆڤییەت لەگەڵ سەرمایەداری جیهانی و ئەمریكا.

بەڵام ئێمەی كورد بۆ ململانێیەكی نەتەوەیی بێگەرد بكەین بە سیاسی؟ لەسوودی كێدایە؟

ئەوەی بەسیاسی دەتوانین ناوی بەرین، ململانێی نێوان تایوان و چینە، كە هەردووكیان هەمان ئایین وقەومیەت و دابوونەریتیان هەیە، تەنها لەبەر گرفتی سیاسی پێكنایەن، گرفتەكەیان شۆڕشی كۆمۆنیزمە لەچین.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

عەرەب و تورك و فارس دوژمنی نەتەوەییمانن و نایانەوێ ڕۆژێك لەرۆژان لەژێردەستیان رزگارمان بێت، کەسیشیان ئامادە نییە ئەو مافەمان پێنیشاندات بۆ ئەوەی بزانین داوای بکەین.

تاکو خاڵ لەسەر پەیڤەکان دانەنێین، ناتوانین لەبنەمای گرفتی خۆمان بگەین و ئەگەر لەبنەمای ململانێیەکەمان نەگەین، نەدەتوانین مفاوەزاتیان لەگەڵدابکەین ونە دەتوانین لەوڵاتێکدا لەگەڵیاندا بژین وهەرناتوانین لێیان رزگاربین.

کۆتایی: «هەر گرێبەستێکی مەرجدار بە بێ جێنەهێنانی مەرجەکە باتیل دەبێت»

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

## مەنەفێستی مەلەکیەت لەکوردستان

رۆژنامەی میدیا ژ(283) لە 03.04.2007

گەر دێهەبوایە مە پادشاهەك
لائق بدیا خودی كولاهەك

تەعیین ببوا ژبو وی تەختەك
زاهیرڤەدبو ژبومە بەختەك

حاسل ببوا ژبو وی تاجەك
ئەلبەتە دەبو مەژی رەواجەك

خەمخواری دكر لمە یەتیمان
دئینانیە دەر ژدەستێ لەئیمان

غالب نەدبو لسەر مە ئەڤ روم
نەدبوونە خرابەی دەست بوم
...
گەر دێ هەبوایە مە ئتتفاقەك
ڤێكڕا بكرا مە ئنقیادەك
ڕوم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژمەڕا دكر غولامی تەكمیل
دكر مەدین ودەولەت
تەحصیل دكر مە علم حكمەت
تەمییز دبون ژهەڤ مەقالات

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# مومتاز دبوون خـودان کەمـالات

ئەحمەدێ خانێ 1650_1706

لـەبـەر ئـەوەی بـەتونـدی بـەر شـاڵاوەکـانی شـەڕی دوو ئایدیۆلۆجیای سـەرسـەخـت کـەوتـووین و بـووین بـە گـووریی جەنگی سارد، کە هەردوو جەمسەرەکـەی لـەگـەڵ دروسـتبوونی کـەیـانێکی کوردیـدا نـەبـوون. نـەمـانزانی چـۆن سـوود لـەو ململانێیە وەرگرین و کوردستانیش بوو بە تاقیگەی ئەزمـوون و تیـۆرە سیاسـیەکـان و واری بـەکارهێنـانی چـەکی فرۆشـراو و ئێمەی کوردیش بەدۆگما ئەسیری چـەنـد زاراوەیەکـی سیاسـی مایـنەوە، کـە لـەنـاو فـەرهـەنگـە سیاسـیەکانـدا تـۆزی لـەسـەر نیشتووەو زەمان تووڕی هەڵـداون: ئیمپیریـالیزم، برجوازیـەت، خەبـاتی پرۆلیتاریـا، ململانێـی چینایـەتـی، ئـوممەیەت، ڤـاری، لەرێدەرچوو، گەدە، رجعی .. هتد.

ئێمـە نـەمـانتوانی لـەمارکسـیزم بگـەیـن، لـەبـەر ئـەوەی چەمکێکی نامۆبوو لـەکەلتورمانـداو هـەروەهـا ئایینـەکـەشـمان دۆڕاند و نەمانزانی وەکو تورك و فارس ئایینەکە بۆ خزمەتـی ئامانجی نەتەوەیی بەکاربێنین. نە بەئیسلام توانیمـان دەوڵەت درووستکەین و نـە هێـزی چـەپمـان بـۆ گـەیشـتن بـەئامـانجـە نەتەوەییەکان بەکارهێنا.

دژایەتی شەپـۆلی هـزری چـەپ و پێشـکەوتنخوازمـان بـە ئیسلام و رجعیەت دەکرد و بەدەیـان ناوونـاتۆرەی ئیسـتیعماری دوواکەوتومـان بـەکـاردەهێنـا بـۆ لێـدانی ئـەو هـزرە مـەزنـەو لەهەمانکاتدا شـەڕی ئایینمـان بـە کۆمونیسـتیەکی سـەقـەت و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئیفلیج دەکرد، کە تەنها رەنگی سوورو چەکوچوداسەکەی لە کۆمیونیزم دەچوو. چەپەکەمان دەستی بە پرۆژەیەکی مەزنی هۆشیارکردنەوە کرد، چونکە چەپ خوێندنگەیەکی فیکری مەزن بوو بۆ خەڵك، دەتوانم بڵێم تاکە گرووپی هزریبوو بتوانێت دەستکاری بیروباوەڕی خەڵکی کوردستان بکات و باوەڕیان بە ئایین لەقبکات، بەڵام بەداخەوە ئەو پرۆژەیان بەنیوەچڵی بەجێهێشت و هەوڵیان دا پرۆژەیەکی راستی نەرمڕۆو پێشکەوتنخواز بکەن بە ئەلتەرناتیف، لە ئەنجامدا بوون بە کۆپیەکی خراپی راست و میللەتی کوردشیان بە نیوەچڵی بەجێهێشت و نەیانگەیاندە رێژەیەکی هۆشیاری بەرز بۆ ئەوەی ئەو هۆشیاریەی ببێتە رێگر لەخراپەکاری، چونکی مرۆڤ یەکی لەدووان پێویستە بۆ ئەوەی بەردی بناغەی بەهاو ئاکار دابنێت؛ یان دەبێ هۆشیاریەکی بەرزی ئەوتۆی هەبێت کە لەبەر ئەو هۆشیاریە خراپە نەکات، یانیش دەبێ، لە رۆژی حیساب و لە قیامەت و جەهەنەم بترسێندرێت.

بۆ خوێنەری سیاسی باری کوردستان بەئاشکرا دەرکەوت کە روخاندنی بەهاو ئاکار و رەوشتی کۆن شتێکی باش نییە، ئەگەرچی کۆنەپەرستی ودۆگمای پێوە دیاربێت ئەگەر پێشتر ئاکارێکی نوێی مۆدرن نەچەسپێنین ناتوانین ئەخلاقی کۆن بە شۆڕشگێڕی بڕوخێنین، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ بەها وئاکار و ئەخلاق بژیەت، کەواتە بەهاو ئاکار و ئەخلاقی ئارا هەرچەندە خراپ وپاشکەوتووبێت، لەبێ بەهاو ئاکار وئەخلاق باشترە، بەکورتی، ئەخلاقی کۆن لەبێئەخلاقی باشترە، لەناوبردنی ئەخلاق و بەهاو ئاکاری نوێ بە پرۆسێسێکی تەدریجی و لەسەرەخۆ دەکرێت و ئەزموون و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

تاقیکردنەوە هەنگاوی داهاتوومان نیشاندەدات. تەواو بوونی شەڕی سارد و ڕووخانی بلۆکی سۆشیال کۆتایی بەو ململانێیە نەهێنا، بەڵکو لەئەنجامی ئەو نسکۆیە مەزنانەدا نەوەیەکی زۆر سەیر درووستبوو، کە بەدرۆ دەڵێت زیرەکی و بە دزی دەڵێ ژیری و بە بێ بەهاو ئاکاری و بەهیچ نەزانینی مافی خەڵکیتر بەرامبەر بە مافەکانی خۆی دەڵێ ئازایەتی، بۆ نا! نەترسی خوای ماوەو نەش ئاستی هۆشیاری ورۆشنبیریەکەی ئەوەندە بەرزن لەبەریان خراپە نەکات، تەنها چەند زاراوەیەکی خرش مایەوە مرۆڤی کورد خۆی پێوەهەڵواسێت، لە ژێر فشاری قەیرانێکی مەزنی هزردا بەرەو دواوە کشایەوە خۆی بە بەهاو ئاکارە عەشایریەکان هەڵواسی، چونکە ئەو بەهاو ئاکارانە تەناهی وشەرەف «بە واتا ساکارەکەی» پێدە بەخشی، ئینجا کۆنسێپتی تازە لەسەر بنەما کۆنەکان درووستبوون و کەوتینە ناو گێژاوی زاراوەکان، وامان دەزانی کە مەلەکیەت ومیرنشێنی دژی وڵاتپارێزی و نیشتیمانپەروەرەی و پێشکەوتنخوازیی و پاتریۆتیزمەو لەهەمانکاتدا وا وایتەگەیشتبووین کە چەپ دژی ئایین و بڕواو خواو قەومیەتە، لەهەردوو کۆنسێپتدا بوویەری توندڕەومان وەرگرتبوو، بەوشێوەیەش چەپ چەپایەتی خۆی دەدۆڕێنێت کارتێکردنێکی دراماتیکی لە راستیش دەکات، بۆیەش پەیوەندی نێوان هەردوو جەمسەرەکە پەیوەندیەکی گرنگە و هەردووکیان بۆ یەکتری گرنگن بۆ ئەوەی لەروانگەی دژایەتی و پێڤاژی یەکتری ئیسباتکەن.

لەکەنگای ئەو هەموو ئەزموونە سەختانەدا، باری کۆمەڵایەتی کورد چەقی و لەحاڵەتێکی نەلڤدا مایەوە لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

حەتمیەتی گۆڕانکاریش کۆمەڵگای کوردەواری هەر لە قۆناغی فیودالیزم مایەوەو لەبەر داگیرکردن، دیاسپۆرا، پەرتبوون، رووخانی بڕوا لای تاك، بێ هەداری و نەبوونی ناوكێك، سینترالێكی بەهێزو زۆر فاكتەری تر تەنها وەكو كۆمەڵێكی خێڵەكی ماینەوە؛ مامۆستامان، سیاسیمان، ئەكادیمیمان، دكتۆرمان، پرۆفیسۆرمان، سەرۆك حزبی پێشكەوتنخواز و چەپمان، تەنانەت ئەوانەی لەدەرەوەش ژیاون و خوێندوویانە، ئاغایەكیان لەناخدایە! حەزدەكەن خەڵك لەبەریان هەڵستێ، لەدوایان بڕۆن، و لەدەرگا بەپێشیانبخەن، كۆمەڵگامان بە هەموو ئاڵۆزیەكانیەوە، كۆمەڵگایەكی جوتیاری فیودالیە. جارێ كۆنسێپتی «شار» وشارستانییەت دروست نەبووە. بێگومان لەبەركردنی جلی مۆدرن و دروستكردنی ئاڤاهی بەرز و بورج و هوتێل، شارستانییەت ناهێننەكایەوە. تەڤلیبوونی نەتەوەییمان، شارستانیمان، دەوڵەتیمان، هەمووی لاوازە، تەنها تەڤلیبوونی خێڵەكیمان بەهێزەو خێڵەكەمان بەسەر هەموو تەڤلیبونەكەماندا زاڵە، بۆیەش دڵێم: ئێمە لەناو پێڤاژێكی زۆرسەیردا دەژین، نوێنەرەكانی هزری چەپمان چەپ نەبوون، بەڵكو ئاغایەكیان لەناخدا بووە، یانیش ڕق وكینەی كەسایەتی چاویانی تاریككردووەو هەر سكرتێرێكی حزبێكی چەپ لە بیست هەتا سی ساڵ زیاتر لە لەدەسەڵاتی حزبەكەیدا ماوەتەوە، هەروەك بڵێی كەسی تر لەناو حزبەكەدا نییە جێگای بگرێت، یانیش حزبەكە لەو ساڵە درێژانەدا هیچ كادیرێكی پێڕانەگەیاندووە، هەردووكیشیان بۆ ئەوەی ببن بە بیانوو، بیانووی خرشن. ڕاستە شۆڕشگێڕەكان، دروشمی چەپیان بە گۆڕانكارییەوە هەڵداوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پەیڕەویان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بگونجێ، نەچەپمان چەپ بووە و نەڕاستمان ڕاستبووە، نە ئولدارمان ئولدارن و نە بێبڕوایەکانمان بێبڕوان، شتێك دروست بووە لەنێوان هەردوو چەمکدا، دوو چەمسەری ئاشکرامان نەماوە. ئەو ڕاستییەکە بە کۆنسێرڤەتیڤ خۆپیشانداوە هەمیشە ژینگەیەکی مناسب بووە بۆ دەستتێوە ردانی دوژمنان.

خەڵکی ستۆکهۆڵم، ئەمستردام یان ئوسلۆ هەستی شارستانیان بەرامبەر بە شارو تەنانەت دەوڵەتەکەشیان لە پێناو جیهانگەری کەمدەبێتەوە، ئێمە تازە خەریکین ئەو هەستە بەسەرچووە لەناخی خەڵکدا بچینین و بە پرۆسێسێکی دۆڕاو، فیودالیزم بکەین بە بورژوا وسەرمایەدارو دواتر ئینجا سۆشیالیزم و جیهانگەری؛ ئەوەیان دوورگەیەکەو چاکنییە ڕووی کەشتیەکانی نەوە داهاتووەکانمانی تێبکەین.

زمانمان زمانی گوندە، جارێ نەمانتوانیوە بەقۆناغە کانیتردا بڕۆین، تاکو ئێستا زمانێکی تەڤگەرمان نییە، زاراوەکانی هەمووی زاراوەی گوندن، زمانی فەلسەفەمان نییە بەڵکو گرفتە هەرەمەزنەکەمان ئەوەیە کە فەلسەفەمان نییە، زمانی زانست و زمانی شارستانییەتمان نییە، ئەگەر ئەو هەموومان نەبن چۆن دەتوانین باسی بوونیادگەری Structuralism بکەین وچی لێتێدەگەین، ئێمە ئەگەر بەبوونیادگەریدا نەڕۆین وڕێچکەی تایبەتمان نەبێت، بێگومان ناتوانین لەتەفکیکیەت Deconstructianism تێبگەین، هەروەها مەحاڵە لە پۆستمۆدرنزمیش بگەین ئەگەر خوێندنە وەیەکی چاکمان بۆ مۆدرنزم نەبێت، چۆن دەتوانین ئارمی سۆسیال دیموکرات هەڵگرین و هیچ پراکتیزەیەکی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

سەرمایەداری و سۆشیالیستمان نەبێت، ئێمە خێڵێکین ناوی دیموکرات و سۆسیال دیموکراتمان هەڵگرتووەو بۆ ئەوەی دێممان لەلای ڕۆژهەڵات ئەرێبێت.

مەحاڵە بتوانین بەهەموو قۆناغەکاندا بڕۆین لە ڕۆژی دروستبوونی ژیارەوە، بەڵام دەتوانین سوودی لێ وەرگرین و بەفلتەرێکی پراگماتیک سوودەکانی لێدەربێنین، لەوانەیە بارمان زۆر ئاسانتربێت لەوەی کاتی خۆی لەئەنجامی هێزی هزر کاری تێداکراوەو درووستبووە وخەڵکانیتر بە ئەزموون و تاقیگەری فێربیوون، بەڵام بێگومان بۆ ئێمە زۆر ئاسانتردەبێت ئەگەر بزانین خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی وزانستی بۆ بکەین. جاران تیوری ڕێژەیی وتیوری کێش کارێکی مەزن بوون بۆ ئەوەی کەسێك بتوانێت هزری تێدابکات و بیاندۆزێتەوە، کە دۆزرانەوە، ڕووی زەمینیان گۆڕی، بەڵام ئێستا هەموو خوێندکارێکی ناوەندی و ئامادەیی دەیانزانێت.

چەمکی فەندەمینتاڵ زۆر لای کورد بەهێزبووە، «یان ناچێتە ئاش یانیش ئاشەوان دەکوژێت» وکورد لەسەر ڕابردووی خۆی زۆر بەنەفرەت و توندە، ئەگەر ڕژێمێك گۆڕا هەوڵدەدەین هەرچی پەیوەندی بەو ڕژێمەوە هەبێت بە بوغزێکی قووڵ بیفەوتێنین، لەژێر دروشمی پێشکەوتنخوازو (وطنیة) هەمووشتێك ڕادەماڵین، بۆیە هیچ بەردەوامی پاراستنی کەلتوری/فەرهەنگیمان نەماوە. پێمان وایە سەرکردەکانی کورد هەموویان هەڵەیان کردووە، بگرە لە سەلاحەدین الدین ئەیوبییەوە، هەتادەگاتە بەدرخانییەکان و مەلیك مەحمودو بارزانی، ئێمە نەمانتوانیوە لە دیرۆك تێبگەین ونەمانتوانیوە شیکردنەوەی باری دەوروبەری

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

سەلاحەدینی ئەیوبی بکەین، هەر بۆ ئەوەندە ئازاین باسی ئە وەبکەین کە سەلاحەددین دەوڵەتێکی کوردی دروستنەکرد؛ نازانین کە هزری نەتەوایەتی لەناو کورد هەتا کۆتایی چاخی هەژدە دەستی پێنەکردبوو. نازانین بۆچی مەلیك مەحموود درێژەی بە پرۆژەی مەملەکەتی کوردستان نەدا، نازانین کە هەوڵی لەگەڵ ئینگلیز و تورکیش دا بەڵام کەسییان نەبوون بە یاوەری، ئەوەندە دەزانین بڵێین شێخ مەحمود تۆقەی لە گەڵ ئینگلیزەکان نەکرد. تواناى ئەوەمان تێدانییە شیکردنەوە بکەین و لەهەڵەکانمان فێربین، ئێمە ناتوانین بە ئامێری هزری ئەورۆ هەڵەکانی دیرۆك بپێوین، چونکە ئێمە هەموو دورهێلەکانمان پێ ناخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی دیرۆکەکە بەشەپرێوی و بێ سەروبەری نوسراوەتەوە، وردەواڵەی تێدانییە، وناشتوانین باری دیرۆکی ئەوسا بەرێگاییەکی زانستی بخوێنینەوەچونکە لێکۆڵینەوەوی زانستی بۆ نەکراوە.

لەئێستاوە، ولەناو ئەو مەنەفیستەدا دەبێ جارێکی تر درێژە بەخەباتی بەدرخانییەکان بدەین، درێژە بە پرۆژەی مەلەکیەتی مەلیك مەحمود بدەین، لە پێشەوا قازی فێربین کە قەت نابێ بڕوا بەدوژمن بکەین و لەبارزانی فێربین چۆن خەبات بە تفەنگی برنۆ و چەند لەتەنانێك دەکرێت نەك بە بورجی عاجی و خۆبەزلزانین بەرامبەر بەمیللەت، چونکی بارزانی نەمر لەبەر ئوروستوکراتیەت و ناوی بنەماڵەی خۆی یان لەبەر زەنگینی و قەسروقسوری خۆی ناودار نەبوو، بەڵکو بە ساکاری کەسایەتیە بەهێزەکەی وقەبوڵنەکردنی زوڵم نەك لەسەر خۆی بەڵکو لەسەر کەس، عەدالەتی بارزان ئەو هێزەی پێدابوو، لەبەرامبەر دژمن زۆر مەزن بوو، لەهەمانکاتدا لەگەڵ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

پێشمەرگە و خەڵكی هەزاری ڕەشوڕووت لەسەر یەك سفرە نانی دەخوارد، لەقەسرەكاندا نەدەژیا، بەڵام لەناو دڵی مللەتدابوو.

بەپێویستیدەزانم بزووتنەوەیەكی ئوروستوكراتیی پاتریۆتی شۆڕشگێڕ درووست ببێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگا لە سەرخێڵە فیودالە خوێنمژەكان بگرێت بۆ قاریكردنی (لەڕێلادانی) خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتی كورد، چونكە هەندێك لە سەرخێڵەكان بە بۆچوونی من و خوێندنەوەی باری دیرۆكی كورد، هەمیشە ژینگەیەكی ئاسان بوون بۆ ئەوەی دوژمن پلانەكانی كوردقڕان لەناویاندا بچینێت و بەئاسانی بیانكات بەدارودەستی خۆی، بۆ لەناوبردنی چەمكی كوردایەتی و خەباتی سەربەخۆیی؛ لەهەمانكاتدا گرنگیەكی زۆری هەیە بۆ ئەوەی بۆشایی سیاسی نەمێنێت، بۆ ئەوەی شەپۆلێكی توندڕەوی نەرمبڕ ببێتە هێزی سێهەم لەكوردستان و ڕێگا لە هەموو هەوڵدانێكی تێكدەر بگرێت.

دەبێ بزووتنەوەی مەلەكیت درووستكەین بۆ ئەوەی ناوكێكمان هەبێت و ئەو ناوكە ببێتە سامبول و مەرجەعیەتی سیاسی ونەتەوەیی، نەك وەكو جاران شەرعیەتمان لە لاوازبوون و بەهێزبوونی حوكمی بەغدا وەرگرین، دەبێ شەرعیەتمان لەدەست سامبولی مەلەكیەتی كوردستان بێت. ژیانی سیاسیش ڕێگای خۆی بەتەواوەتی وەرگرێت و ئەو ناوكە ببێتە سەری چاودێر بەسەر سێكوچكەی میللەت/حكومەت، ئۆپۆزیسیۆن و تەنها مەرجەعیەتی سیاسی و سامبولی خەباتمان بێت؛ ئەوسا بەبۆچوونی من: چەمسەر دروستدە بێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێز لە خەبات و پەیڕەوی چەپمان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بگرین، دەبێ جەمسەری راستیش بژیەنینەوەو لەمەودوا نە چەپ ببێتە مایەی لەناوبردنی ئوروستوکراتیەت و هەرچی شەپۆلی راست هەیەو نەش راست ببێتە هێزێکی رێگر لە رێگای پێشکەوتنخوازی و ئازادی یەکجارەکیمان.

ئێمە چەپێکی پاتریۆتی نیشتیمانپەروەرمان دەوێت بۆ ئەوەی ببێتە جەمسەری تری هاوسەنگی سیاسی بەرامبەر بە راستێکی نەتەوەیی وپاتریۆت، ئەو راستەی کە هەموو هێزە کونزێرڤەکان لەخۆیەوەبگرێت و ببێتە هێزێکی پێشکەوتنخواز لەجیاتی هێزێکی فیودالی خوێن مژ یان ئیسلامییەکی توندڕەو. لەجیاتی ئەوەی ئاغاکان بێمایەو پوچەڵکەین، دەبێ هەوڵبدەین بیانکەین بە مرۆڤی نیشتیمانپەوروەو یارمەتیدەر بۆ بزاڤی رزگاری خوازی میللەتی کورد و بۆ ئەوەی دەورێکی ئاڤاکەریان هەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ ئەوەی ببن بە هاوسەنگێکی پۆزەتیڤ لە ناو هاوکێشەی سیاسیدا لە کوردستان.

ئەگەر دووجەمسەر نەبن، هاوکێشە دروستنابێت هەروەها لەسیاسەتیشدا ئەگەر دوو جەمسەری هاودژنەبن (هاودژ لە رێگای بەرێوەبردنی وڵات و هاوڕا لەگەڵ پرسە نەتەوەییەباڵاکان) هاوکێشەکە دروستنابێت و باری خەبات بەرەو تۆتالیتاریزم دەبات، چونکی باری ئێستای کوردستان لەڕوی خوێندنەوەی سیاسییەوە بارێکی نائاساییە، لەهیچ شوێنێك نەبووە حکومەتێکی دیموکرات هەبێت بە دامودەزگاو پەرلەمانەوە ئۆپۆزیسیۆنی نەبێت، مەرج نییە ئۆپۆزیسیۆن دژی هەموو خەباتی حزبە دەستەڵادارەکان بێت، دەکرێت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئۆپۆزیسیۆنێکی نەتەوەیی و پاتریۆتیشبێت و لەگەڵ حزبە دەسەلاتدارەکانیش لەڕووی هزرەوە یەکنەبێت.

حزبە بچوکەکان بەداخەوە نەیانتوانیوە ئیتیلافێکی پارتیۆت دروستکەن و ببن بەهێزی سێهەم لەکوردستان، بۆ ئەوەی حزبە دەسەلاتدارەکانیش بتوانن خەباتی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتی خۆیان بە فۆرمێکی شارستانی بەڕێوەببەن و پرۆسەی سیاسی ڕێچکە ئاسایەکەی خۆی وەرگرێت و شۆڕشی سپی ڕووبدات، شۆڕشی ریفۆرم و چاکسازی دەبێتە مایەی ڕێگرتن لەکەسانی دژی تاقیکردنەوەو کوردایەتی، بۆ ئەوەی نەبن بە هێزی سێهەم، لەهەمانکاتدا ڕێگا لە شەپۆلێکی نیشتیمانپەروەری نەتەوەیی پاتریۆت بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەڵکان هەلمژێت و ببێتە کاغەزی فشار بۆ دەوڵەتە ئیقلیمیەکان و ئەمریکاو ئەورووپاش، بۆ ئەوەی فشار نەخەنە سەر دەسەلاتی کوردی کە بە کەمترین مافی سیاسی دەسکەوت ئەرێبن.

ئەگەر حوکمی کوردستان ببێتە حوکمێکی (مەلەکی دستوری دیموکراسی) کە حکومەت کارە خزمەتگوزاریەکانی خۆی بکات، هەڵەبکات و شتی باشبکات و ئیستیقالە بدات و درووستببێتەوە، بەهێزبێت، لاواز بێت، هەرچی بیکات میللەت دەبێتە رەقیب لەسەری، ئەوسا ئەگەر هاولاتیەك لەبرساندا یان لەبێکارەبایی وبێ حاڵیدا، یان لەبەر هەرشتێکی تر جنێو بەحکومەت بدات لەخانەی دوژمنانی هەمووخەباتی پێشمەرگەو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان نەژمێردرێت، با شتێك بمینێت هاولاتی وەکو (تەنفیس) تورەبوونی خۆی پێدا هەڵرێژێ بەبێی ئەوەی دژایەتی خەباتی گەلی کوردستان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بكات، یا ئەو سامبولانەمان بمینێن بۆ ئەوەی دانەبەزنە ڕێزی ئەوەی هاولاتیەكی تورە جنێو بە موقەدەساتی كورد بدات و ببێتە مایەی ئەوەی لایەنی ناحەز ودوژمن هەڵیقۆزنەوە، دەبێ ئەو موقەدەساتانە لە كورسی حوكم دووربن، وەكو هێزێكی سەروەر ومەرجەعی سیاسی وئایینی و كۆمەلایەتی ببن بەنموونە بۆ خەبات و ژیان وپێشكەوتنی هەموو میللەت و دەستەبالایەكان لەسەرسەرمان بمینێت.

دەكرێ مەلەكیش بین و دیموكراتی دستووریشبین، بەلام مەلیك هەر لەشوێنی خۆی دەمینێت و هیچ شتێك ناگاتە سەروەریەكەی، چونكی سەروەریەكەی لە شەرعیەتی خەباتی سەدان سالی كورد وەرگیراوەو وەكو ئاگری نەورۆز هەتا هەتایە هەر گەش وسەروەر دەمێنێت.

وەك دەبینین لەدەووبەری كوردستان، بەتایبەت ولاتە عەرەبیەكان، ئوردنی لێدەرچێت هەرهەمووی ئەوانەی لە كاتێكدا ئیعلانی جمهوریتیان كرد، هەر مەلەكین، حافز ئەسەد لەسوریا دەروات كورەكەی دێتە جێگای، حسنی مبارك دەروات كورەكەی ئامادەكات، سەدامیش بەتەمای ئەوەبوو، معمر قەزافی و زۆریتر، هەر هەمووی لەسەر چەمكی ویراسەت دەرۆن ناوەكەیان لەمەلەكی گۆڕیوە بۆ جمهوری، بەلام وەك رەفتار هەر مەلەكین. ئێمەی كوردیش بەرەو هەمان دەرد دەڕۆین، دەردە لەبەرئەوەی نابێ ناوێك لەخۆمان بنێین ومومارەسەیەكی دی بكەین، یا لەسەرەتاوە خالێ لەسەر پەیڤەكان دابنێین لەخۆمان و ڕابردوومان شەرمنەكەین، ئێمە مەلەكی دەبین لەبەرئەوەی تەقنی كۆمەلمان لەسەر ئەو بناغەیە درووستبووەو سامبول گرنگیەكی تایبەتی لە ژیانماندا

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەیە، ئێمە مەلەکین لەبەر ئەوەی مەلیك مەحموود پرۆژەیەکی مەلەکی تەواونەکراوی بەجێهێشت. لە قۆناغی وەکو ئێمەدا سامبول وەرگرتن کارێکی ئاسایی و ڕەوایە، ئێمە ئەگەر سامبولێکمان بۆ خەباتکردن نەبێت ناتوانین بەردەوامی بەخەباتمان بدەین، گەنجەکانمان دەبن بە وێڵ وسەرگەردان و ژیانیان دەبێتە فەوزاو بێ واتەیی، ئێمە دەبێ بەرلەهەموو شتێك بیر لە ولاتێك بکەینەوە کە تیایدا بحەسێینەوە، ئینجا دەتوانین شتی تر بکەین و بێگومانیش خەباتی چینایەتی دوای خەباتی رزگاربوون دێت، ئەگەر خۆمان ولاتمان نەبێت ناتوانین شەڕ بۆ ولاتانیتر بکەین، لەقۆناغی سەرخۆبوون بین و خەباتی چینایەتی بکەین و باسی ئومەمیەت بکەین، یانیش بە ئەبستراکت **Abstract** بەدوای جیهانگەری بکەوین، کە چەند کەسێك زەنگین دەبن و ئەوەی ماوە لەژێر پێیان ون دەبێت. بۆیە بەگرنگی دەزانم لەباشترین و نێزیکترین رێگای سەرخۆبوون بگەڕێین، هەروەها بەدوای دروشم و قسەی ناو فەرهەنگەکان نەکەوین، کۆنسێپتە کۆنەکانیش بە دۆگما نەکەین بە تاکە رێگای هزری خۆمان، بەڵکو شتەکان وەکو خۆیان چۆنن ئاوا بیانبینین، نەك وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیانبینین، چونکە ئەوە دوو کۆنسێپتی لەهەف جیاوازن.

ئەوەی لەرۆژهەلات دەیبینین و هەستی پێدەکەین زیاتر بەرەو مەلەکیەت دەڕوات نەك جمهوریەت، چونکی سەرکۆی مرۆڤ گەلەمرۆڤ، دەبێتە بنەماڵەو سەرکۆی بنەماڵەکان دەبێتە خێڵ وسەرکۆی خێڵەکان و ململانێی و بەرژەوەندیی چینەکان خاك دەبێتە فیودالیزم و سەرکۆی فیودالەکان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەبێتە ئیمارەت، سەرکۆی ئیمارەتەکانیش دەبێتە مەملەکەت کە ئەو هەموو خێڵ و فیودالانە لەژێر ئالای یەك مەلیکی سەروەردابن و هەموویان پێی ئەرێ بن. ئەو ڕێگایە نزیکترە لەوەی لەفیودالیزمەوە بەرەو برجوازیەت و برجوازیەتی بچووك و ئینجا جمهوریەت بڕۆین.

ئەمڕۆ زۆربەی دەوڵەتە ئیسکەندەناڤیەکان مەلەکین، تەنانەت ئەوانەی سیستمی سۆشیال دیموکراتیش پەیڕەودەکەن لە هەموو سیستمەکانی تری دونیا سەرکەوتوترن و تاکەکانیان لەهەموو مرۆڤێکی سەر زەوی مرۆڤترن لەبەرئەوەی لەمەسەلەی مافی مرۆڤ و گەشەکردن و بەهاو ئاکاری مافە کەسایەتیەکان لەهەموویان لەپێشترن. دەوڵەتێکی وەکو بریتانیا کە بێگومان باشترین دەوڵەتە لە پراکتیزەی یاسا هەر مەلەکیەکەیان هەڵبژاردووە وەکو سامبول، لە لەکاتی «کرۆمویڵ» 1653 بۆ ماویەکی کورت ڕژێمی جمهوری هاتە کایەوە، بەلام هەرزو لێی پەشیمان بوونەوەو مەلەکیەکەیان هێنایەوە. بریتانیا، سوید، نەرویج، بەلجیکا، ئیسپانیا، هۆڵەندا، دانیمارك هەر هەموویان ئەوەندە هۆشیاری سیاسیان لەناودا هەیە بتوانن باشترین شێوەی حوکم هەڵبژێرن، ئەگەر مەلەکیەتەکە باشنەبووایە دەیانتوانی بە ئاسانی و بەبێ خوێنڕژتن بیکەن بەجمهوری، بەلام هەر هێشتویانەتەوەو وبەردەوامن لەوەی باشترین ولاتبن لەڕووی مافی مرۆڤ و مافەکەسایەتیەکان بەگشتی.

با ئێمەی کوردیش مەلیکێکی کوردپەروەرمان هەبێت، کە کوردستان بست بەبست بە مومتەلەکاتی خۆی بزانێت و هیچکاتێك ئامادە نەبێ دەستبەرداریی لە مومتەلەکاتی بکات

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

و گـرنگیش نییـه کێـدەبێت. خـوێنێکی کـوردی پـاك ڕەوشـت و دابوونەریت وتیتاڵی کوردی بپارێزێت.

بـۆچی ئێمـە دوای 80 سـاڵ لـە مـەلیـك مـەحمـوودەوە نەوێرین ئەو بزووتنەوەیـە درووسـتکەینـەوەو وەك کـەنـاڵێکی تـری خـەبـات، پـەرەپێـدانی پێبـدەیـن و هـەر لـەرۆژی دامەزراندنییەوە وەك مەملەکەتی کوردستان خـاکی کوردسـتان بەکاملی داخواز بکەین.

کۆتـایی: بـۆ کۆمـەڵـەی پـەلـەوەران، کورتـەبالایـان، ڕاوو شکاران، کەرگەلی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەبەنانمان هەبێت، بـۆ بزوتنەوەیەکی مەلەکیی سەروەرمان نەبێت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# ئینقلاب لەسەر حكومەتی هەرێم

ئالآی ئازادی ژ(100) لە 05.12.1993

مەسەلەیەك هەیە پێشەكی دەمەوێ بڵێم: تەنها خۆم و قەڵەمەكەم لەبەربەستی نووسینەكانم بەرپرسیارین! و رۆژنامەی (ئالآی ئازادی)ی قەشەنگ لەنووسینەكانم (بەریئە) وەك (بەرائەتی گورگ لەخوێنی یوسف)! من تەحمولی بارە گران و سووكەكەی دەكەم ... هەرچەندە دەستەی نووسەرانیان بەسوپاسەوە رێ لەهیچ هزرێكی ئازاد ناگرن بۆیەش ژمارەی رۆژنامە گەیشتە (100) و هێشتا گۆشەی ئازادیان نیە ... دەزانن بۆ؟ چونكە رۆژنامەكە بەهەموویەوە گۆشەیەكی ئازادی هەشت لاپەڕییە.

سوپاسی سەوزە فرۆش دەكەم كەكیلۆی تەماتە ناكاتە (50) دینارو سوپاسی شەكر فرۆش دەكەم كە كێلۆی ناكاتە (100)دینارو مەمنونی خاوەن خانوەكەمم كەكرێی خانو ناكاتە هەزار دینارو زۆر مەمنونی پۆلیس و ئاسایشم كە لەوگۆڕە تێر شەق و شوللاقم ناكەن! .. لەپیاوەتی هەموویان مەمنونم، چونكە لەپیاوەتی خۆیانە ئەو شتە ئاساییە ناكەن و ئەگەر بیكەن كێ دەڵێ بۆ؟ و چ بەرپەرچێك بەرووویاندا دەتەقێتەوە ؟!

رۆژنامەنووس ئینقلابی -كودەتاچی- نیە ئەگەر ویستی باسی خراپەكانی ڤاریبووێك (منحرف) بۆ حكومەت بكات یان چەوتییەك و ڤاریبوونێك بخاتە رووی پەرلەمان! یا نفرەت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەدووبەرەکی و ململانێی ناشەرعیی حزبەکان بکات؛ یان باس لە تەعدا کردن لەفەرمانبەرێك بکات یان نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەلووش دانی ئازووقە دەربڕێت، یاخود لووت بەرزی و بیرۆکراتیەت و خۆبەزلزانینی مەسئولێك ترۆ بکات، یان باسی قائیمەی سەفەر بکات. رۆژنامەنووس ئەگەر ویستی لە ولاتێکی ئازاد دا باسی ئەم شتانە بکات، تابووری پێنجەم نیە؛ کودەتاچی و ئینقلابیش نیە!!!

رۆژنامەنووس هەڵگری پەیامێکی پیرۆزەو شاهێدی زیندوو و باوەڕپێکراوی چاخەکەیتی و خواش نەفرەتی لە شاهێدی زوور کردووە ... رۆژنامەنووس کودەتاچی نیە ئەگە رویستی سەندیکایەکی رۆژنامەنووسی سەربەخۆی بێلایەنی دوور لە (صراعات و تکتلات) دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی نوێنەری راستەقینەی بێت و لەماف و ئەرکەکانی بپێچێتەوە وەکو تەف سەندیکاکانی کوردستانی لێ نەیەت کە، ئەندامەکانی خۆیان دەکەن بەقوربانی ففتی ففتی.

ئەگەر ئەرکی وەزارەتی پیشمەرگە دامەزراندنی لەشکری یەکگرتووی کوردستان بێت و ئەرکی وەزارەتی مرۆڤایەتی پاراستنی مافی مرۆڤ و کۆکردنەوەی کۆمەکی مرۆڤاییەتی بێت؛ ئەوە بێگومان ئەرکی رۆژنامەگەری دانانی خشتی بناغەی دیموکراسیەتەو ئەم ئەرکەش لە پیرۆزی خۆی هیچ لەئەرکەکانی تر کەمتر نیە، ئەگەر رۆژێك و دوای سەدان ساڵی تر مێژوونووسێك هات و لەژیانی دێرینی کۆڵییەوە، بێگومان رۆژنامە دەردێنی و ئەرشیف هەڵدەکەنێ .. چی دەبینێ؟

بەهار لەچۆکانەو زگی میللەت لەتێریاندا تەنگەی گرتووە؛ کاروانی شاحینەی ئازووقە وەرگەڕاوەتەوە گەرەکی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەژارەکان و هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان ئەرکی خۆیان بەپلەی (کەمال) 100% ئەنجام داوەو پەرلەمان پەنجا بە پەنجا بڕیاریان لەسەر هەموو مەسەلەیەك داوە وەك دوو دەنگ نەك 100 دەنگ و بە دەگمەن یەکێك هەڵسابێ و بیگوتبێ من سەرەڕای رازیبوونی سەرۆك فراکسیۆنەکەم، موافق نیم !!

ئەوکاتە مێژوونووسەکان گومان لە شاهێدەکان دەکەن - کەرۆژنامەنووسن- و مێژوویان تەزویر کردووە، چونکە تەنها شتە باشەکانیان باس کردووە، وەك کۆماری ئەفلاتون دێتە بەرچاو! ئەوسا نەفرەت لە رۆژنامەنووسەکان دەکات .. کەس ناچێ ملی مەسئوول بگرێ یان بە فەرمانبەرو نووشدارو پارێزەر، بڵێ: وەرن ئێوە مێژووتان تەزویرکردووە! ئەوان لەناوبارودۆخەکە دەوری پیرۆزیان هەیە، بەلام شاهێدی سەردەمی خۆیان نین. تەنها رووڕەشی بۆ رۆژنامەنووسان دەمێنێتەوە .. جا کێ ئامادەیە بەشاهێدی زوور لەقەڵەم بدرێ؟!!

ئازادی ڕادەربڕین ترسی ناوێ بانەخۆشی بەعس نەمانگرێتەوەو پشتگیری میللەت ترسی ناوێ، چونکە میللەت لافاوێکی سەرشێتەو هیچ حوکم وقەلایەك بەرگەی ناگێت!

بانگەوازێك لەروانگەی ئەو نووسینەمەوە رادەدێرم: ئەی رۆژنامەنووسە راستەقینەکان .. لە تەڵە دڕکاویەکانی حزبایەتی بپەڕینەوەو سنوور بشکێنن و وەرن با نەقابەیەکی رۆژنامەنووسی بێلایەن دابمەزرێنین - لەسەر تەنەکەو بلۆك دادەنیشین ... لەسەر شۆستە کۆنگرە دەبەستین و یارمەتی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هیچ حزبێکمان ناوێ- چونکە پەیامی ڕۆژنامەگەری هیچ لەپەیامە نووسراوەکەی حزبایەتی کەمتر نیە.[4]

ئەگەر ڕۆژنامەنووس ڕێز لە پەیامەکەی خۆی بگرێ و سەربەخۆیانە کاربکا، چونکە ئەو سەربەخۆییە مایەی بوونی ڕۆژنامەگەری بەدەسەڵاتی چوارەمە، دوای یاساداناں و ڕاپەڕاندن و دادوەری و هێنانەکایەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دیمۆکراسیەتە و پێم وانیە حزبێك هەبێ بەپەیڕەو پرۆگرام لەگەڵ ئەوانەی گوتم هاوڕا نەبێ!

من ڕابەری ئەو ئینقیلابە نیم و کودەتاچیش نیم ... من ڕوژنامەنووسم و دەمەوێ بە ئازادی و دیموکراسیەت ڕای خۆم دەربڕم و کۆمەڵگا بگۆڕم و پاشماوەی بەعس لە مێشکەکان بسڕمەوە ... من ڕۆژنامەنووسم و نامەوێ ئینقلاب لەسەر حکومەت بکەم، بەڵکو دەمەوێ بەدیموکراسیەت بیپارێزم و بەهێزی بکەم و پەرژینی بۆ دروست بکەم، هەر حکومەتێك قەڵەمی ڕاستگۆ پەرژینی بێت تۆپ و فرۆکە کاری تێدا ناکات و لەناوبردنیشی ئاسان نیە.

---

[4].دووای بڵاوبوونەوەی ئەو گۆتارە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی ئازاد بەپیلییەوە هاتن و بەیەکەوەو دوور لە حزبایەتی کۆنگرەی دامەزراندنی دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازادمان ئەنجامدا، بەبێ یارمەتی هیچ لایەنێکی سیاسی، کۆنگرەکەمان لە سەنتەری سەردەم لەقەڵای هەولێر کردو دەستەکەمان دامەزراند. دوواتر حزبەکان نەفەری خۆییان ناردە ناو دەستەکەو کردییان بە دەسکەوتی خۆییان و ناوی منییان لە دەستەی دامەزرێنەر دەرهێنا.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# ئاخ فەلەك

رۆژنامەی هەولێر 2016

پێمـوانیە هـیچ میللەتێـك بەقەد کـورد گلەیـی لە فەلەك کردبێت، لە ئەدەب و لە کەلتور و لە گۆرانی بە ئاشکرا دیـارە کە چەنـدین تـۆمەتی نشوسـتیهێنان و پێنەگەیشـتن و بـاری خەراب خـــراونەتە پـــاڵ فەلەك و زەمـــان، فەلەکـــیش لەو کۆنتێکستەدا بە چەمکی زەمەن و بـاری خـراپ دێـت، ئەوەنـدە شعر و ستران و پەندی لەسەرفەلەك چرپیوە، بۆتە بەشـێك لە دابوونەریت و کەلتوری تایبەت بەکورد.

زوڵمـــی زەمـــان / ســـووڕی فەلەك، ئـــێمەی بەڕاددەیەك گەیاندووە، کە هەڵەو نەزانین و کۆرەواری و هیچایەتی خۆمـان هەرهەمووی دەخەیـنە ملـی ئەو فەلەك و زەمـانەی کە غەدری لێکردووین، لەسەر ئاسـتی کەسـایەتیش بەردەوام پەنامـان بـۆ یـاریکەری زاڵ بـردووە بـۆ ئەوەی ئەوزەمـان و فەلەکەمـان بـۆ بگۆڕن، کە قەد نەیانکردووەو وناشیکەن.

ئێمە بەندەین، ڕوحی بەنـدایەتیمان ئەوەنـدە بەهێزبـووە جـارێکیتر نـاتوانین بەسەربەسـتی بیـربکەینەوە، ئەخـلاق و ڕەووەشت ی بەنـدە چـۆتە نـاو قـوڵایی هـزرو دەرونمـان و وەك دابو نەریت منداڵەکانمان لەسەری پەروەردەدەکەین، بـۆ ئەوەی زامنـــی بەنـدایەتیەکی درێژخـایەن بـۆ نەوە داهاتووەکـانیش مســۆگەربکەین، چـــونکە پێمـــان وایە بەشـــێکە لە مەنـــزومەی ئەخلاقی، بەکورتی لە ئازادی دەترسێین و ڕوحی یـاخی لەنـاو لاشە سەقەتەکەی ئێمەدا نەماوە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

جێگـای داخە کە دوژمنەکانمـان ئەوخـاڵە چـاك دەزانـن وبەدرێژایـــی دیرۆکـــی بینـــدراووو بیســـتراو بەو کۆنســـێپتە رەفتاریان لەگەڵکردووین.

ئێســـتاش خەڵکـــی واهەیە لەنـــاو جەرگەی ســـەنتەری بڕیاردان، ترسیان لە ئـازادی هەیە، نـازانن ئەوەی لەئەنجـامی ترس ودوودڵی ئەوان بەسـەرمانهاتووە، زۆر لەوەزۆرتـرە ئەگەر لەسـەرەتاوە بەئـازادی بیریـان بکردبـاوەو بڕیاریـان بـدایا، زەلامـــی وا هەیە ئێســـتاش ترســـی ئەوەی هەیە لەبەغـــدا جـــودابیینەوە، نەوەك لەبرســـان بمـــرن و بارودۆخەکەیـــان لەدەستبچێت، ئینجا بەندکانی تر لێی هەڵگەڕێن و پێـی بڵـێن: ئێ چ عەیبتـان هەبـوو، بـۆ خۆتـان وەکـو سـوڵتان دەژیـان، بـۆ لەخۆتـان تێکـدا! ئامـادەن پاشـەڕۆژی نەتەوەیەك بـخەنە مەترســی و لەژێـر زەبروزەنگـی دوژمـن بیهێڵـنەوە، بەس بـۆ ئەوەی لێیان تێکنەچێت، تێکچونەکەش نەك بـارودۆخی گشـتی یـان بەرژەوەنـدی نەتەوەیە، بەڵکـو بەرژەوەنـدی کەسـایەتی و خێڵەکی و حزبایەتی و گرووپایەتیە.

نـازانم ئـێمە بەو هەمـوو نەهـامەتی و هەشبەسـەریەوە بەرەوکـوێ دەڕۆیـن؟ یـانیش ئەگەر وەکـو بیرکـردنەوەی گشـتی مێگەڵ بیری لێبکەینەوە؛ فەلەك بەرەوکوێمان دەبات؟

فەلەکیش لەڕاستیدا و بەوەندەی من تێی گیشتوم، مێشکە ترسـناکەکەی زلهێزەکـانە کە وەکـو ئاشـێکی زەبەلاح مـرۆڤ دەهـاڕێ و دەیکـا بەسـوتماکی مـاکینە مەزنەکەی پێشـکەوتنی خـۆی، بەڵام ئـێمە تـاکو ئێسـتا عەقڵمـان پێینەشـکاوەو نەگەیشـــتووین بە ئاســـتی وڵاتە داگیرکەرەکانیشـــمان کە لەبنەڕەتەوە ئەوان کەرەستەو سوتماکی ژیاری زلهێزەکانن.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

به ‹سایکس-پیکۆت›ێکی ژەهراوی وترسناك مرۆڤی ئەو دەڤەرەیان بەژیان و کەلتور و خاك ونیشتیمان و هەست و نەست و ژیارەوە کرد بە قوربانی چەند ملیۆن بەرمیلە نەفتێك کە پێشتر بە هێسکوپروسکی خەڵکی ئەو دەڤەرە دروستبووە، 'سایکس-پیکۆت'یان بۆ سەد ساڵ دامەزراند کە لە 19. 05. 2016 کۆتایی پێدێت، لەو سەد ساڵەدا ئەوەی ئێمەی کۆرەوار بە غەدری زەمەن و سوڕی فەلەك لێکماندەداوە، نزای خۆمان بۆ دوژمن و بۆ غەیب دەبرد، بەڵام خۆی تەنها کاغەزێکی ژەهراویبوو لەسەر مێزێکی ئاسایی و بەدەستی دوو جەللادی پلە یەك ئیمزاکرابوو، بەڵێ بۆ ماوەی سەدساڵ شۆڕشمانکردووەو خوێنمان رژاندووەو منداڵمان سێوی کردووە، لەپێناو گۆڕینی واقعێکی بەسەرداسەپێندراو و هەمیشە لەبەر نەزانینی خۆمان نشوستیمان هێناوەو خۆمان خۆمان خواردووە، سەد ساڵ لەکوشتن و بڕین و لەناوبردن و ئۆقرەنەکردن تەنها بۆ ئەوەی نەفتەکەیان بە ئاسانی بۆ برورات و بتوانن وێسکی چاك بخۆنەوەو لەکەنار دەریاکان پێستیان تێر خۆر ببێت.

من بەش بەحاڵیخۆم، نەفرەت لە مستەر سایکسی بریتانی و مستەر پیکۆتی فەڕەنسی دەکەم، بەهیچ شێوەیەك لێیان خۆشنابم و ئەگەر سیستمێکی دادپەروەریش هەبێت دەبێ نەفرەتی خوێنی ئەوهەموو قوربانیانەیان لێبکات لەگۆڕەکانیانداو دەبێ بەبێ دودڵی بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی تاوان. ئێمە هەمیشە نەفرەتمان لەجەلادەکانمان کردووە، بەڵام جاریکیش نەفرەتمان لەوانە نەکردووە کە جەلادەکانیان کردۆتە زێرەڤانی ئەو پێکهاتە شوومە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەوانەیە نەختێك ڕەشبینی بەوگۆتارەوە دیاربێت بەڵام ڕەشبینیی و ترسەکەم تەنها ئەوەیە کە دەبینم وا خەریکە جارێکی تر خۆمان دەخەینەوە هەمان تەڵەی جاران چونکە ئەلتەرناتیف (بەدیلی) ‹سایکس پیکۆت› بۆ سەد ساڵی تر دارێژراوەو ئامادەیەو دەبێت تاکو 19. 05. 2016 جێگیربێت لەو دەڤەرەی کە وەکو کێڵگەی پەلەوەر سەیری دەکەن.

حزبەکانیشمان بەهەمان ریتمی جاران لێیدەخوڕن و کەوتونەتە ململانێ لەسەر کورسی و پایە و لوشدانی پارەو گوێیان لەو پێشهاتە مەزنانە کەڕکردووە، هەر بەتەمای خوا بەجێیانهێشتوە، هیچ پرۆژەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی نیە بتوانێت جۆرە بەرگرییەك بکات ئەگەر پێشهاتەکان و ڕوداوەکان بەدڵی ئێمە نەبوون، لایان گرنگترە کێ بکەنە سەرۆك و کێ ببێتە جێگر و ئایا سیستم پەرلەمانی بێت یان سەرۆکایەتی، لەکاتێکدا کە سەرۆك خۆی ئاگای لەو مشتومڕە سەفسەتایەی بێئیشەکان نیە لەبەر دەنگی تۆپ و فیشەکی دوژمن، کە تەنها نیو سەعات لێمان دوورە، ئێمە لەحاڵەتی جەنگداین بەڵام بردنەوەی ڕیال و بەڕشەلۆنە، لامان گرنگترە لە جەبهەی خازر و گوێڕو مەخموورو کەسکێ.

ئەو هەموو زمانەدرێژیەی چوار مانگی ڕابردوو ئەگەر هەریەکیان دەستی بدابا چەکێك وسەردانی سەنگەرەکانی جەنگیان بکردبا، زۆر زۆر لەوە پایەبەرزتردەبوون، سەرۆك کورسیەکەی خۆی بەجێهێشتەوەو کورسی جەنگ و سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردنی لە نیشتیمان هەڵبژاردووە، بۆیە ئێستا کەس باسی کورسی ناکات، کورسیە نوێیەکەی سەرۆکیان ناوێت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# ماتماتیکی کەڤاڵی سیاسی

2015 بڵاونەبۆتەوە

٢٣ ساڵ لەمەوبەر گوتارێکی وام نووسی و لە رۆژنامەی «ئاڵای ئازادی» بڵاومکردەوە، لەوساوە هەوڵدەدەم جارێکی تر گوتارێکی وا بنووسمەوەو نەمتوانیوە. لەناکاوەوە، حەفتەی ڕابردوو گۆتارەکە جێی خۆی لەمێشکمدا کردەوەو رژایە سەر کاغەز. وەك جارەکەی تر داوای لێبووردن لە ماموستایانی بیرکاری دەکەمەوە و ئەگەر سەرت لێی دەرناچێت دەتوانی حاسیبە بەکاربێنیت!

سایکس/پیکۆت + سیڤەر - لۆزان + فرەنسا + ئینگلیز= گۆڕینی سوریا + لوبنان بە ویلایەتی موسڵ و رازیکردنی تورك + گەلەکوشتاری ئەرمەن + جینووسایدی کورد + نارەزایی + دامرکاندنی شۆڕشەکانی شیخ سەعید و شیخ عبد السلام و سەید رەزاو شیخ عبید اللە ی نەهری وشیخ مەحمود و مەلا مستەفا = أمریکا+ ئالوگۆڕی نەفت بەخوێنی کورد = 365 X 100 =36500 رۆژ بۆ پێکهاتەی سایکس/پیکۆت ÷ 35 ملیۆن= چوار وڵاتی درندە - کەلتور- نەتەوە- وڵات- مافی ژیان= أیران + عێراق + تورکیا + سوریا = درکی کورد لەناو ئەو وڵاتانە + ئۆقرە نەگرتنی ئەو وڵاتانە + وێرانبوونیان + ناچاری دەستی رۆژئاوا = زاڵبوونی ئەمریکاو هاتنی مەلایەکانی ئێران = حزب اللە + حماس + سیستانی × سعودیة + تورکیا + قطر + جولەکە = جبهة النوسرة – جەیش الحر- یەپەکە= داعش + مالکی وکورەکەی و تاقمی گەندەڵ و تێکدەرانی + جەعفەری + عەبادی + ئاغای مەطەری – عادل

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

عبد المهدي – ئەیاد عەلاوی+ موقتەدا + حەکیم و نوجەیفی.

سەرۆکایەتی عێراق= مام فوئاد – مامجەلال و پرۆسەی سیاسی لەعێراق ÷ دکتور رۆژ + هوشیار زێباری - فەریق ئەوول بابەکر زێباری – دکتور بەرهەم = کۆتایی هاتنی عێراق.

+ × - دکتور نەجمەدین = کەرکوکێکی ئارامتر و یەکێتیەکی بەهێزتر + لەیەکچونی دژەکان = بریارێکی بەهێز + پلەوپایە + پارە + تێکچوونی بەرژەوەندی نەتەوەیی + هینانەوەی کەرامەتە رۆیشتووەکەمان + تۆڵەی هەڵبجەو ئەنفال = یاسای نەفت و گازی هەرێم + دەستوری خەوتو + کەسایەتی نەتەوەیی + ئایدێنتیتی – بێدەسەلاتی ئێران و عەرەب و تورکیا + رێزلینانی ئەمریکا و ناردنی لەشکری کوردستان + نەمانی سنوور + کۆتایی هاتنی سایکس/پیکۆت + هاتنەوەی رۆژئاوا = ئارامی دەڤەرەکە – داعش – خۆتەقاندنەوە – مافخواردن+ سەرشۆری + نەهاتنەوە پێنجسەد ژنی کوردی فرۆشراو + مرۆڤی روخاو و پاشەرۆژێکی نادیار = فەوتانی مرۆڤی کورد + نەهاتنەوەی هەلی وەکو ئێستا.

ریفراندوۆم + کارتی سەربەخۆیی + فشار بۆ دەسەلاتی زۆرتر لەبەغدا – لەیەك گەیشتنێکی چاك لەنێوان حزبە کوردستانیەکان + دژایەتی کردنی خەباتی باکور + بەهیچ نەزانینی رۆژئاوا + دلساردبوونی پارچەکانی تر + بەرزکردنەوەی کاشخانی داواکاری + بێباکی بە ئەمریکا و تێنەگەیشتنی سیگناڵەکانی = گۆرینی روگەی داعش لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەغــداوە بەرەو كوردســتان = زانینــی قەوارەی هێزمــان + 100هەزار پێشمەرگە- بندیوار + تەنها 10000 = بەغـبەغەی قەڵەو و ورگی گەورە + فێربوونی سپلیت + ئوتومبیلی چاك + نەبــوونی میكــانیزم + نەبــوونی ســتراتیجیا + پشتبەســتن بەمرۆڤــی گەنــدەڵ و هیچوپــووچ + ئیهمــالكردنی كــادیری راســتەقینە+ كەمبــوونی پێشــمەرگەی ســەنگەر + نەبــوونی دەزگای لەشكری پرۆفشـنال + نەبوونی هەواڵگـری + نەبـوونی زانست و یەكنەگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی یەكێتی وپـارتی + فرۆشتنی چەك لای مەسئولەكان + نەبوونی لێپێچینەوە + من حەقم چیە؟ = دڵەراوكێـی خەڵـك + هەلاتنـی گونـدو دەڤەرو شارەكان لەبەر بڕواپێنەكـردن بە هێـزی پێشـمەرگە + ڕوخـان بەرامــبەر پڕوپاگەنــدەی داعــش= دەربەدەربــوونی خەڵكــی شەنگال و كوردانی یەزیـدی + شـەبەك + كریسـتیان= گـۆڕینی سیاسەتی سـەركردایەتی و سـزادانی تكۆڵكەرەكـان و ڕاكێشـانی زوومی جیهان + سۆزی ڕۆژئـاواو و بەرژەوەنـدیەكانیان= نـاردنی چەك بۆ كورد و فشاری دیبلۆماسی بۆسەر عێـراق + پشـتگیری كورد + بۆمباردكردنی هێزەكانی داعش بە پشتگیری ئەمریكـی – كڕینی نەفتی كوردی لایەن ئەمریكاوە + دەرنەهێنـانی نـاوی پــارتی ویەكێتــی لەپــۆلینكردنی ئەمریكــا بــۆ تیــرۆر- پشــتگیریكردنی ســەربەخۆیی= ڕاونــانی داعــش وشــكاندنی هێزەكانی – مادەی 140 = شـەرپێكردنی كـوردان و بەقوربـانی دانی كوڕی كورد لەجیاتی ئەمریكی وئەوروپیەكان= تیرۆریست + بەكرێگیــراو + بەبەنــدە زانــین + فێـڵ لێكــردن = میللەتــی كــورد و ســەركردایەتیەكەی + هەرچوارپــارچەی كوردســتان + كێشەی كورد بەگشتی + نەگەیشتن بەئامانجە نەتەوەیەكـان +

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نشوستی- سەربەخۆیی + نسکۆ = بەندەی دەوڵەتانی دەوروبەر.

دەرهێنانی نەفت + مووچەبڕین بۆ ماوەی ساڵێك + شەڕی داعش + هاتنی ملیۆنێك وپێنجسەدهەزار ئاوارە + ململانێی ناوخۆ= بڕوانەمانی خەڵك بە سەرکردایەتی + بێزاری خەڵك + چك کردنی بازاڕو نەمانی بزنز= هاتنی بودجە ولرفدانی ئەو گوژمە ئەفسووناویانە= حاڵەتەکە هەر وەکو خۆی لێهاتەوە- چوارسەد بەرمیل نەوتی خام کە بەئێسکوپروسکی باپیرانمان دروستبووە + داهاتی کامیراکانی خێرایی + داهاتی گومرگەکان + باج ودەرامەت + داهاتی ئەولاو ئەولا- مووچە وخزمەتگوزاری- وەزارەتی بێکەڵك- مرۆڤی گەندەڵ- بندیوار ÷ پێنج ملیۆن = وڵاتەکی یۆتۆپی وەکو جمهوریەتی ئەفلاتۆن.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## لەناوبردنی چەمکی ئۆپۆزیسیۆن لەپرۆسەی سیاسیدا

2013 بەبۆنەی پێکهێنانی کابینەی هەشت

پێدەچێ کە باری سیاسی لەکوردستان بە ئاقارێکی تەندروستدا بڕوات، بەڵام هەندێك خاڵی نیگەرانی هەن مرۆڤ دەبێت لەسەریان رابوەستێت و بیانکاتە خاڵی لێکۆڵینەوە چونکە ئاخاڤتنی زۆر هەڵدەگرن وناشکرێ پشتگوێ بخرێن لەبەر ئەوەی فاکتی گرنگن لەپرۆسەی سیاسیدا لە کوردستان.

ئەوە بینیمان پێکهاتنی نێوان پارتی وگۆڕان جێگیربوو، ئەو ڕێککەوتنە زۆر لەرێکەوتنی یەکێتی وپارتی شەفافترو ڕوونتربوو، هەریەکسەر والاکرا وخەڵك بەتەواوەتی ئاگاداری خاڵەکانی بوون، هەروەها ڕێککەوتنی نێوان پارتی و ئیسلامیەکانیش، ئەوەش مایەی دڵخۆشیە ونیشانەی پێشکەوتنێکی سیاسیە لەهەرێم، چونکە زەمانی پێکهاتنی پشت پەردەو لێڵ و شێلو نەماو قۆناغی ئێستامان قۆناغی گۆڕاندنی باری سیاسی ورێزگرتن لەتاك - هەموو تاکەکان- وەکو تەڤگەر بۆ دروستکردنی پرۆسەی گشتی.

بەڵام ئایا پارتی وەك خاوەنی پرۆسە سیاسیەکە بیری لەوەکردۆتەوە ئەگەر هەموو لایەنەکان بەشداری حکومەت بن، ئەی کێ دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن؟

لەناوبردنی ئۆپۆزیسیۆن بەئاشتی و بە پێکهاتن، هەر هەندەی نەهێشتنی ئۆپۆزیسیۆن بە ئاگر وئاسن زیانی بۆ پاشەرۆژی سیاسی هەیە لەکوردستان. نازانم چۆن پارتی ئەو لێکدانەی نەکردووە؟ چۆن دەبێت حکومەتێك تەشکیل ببێت بەبێ ئۆپۆزیسیۆن، بەبۆچونی من ئەوە هەڵەیەکی مەزنە چونکە پارتی وەك براوەی یەکەم و وەك خاوەنی کەلتورو خەباتەکی درێژخایەن بەوکارە، بۆشایەکی سیاسی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەجێدەهێڵێت و هەل بۆ دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی نادیار دەرەخسێنێت، کە کەس نازانێ لەژێر فشاری چ بارودۆخێك و چۆن دروستدەبێت و کێ دەبێت وبەرەو چ ئاقارێکمان دەبات؛

پێویستە پارتی بەپلەی یەکەم مەودایەکی ئۆپۆزیسیۆن برەخسێنێت شوێنێك بۆ ڤالاکردنی رق و کینەی خەڵك بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی لەڕوی هزرو پراکتیزەی سیاسیەوە زامنی پاشەرۆژێکی گەشبکات، نەك هەموو دەرگایەکان دابخات و ئەوەی توانای گوتنی وشەی (نا)ی هەبێت رازیی بکات بۆ ئەوەی کەس نەڵێت (نا).

ئەی چۆن هەڵەکانی خۆمان دەزانین وکێ پێمان دەڵێت؟ ئەی چۆن دەزانین حاڵەتی دزێو هەیەو دەبێ چارەسەربکرێن؟چونکە بەو شێوەیە مەشهەد و سیناریۆکانی خۆی لەگەل یەکیتی و حکومەتی فیفتی فیفتی زۆر باناشرنیتر دووبارەدەبنەوە.

ئەوەی دێتە ناو دەسەلات دەبێتە بەشێك لە لاشەی سیاسیی حوکمڕان، زەمانی کورتتر دەبێت و ناتوانێت رەخنەی ئاڤاکەر برازێنێتەوە چونکە کەس گوێی لێناگرێت ونابێتە جێگای متمانە بۆ میللەت و ڕای گشتی، گرنگنیە کێ ئۆپۆزیسیۆنە و کێ دەسەلات، بەردەوام ئۆپۆزیسیۆن لای خەڵك خۆشەویستترە.

پارتی وەك حیزبێکی دێرین وخاوەن تاقیکردنەوە ئەرکێکی یەکجار قورسی لەسەرشانەو نابێت لەپێناو رازیکردنی هیچ لایەنێك مەسئولیەتی یەکەم لەسەرشانی خۆی لابدات وبیخاتە سەر شانی حزبەکانی تر، پارتی لەتەنگانە مەسئولیەتی نەهاوێژتۆتە سەر شانی کەسیتر، هەرخۆی بەتاڵی و مەینەت و خەبات تەحەمولی کردووە، چۆن دەبێت لەبارێکی ئارام وخۆشدا ئەو مەسئولیەتە لەسەرشانی خۆی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەڵگرێت بۆ ئەوەی هەموویان تێوە بگلێنێ وکەس نەمێنێت پێی بڵێت نا؟ بێگومان نابێت، دەبێت پارتی سوود لە تاقیکردنەوە درێژخایەن و پڕ تاڵیەکەی خۆی لەگەڵ یەکێتی وەربگرێت و بیکاتە وانەیەکی باش، چونکە کاتێ بەجوت دابەشیان کرد هەموو دامودەزگاکان بەحزبی کران و هەرهەمووی ئیفلیجبوون، ئەو ئیفلیجیەش کوردستانی کرد بە مۆڵگەیەك بۆ مرۆڤی هەڵپەرست و ناخ ڕوخاو وناموٚ، کە بەدڵنیایەوە دەڵێم: ئەو هەڵپەرستانە چەرخی پێشکەوتنیان زۆر دوواخست و ناوی کوردیان لەدەرەوەش زڕاند و وەکو هەر (پاراسایدێك) گەنە، خوێنی هەرێمی کوردستانیان بەتەواوەتی مژی.

سەرەڕای هەموو هەڵەو کۆلەواری و نەزانینیش پارتی خاوەنی یەکەمی ئەوپرۆسەیە تا کاتێکی نادیاریش هەرپارتی دەمێنێت، بۆیە بەگرنگی دەزانم کە چاککردنەوەو وراستکردنەوەی پارتی زۆر باشترو سەلامەتترە بۆ خەباتی رزگاریخوازی میللەتی کورد لەوەی شتێکی نوێی لاواز دروستبێت وپێگەی ستراتیجی لەشکری وئابووری هەرێمی کوردستان بخرێتە مەترسی هاتنی کەسانی نەناسراو و خاوەن ڕەفتاری سیاسی چاوەڕوان نەکراو.

نموونەش بەحزبیکردنی دامودەزگا و ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە ئێستاش زیانی ئەوکارە ڕۆژانە دبینین وهەستی پێدەکەین، پارتی ویەکێتی دەتوانن ڕێکخراو بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس وهونەرمەندان دروستکەن، بەلاّم هەرگیز ناتوانن داهێنان بەرهەمبێنن، دەتوانن ئەنستیتۆی سیاسی و ڕێکخراوی ناحکومی دروستکەن، بەلاّم هەرگیز ناتوانن هزری ئازاد دروستکەن، بۆیە زۆرجار و لەشوێنی تر گوتومە: داهێنان وپێشکەوتن تەنها بەهزری ئازاد وکەسی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئازاد دروستدەبن، داهێنانێك نەبووە لەدیرۆكی مرۆڤایەتیدا بەناوی داهێنانی بەندە و وژێردەست، بۆیە والاكردنی دەرگای ئازادی وپشتگیری كردنی هزری داهێنەر، مرۆڤی ئازاد دروستدەكات و بۆ هەر حیزب وسەركردایەتیەك باشترە ئەگەر سەركردەی مرۆڤی ئازاد و رۆشەنبیرو پێشكەوتوبێت، لەوەی سەركردایەتی ڕەوە قازێك بێت، یان مێگەلێكی بەندەو مرۆڤی ڕوخاو وبندەست، پارتی بێگومان دەبێ بە ڕەفتارەكانی خۆیدا بچێتەوە ولەو جێگایانەی كە لەڕابردو هەڵە دروستبوون لەئەنجامی ململانێی بێ واتا هەموویان چاكبكاتەوەو زەمینە ئامادە بكات بۆ نەوەی داهاتوو لەسەر زەمینەیەكی ئاڤاو مەشخەڵی خەبات لەدەست نەوەی ئێستا وەرگرن و وەكو ئێمە نەینە سەر كەلاوەیەكی وێران.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## دەوڵەتی کوردی ..

## خاڵێکی رووناك لە دەوروبەرێکی تاریکدا

ڕووداو (332) لە 03.11.2014

جگە لە گومانی پیلانێکی تورکی بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە، کە بە گوڵ و هەڵهەڵە بەرەو کۆبانێ رۆیشتن و جگە لەو هەواڵەی کە لەوانەیە ئۆباما وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوە بگۆڕێت لەبەر ئەوەی کارەکانیان بەباشی ئەنجامنەداوە، هیچ شتێکی دیکە نیە وام لێبکات بڕوام لەق ببێت کەبەو دووساڵەی داهاتوو کوردستان ببێتە دەوڵەت.

هەواڵەکان بە خێرایی بەرەو ئاقارێکی گەش بۆ دوارۆژی کورد ڤاڕێ دەبن، بەتایبەت لە هەفتەی رابردوودا کاتێك بە گوڵ و هەڵهەڵە پێشمەرگەی کوردستان بەرەو کۆبانێ بەڕێکەوتن و لەوەش گرنگتر بە چەك و جبەخانەوە بەسەر خاکی باکووری کوردستاندا تێپەڕبوون. پێشموانیە تورکیا ئەوەندەی پێخۆشبوبێت، یانیش لەبەر چاوی رەشی خەڵکی کۆبانێ وای کردبێت، بەڵام یاریە ئیقلیمیەکە و گوشاری هاوپەیمانان و بزربوونی ئایدێنتیتی تورکیا و مەترسیی راکێشانی بۆ جەنگێکی لەبن نەهاتوو، بوونە فاکتەر بۆ ئەوەی تورکیا بە تاڵی جامەکە بنۆشێت.

کورد لە زەمانی ئیمپەراتۆریای میدیاوە بەو شێوەیە ئازادی نەبینیوە و هیچ جارێکیش زلهێزەکان لەگەڵ دوژمنانی کورد بەقەدەر ئێستا نێوانیان تێك نەچووە، نامەوێ لێرەدا باسی بێ مۆڕاڵی سیاسەتی ئینگلیز و فەرەنسا و دواتر ئەمریکا بکەم کە چۆن بە دامەزراندنی ئەو مەرزە دەستکردانە خوێنی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

مرۆڤیـــان لەو دەڤەرە بەرامـــبەر بە نەفـــت و بەرژەوەنـــدیی کۆلۆنیالی خۆیان هەراج کرد و چـۆن دوای پێکهـاتنی «سـایکس پیکـۆت» دەڤەرەکەیـان کـردە مەیـدانی جەنگێکـی بـێ کۆتـایی، لەدوای دامەزرانـــدنی ئەو پێکهـــاتە خوێنـــاویەش فەرمـــانی لەنـاوبردنی ئەرمەن و جینۆسـایدی کـورد بـووە پەیڕەوێکـی ڕێگاپێـدراو لەپێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەنـدیەکانی خۆیـان و گەیشـتنی نەفـت بە نرخێکـی هەرزان، تەنـانەت کوردیـان بەشایستەی کۆلۆنیالکردنیش نەزانی، بەسەر چەند دەوڵەتێکی کۆلۆنیالکراودا دابەشیان کـرد، کە خۆیـان بەنـدەی ئەو مەرزە دەستکردانەبوون، واتە ئێمە بووین بە بەندەی بەندە!

ئەورۆ لاپەڕەیەکی نـوێی دیرۆکـی پـڕ ئەزمـوونی دەوڵەتە کۆلۆنیالیسـتەکان و دەربازبوونیـان بە دوو جەنگـی جیهـانیی سـەختدا و لەدایکبـوونی نەتەوەیەکگرتووەکـان، شـەپۆلە هزریەکـانی مرۆڤدۆسـت لە ئەوروپـا گەشـەیان کـردو هـزری کۆلۆنیالیـان بە مرۆڤدۆسـتی گـۆڕیەوە و جەڵەویـان دا دەسـت ئەمریکـا وەك هێزێکـی نـوێی نـوێنەرایەتی و بەرگریکـردن لە هزری لیبراڵی ئەورووپی و دەسـتپێکردنی جەنگـی سـارد لە دژی سـۆڤیەت و بلـۆکی سۆسـیال، بە نـوێنەرایەتی ئەورووپـا کە بەتێکڕایـی وازی لە هـــزری کۆلۆنیـــالی هێنـــا و دەســـتی لە کۆلۆنیەکـانی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا و ئەفریقـا بەردا، ئەمریکاش بە یەکلابوونەوەی جەنگی سارد بە تـاك جەمسـەر مایەوە.

جەنگـی دژی تیـرۆر دیـاردەیەکی دەسـتکردە، چـونکە بە داڕمانی بلۆکی سۆسیال، ئەمریکا نوێنەرایەتی ئەورووپا و هـزری ڕۆژئاوای لەدەستدا، زۆر جاری دیـکەش گوتـوومە کە ویـلایەتە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە هەڵوەشاندنی بلۆكی سۆسیال هـۆی لۆجیكی مانەوە و پێشكەوتنی خۆی لەدەستدا، چـونكە نەمـانی جەمسـەرێك لە هاوكێشـە سیاسـیەكاندا مانـای بەهێزبـوون و سەركەوتنی جەمسەرەكەی تر نادات، بەڵكو مانەوەی گرنگتـرەو دەبێتە مایەی بەردەوامبوونی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## ژن ..

## سەنگەر و ئیکسیسوار

ڕووداو ژ(330) لە 20.10.2014

پێمـوایە پەیوەنـدیی نێـوان ژن و پیـاو زۆر لەوە ئـاڵۆزترە بەلایەنی کەم پیاو بتوانێت تێیبگات. هەموو تەمەنمان بەسەر دەبەیـن لە هەوڵـی تێگەیشـتنی لە ژن، لە کۆتاییـدا بۆمـان دەردەکەوێ کە هیچمـان لـێ نەزانیـوە، ئەوەش بێگومـان بـۆ پێشکەوتن و ئاڵۆزیی ژن دەگەڕێتەوە.

ژن زۆر ئاڵۆزە، بەڵام ئاڵۆزیەکی ڕێکخراو و سیستەماتیکە، کە بە خۆڕسـک پەیڕەوپرۆگرامـی بـۆ داڕێـژراوەو بە سیستەماتیك بەڕێوە دەچێت. من بە قەناعەتێکی چەسپاوەوە دەزانـم کە ژن لە پیـاو ژیرتـر و دووربینتـر و بەسـۆزتر و بەهێزتـرە، بەکـورتی بە هەمـوو شـێوەیەك لەپیـاو پێشـکەوتووترە، جیـاوازیەکەی لەگەڵ پیـاو وەکـو تەلەفزیـۆنی ئێچ دی و تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی لامپە کۆنەکانە، بێگومان ژن ئێچ دیەکەیە.

بزووتنەوەکانی مافی ئافرەت دیرۆکێکی خوێناوی و پـڕ لە مەینەتییـان هەبـووەو ئایینەکـانیش بەتـایبەت ئیسـلام زیـاتر ئەو جموجۆڵانەی کپ کردووە و نەیهێشتووە ئـافرەت تەنـانەت بیـریش لە ڕزگـاربوون بکـاتەوە، چـونکە بە گـوێرەی دیـدی خۆیان خوا هەموو مافێکی پێ بەخشیوەو لەوە زیاتر ناتوانێـت مـافی هەبێـت، یـان بیـر لە مـافێکی تـر بکـاتەوە، چـونکە بەشداریکردن لە جەنـگ و لە کـارکردن نەخشـەیەکی نـوێ بـۆ مافەکـانی دەکێشـێت و ئەگەر ژن شانبەشـانی پیـاو لە یەك

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

سەنگەردا بجەنگی، جارێکیتر پیاو ناتوانێت مافەکانی پێشێل بکات، بۆ نمونە ژنانی ئەڵمانیا Trümmerfrauen دوای جەنگی جیهانی دووەم کە پیاو نەمابوو ئەڵمانیا تەخت کرابوو، ئەوان بە دەستپێشخەرییەکی دیرۆکی ئەڵمانیایان ئاوەدانکردووە، لەبەرامبەر ئەوەشدا مافەکانی خۆیان وەك تاکێکی بەهێز لەکۆمەڵگادا بەدەست هێنا کە جارێکی تر پیاو ناتوانێت مافەکانی لێ زەوتکات.

کاتێك رۆژانە گوێم لە هەواڵی ژنی کۆبانێ دەبێت و هەواڵی ئازایەتی و نەبەردیان دەبیستم، شەرمێکی گەورە دامدەگرێت، چونکە زۆربەی ژنانی باشوور خەریکی بوتیك و رێجیم و نەشتەرگەریی کوسماتیك و زێڕ و خشڵ و پۆشاکن، کراسی بە پوولەکەو مکیاجی مارکە لە هەستی نیشتیمانی گرنگتری لێهاتووەو گۆڕینی پەردە و تاقم قەنەفە و ئۆتۆمبێل لەپێشترە لەهەستکردن بە نیشتیمان و هاونەتەوە، نەمانی بەها و ئاکاری نیشتیمانی لای پیاوی باشوور کاریکردۆتە سەر ئەوانیش، ئەوانیشمان والێکردووە تەنها بەدوای شتی پووچدا بگەڕێن و کێشە سەرەکیەکان توور هەڵدەن، کە بۆتە مایەی لەدەستدانی رەسەنایەتی و بێگەردیی ژنی کورد، ژنی کورد لە باشوور ئەو چەمکە بێگەردانەی دۆڕاندووە، چونکە لە خێڵەوە یەکسەر بۆ مۆدێلە سەقەتەکانی دوبەی و تورکیا و لوبنان بە پارەیەکی زۆرەوە تێی بەربوون و لە ئەنجامدا هەردووکیان لەدەستدا.

هاتنی ئیسلام بۆ رزگاربوونی ئافرەتی عەرەب کە پێش ئیسلام، لەژێر خاك نراون و بەردبارانکراون، شۆڕشێکی مەزن بوو، چونکە ژنی عەرەب وەك کەلوپەل و مەڕو مالآت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئاڵوگۆڕیــان پێكــراوە، ژن لای عەرەب شــەرمەو ئــابڕووچوون بووە، بۆیە ئیسلام لە زۆر لەو شتانە رزگاری كـرد، بەڵام بـۆ هەموو ژنێك وا نەبــووە، چـونكە ژنـی كـورد بەر لە ئیسلامیش ئازاد و خاوەن بڕیار بووە و هەمیشە لە بەرەكانی جەنگ و لە كێڵگە و لە ماڵ و لە هەموو بوارەكانـدا شانبەشـانی پیـاو بـووە ئەگەر لە پێشـتر نەبووبێـت، بەڵـگەش بـۆ ئەو بۆچـوونە لە كوردەواریدا هەتـا چەنـد سـاڵێكیش بەر لە ئێسـتا ژن دەرگـای لەرێبوار دەكردەوە و خزمەتی دەكرد و لەناو میوان دادەنیشت تەنانەت ئەگەر پیاویشی لەماڵ نەبایە. واتە شوورەیی و شـەرم نەبووە، هەمیشە جێگای شـانازی بـووە بـۆ مێـرد و بـراو كـوڕی خۆی و زۆر جاریش منداڵەكان بە ناوی دایك بـانگكراون بەبـێ ئەوەی جێگای شەرم بووبێت.

ژنـی كـورد ئـازاد بـووە، لەنـاو كۆمەڵگـایەكی فیـۆداڵی خێڵەكـی، پێشـمەرگایەتی كـردووەو چەكـی هەڵگرتـووە، بەڵام بەهەڵەچـــوونی كۆمەڵگـــای كـــوردەواری بەرەو بـــۆرژوایەكی سەقەت و نەبوونی هۆشـیاریی كـۆمەڵایەتی و لەناكـاو گـۆڕینی كۆمەڵگا و پەیدابوونی چینی نوێ، بەها و ئاكاری نـوێی لەگەڵ خۆی هێناوە. لە ژنی خێڵەكیەوە بۆ شارسـتانێكی نـابۆرژوا ژنـی نەخوێنـدەوار و مێشـك ئیفلیجـی دروسـتكردووە. ژنەكانمـان لە ئەڵقەیەكی بۆشدا دەسووڕێنەوە و لە ژیـار و پێشـكەوتن تەنهـا توێكڵەكەیان بەركەوتووەو خەریكی ئێكسیسواراتی مـایەپووچن و هیچـی دیـكە، وەك ئەوەی بڵێـی شۆڕشــمان تەواو بـــووەو خاوەنی دەوڵەتی خۆمانین! ئەوەش مەترسیەكی یەكجار مەزن دێنێتە پێشمان.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەو جۆرە ژنانە چ نەوەیەك بەخێو دەكەن و چ منـداڵێكی پەروەردە دەكەن؟ لەكاتێكدا دەبینین لە ڕۆژئاڤا و لەباكوور ژن هێشـتا وەكـو جـاران ڕۆڵـی شۆڕشـگێڕانەی خـۆی دەبینێـت و نەوەكـانی داهـاتووش لەسـەر ئەو بەهـا و ئاكـارانە پەروەردە دەكات، ئەوەی ئەوڕۆ لە كۆبانێ و شارەكانی دیـكەی كوردسـتان دەیبینـــین، نیشـــاندەدات ژنـــی كـــورد و بە گەواهـــی مـــیللەتە پێشـــكەوتووەكانی جیهـــان نیشـــانەی ڕێـــز و ســـەربەرزیە كە شۆڕشێك لەگەڵ پیاو بەڕێوە دەبات، بۆیە دەبێتە خـاوەن مـاف، چونكە ئەویش شۆڕشەكەی كردووە.

ژنەكانی ئێمەش – زۆربەیان – سیسـركەیەك لە مـاڵەكە ببینێت ماڵەكەی بە مێردەكەی دەگۆڕێت، هانی دەدات گەندەڵی بكات و بە ڕێگای ناشەرعی پارە پەیدا بكات بـۆ ئەوەی هەمـوو پێداویستیەكانی پڕ بكاتەوە. بێگومـان ئەو جـۆرە ژنـانە بۆیـان نـیە باسـی مـاف و یەكسـانی بـكەن، تەنهـا بەرهەمخـۆرێكی كۆیلەی كڕین دەمێنێـتەوە و دەبـێ لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی ئەو هەمـوو دەسـكەوتە چـاو لە دڕایەتـی و نـادادپەروەریی پیـاو بنوقێنێ و وەكو هەر بەندەیەك ژیان بباتە سەر، بێگومان ژنـی بەندەش منداڵی ئازاد بەرهەمناهێنن.

ئەگەر كچ لە باكوور و ڕۆژهەڵات بەدوای كوڕی شـەڕڤان و وڵاتپـارێز و نەتەوەدۆسـتدا بگەڕێـت، ئەوە نێگومـان كچەكـانی باشوور – زۆربەیان – بە دوای گەنـدەڵێكی گەلحـۆی پڕپـارەدا دەگەڕێن، كە بتوانێت بیبـاتە لوبنـان و دوبەی و وەكـو مانگـای قوربانی پڕ خشڵ و زێـڕی بكـات و بەدەفـتەر پـارەی بـۆ خەرج بكات وەك نرخێك بۆ ئازادیەكەی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

وەك ئەركێكی نەتەوەیی، دەبێ ڕێكخراوەكانی ژنان و كۆمەڵگای سڤیل كار و بەرنامەو لێكۆڵینەوەیەكی زۆر بكەن بۆ ئەوەی ئافرەتی باشووریش خەسڵەت و پەسەنە بێگەردەكانی ژنی كوردی ڕەسەن لەدەست نەدەن، چونكە تەنها ژنە نەوەی داهاتوو بەخێو دەكات و ئێمەش جارێ كارێكی زۆرمان بە نەوەی داهاتوو ماوە.

حكومەتی هەرێمی كوردستانیش بێ گوناه نیە لەو كێشە گەورەیە، جارێ ناوی ژن و ئافرەت یەكلا نەكراوەتەوەو بەدەیان ڕێكخراوی پووچەڵی بێ مایە داندراون و تەنانەت وەزارەتیش بە ناوی ژنان دامەزرا، بەلاَم هیچیان كاری بنەڕەتیان لەسەر ئافرەت نەكردووەو نەیانتوانیوە ژن لە كەڤاڵی چەوساوە بەرەو هەستی شۆڕشگێڕی دەربێنن. بەڵكو زۆربەی هەوڵەكانیان لەسەر توندوتیژی و ئازادی بە ڕووكەش بووە، تەنها بۆ خۆهەڵكێشانە لە بەرامبەر كۆمەڵگای نێودەوڵەتی، نە حكومەت و نە ڕێكخراوە ناحكومیەكان نەیانتوانیوە ژن وەكو تاكێكی ئازاد ببینن و هەمیشە خەریكی ڕووكەش بوونە و كاریان لەسەر كێشە بنەڕەتیەكان نەكردووە.

كۆتایی ئەگەر پیاو بەهاو ئاكاری لەدەستدا، خۆی دەڕووخێت، بەلاَم ئەگەر ژن بەهاو ئاكاری لەدەستدا، كۆمەڵگایەك، وڵاتێك، نەتەوەیەك دەڕووخێنێ.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## دەستەی مامۆتك یان پیاوكوژی ئاغا

ڕوودا ژ (336) لە 01.12.2014

بۆ دەربازبوون لە قەیران و چارەسەر كردنی گرێی ئاڵۆزو نەهێشتنی ئاستەنگ لەپێناو گەیشتنی مرۆڤایەتی بە ژیاری پێشكەوتوو، كۆمەڵگا مرۆڤایەتیەكان هەمیشە پێویستیان بە مرۆڤی زاناو مامۆتك و ردێن سپی هەبووە، ئەو مرۆڤانەش لە دیرۆكدا رۆڵی زۆر گرنگیان هەبووەو گەیشتوونەتە پلەو پایەی بەرز كە زۆرجار لە دەسەڵاتدارەكە زیاتر دەسەڵاتیان پەیدا كردووە. ئەو مرۆڤە سەیرانەی دەوروبەری دەسەڵات شێوازی جیاوازیان بەخۆوە بینیوە و كارتێكردنیان لەسەر تەواوی دیرۆك و بڕیارە چارەنووسسازەكان هەبووە. شێوازیشیان بە گوێرەی جۆری دەسەڵات گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، هەتاكو گەیشتووەتە بیرۆكەی دامەزراندنی دەستەی راوێژكاری و كۆهزر "Think Tank" كە دیرۆكێكی كۆنی هەیە و لەگەڵ هەموو قۆناغەكانی ژیان وەكو پێداویستیەكی گرنگ بۆ دەسەڵات رۆڵی خۆی بینیوە. ئەگەرچی بەناوی جیاوازەوە ناسرابێت، بەڵام لە دەستەی ئەركانی جەنگ و دەستەی ردێنسپیەكان و ئەنجومەنی پیران و زانایان بۆ گشت كاروباری كۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی، هەموو سوڵتان و حاكم و میرو ئیمپراتۆران خەڵكی شارەزایان لە دەوروبەری خۆیان كۆ كردووەتەوە و راوێژیان پێ كردوون.

لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا، هەموو دەزگایەكی گرنگ كۆهزری خۆی هەیە: پێنتاگۆن، دۆما، دەستەی پیران، تەنانەت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

وەزارەتەكانیش و .. هتد. هەریەكە كۆهزرێكی تایبەتیی خۆی هەیە كە لە كۆمەڵێك پیاوی زانا و عاقڵ پێكهاتوون، ناهێڵن دەسەلاتدار بڕیاری هەڕەمەكی و هەڵە بدات بەڵكو بیروڕای نوێ و سەركەوتووی پێدەدەن.

ئێمەی كورد لەو بوارەدا و لەبەر نەبوونی دەوڵەت، تاقیكردنەوەیەكی هەژار و لاوازمان هەیە، ئەگەرچی لە دەووبەری میرنشینەكان هەمیشە ئەو جۆرە مرۆڤانە هەبوون، بەلام لەبەرئەوەی پەیوەندیەكانی بەرهەمهێنان لە قۆناغی فیۆدالیزمەوە تێنەپەڕیون، بۆیەش دەبینین ئەو دەستە مامۆتكانەش وەكو كۆمەڵگای كوردستان هەر لەناو قۆناغی دەرەبەگایەتی ماونەتەوە و لەجیاتی مرۆڤی زانا و شارەزا، كوژەك و ڕەشەك و پیاوی ئاغا بوونەتە شیرەتدار، هەمیشە مرۆڤی گومانلێكراو و لەوانەشە سیخوڕ و خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت لە دەووبەری دەسەلاتداران كۆ دەبنەوە.

هەتا دەسەلاتەكە زاڵتر و ڕەهاتر و بەهێزتر بێت، مرۆڤی خوێڕیتر لە دەووبەری خۆی كۆدەكاتەوە، چونكە دەسەلاتی ولاتپەروەر و شەفاف، مرۆڤی تایبەتمەند و مامۆتك و دەزگای ئەكادیمی و لێهاتوو دەكەن بە دەستەی ڕاوێژكاری خۆیان و هێزو توانایەكی یاسایی و بەرفراوانیان پێدەدەن، بۆ ئەوەی ڕەخنە لە دەسەلات بگرن و نەهێڵن لە ڕێچكەی خۆی ڤاڕێ ببێت و هەڵە كەمبكرێتەوە و بڕیاری ڕاست و دروست بە خاوەن بڕیار دەربكەن.

لەگەڵ پەیدابوونی سیستمی مۆدرێن و سەركەوتوو، دەزگای مۆدرێن و پێشكەوتوو پەیدابووە كە بە میتۆدی زانستی توێژینەوەیان كردووە و بوونەتە هۆیەكی سەرەكی ئەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پێشکەوتنە، هەمیشە هەوڵیانداوە ببنە زێرەڤانی بڕیارەکانی حکومەت. میتۆدی توێژینەوەی ئەو دەزگایانە دەبێتە پێوەری هەڵسەنگاندنیان، ئەگەر تەنها بۆ رازیکردنی بڕیاربەدەستەکە بێت، ئەوە زیانێکی زۆر بە دیرۆك و پاشەڕۆژی دەسەلاتدار و ولاتەکە دەگەیەنن لەپێناو ئەوەی دەسەلاتدار بەرژەوەندیەکانی ئەوان بەڕێوە ببات و تەنها لە ئەڵقە داخراوەکەی ئەواندا کار بکات، لە ئەنجامدا وەك ئەوەی لە مێژوودا ئاشکرایە، دەسەلاتدارەکە دەگاتە قۆناغی نەدیتنی راستیەکان و بەرچاوی شیلو دەبێت و بێگومان وازی لێناهێنن هەتاکو دەسەلاتەکەی لاواز دەکەن و دەیکەن بە دوژمنی میللەت و دواتر هەر بەمیللەت لەناوی دەبەن.

لە کوردستان کە دەسەلات تا رادەیەك رەهایە و هێزی بڕیاردان تەنها لەدەست چەند کەسێکدایە، بەردەوام هەوڵدەدرێ دەوروبەری دەسەلاتدار داخراوبێت، ئەو جۆرە کەسایەتیە سەیرانە دەبن بە کۆسپ لە رێگای گەیشتنی هەر هزرێکی چاك و ئاڤاکەر بۆ خاوەن بڕیار، وا نیشانیان دەدەن کە ئەو ولاتە کەسی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی تێدا نیە جگە لەوان، بۆیەش خۆیان دەبنە بڕیاردەری راستەقینەو ئەوەی ئەوان بیانەوێت دەیکەن، چونکە ترسی لێپرسینەوەیان نیە و تەنها دەسەلاتدارەکە لێیان رازیبێت کەسی تر هیچ نیە. ئەوەش کارەساتێکی زۆر گەورەیە لە پراکتیزەکردنی دەسەلاتدا، چونکە تەنها خراپەکە خراپتر لێدەکەن و بیر لە چاککردنەوەو راستەرێکردنی دەسەلات ناکەنەوە بەقەد ئەوەی بیریان لای رازیکردنی خاوەن بڕیارە، لە ئەنجامدا زیانەکە بە دەسەلات دەکەوێت و دەسەلاتداریش لە میللەتی خۆی دوور

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەكەویتەوە، ئینجا لە قۆناغی دووەم دەستدەكەن بە ترساندن و تۆقاندنی دەسەلاتدار لەو میللەتەی كە جاران بە خوێن بۆی ئیمزا كردبوو بۆ ئەوەی دەسەلات بگرێتە دەست، نموونەی ئەو شۆڕشانەش لە دیرۆكدا زۆرن كە بە شۆڕشی جەماوەری ناوبراون، كەچی دواتر شۆڕشەكەیان لە كەسایەتی دەسەلاتدارێكی رەهادا تەسك كردووەتەوە و بەرەو رێگای توتالیتاریزم بردوویانە و لەبەرچاوی خەڵك كردوویانەتە دەسەلاتێكی دیكتاتۆری.

دەسەلاتی كوردی هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو رادەیە، بەلام بەو رێگایەدا دەڕوات و مەترسیەكی زۆر لەسەر دەسكەوتەكانی راپەڕین و دیرۆكی پڕ سەروەری و خەباتی حیزبەكان هەیە، كاتی ئەوە هاتووە دەسەلاتی كوردی لەو قەڵغانە دەربچێت و بۆ میللەت بگەڕێتەوە، چونكە میللەت خاوەنی گەورەترین هێز و دەسەلاتە و نابێت لەنێوان میللەت و دەسەلاتدا درزێك بمێنێت و شۆڕش رێگا راستەكەی بوونیادنان و پێشكەوتن بگرێتە بەر لەجیاتی رێچكەی لرفدان و لووشدانی دەسكەوتەكانی میللەت بۆ چەند كەسێكی گومانلێكراو و ڕابردووپیس و بێ توانا.

راستكردنەوەی دەسەلاتەكە زۆر سوودی لەوە زیاترە كە لە ئەڵتەرناتیفێك بگەڕێین، بۆیەش دەبێ نەهێڵین حیزبە كوردستانیەكان لەپێناو چەند كەسێكی نامۆ و گومانلێكراو ژیانی میللەت و كێشەی كوردی بخەنە مەترسیەوە، چونكە جاری زۆر ئیشمان بەو سەركردایەتیە هەیە و جەنگی گەورەترمان لەپێشە بەر لە گەیشتن بە رزگاریی یەكجارەكی و سەربەخۆیی كوردستان.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# توركیا ..

## لەدەستدانی پێگەی جیهانی

ڕووداو ژ (329) لە 13.10.2014

گـۆڕینە دراماتیكیەكەی سیاسـەتی توركیـا لەبەرامـبەر داعش بەماوەی دوو هەفتە، نیشانەی ئەوەیە كە توركیا تووشـی قەیرانی پێگەی نێودەوڵەتی بـووەو ناچـارە بەو جـۆرە لەناكـاوە سیاسـەتی خـۆی بگۆڕێـت، ئەگەرنـا گـۆڕینێكی وا ڕەگەزی لە سیاسەتی دەرەوە كـات و شـوێن و لێكـۆڵینەوەیەكی زۆری دەوێـت بەرلەوەی بیر لە گۆڕانكاریەكە بكرێتەوە.

بۆ ئەوەی توركیا پـێگەی نێـودەوڵەتی و ئیقلیمـی خـۆی لە دەستنەدات، لە داڵدەدانی ئیسلامچیەكان پاشگەز بـووەوەو خـۆی هاویشتەوە ناو كـۆمەڵی نێـودەوڵەتی و بەشـداریی خـۆی لەگەڵ هێزی هاوپەیمانی دژە تیـرۆر جـاڕدا، چـونكە هەسـتی بەوەكـرد كە سیاسەتە ئیسلامچیەكەی زۆر لەسەری دەكەوێـت، ئەوەشـمان لەبیر نەچێت كە هەر ئەو سیاسـەتە بـوو توركیـای خسـتە نـاو پارادۆكسـێكی هـزری و گێژاوێكـی سـەخت كە نەیـدەزانی بەرەو كـام لا بچێـت و بە كـام لادا بشـكێتەوە: ئەورووپـایەكی كە بە هیچ شێوەیەك قەبـووڵی ناكـات هەشـتا ملیـۆن موسـڵمانی دیـكە ببـنە ئەنـدامی یەكێتـی ئەورووپـاو بە سـەدان گرفتـی نـوێی بـۆ بدۆزنەوە، یان ئەمریكا كە وەك زەمانی جەنگی سارد كـاری پێـی نـیە؟ یـان جیهـانی ئیسـلامی كە لەبەر هەژمـوونی هـزری بە تـوركبوون كەس خۆشـی نـاوێ؟ یـانیش كەشـیدەی سـوڵتانەكانی ئوسمانی لەسەر بكاتەوە و ببێتە میراتگریـان كە دەیخـاتە نـاو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

چەندین تەڵبەندی تازە و دەیخاتە ناو هەڤڕکیەکی سەخت لەگەڵ ئێران و خۆشی نازانێت کامەیان هەڵبژێریت.

تورکیای تازە لەساڵی 1923 وە دامەزراوە و لەوکاتەوە پێگەیەکی ستراتیجی گرنگ و ڕۆڵێکی سیاسیی گرنگتری بەدەستهێنا و لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی سارد توانی ببێتە قەڵغانێك دژ بە هەژمونی سۆڤیەت لە دەڤەرەکەدا. هێزە سەربازیەکەی کە لە پاشماوەی ئەتاتورکەوە کرا بە یەکێك لە هێزە هەرە گرنگەکانی ناتۆ و لەشکرەکەی وەك پارێزەری بەها و ئاکاری جمهوریەت بالأدەست کرا بۆ ئەوەی هیچ ڕێگایەك بە کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان نەدرێت بیر لە سەربەخۆیی یان چەند مافێکی ڕەواش لەناو تورکیای تازەدا بکەنەوە کە سیاسەتی یەك ئالأ و یەك نەتەوە و یەك کلتوور چەسپێنرا.

ئەو دەزگا لەشکریە بەهێزە، نەك تەنها لە بەرامبەر کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکاندا دڕندە بوو، بەڵکو بەبیانوی ئەوەی لە سیاسەتە ڕەگەزپەرستەکانی ئەتاتورك لایانداوە، چوارجار کودەتای لەشکری لەسەر حکومەتە سڤیلەکانی خۆی کردوە لەبەر ئەوەی نەرمییان نواندووە، یەکەمینیان لە 1960 و دواتر لە 1971 و 1980 و 1997 کە بە زۆر دەستی لەکار کێشانەوەی حکومەت ڕاگەیەنراوە و حکومەتێکی سڤیلی ژێردەستی دەسەلأتی لەشکر دامەزرێنراوە.

دوای کۆتایی جەنگی سارد و بالأدەستیی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، ڕۆڵی تورکیا وەك پێگەیەکی ستراتیژی نەما و تەنها بەناو دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمریکا مایەوە، هیچ کارێکی پێنەدەکرا و کەوتە ناو ئابلۆقەیەکی ئابووریی خنکێنەر کە گەیشتبووە ڕادەی هەڵوەشانەوەی دامودەزگا حکومیەکان و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پەرتوبلاویی دەوڵەت و بەهێزبوونی نارەزایی جەماوەری، بۆیە جۆرەها ئۆپۆزیسیۆنی هێنایە کایەوە کە بارودۆخەکەیان ئاڵۆزتر کردبوو.

دروستبوونی پارتی دادوەری و گەشەپێدان بە ماوەیەکی کورت وەك ئەڵتەرناتیڤێکی هۆشبەر، ئەو تیۆرەی سەلماند و بوو بە هاندەر بۆ ئەوەی بەو خێرایە تەشەنە بکات و لە شارەوانیەکان زیاترین ژمارەی کورسی بەدەست بهێنێ و تەنانەت پەرلەمان و حکومەت بگرێتە دەست. ئەکەپە بناغەیەکی ئیسلامیی کۆنسێرف (محافزکار)ی هەیە، بۆیەش سەرەوەریەکانی ئیمپراتۆریی ئوسمانی کرد بە کەلتوورێکی سەرچاوەیی تێکهەڵکێش بە بەهاو ئاکاری مۆدێرنیزمەوە و بوو بە میراتگری ئەو کەلتوورە کە لەناو جیهانێکی پێشکەوتوودا کۆکردنەوەی مۆدێرنیزم و ئیسلام و کۆنسێرڤەتیزم لە یەککاتدا مەحاڵە، بەتایبەت بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی ستراتیجی لە دەڤەرەکەدا.

ئەکەپە توانی تا رادەیەك سیاسەتی ئابووریی خۆی بگۆرێت و وڵات لەژێر قەرزەکان دەربکات، هەروەها لەگەڵ دراوسێکان بە شێوەیەکی دیکە رەفتار بکات و لەوانەش هەرێمی کوردستان کە جاران تەنانەت ناوهێنانی کوردستانیش تاوانێکی گەورە بوو و تورکیا بەردەوام خەریکی پیلانگێری بوو لەدژی ئەو هەرێمە نیمچە سەربەخۆیە، بەڵام ئەو گۆرانکاریە بنەرەتیەی لە پەیوەندیەکانی دەرەوە و بە پۆڵەسیەکی نوێوە توانیان سەرکەوتنێکی چاك بەدەستبێنن و تورکیایان بەرەو پێگەیەکی نوێ برد.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

وەك میراتگری ئوسمانیەكان خۆیان تووشی تەڵەیەكی دی كردەوە كە دەبێ بەرامبەر بە ئێران ببنە هەڤرك، چونكە ئێرانیش خۆی بە میراتگری سەفەوی دادەنێت، بۆیە هەمیشە لەو چەند ساڵەی رابردوودا نیگەرانیی ئەوەم هەبوو نەوەك جەنگێكی نوێی وەك چاڵدێران دووبارە ببێتەوە، چونكە بە دووبارەبوونەوەی ئەو جەنگە ترسناكە كوردستان دەكەن بە مەیدانی جەنگ و لەناوی دەبەن.

ئەو ئاڵۆزیانەی رۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەت هاتنی داعش و تێكچوونی عێراق و سوریا، هەموویان هێمای ترسناكی دروستبوونی ئەو جەنگەن، ئێستاش ترسەكەم نەرەڤیە و هەمیشە گوتوومە: شتێك نیە بەناوی جەنگی سوریا یان جەنگی عێراق، بەڵكو جەنگی ئێران و توركیایە لە سوریا و عێراق كە ئاشكرایە سوننە لە هەردوو وڵات بە پشتگیریی توركیا دژ بەشیعە دەجەنگن و شیعەكانیش بە پشتگیریی ئێران ناهێڵن جارێكی دیكە سوننە لە عێراق حوكم بكەنەوە.

هاتنی داعش خەریكە لەگەڵ كۆتاییهاتنی پێكهاتنی «سایكس – پیكۆت» خاڵەكان ئاشكراتر دەكاتەوە و جەنگی دووبارە كێشانی مەرزەكان دەهێنێتە ئاراوە، كە پێمـوایە توركیا بەو سیاسەتە لێڵەی خۆی و پشتگیریی شەپۆلی ئیسلامچیەكان، دەبێتە زیانپێكەوتووی یەكەم، چونكە مەترسی داعش لەسەر توركیا زیاترە تاوەكو ئێران. بەتایبەتی لە جەنگی كۆبانێ و دوای شكستەكانی داعش لە باشووری كوردستان، توركیا پێگەی ستراتیژی و سیاسی خۆی لەدەستدەدات و پێمـوایە تەنها تێوەگلانی توركیا لە جەنگەكەی كۆبانێ ئاگرێك دەكاتەوە كە بە دابەشكردنی توركیا كۆتایی دێت، نەخاسمە "سایكس –

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پیکۆت" دوو ساڵی ماوە ببێتە 100 ساڵ پووچەڵ ببێتەوە و دەڤەرەکە بەگشتی پێویستی بە فۆرمێکی دیکەی پێکهاتنە لەنێوان زلهێزەکاندا بۆ بەدەستهێنانی وزەیەکی هەرزان.

زۆرجار ئەردۆغان وەکو ئەتاتورک هاتووەتە بەرچاوم، ئەتاتورک تورکیای لە پەرتوبڵاوی و تێکچوون رزگار کرد، ئەردۆغانیش هەمان کاری کردووەو تورکیای لە تێکچوونێکی حەتمی رزگار کردووە، بەڵام پشتگیریی تورکیا لە شەپۆلی ئیسلامی و هێزە تیرۆریستەکان، تورکیا لە ئەمریکا و ئەوروپا دوور دەخاتەوە و دەیخاتە ناو مەترسی نەمانی راستگۆیی و رەوایەتی وەکو یاریکەرێکی بنەڕەتی لە گشت دەڤەرەکە و هێزە عەسکەرتارەکان لەناو دامودەزگا حکومیەکانی تورکیا باڵادەست دەکاتەوە بەبێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ، ئەگەری ئەوەش هەیە چوار کودەتایەکەی کە لە دیرۆکی هاوچەرخی تورکیادا کراون، ببنە پێنج و ئەردۆغان لە رزگارکەر و بوونیادنەری تورکیای نوێوە ببێتەوە قوربانی هاتنەوەی دەزگای عەسکەرتاری.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# کۆڵەواری و تێنەگەیشتن لە فەلسەفەی ڕاگەیاندن

ڕووداو ژ(331) لە 27.10.2014

وابزانم یەك ڕۆژ بەسەر کۆبوونەوەی سەرانی ڕاگەیاندنی حیزبی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا لە حەفتەی ڕابردوو تێنەپەڕەی، دووبارە دەستیان بە موزایەدات کردەوە، لەوە دەچێ ئەو کۆبوونەوەیە تەنیا بۆ ئەوە بووبێ پیازی یەکتری سپی نەکەنەوە، چونکە بارەکە وەکو جاران نەماوەو حیزبی دیکەش لەو قۆناغە تەنك و هەستیارەدا ڕۆڵیان هەیە، دەبێ ڕێز لە دەسکەوتەکان بگرن، دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینیش وەك هەموو چەمکێکی دیکە فاکتەری کات و شوێن کۆنترۆڵی دەکات و ئەوەی دوای ڕاپەڕین کۆمەڵێك خەڵك بە دەسکەوتیان دەزانی، ئێستا بە دەسکەوتی نازانن، یانیش وردتر: بە دەستکەوتی خۆیانی نازانن لەبەر نەبوونی دادپەروەریی کۆمەلایەتی و کاڵبوونەوەی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەر کە بووەتە مایەی نامۆبوونی تاك.

بە شێوەیەکی نارەسمی پرسیارم لە ئەندامانی سەرکردایەتی زۆر لە حیزبەکان کردووە: بۆچی میدیاتان هەیە و ئەوەندە پارەی لێ خەرج دەکەن؟

وەلامی زۆربەیان ئەوە بووە: دەسکەوتەکانمانی پێ تۆمار دەکەین، بۆ ئەوەی خەڵك هەواڵمان بزانێت و جەماوەر بۆخۆمان پەیداکەین!

زۆر بە ئاسانی وەلامەکە نیشاندەدات چەند لە پرۆسەی میدیا و گوتاری میدیا گەیشتوون. خۆ ئەگەر ئەو پارە زۆرەی لە میدیا خەرج دەکرێت بدرێتە خەڵك هیچ پروپاگەندەت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نــاوێ و جەمــاوەریش زۆر باشــتر لە خــۆت خــڕ دەكەیەوە و دیرۆكیش تۆماری دەكات.

راگەیانــدنی حیزبــی لەدوای راپەڕیــن وەك دەســتپێكێكی ســەرەتایی و بنیــاتنەری باشــیی خــۆی هەبــووە، هەرچەنــدە ئەوســاش زیــاتر ململانێــی پێــوە دیــاربووە، ئەو ململانێــیەش گوتاری میــدیای كــرد بە ســووتەمەنی بــۆ هەڵگیرســانی شــەڕی ناوخۆ، راگەیاندنی حیزبی بەگشتی بەرەو ئاقاری ســووكایەتی و دۆڵژەنین و موزایەدەكردن رۆیشت، بــوو بە ئــامێرێكی ئەكتیــڤ وەكو هەر تفەنگ و بۆمب و مینێك كە چاوەڕوانی كــاری باشــی لێناكرێت، بەتایبەت كە بەرامــبەر بە دوژمــن بەكــار نەهــاتووە بەقەد ئەوەی حەیای یەكتریان پێ بردووە.

قۆناغی دوای جەنگی ناوخۆ قۆناغێكی ئاڤز و پڕپیت بوو، بەڵام دیسان لە رقی یەكتری و پابەنــدنەبوونیان بە پێكهــاتنی نێوان خۆیان، دەستیان كرد بە كــردنەوەی كەنــاڵی راگەیانــدنی بەنــاو ئــازاد و لەوێــوە و بە شــێوەیەكی نارەســمی دەســتیان بە ئــابڕووبردن و ســووككردنی یەكتــری كــرد، كە قســەی گــوتراو لەسەر حیزبەكان نەبنە ماڵ، راستە هەندێك كەناڵ توانیان تــا رادەیەك راســتگۆیی بپــارێزن، بەڵام لە كۆتاییــدا هەردەبــووا كرنــۆش بــۆ ویســتی خــاوەن كەنــاڵەكە بــبەن و بەدوور لە راستیەكان كەسایەتی و دەزگا رسوا بكەن و ئاژاوە بنێــنەوە كە جێگای داخێكی زۆرە.

گرفتمــان تێنەگەیشــتنی چەمكــی میــدیایە، حیزبەكــان رۆژنــامە بەنــاوی ئــازاد دەكەنەوە نەك لەپێنــاوی ئــازادیی رۆژنــامەگەری، بەڵكــو بەمەبەســتی رســواكردنی هەڤــڕك بەبــێ ئەوەی لەسەریان ببێتە ماڵ.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەوە واقیعی ڕاگەیاندنی کوردستانە کە بە ترلیۆنەها دۆلاری لێ خەرجکراوە و سەدان دۆڵژەن و فەرمانبەری فاشیلیان کردووە بە ئیمپەراتۆری میدیا، تەنها بۆ ئەوەی کارە ناشەرعیەکانی حیزبەکان جوان بکەن و وەکو کارێکی شەرعی پێشانی خەڵکی بدەن، ئەوەش زۆر دوورە لە پرەنسیپەکانی گوتاری میدیا کە بریتیە لە: ڕاستگۆیی، ئەمانەت، ڕێزگرتن لە پیشە، گەواهی دیرۆکی. چونکە ڕۆژنامەنووس و کەناڵی میدیایی شاهیدی قەڵپ پەیدابوون کە چارەی دیرۆکیان بە تەواوەتی شێواندووە.

«ئەخلاقی پیشە» لەو پرەنسیپە سەرەکیانە بوو کە لە ئەنجامی ئەو شەڕە میدیایە زیانی زۆری بەرکەوت، پیشەکەیان سووك کرد (سەنعەتەکەیان ڕەزیل کرد) و لەجیاتی ڕۆژنامەنووسی بە بەها و ئاکار و ڕاستگۆ و پرۆفیشناڵ، فەرمانبەریان هێنا و بە پاداشت و مەنسیب کارەکانیان پێدان، جگە لە لەشکرێك لە بێکارەکان کە تەنها بۆ مووچەخواردن لە دامودەزگاکان دایانمەزراندن، ناشتوانم ئەو ئاخفتنە بکەمە گشتی چونکە لە پەراوێزی ئەو گێژاوە بە دەیان کادری چالاك و ڕاستگۆ و ئەکادیمی لەدایکبوون کە ئێستا پەراوێز خراون، بەلام لە دوارۆژدا ئەگەر میدیایەکی بەرپێزمان ویست، هەر ئەوان دەتوانن بەرێوەی ببەن.

حیزبەکان وا لە کەناڵی ڕاگەیاندن گەیشتوون کە دەزگایەکە و تەنها بۆ جوان نیشاندانی حیزبەکە بەکار دێت! ئەوە ڕێك تێگەیشتنی حکومەتە تۆتالیتارەکانە بۆ گوتاری سیاسی و گوتاری میدیا، هێنانی خەڵکی سادە و نەزان و خەلاتکردنیان بە دامەزراندن، بەلام بەهرەی ڕۆژنامەڤانیان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پێنابەخشێت، دەكرێ فەرمانبەری دەزگای راگەیاندن بێت بەڵام نابێتە رۆژنامەڤان، دەسەڵات دەتوانێت سەندیکا دروستبكات و نەفەری بۆ دەنگدان پەیدا بكات و بینایەی چاكیان بداتێ و سەری زل و بۆش لەپشت مێزەكان دابنێت، بەڵام ناتوانێت رۆژنامەڤان دروستبكات، هەموو كۆلێژ و پەیمانگەكانی دونیا ناتوانن یەك رۆژنامەنووسی بە بەهرە دروستبكەن، وەك ئەوەی هەموو پەیمانگەكانی دونیا ناتوانن هونەرمەندێكی شێوەكار دروستبكەن ئەگەر بەهرەی نەبێ، یان مۆسیقاژەنێك دروستبكەن ئەگەر گوێی میوزیكی نەبێت.

تێنەگەیشتنی فەلسەفەی راگەیاندن و بەهەڵەچوون لە تێگەیشتنی كاری میدیا ئەو گێژاوەی دروستكردووە، زۆرجاریش لەبەر نەزانین و كۆرەواری تێكڕای دەزگاكە و بەپارەی حیزبەكە موقەدەسێكیان لەبەرچاوی خەڵك رسواكردووە و رسوایەكیشیان موقەدەس كردووە، واتا وەك شمشێرێكی دووتیغ كە نەزانی تیغە راستەكە بەكاربێنی، تیغەكەی زۆر خراپ دەتبڕێتەوە، زۆرجاریش گێژاوی ناوەتەوە و گرفتی بەقەستی دروستكردووە بۆ رازیكردنی سەرانی خۆی، كە لە مەودایەكی درێژدا زیانێكی زۆری بە كێشە سەرەكی و گرنگەكە گەیاندووە، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانن چی دەكەن.

پرۆسەی راگەیاندن لەنێردەر و وەرگر پێكدێت و وەك دوو مەرجی سەرەكی هەر راگەیاندنێك و بەبێ ئەو دوو مەرجە نە میدیا دەبێت و نە گوتاری راگەیاندن. لە نێوان نێردەر و وەرگر مەودایەكی زۆر درێژ و سەخت هەیە، كادیری میدیا شەونخوونی دەكەن و لەسەر حیسابی ماڵ و منداڵ و ژیانی خۆیان ئەو پرۆسەیە ئەنجامدەدەن لەپێناو ئەركێكی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەرز، ئەویش پاراستنی راستگۆیی و گەیاندنی راستیە، بە ماندوو بوونێکی زۆرەوە بەرهەمەکەی دەخەنە بەردەست و بەرچاوی وەرگر کە دەکاتە خوێنەر و بینەر.

دارشتنی هەواڵ و نووچە و هەڵبژاردنی وێنە و مانشێت و رەنگ بۆ رۆژنامە و شێوازی بێژەری و شێوەی دەنگ و رەنگی بێژەر و کات و شوێن، فاکتەری گرنگن بۆ کارتێکردنی هەواڵەکە لەهەر کەناڵێکی راگەیاندن، بێگومان دارشتن و شێوازی نووسینی هەواڵەکە بە چەند فیلتەرێکدا تێپەردەبێت و یاسا و رێسای خۆی هەیە کە هەواڵەکە دەکات بە دوو بەش: بەشە ساکارەکەی کە شێوازی نووچە بە ساکاری پێشاندەدات، دووەم سیمانتیکی Symantec نووچەکە کە گوتارێکی ئایدیۆلۆجی یان بازرگانی یان سیاسی لەپشتە، لە پرۆسەی دارشتنی نووچەدا، دەکرێ هەمان وشە بەکاربێنی بۆ گواستنەوەی نووچەکە بە چەند جۆرێکی جیاواز و پێقاژ، هەریەکیان کارتێکردنی جۆرێکی تایبەتی هەبێت لەسەر وەرگر کە لە میدیای ئێمەدا بە دەگمەن دەستدەکەوێت، زیاتر شێوەیەکی هەرەمەکی هەیەو چاولێکەریی کەناڵەکانی دیکەی دونیا بە سەقەتی.

لە کوردستان وەك چارەیەکی سەرەکی بۆ قەیرانی گوتاری میدیایی پێویستیەکی زۆرمان بە کەناڵێکی حکومی بەهێز و پرپارەی بێلایەن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت متمانەی خەڵك بەدەست بێنێت و لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان وەکو یەك مامەڵە بکات. ئەو هەموو شپرزەیەی کە کەناڵەکانی راگەیاندن دەیکەن ببێتە سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو، راگەیاندنێکی کوردیمان دەوێت نەك حیزبی،

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بۆیە باشترین دەرفەت زیندووکردنەوەی کەناڵی هەرێمە بە رەسمی وەك زمانحاڵی حکومەتی کوردستان، کە جێگای متمانە بێت و کادیری وای لەسەر کار بکات بتوانن گوتاری راگەیاندنی حکومی تەرویج بکەن لەجیاتی گوتاری حیزبی کە جێگای متمانە نەماوە. ئێستا کەناڵە بەناو بێلایەنەکانیش جێگای متمانە نەماون، چونکە هیچ گوتارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابووری ئایینی ناگەیەنن، ئایدیۆلۆجیایەك نیە هەموویان بە یەکەوە کۆبکاتەوە بەشێواز ومیتۆدی جیاوازەوە بۆ فۆرمۆلەکردنی یەك گوتاری راگەیاندن، تەنها گێڕانەوەی هەواڵە و هیچی تر نا.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# ماتماتیکی سیاسی و گرفتی کوردستان

رۆژنامەی ئاڵای ئازادی 1993

چەوساندنەوە + زمان بڕین + ژێردەستی + تواندنەوەی نەتەوەیی + دووەم ئۆکسیدی کاربۆن + خەردەل + جینۆساید + قڕکردن + سێوی کردنی منداڵ + سوتاندنی قورئان + جلی زەیتونی + پۆستاڵ – دیمکراسی – مافی مرۆڤ – ناسانامەی نەتەوەیی – هاموومافێك ÷ چل ملیۆن = بێزاربوون + خەبات + هەڵگیرسانی شۆڕش × سێ ملیۆن = قارەمانیەتی + ڕاپەڕین + ڕاماڵینی هۆڤەکان = ڕزگاربوون + ئازادی + ئاوەدانکردنەوە + چاندن + ئۆکسجین + نێرگز + تەناهی + هەلهەلە = هەڵبژاردن + ئەنجومەن + حکومەت + دەسەڵات + حکومڕانی + وەزارەت و فیدرالی ئەقلیم + دژایەتی دیکتاتۆر + گەشەپێدانی نەتەوەیی + لەدایکبوونی کەیانێك + کوێربوونی چاوی ناحەزان + لیکاوی کەڵبەکانی دوژمنان + خاڵێکی سپی لەناو دەریایەکی ڕەش وتاریك + گەورەبوون وگەشەکردنی ئەم خاڵە سپییە + ئاهەنگ + نامۆبوون ÷ 2 = خوێنیی شەهیدان + خەم وپەژارەی کۆنە پێشمەرگەکان (شەهیدی زیندوو) + فرمێسکی دایکان + سیس بوونی گوڵی سینەی خانمان + کوژانەوەی ترۆسکایی چاوی منداڵی سێوی + 182000 مرۆڤی بێسەروشوێن + 500 گوندی ڕوخاو + 8000 جەمەدانی خوێناوی = کورسیکی دەوار + مۆکێتی 10سم + بالیفی پەڕەمووچ + لاندکرۆزەر + دام ودەزگا + توانا + دەزگای یاسادانان + 50 و چارەنووسیکی نادیارو مێژێکی 10 مەتری

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

داره گوێزی کیمیا باران کراو + لەیلا علوی + هەڵچون و دووارۆژێکی لێڵ + 50 – دیموکراسی رەهاو ڕادەربڕینی رەها + دادوەری – ئاسایش + تیرۆر– ئازادی– مافی مرۆڤ + × – مافی رۆژنامەگەری + × – نەقابەی رۆژنامە نووسان+ ×– رێکخراوی پیشەیی بێلایەن + × – هەستێکی پاك + × – هەستی نەتەوایەتی = 100 ÷ 2 = ( ... )؛ واتە سێ ملیۆن÷ 2 = ( ... )؛

واتە 2 یەك بەیەك + نەهێشتنی حزبی بچووك + ڕاونانی کەسایەتی نیشتیمانپەروەر + هەلاتنی کادرو مێشکی بەتوانا = کۆکردنەوەی دۆڵژەن و چاوەش = شەڕی ناوخۆ + دوواکەوتنی پرۆسەی پێشکەوتن و مەترسی لەناوبردنی تاقیکردنەوەو 15 ساڵ بەساوایەتی مانەوە + تێکچونی باری گەشەکردن + پلانی بۆگەنی ناحەزان + بەرژەوەندی حزبی وکەسایەتی + ویستی ئەمریکا + نەزانین + خوێنڕژتنی کوڕانی میللەت = ئابڕوچوون + ناوزڕاندن + نەمانی بڕوای درەوە + دڵخۆشی داگیرکەرانی کوردستان + بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی کە هەیانە = بەهەڵەتێگەیشتنی شەڕە کەو تێوەگلانی داگیرکەران + مۆنیکا + قەسری سێ نهۆمی + مەزرەعە + دوبەی + ئاوەدانکردنەوە + پشتگوێخستنی خەڵکی هەژار + دروستبوونی چینی نوێ + × – یەکسانی کۆمەلایەتی – هەستی نەتەوایەتی + گەندەڵی – بیرکردنەوە لە دوارۆژ + × – پەیوەندی دەرەوە – کەسی رەوا لەجێگای رەوا – پۆڵەسی دیار وئاشکرا – پرۆژەی فیکری – ئاوەدانکردنەوەی مێشکی روخاو + ئاوەدانکردنەوەی دیوار + قۆنتەرات + لوشدانی سامانی گشتی + ئالوگۆڕکردنی شەرعیەت ورەوایەتی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

شۆڕش + بێ هێزکردنی سامبولی نەتەوەیی + تەمبەڵکردنی میللەت + × – پەیوەندی چاك لەگەڵ بەغدا + × – بالانسی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا – زاراوەیکی یەکگرتوو– پرۆژەی پەروەردە = دوارۆژێکی نادیار + نائارامی هەمووکەسێك + بێبڕوایی هەموو کەسێك + نامۆبوونی هەمووکەسێك ÷ چوار ملیۆن = ژن کوشتن + بەهێزبوونی شەپۆلی ڕادیکال = بیری نەفت + $$ ێکی زۆر زۆر + دروستبوونی چینێکی نوێ و لە بیرکردنی کێشە بنەڕەتییەکە.

* داوای لێبوردن لە مامۆستایانی بیرکاری دەکەم!

ئەگەر سەرت لە ماتماتیك دەرنەچی دەتوانی حاسبە بە کاربینی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# چەقین لەناو قۆناغی فیودالێزمدا

## لەدایکبوونی مرۆڤی بۆر

2008 تۆڕی ئینتەرنێت

- وەکو کورد، ئینتیمای کۆمەلایەتیمان بۆ خێڵە نەك بۆ شار.
- خەونی مارکس لە ولاتە سۆسیالیستەکان نەهاتەدی، بەڵکو لەرۆژئاڤا هاتەدی، بۆیە ئەگەر پەیکەری مارکسیان لەدەوڵەتە سۆسیالیستەکان روخاند، دەبێ لە هەر پایتەختێکی رۆژئاڤا پەیکەرێك بۆ مارکس دروستکەن.
- قاتی چاك لەبەردەکەین وئوتومبێلی مۆدرن لێدەخورین ووشەی سیاسی چاکمان لەبەرەو دونیای دەرەوەش دەبینین، بەلام هێشتان شوان وگاوانین، بە عەقلێەتی جوتیار بیردەکەینەوەو بەچاویلکەی ئاغا دونیا دەبینین.

میللەتی کورد وەك تەڤی میللەتانی تری دونیا ژیاری بەخۆیەوە بینیوەو هێزو دەسەلاتی گرتۆتەدەست، بەلام بەخت لەدیرۆکی تازەدا یاوەری نەبووە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆو نەژادەکەی خۆی لەسەر خاکێکی ئازاد بپارێزێ.

هەرچەندە زۆر لە زانایانی سیاسەت وای بۆ دەچن کە پاراستنی ئایدێنتیتی نەتەوەیی لەولاتێکی بەهێزو سەربەخۆدا باشتر دەپارێزرێ، بەلام مەرجیشنییە، چونکە ئەو نەهامەت و کارەساتەی بەسەرکورددا هاتوون بزانین، ئەوسا

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەزانین زۆر سەیرە کورد تاکو ئێستا چون توانیویەتی کەلتور و دابونەریت و زمانی خۆی، تەنانەت مانەوەی بپارێزێ.

ئەگەر بەچاویلکەی بونیادگەری Structuralism سەیری ئەو کۆنسێپتە بکەین و پێشکەوتنە حەتمییەکانی کۆمەڵگاکان رەچاوکەین، دەبینین کە میللەتان لە کۆمەڵگا سەرەتایەکانەوە بەرەو کۆمەڵگای کشتوکاڵ دەرۆن و فیودالیزم دروست دەبێت، فیودالیزمیش بەندەی دەوێ بۆ ئەوەی بیکاتە کۆیلەو دواتر هەرهەمووی دەبێتە سوتماك بۆ دروستبوونی بازێر (شار)، کە بۆرژوا ئەلیمێنتە سەرەکیەکەیتی و بۆرژواش دەبێتە سوتەمەنی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایکی تر کە کۆمەڵگای پیشەسازی و سەرمایدارییە، دواتر لەبەر ئەستووربوونی ستەم وبەهای مرۆڤ لەو کۆمەڵگایانەدا دادەبزێ، بەڵکو دەبێت بەگووری (قوربانی) پیشەسازییەکەو مرۆڤ بەهەموو هەست و نەست و بیرەوەری و ئینسانییەتەوە دەکەن بە پێچێکی ساردو سڕ و وشك لەناو ماشێنی گەورەی سەرمایەداریدا، ئەویش(مرۆڤ) وەك سەرهەڵدانێکی مرۆڤانەو بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی خۆی سۆسیالیزم بەرهەمدەهێنێت و کۆمەڵگا بەوە کۆتایی پێدێت!.

ئەو سیناریۆیەی سەرەوە بەدیدی مارکسیزم حەتمیەتێکی دیرۆکییەو دوارۆژی خرۆکەی زەوی بەرەو ئەو سیناریۆیە دەچێت، بەڵام دوواتر چیدەبێ، کاتی شۆرشی سۆسیالیزم سەرتاسەری دونیای گرتەوە؟ چی روودەداو خەونی مارکس چیبەسەردێ؟

ئەوەی بینیمان سیناریۆکە گەیشتە سۆسیالیزم و لەوێوە بەرەو هەڵدێرێکی تر رۆیشت، کرێکاری سۆڤیەتی ریزی بۆ نان

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەگرت، لەکاتێکدا سۆڤیەت ڕێژەی بەرزترین نێردراوی گەنمی هەبوو بۆ جیهان، ئەو شۆڕشە زەبەلاحە بو بە مایەی ئەوەی خەڵك لەناو زینداتێکی گەورەدا بژین و خەون بە کۆلا وهامبەرگەر و جگەرەی مارلبۆرۆ ببینن.

دوای دەرچونی مانەفیستی کۆمیۆنیزم ترسێکی مەزن ڕۆژئاوای گرتەوە، نەوەك شۆڕشەکە تەشەنەبکات و دابونەریت و کەلتورە باوەکە لەناوببات، هەر ئەو ترسەشبوو وای لەسەرمایەداران کرد زیاتر سوود لە تیۆری مارکس وەرگرن و چاکسازیان گرتەبەر بۆ ئەوەی مەودای نامۆیی لای، نەك هەر کرێکار بەڵکو هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگای خۆیان کەمکەنەوەو بەوەندەش بردیانەوە، بۆیە هەمیشە گوتوومە؛ ئەگەر هەرەسهێنانی بلۆکی سۆسیال بوو بەماییەی ئەوەی پەیکەرەکانی مارکس لە دەوڵەتە سۆسیالیستەکان بروخێنن، دەبێ لەهەر پایتەختێکی ڕۆژئاوا پەیکەرێك بۆ مارکس دروستبکرێ، چونکە سوودی زیاتریان لێوەرگرت و ئەوەی مارکس بۆ کرێکار دەیویست، بەشۆڕشی کرێکار نەپێکا، بەلام ئێستا لە ڕۆژئاڤای سەرمایەدار بەرپادەکرێ، دەتوانم بڵێم خەونی مارکس لە ولاتە سۆسیالیستەکان نەهاتەدی، بەڵکو لەناو جەرگەی سەرمایەداریدا هاتەدی.

ئێمەی کوردیش لەپێناو مانەوەی خۆمان کە کەوتینە شوێنێکی زۆر خراپ و بووین گووری ئەو ململانێیە ئیدیۆلۆجیەی نێوان سۆسیالیزم وسەرمایەداری نەمانتوانی سوودێکی ئەوتۆی لێوەرگرین و بەگوێرەی ئەوسیناریۆوەی کە باسم کرد لەقۆناغی فیوداڵیزمدا چەقین و شارمان پێدروستنەکرا، جا لەبەر داگیرکردن بێت، یانیش هەرهۆیەکی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دیکە، چینی بورژوا دروستنەبوو بۆیەش دەبینین شارەکانمان هەرچەندی گەورەو فراوان و پێشکەوتووبن سیمای گوندیان پێوەدیارە، ئینتیمای کۆمەلایەتیمان بۆ خێڵە نەك بۆ شار.

لەکاتێکدا خەباتی چینایەتی لەدوونیادا باوی نەماوەو جگە لەچەند سەرێکی وشك وچەند میللەتی دواکەوتو نەبێت، کەس ئیتر باسی خەباتی چینایەتی ناکات، چونکە دوونیای پێشکەوتوو دەمێکە ئەوقۆناغانەی بڕیوە، بۆیەش ئێمەی کورد لەکاتێکدا کە شەپۆلی نوێی فیکر لەئارادایەو جیهانگەری سەردەستەو کۆمپیوتەر سەرووەرە، هێشتان ئاغایەکمان لەناخدا زیندووەو نافەوتێ، تەنانەت ئەوانەی لەدەرەوەشن و بەهاو ئاکاری رۆژئاڤایان هەزم کردووە، هەر کە هاتەوە کوردستان تۆی ئاغایەکە لەناخیدا شیندەبێتەوەو رەفتارەکانی دەبنەوە رەفتاری ئاغایکی کۆپیکراو، بۆیەش قاتی چاك لەبەردەکەین وئوتومبێلی مۆدرن لێدەخوڕین ووشەی سیاسی چاکمان لەبەرەو دونیای دەرەوەش دەبینین، بەلام هێشتان شوان وگاوانین، بە عەقڵیەتی جوتیار بیردەکەینەوەو بەچاویلکەی ئاغا دونیا دەبینین، حەزمان لێیە خەڵك پێمان بڵێ قوربان و ئەزبەنی و حەزمان لێیە ئاغایانە بژین دەرگای ئوتومبێلمان بۆ بکرێتەوە و لەپێشەوە دانیشین وخەڵك لەبەرمان هەڵسێتەوەو لە دەرگاکاندا پێش هەمووان بچینە ژورەوە، پێمان خۆشە ئێمە هەمانبێت و ئەوانیتر بمرن لەبرسان، پێمان خۆشە ئێمە بە توانابین و خەڵکی تر ژێردەستبێت، پێمان خۆشە یاسا هەبێت بەلام نەك بۆ ئێمە، یاسا لەسەر هەمووکەسێك پەرپابکرێت. ئەو جۆرە رەوەشتانە رەوەشتی فیوداڵیزمن کە کورد لەبەر ئەو هۆیانە نەیتووانیوە قۆناغی فیوداڵیزم تێپەڕبکات، هەرچەندە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ناتوانین ناوی فیودالیزمی تەواوی لەسەردابنێین چونکی زەلامی وا هەیە بستێك خاكی نییەو نازانێ گەنم لە چ مانگێك بەرهەمدەهێندرێ وكەی دەچیندرێ، بەلام ئەخلاقەكەی ئەخلاقی فیوداڵێكە بەقەپێلكێكی مۆدرن بەجلوبەرگی تازە، بەلام بەناوەرۆكێكی پەككەوتەو پڕ لە رەفتاری دواكەوتوو.

هەڵبەتە هۆو ئەگەرەكان زۆرترن لەوانەی كە جێگای لە ناو گوتارێكی وا دا ببێتەوە، بەلام من هەمیشە بۆ ئەوەی دەیگەڕێنمەوە كە پاشماوەی شەڕی ئایدیۆلۆجییە لەنێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا كە نەیانهێشت بەتەندروستی لە قۆناغی فیوداڵیزم تێپەڕببین.

شەڕەكە واتە جەنگی سارد جەنگی بەرژەوەندی و دەسەلات و پایە چەمكەكانی بەهەڵە نیشاندراین، نەفێرە پێشكەوتن و دیموكراسیەت بووین و نەشمان توانی سۆسیالیزم تێبگەین، كە بدەرێكی فیكری زۆر بەرزە.

مرۆڤ بە سروشتی خۆی خسڵەتێكی خراپكارانەی تێدایە، دەبێ یەك لەدوو شت هەبێ بۆ ئەوەی بەرگریی ئەو ویستە خراپانەی مرۆڤ بگرن : یان لەخوا بترسێندرێت وئایین ببێتە رێگر لەوەی مرۆڤەكە خراپەكاری بكات، یانیش هۆشیاریەكی زۆر بڵندی هەبێت كە لەبەر هۆشیارییەكەی خراپەكاری نە كات، بەلام كۆمینیستە كلاسیكەكانمان تەنها گرفتێكیان هەبوو ئەویش گرفتی تێنەگەیشتنی كۆمیونیزم بوو، بەچاكی لێی حاڵینەبوون ئەگینا مرۆڤی رۆشەنبیر و مرۆڤی چاكبوون، بۆیەش بەر لە بڵندكردنی راددەی هۆشیاریمان، یەكسەر ئیمانیان پێ لەقكردین و ئایینەكەیان پێ لاواز كردین و ئێمەشیان نەگەیاندە راددەیكی هۆشیاری بەرز، بۆ ئەوەی لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەر هۆشیاری خراپە نەکەین؛ بۆیەش جۆرە مرۆڤێکی سەیر لەو شوێنانە پەیدابوو مرۆڤێکی بۆر، (ئا)و(نا)ی وەکو یەکە، شەرەف وبێشەرەفی وەکو یەکە، نوێژکردن خوانەناسی وەکو یەکە، باوەڕ بە تەناقوزات نییە، دەکرێ ئەورۆ حاجی بێت و سبەیی مەی لە ماخۆڕەکان بخواتەوەو فێڵ لە نزیکترین کەسی خۆی بکات، نە لەخوا دەترسێ و نەشەرمی لەکۆمەڵ هەیەو نە رادەدەی هۆشیاری ئەوەندە بەرزە بۆ ئەوەی خراپە نەکات، ئەو مرۆڤە بۆرە لە هیچ ناگەڕێتەوەو تواناى بێسنوری هەیە، دەتوانێ بە کاتێکی کەم بگاتە پلەو پایەی بەرزو شوێنی هەستیار کە دوارۆژی کۆمەڵگایان دەکەوێتە بەردەست؛ ئینجا بەناو دەکەون و ئەوەی ڕایان لێنەبێت و لە توواناکانی بترسێن، سەدان ڕێگایان هەیە بۆ ڕاونانی، پڕنسیپی تایبەیت خۆیان هەیە لەکارکردن وهەرکەسێکیش لەژێر ئەو پڕنسیپە نامۆیانە کارنەکات دەبێ یان بۆ خۆی کارێکی تر بدۆزێتەوەو لە پسپۆرییەکەی دووربکەوێتەوە، یانیش ولات بەجێبهێڵێ و هەتا هەتای لەغوربەت ونامۆییدا برزێتەوە.

ئەو مرۆڤە بۆرە مەنەفیستی نەمانی بەهاو ئاکاری ڕاگەیاند.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# برادەرانی یەكێتی و پارتی و برا عەرەب و توركمانەكان

ڕووداو ژ(217) لە 25.06.2012

مەسئولەكانی یەكێتی ناوی پارتی بە «برادەرانی پارتی» دەبەن. هەروەها مەسئولەكانی پارتی كاتێ ناوی یەكیتی دەهێنن، دەڵێن برادەرانی یەكیتی؛ بەڵام بە عەرەب وتوركمان دەڵێن: برا عەرەبەكان و برا توركمانەكان وبرا ئاشورییەكانمان! بۆ عەرەب توركمان و ئاشووری بران و یەكیتی وپارتی برادەرن؟

ئەو جۆرە تەعبیرە بە عەفەوی لە زاری مەسئولەكانی پارتی و یەكیەتی دەردەچێت، بەڵام دورهەستێكی قوڵ دەنوێنێ و بەئاسانی زەمەنە فەوتاوەكەی كورد نیشاندەدات كە لەناوماندا باوە: خۆخۆر وبێگانە پەرستین، ئەو شێوازە لە گوتاری سیاسیی عەفەویدا نیشانەی ئەوەیە كە لەگەڵ هەڤدو جارێ ساغ نین و سەرەڕای ئەوهەموو هاوپەیمانیەتە هێشتان لای هەردولا ئاسانترە ئەگەر كەسێك جاشاییەتی بۆ بێگانە بكات، لەوەی بچێتە پاڵ لایەنەكەیتر، چونكە جارێ چەمكی حزبایەتی وخێڵایەتی لە چەمكی بەدەوڵەتبوون بەهێزترە.

ئێمە شتەكانمان لەخۆمان دەشارینەوە وناوێرین باسیان لێوەبكەین، لەكاتێكدا دوژمن زۆر چاكیان دەزانێت، ئەوە و زۆر هۆی تر، بوون بە پرسیاری زەق لەڕوی دیرۆك: بۆچی هەتا ئێستا هەموو میللەتانی دونیا بوون بەخاوەن سەروەری و كورد نەبوو بەخاوەن دەوڵەتێكی سەربەخۆ؟

ئینجا موفلسی وا هەیە دەڵێت: جیۆگرافیای كوردستان غەدری لێكردوین و توتییەكی تر دەڵێت: جیوپۆلۆتیك غەدری

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لێکردووین، بەڵام کەس نایی باس لە پێکهاتـەی کۆمـەڵایـەتـی کوردستان بکات و کەس نایی خوێندنەوە بۆ بـاری سـایکۆلۆجی تاك بکـات، ئایـا بـۆ کـورد هێشـتان هـەر سـاویلکەی جارانـە و بەئاسانی فێڵی لێدەکرێت.

ئێمـە کـەوتینـە نـاو زەڵکـاوێکی پـیس، کـەوتینـە ڕێگـای ئەسکەندەر و مەغولەکان و سەفەوی وئوتمانیەکـان، کـەوتینـە نـاو شـەڕی نێـوان دوو جـەمسـەر، کـە لـەکـاتی شـەڕی سـارد دونیایان کردبوو بەدوو بەش، لەبەر ئـەو هۆیانـە نـەمانتوانی لەقۆناغەکـانی حـەتمییـەتـی دیـرۆك یـەکبگـرین و خـەبـاتی نەتەوەیـی دروسـتکەیـن، تـەنانـەت نـەمـانتوانی لـەقۆنـاغی فیوداڵیزم و کۆمەڵگای کشتوکاڵ دەربازبین و بە قۆناغی بورژوا بگەین، لەبەر ئەوەی شـارمان دروسـتنەکـردووە، کـە پێکهاتـەی Element سەرەکی بورژوا یە، بەڵام ئێمە هەر جوتیار وشـوان وگـاوانین، «ئـاغـا» زلـە بچـوکەکە لەگەڵ هاوزمـان ونەتەوە هارمان دەکات و لەگەڵ دوژمنـی بێگـانە سـەرمان دەچەمێنێـت، باشـترین سیسـتمی ئینتـەرنێـت دەهێنینـە کوردسـتان، بـەڵام ناتوانین ژن کوشتن لـەناوخۆمانـدا کۆتـایی پێبێنـین. باشـترین بانق دەکەینەوە و بازاڕی بۆرسە لەکوردستان ئامـادە دەکـەیـن، بەڵام پارەمان لەناو گونییـە و بوخچـە هـەڵـدەگـرین. هـوتێلی پێنج ئەستێرە دەکەینەوە بەڵام ئـەتـەکێـت نـازانین. جـادەی مودێرن دروستدەکـەیـن بـەڵام نـازانین بـەیاسـایەك لـەسـەری بڕوین. پرۆژە دروستدەکەیـن و دروسـتکردنی مرۆڤـمان پشـتگوێ خسـتووە. ئێمـە جوتیـارین، شـوان و گـاوانین، بۆیـە هـەمیشـە عەرەب لێمانـدەباتـەوەو فـارس لـەخشـتەمـان دەبـات وتـورك لەزەواقمان دەنێ، زلهێزەکانیش ئامادەهەنین شتێکمان بـۆ بکـەن

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

كە ئێمە خۆمان داوای ناکەین؛ زلهێزەکان چاوەڕێی دەوڵەتی دامەزراو موئەسەساتی لەئێمە دەکەن، چونکە قۆناغی هاریکاری مرۆڤایەتی تەواو بووە و ناکرێ ئەوهەموو ساڵە هەر لەسەر ئەو خەونە بژین، ئێمە وڵاتمان دەوێ، وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازادمان دەوێ.

ئەوەی وڵاتی نەبێت کەرامەتی نییە، سەروەری نییە، شەرەفی نییە، نەك بە چەمکە ساکارەکەی شەرەف و ناموس، بەڵکو بە چەمکە گشتییەکەی، ئێمە ئاڤاکردنی مێشکمان دەوێت نەك ئاڤاکردنی دیوار، دیوار دەڕوخێ بەڵام هێزی مێشك لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك باشتردەبێت و گەشەدەکات.

شۆڕشەکانمان هەموویان دووبارەن و قوربانیدانمان هەمووی دووبارەیەو نشوستی هێنان و نسکۆیەکانمان هەموویان دووبارەن، لەبەر ئەوەی عیبرەت لەدیرۆك وەرناگرین و هەمیشە وادەزانین کە ئەوەی بەرامبەرمان چاکەو غەدرمان لێناکات و بە ساویلکەیی بڕوای پێدەکەین.

ئێمە کەوتووینەتە شوێنێکی خراپ، یان دەبێ کەلوپەلمان بارکەین و شوێنێکی کەنار دەریا بۆخۆمان بدۆزینەوە، یانیش دەبێ شەڕەکەی بەتەواوەتی بکەین، بۆ ئەوەی زێدی بابوباپیرانمان کە لە نیاندرتال و ئادەم و حەوواوە بۆمان ماوەتەوە باشتر بپارێزین.

ئێمە بەهەموو توانایکەوە ئەو خاکەمان پاراستووە، بەڵام ئەگەر وا بڕوات دەیدۆڕێنین، چونکە من بەباشی نابینم خۆمان لە عەرەب کرکەین وئەو کاتە مفاوەزات بکەین کاتێ ئەوان لەمەوقفی قوەتن؛ با ئەوان باسی عێراق بکەن وئەوان باسی برایەتی بکەن و ئەوان بێن داوای لێبوردن لە کورد

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بکەن، نەك مشتومڕمان لەسەر ئەوەی بێت کە بۆچی ئالآی کوردستان لەسەرخاکی کوردستان قەبووڵ ناکەن، یان ئەیاد عەلاوی بە جەعفەری بگۆڕین وجەعفەری لابدەین مالکی دابنێین ودوای ببێتە گرفت چۆن مالکی لادەدەین چونکە دڵنیام لەوانەی پێشەخۆی باشترنابێت، ئەوانە هەموویان ناون، تەنها ناو دەگۆڕێ وناوەڕۆکیان وەکو خۆیەتی، دەبێ بزانین خەباتمان لەعێراق خەباتێکی سیاسی نییەو هیچ گرفتمان لە گەڵ دەسەلآتەکاندا نەبووە، گرفتمان رەگەزی و نەتەوەییە، عەرەب و ئاشوری و تورکمان ئێمەیان ناوێ، (باس لەو ئاشوری و تورکمانانە ناکەم کە لەهەرێمی کوردستان وەك هاولآتی کوردستانی دژەین)، بەڵکو ئەوانەی ئێستاش ژێر دەستیی عەرەبیان پێچاکترە لە ژیان لەکوردستانێکی ئازاد کە بە خەونیش نەیانبینیبوو.

ئێمە لەپرۆسەی سیاسی عێراقی دوای سەدام، هەمیشە دژەکردارمان هەبووە، چاوەڕێمان کردووە بزانین عەلاوی و جەعفەری ومالیکی چی دەکەن ئینجا ئێمە رەفتارمان لەسەر ئەو بنەمایە کردووە، خۆمان یاریکەری سەرەکی سەر شانویەکە نەبووین، هەرچەندە باری سیاسی ئەو رۆڵەی بە کورد داووە و کوردی بە پێکهاتەیەکی سەرەکی پرۆسەی سیاسی عێراقی داناوە، بەلآم ئێمە نەمانتوانیەوە کاغەزی فشار بەکاربێنین ونەمانتوانیەوە خۆمان کردارەکە بکەین و چاوەڕێی دژەکرداری ئەوانی تر بین، ئەوەش تەنها قەیرانی بۆ ئێمە دروستکردووە، ئێستاش عەرەب وتورکمان بە برا دەزانین کە هیچ جارێك لە ئەدەبیاتی تورکمان وعەرەب و ئاشووری ناومان بە برا نەبراوە، لە گوتاری سیاسی عەرەبی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

(شعبنا الكردي) ناوبراوين و دستورەكەش وەك فيدراليەتەكەی عێراق تەنها یەكلایەنەیە، تەنانەت جارێكیش لە گوتاری سیاسی عەرەبی ناوی عێراقی فیدرالی نەهاتووە.

پێویستمان بەستراتیجییەكی توندتر هەیە لەگەڵ عەرەب، چونكە ئەوەی دوێنێ دەمانكرد، ئەورۆ ناتوانین بیكەین و ئەوەی ئەورۆ دەتوانین بیكەین لەوانەیە سبەی پێمان نەكرێ، دەبێ چاك بزانن كە دژەكردارمان بەرامبەر رەفتارەكانیان دەبێت، دەشكرێ خۆمان كردارەكە بكەین و چاوەڕێی دژەكردار بین لەوان، بۆ ئەوەی هەزار حیساب و كیتاب بكەن پێش هەر هەنگاوێك.

ئەگەر حزبەكانی دەسەڵات ناتوانن ئەوەبكەن لەبەر ئیلتیزام بە پێكهاتە و معاهدات و ئەمریكا و هتد ... با هێزێكی تری نەتەوەیی نیشتیمانپەروەر دروست ببێت كە ئیعتراف بەهیچ كام لەو پێكهاتنانە نەكات، تەنانەت ئیعتراف بەعێراقیش نەكات، ئەوسا مەمنون دەبن كە دەسەڵاتی نەرمرۆ مامەڵەیان لەگەڵدەكات، هەمووشتێكیش دەكەن بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە رازیبكەن نەوەك شەپۆلی توندڕەو(لە دژی بەرژەوەندییەكانیان) بێتە سەر حوكم.

ئەی كەی فێردەبین كە پلەو پایەی سیادی گرنگنیەو هەر چی پلەو پایەك بەركورد بكەوێ هەمووی فشەیە، كورد خوێنی نەڕشتووە بۆ ئەوەی چەند كەسێكی حزبی كە تكۆڵی لەخەباتیان ناكرێ بگەن بە پلەو پایە لەناو حكومەتی عێراق، ئەگەر ئەوە مەبەستبا، خۆ سەری كەسیان بەقەدەر سەری تاها محێدین مەعروف زل نەبوو.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەبەر ئەوەی عێراق عێراقی عەرەبەو جێگامان بە سەرووەری لەناویدا نابێتەوە، بەڵێ جێگامان دەبێتەوە بەبێ سەرووەری و بێ ئالاو بێ ماف، وەك برابچووك و نەتەوەیكی ژێردەست، ئەوسا دەتوانین لەعێراقدا بژین، بەڵام بەو ویست و خواستەی ئێمە كە شەرعین و لەشیری دایك حەڵال ترن! عەرەب و پێكهاتەكانی تریش كە لەژێر سایەی ئازادی حكومەتی هەرێم پارێزراون قەبووڵمان ناكەن.

یان دەبێ لەسەرەتاوە دەست لەشوێنی برینەكە دابنێین وبزانین دەردەكەمان چییە؟ بۆ ئەوەی بتوانین چارەی بۆ بدۆزینەوە، گرفتمان لەعێراق گرفتێكی سیاسی نییە وەك ئەوەی سەركردایەتیمان هەتا ئێستا موراهنەی لەسەر كردووە، بەڵكو گرفتمان گرفتێكی نەتەوەیی ڕەگەزییە، هیچ بەرژەوەندییێك لەوەدا نابینم كە سەركردایەتیمان بیكاتە گرفتێكی سیاسی، ململانێی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل ململانێیێكی ئایینییە لە نێوان ئیسرائیل و ئیسلامەكاندا كە لە كاتی پان-ئەرەبیزم ململانێیەكەیان بۆ ململانێیەكی نەتەوەیی گۆڕی بۆ ڕاكێشانی جادەی عەرەبی و بەرژەوەندیەكانی سۆڤیەت سوودیان لێوەرگرت. بەڵام ئێمەمانان چ سودێكی لێوەردەگرین ئەگەر ململانێیكی نەتەوەیی بكەین بە ململانێیەكی سیاسی كە هیچ سودێكی نییە. ئێستا تایوان دەتوانێ بڵێت گرفتەكەم سیاسییە لەگەڵ چین، لەبەر ئەوەی ڕەگەزیان، ئایینیان، كەلتوور دابونەریت وزمانیان لەگەڵ چین یەكە، تەنها ئەوان كۆمیۆنیست نین، نەك ئێمە لەگەڵ عەرەب گرفتێكی نەتەوەیی بكەین بە گرفتێكی سیاسی. ئەگەر لەسەرەتاوە تەشخیصمان بۆ گرفتەكە ڕاست نەبێ ناتوانین چارەی ڕاستی بو ببینینەوە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com   For evaluation only.

کۆتایی: برا برایە موعامەلە جودایە.

دەبێ لەمەودووا بڵێین: برایانی یەکیەتی، برایانی پارتی، برادەرە عەرەب و ئاشوری و تورکمانەکان .. ئەوانە برامان نین و ناشبن، بەڵام ئەگەر بیانەوێ دەشێ برادەرمانبن.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# پارادۆکسی پێڤاژ لە گوتاری سیاسیدا

2007

هەڵبەتە حزبە کوردیەکان زۆریان لەدەست نەبووە بیکەن، چونکی ئەمریکا دەستی بەسەر کارەکاندا گرتبوو، بەلاَم پارادۆکس Contradiction پێڤاژ لەناو گوتاری سیاسیاندا بەئاشکرا خویا دەبێت، لەلایەکەوە لەعێراقی عێراقترین و لەلایەکی ترەوە بەوەش ئەرێ نین کە وەکو هەر عێراقیکی تر بژین لە دوارۆژێکی نادیاردا لە عێراقێکی بێ ئومێد، چونکی کێشەی کورد قەد بەو شێوەیە چارەسەرناکرێ، من کێشەم لەسەر ئەوە نیە کە لەبەر بارودۆخێکی تایبەت خۆیان بە چەمکی عێراقچیەتیەوە دەگرن لەبەر گەف و هەڕەشەی دەوروبەر، بەلاَم دەبووا لەهەمانکاتیشدا شەپۆلە ناسیونالیستەکەش بەهێزبکەن و بیکەن بە کاغەزێکی فشار بۆ ئەوەی دەوروبەرو تەنانەت ئەمریکاش زیاتر هەبوونیان دوویات بکات و حەزبکات هەمیشە لەگەڵ ئەوانی معتدل دانوستان بکات.

### عێراقی دوارۆژ

هیچ گومانی تێدا نیە کە حزبە کوردستانیەکان خەباتێکی زۆریان کردوە بۆ گەیاندنی کورد بە ئەمرۆژە، بەرامبەر بەوەش خەڵك بە خوێنی خۆی بۆی مۆرکردون کە نوێنەری خەباتە رەوایەکەین و هەروەها ئەم بارودۆخە درێژ خایەنە جۆرە شەرعیەتێکی بە حزبەکان بەخشیوە کە هیچ هەڵبژاردنێك ناتوانێ بیبەخشێ، ئەو شەرعیەتەش زۆرجار بە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کارهاتوه بۆ ئەوەی کاری کەسایەتی و بەرژەوەندی حیزبیی تەسکی پێ بکرێ؛ پرسیارێك لێرەدا سەرهەڵدەدات: ئایا تاکەی ئەو شەرعیەتە سەروەرە لەدەست هەردوو حزبەکەدا دەمینێتەوە؟!

بێگومان نەمانی رژێمی بەعس هەرچەندە باشیشی زۆر هەبوو بەلاّم بۆ حزبەکان مایەی نیگەرانیەکی زۆرە، نەخاسمە رای گشتی کوردی جارێکی تر بەملکەچی ئەوەیان لێ ئەرێ نابێت، کە جاران لەترسی هاتنەوەی رژێم بۆ خاکی کوردستان و تێکدانی تاقیکردنەوەکە ئەرێ بوو، دەبێ حزبەکان زۆر بەوردی پێداچوونەوەی پەیرەو پرۆگرام و رەفتاری خۆیان بکەن، یانیش دوای روخانی رژێمی بەعس شتێکی تری ترسناك درووستکەن بۆ ئەوەی خەڵك لەترسی ئەو شتە جارێکی تر شەرعیەتی خەبات و شۆرشیان پێ بداتەوە، چونکە ئالوگۆری حوکمی سڤیل کۆنسێپتی شەرعیەتی شۆرش قەبوڵناکات، ئەگینا خەڵکی تر هەیە و پەیدادەبێت کە بەرپەرچی ئەو شەرعیەتە ماوەبەسەرچووە بداتەوەو حوکمێکی سڤیل دابنێت، پێشم وانیە وا بەئاسانی ئەو کارە بکرێت چونکە شۆرشکردن و خەبات بۆتە کەلتور و دابونەریت لەناو میللەتی کورددا.

ئەگەر لەناکاوەوە ئەمریکا چەکی بەکورد داناو لوتکەیانی خستە ناو کێشە سیاسیەکانی عێراقی دوارۆژدا، بەبێ چەك و بەبێ پاراستن، چۆن زامنی بەردەوامی خەباتی خۆمان دەکەین و چۆن بروا بەوە دەکەین کە جارێکیتر حکومەتەکە بە هەمان شێوە دەست بەکورد قران ناکات؟ بۆ ئەو کەسانەی دەستورێکی عێراقی بەردەوام دەکەن بە مسۆگەرو تەناهیی پێیان دەڵێم: سوودی چیە ئەگەر باشترین

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

یاسای دونیامان هەبێت و نەزانین بەکاری بێنین، یانیش نەمانەوێ بەکاری بێنین!

باشترین یاساش ئەوەیە کە تطبیق دەکرێ، ئەویاسایەی کە تطبیق ناکرێ، یاسایەکی باش نیە ئەگەرچی نمونەییترین یاساش بێت، بەیانی ئازار جگە لەچەند خاڵێکی ریفۆرمی و مەسەلەی کەرکوك، باشترین یاسابوو، بەلام گرفت لە جێبەجێکردنیدا هەبوو، ئینجا لەئازاری 70 وە تاوەکو ئێستا 33 ساڵ ڕابوورین، 33 ساڵی خوێناوی و دڕندە، 4000 گوند رووخاو زیاتر لەنیو ملیۆن کورد بێ سەروشوێن کران، خێزان تێکچوو و بەسەدان هەزار ماڵ وێران بوون، چۆن دوای ئەو هەموو خەبات و قوربانیدان و دوای 30ساڵ خەباتی بێ وچان بەو دەستوورە ئیفلیجە ئەرێدەبین کە زۆر مسۆگەرنیە بەدەستیبێنین.

ساکارترین تیۆری ناساندنی شۆڕش ئەوەیە کە حاڵی میللەتێك، لەبارێکی خراپ، بەرەو بارێکی باشتر ببات، ئەگەر باری میللەت لەدوای شۆڕش خراپتربوو لەوەی پێش شۆڕش، بێگومان یان نابێ بکرێ، یانیش بەلای کەمەوە نابێ ناوی شۆڕشی لێبنرێ و ببێتە کارخانەی دروستبوونی چینە فیۆداڵێکی نوێ. من پێم وانیە دەسەلاتدارەکان بیریان لەوە نەکردبێتەوە!! ئەگەر پارتی و ئەگەر یەکیتی لەگەڵ ڕێزم بۆ خەباتی ئەوان و حزبەکانی تریش کە لەدەسەلاتدا نین، لەبەردەم کارێکی زۆر سەختدان و بەرپرسیاری دیرۆك زۆر لە جارانی تر سەختتر دەبێ، چونکی باری هۆشیاری میللەت گۆڕاوە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەگەر عێراق بەدڵی عێراقیەکان چاکبۆوەو ماوەیەکی تەنایی و ئاسایشیان بردەسەرو دیموکراسی لەدەستوردا بەرپاکراو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناو جەیشی عێراقیدا توێندرایەوەو سەرچاوەی رزقی خەڵك لەدەست حزبە دەسەڵاتدارەکاندا نەما، چ جۆرە شەرعیەتێکیان لەدەستدا دەمینێ؟ ئەگەر بۆ نمونە لەدوارۆژدا لایەنێك یان حزبێك دروستبو کە باوەری بەیەکیتی خاکی عێراق و فیدرالیەکەی نەبێ وداوای دەوڵتێکی کوردی سەرانسەری خاکی کوردستان بکات، کێ ڕێگایان پێدەگرێ، یەکێتی و پارتی بە هەموو خەباتە درێژەکەیانەوە ناتوانن لە جەیشی عێراقی لێیانبدەن، خۆشیان لە هەموو کەسێك زیاتر دەزانن ئەوەی لەگەڵ لەشکری دوژمن لە هاونیشتیمانی خۆی دەدا، پێیدەڵێن چی!!

با ئەو گوتارەم بانگەوازێکی راشکاوو ئاشکرا بێت بۆ هێزە نیشتمانپەروەری ناسیونالیست و مۆدێرنەکان، باشترە ئەگەر بە رەزامەندی هەردوو نوێنەری میللەتی کورد بێت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەروەها حزبە کوردپەروەرەکانی تر کە کێشە ڕەواکەی کوردیان پێ گرنگترە لە بەرژەوەندی حزبایەتی، بەوەش زامنی ئەوە دەکەین هیچ شەپۆلێکی گومانلێکراوی فەندەمینتاڵ دروست نەبێت، مەبەستم فەندەمینتاڵی چەپ و ڕاست و ئاژاوەچی دواتر ببێتەوە گرێیەکی توند کە بەکەس نەکرێتەوە و دەستبکات بە هاوکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر لەپێناو بەرژەوەندی کەسایەتی و حزبیی خۆی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

چەندین حکومەتی جیاواز لە ئێران گۆڕاو کێشەی کورد هەروەکو خۆیەتی، هەروەها لە تورکیا لەچەپی تیژەوە بگرە تاوەکو عەسکەرتاری و ئیسلامی و ڕادیکال و ریفۆرمێست و هەر هەموویان هەر دژی نەژادی کوردن، عێراقیش نمونەیکی چاکە لەبەر چاوی هەموویان، گرفتی سەرەکیمان کەهەمیشە حەزناکەین وا بێت، بەلاّم بەداخەوە ڕاستییێکی تالّە: عەرەب و تورك و فارس دوژمنی نەژادی کوردن، نەك حکومەتەکان.

ئەو گوتارە تەنها ڕاو بۆ چوونی منەو تەنها من لێ بەرپرسیارم، هیچ لایەنێك و حزب و گرووپێکی سیاسی لە دوایدا نیە، تەنها چەند نیگەرانییێکەو بە بڕوای من زۆر کەسیتر هەن وەکو من بیردەکەنەوە کە کێشەی کورد لە وڵاتە داگیرکەرەکان کێشەیەکی سیاسی نیە، کێشەیکی ڕەگەزی بێگەردە و داگیرکەرەکان بەهەموو حزب و لایەنەوە، ئەوەندە لەگەڵ کورد باشن، تا نەهاتونەتە سەر کورسی دەسەلاّت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# جارڕدانی بەیانی سەروەری

2014 بلاونەبۆتەوە

ئەگەر یەك مسقاڵ هەست و هۆشیاریمان هەبێت و بزانین ئێمە چیمان بەسەرهاتووە و بەتەواوەتی لێی تێبیگەین، بڕواناکەم لەخەفەتان کەسمان خەوی لێبکەوێت، نازانم ئێمە چیمان لەعەرەب و تورك وفارس کەمترە بۆ ئەوەی ئەوان ببن بە دەوڵەت و ئێمەش دەرۆزەی ئازادی قسەکردن بەزمانی دایك لەوان بکەین، بۆ چی دەبێ گیانی بەندایەتی لەناخماندا بمینێت هەتا هەتایی و خۆمان بە کەمتر لەتورك وعەرەب و فارس بزانین؟

دەبێ پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت وەك بالاترین و شەرعیترین دەزگا کار لەسەر جارڕدانی بەیانی سەروەری بکەن بەر لە جارڕدانی دروستبوونی دەوڵەت و پێشهاتە ئالۆزەکانی قۆناغی ئێستا، دەبێ ببێتە بەندی یەکەم لەدستوورە خەوتووەکەی هەرێمی کوردستان؛ **کورد میللەتێکی ئازادە، بەئازادی لەدایك دەبێت و بەئازادی دەمرێت و ئیدی بەندەی هیچ نەتەوەو ولاتێکی غەیری کورد نابێت. ئەگەرنا بەدەوڵەتبوونیشمان سەقەت دەبێت و دەوڵەتێکی بەندە و کۆیلە دروستدەبێت، کە هەمیشە دەبێتە مایەی دەستێوەردان. جارڕدانی ئەو بەیانە قۆناغێك بەرەوپێشمان دەبات و دەمانخاتە قۆناغی ئامادەکردن بۆ دروستبوونی دەوڵەت، خەباتی نەتەوەییمان بۆ قۆناغی خەباتی چینایەتی و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەلایەتی دەگوازێتەوە.**

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەیانێکی نەتەوەیی بێگەرد کە جارێکی تر کورد بەهیچ شێوەو ڕەنگێك ولەژێر هیچ فشارێك بەندایەتی قەبوڵناکات، دەرکردنی ئەو بەیانە جوڵە و غیرەت و حەماسەت دەخاتە دڵی هەموو کوردێك لە سەرانسەری دونیا، بەیانێك کە دەنگدانەوەی دێرۆکێکی 2000 ساڵەی بەندایەتی بشکێنێت و تاکی کورد لەناخەوە ئازاد بکات و ڕۆناکیەکەی هەموو بنج و بنارە تاریکەکانی کەسایەتی ڕووخاومان ڕوناك بکاتەوەو تۆقاندن بخاتە دڵی دوژمنەکانمان بەبێ ئەوەی هیچ بەرپرسیاریەتی یاسایی نێودەوڵەتی لێبکەوێتەوە و هەروەها دۆستەکانیشمان پێی دڵخۆشبن.

ئێمەو عەرەب چیمان بەیەکەوەیە جگە لە ئایین؟ دوو نەتەوەی جیاواز دوو میللەتی جیاواز، دوو مرۆڤی سەرتاسەر جیاواز. جگە لە چەند دیاردەیەکی دەخیلی وەك ئایین و دابونەریتی تازە هیچی ترمان بەیەکەوە نیە، ئەو دیاردانەی کە بە زەبری کەلتوری زاڵ و بالادەست سەپێندراون و دزەیان کردۆتە ناو کەلتورە ڕەسەنەکەی ئێمە و خفسی لێکردووە و بەشێکی زۆری ئەو میللەتەی ئالودە کردووە، بەشێك بەکارتێکردنی زمان و ئایین، بەشێکیتریش بە ڕوخاندنی کەسایەتی مرۆڤی کورد بۆ ئەوەی وای لێبکەن خۆی بەهیچ نەزانێ و هەمیشە کەلتورە بالادەستەکە بە هەند بزانێ و نەفرەت لەخۆی و کەلتوری خۆی بکات و ترس لەئازادی و لەداهێنان و لە بیرکردنەوە ببن بە ئەلەمێنتی سەرەکی پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤی کورد.

کەلتوری بالادەست بەئاشکرایی ڕۆژ، کەلتوری ڕەسەنی ئێمەی شێواندووە دیرۆکی ئێمەی دزیوە، ئێمەی کردۆتە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

قەشمەری سەدەی بیستەم، بێ وڵات، بێ ئاڵا و بێ نەتەوە، بێ ئایدێنتیتی و کەسایەتی جیهانی. لەو سەدساڵەی ڕابردوودا کورد بەڕاستی ببووە قەشمەری نێودەوڵەتی و سووتماکی نەفتی ژێرخاك، کە بە خوێن و ئێسك پروسکی باپیرانمان دروستبووە، سەرەڕای ئەم هەموو نەهامەتیانە چاومان لەدەستی عەبادی ومالکی و جەعفەری بێت خێرمان پێبکەن و مافە زەوتکراوەکانمان بەقەتارە پێمان بفرۆشنەوە لەژێر چەندین نازناوی پڕوپووچی وەکو یەکێتی خاکی عێراق و فیدرالیەت و مادەی سەدو چل.

بەکورتی ئەوە چیرۆکمانە لەگەڵ تورك و عەرەب و فارس، کە پێمانیە بەقەد زلهێزە باڵادەستەکانی دونیا گوناهیان هەبێت، ئەوان کراون بە پاسەوان و جەلادی کورد بۆ ئەوەی کورد بە ئازادیی نەتەوەیی خۆی نەگات و پێکهاتە نێودەوڵەتیە شومەکانیان وەکو خۆیان بمینێن، ئێستاش کە زلهێزەکان ئێمەیان پێ چاکترە لەو دەوڵەتانەی سەد ساڵە بەهێزیان دەکەن دژی کورد دەیانپارێزن.

ماف دەبێ بەزۆر بستێندرێتەوە، کەس بەخێری خۆی نایداتەوە، ئەگەر خۆمان توانای ستاندنەوەی ئەومافەمان نەبێت، بۆ گلەیی لەکەسی تر بکەین، باچیتر ئەوگەنجە نازدارانە بەکوشت نەدەین و خوداوەندی جەنگ و تفەنگچی و تاجری جەنگ بەسەری ئەو میللەتەدا دروست نەکەین، خۆمان دانیشین سەیری بەرشەلۆنەو ریال مەدرید بکەین زۆر باشترە.

یەکگرتن و خۆبەهێزکردن و پلانی ستراتیجی بۆ ئابووری و لەشکرێکی یەکگرتووی بەهێز زامنی ئەوەن کە نەختێك لەئابڕووی نەتەوەییمان بگەڕێنینەوەو بۆ گشت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

جیهان ئیسبات کەین کە ئێمەش نەتەوەین و شایستەی ئەوەین ببین بە دەوڵەت، هەر بیانوویەکی تر لەو بارەیەوە دەبێتە رووپۆشێکی پۆشراو بە سلۆگان و هیتاف و لافیتەی پوچەڵ کە دیرۆك بێرەحمانە سزای دەدات.

کاتێ فرەنسا و ئینگلیز «سایکس-پیکۆت» یان ئیمزاکرد هەڵبەتە کورد ئەوجۆرە هێزو فشارە نێودەوڵەتیەی نەبوو، بۆیەش بەبێ ئەوی کورد بەهیچ بزانن ئیمزاکرا و کێکەکەیان دابەشکرد، حیسابی داروبەرد بۆکورد کراو کوردستانیان بە مرۆڤەوە دابەشی سەر ئەوچوار وڵاتە کرد، بەڵام کورد بە رِك و کینەی خۆی مایەوەو نەیهێشت هیچکام لەودەوڵەتە دەستکردانە خۆشیی یەك سەعاتیش ببینن و بوو بە خاڵی نیگەرانی بۆ هەموویان، ئەگەر کەسێك هەبێت زیان و قازانجی ئەو دەوڵەتانە بەبوونی کورد لەناویاندا لێکبداتەوە، دیاردەبێت کە دەبێ پێش هەموو شتێك ئەودەوڵەتانە بڵێن دەبێ کوردستان ببێتە دەوڵەت و لەکۆڵمان ببێتەوە، ئێمە ئەو خاکەمان ناوێ. ئەگەر کورد لەتورکیاو عێراق و ئێراندا نەبان، دڵنیام ئێستا دەبوون بەدەوڵەتی پێشکەوتوو لەهەموو بوارێکەوە ململانێیان لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکا دەکرد، ئەو زیانە مەزنانەی کورد بەو دەوڵەتانەیان گەیاندووە زۆر لەوە زۆرتربوون کە سودیان لێوەرگیرابێت، بۆیە بەهەڵە ناچم ئەگەر بڵێم: خەتایەکە ئی ئەوان نەبووە بەقەد ئەوەی خەتایەکە لەمل دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بووە کە کوردیان کردۆتە درکێك بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە هەمیشە ببن بە جێگای ئاژاوە و جەنگ وقەد نەتوانن ئاگایان لەگەشەکردنی ئابووری و مرۆڤایەتی خۆیان بێت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

وەك ئەركێكی نەتەوەیی ئەخلاقی حزبە كوردستانیەكان بەگوێرەی قۆناغ بەخۆیاندا بچنەوە، ئیرادەو ویستوخواستەكان یەكبكەن، لەشكری كوردستان و ئابووری كوردستان مسۆگەربكەن بەرلەوەی جاڕدانی دەوڵەت بدەن، دەبێ لەڕوی سایكۆلۆجیەوە تاكی كورد ئامادەبكەن و جاڕدانی سەروەری بۆ تاكی كورد هەڵدێرن و نەما ئیدی كورد بەندەی كەسبێت، تاكی كورد ئازادە لەهەر پارچەیەكی كوردستان بێت و عەرەب و تورك وفارسەكان باش بزانن كورد چەوساندن و بەندایەتی قەبووڵ ناكات و هەتا لەناو دەوڵەتەكانی ئەواندا بمێنن هەرگیز ئەوان خێرو خۆشی نابینن.

چەمكی دەوڵەت تەنها دیاریكردنی سنور و ئاڵا و میللەت نیە بەقەد ئەوەی كۆمەڵە بەرژەوەندیكی چینی بالادەستە بە تێكهەڵكێشراوی لەگەڵ كۆمەڵێك دابونەریت و كەلتور و بەها و ئاكار، كە بەیەكەوە بۆ فورمولەكرنی بیرۆكەی دەوڵەت بنەما وبناغەی ئابووری چینی دەسەلاتدار دەپارێزێت؛ بۆیەش بەهەڵە ناچین ئەگەر سەیری پێشكەوتنی كۆمەڵگاكان بكەین و چۆن و بەچ قوناغێك تێپەڕیوون كە لە مەشاعیەتی سەرەتایەوە دەستپێدەكات و دواتر كۆمەڵگا كشتوكاڵیەكان ودروستبوونی فیودالٌ و بەندەو دواتر شۆڕشی پیشەسازی ودروستبوونی بۆرژوا كە سەركەوتنێكی مرۆڤایەتی گەورەبوو بەسەر فیوداڵیزمدا چونكە بوو بەمایەی دروستبوونی شار یان پێچەوانەی، بەلام بۆرژوا چینی كرێكاری چەوساوەی دروستكرد و دواتر سەرمایەدار دووبارە هەڤساری بەندایەتیەكی نوێی خستە ملی كرێكارو زەمینەی بۆ شۆڕشی سۆشیالیزم دروستكرد كە بەتێكرا خۆی لە جاڕدانی كۆمونیست

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەرخست و خۆی بۆ شۆڕشی کۆمیونیزم ئامادەکرد، کە بەڕای مارکس کۆتاییهاتنی دیرۆك لەوێ دەبێت، کە ژێردستی و چاوچنۆکی نامینێت و کۆمەڵگایکی یەکسان دروستدەبێت بەفاکتەری سەرمایە و دوبارە دابەشکردنەوەی.

ئێمەی کورد لەبەر بارە نائاسایەکەی رۆژهەلاتی ناڤین و ململانێی هەردوو جەمسەر و جەنگی سارد لەناو قۆناغی فیودالیزمدا چەقین و نەمانتوانی بە تەندروستی لێی دەربازببین و شار دروستکەین بۆ ئەوی بۆرژوا سەرمایە دروستکات، هزری فیودالێزم لەلامان چەسپا، ئەوەی ئێستاش لەکوردستان دەیبینین، زۆر بە ئاشکرایی بەدیدەکرێت هەمان رەفتاری فیودالّ و ئاغایە بەلاّم بەجل و کەلوپەلی بۆرژوا ئەنجامدەدەین.

مەسئولەکان کوڕەکانی خۆیان ئامادەدەکەن بۆ ئەوی جێگایان بگرنەوە چونکە ئێستاش پلەی حکومی وحزبی بە خەلاّت تێدەگەن و وادەزانن بەو پلەوپایەیە خەلاّتکراون چونکە خەباتیان کردووە وموخلسی سەرکردەکەبوون، ئەو حالّەتانە تەنها لەناو چینی فیودالّ وجوتیار ئەنجامدەدرێت نەك لەناو حزبی سیاسی کە لە لەپەیرەوو پرۆگرام باشترین ئینشایان نووسیوەو خۆیان بە مۆدێرن پێشاندەدەن. ئەوەی کوردستان دەتوانم بەبێ دوودڵی ناوی **فیودالّیزمی سیاسی** لێبنێم، چونکە هەموو خەسلّەتەکانی فیودالّیان لەسەر دەچەسپێ، ئاغا هەموو شتەکان دەبات و خەلاّتکردن لەدەست ئەووە تەنها بەوانە دەبەخشێ کە خۆی لێیان رازیە وحزبەکانیش بەهەمان ریتم دەجولّێنەوە وتەنها نەفەری خۆیان مافی وەرگرتنی خەلاّتی بوون بە هاولاّتی هەیە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

من قەد لەوکەسانە نەبووم کە پێم خۆشبووبێت بۆ یەك ڕۆژیش جاڕدانی دەوڵەت دووابخرێ، بەڵام ئێمە خۆمان ئیشمان بۆی نەکردووەو بەوڕێگایەشدا نارۆین کە دەمانگەینێتە جاڕدانی دەوڵەت، چونکەن بەر لە جاڕدانی دەوڵەت دەبێ حزبە سیاسیەکان بەو قەناعەتە بگەن کە دەبێ؛ یان فۆڕمی خۆیان بەتەواوەتی بگۆڕن و هەیکەلی ڕێکخستن ودامودەزگاکانی حزبیی خۆیان لەناو دامودەزگای نوێی حکومەت بتوێننەوە، یانیش لەناو دەچن و ناتوانن لەگەڵ وەرچەرخان وپێشکەوتنی باری سیاسی هەتاهەتایە بڕۆن بەبێ ئەوی زیان بە بزاڤی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد بگەینن.

دەوڵەت جگە لە پشتگیری ئەمریکا و زلهێزەکان کەڵەکەبوونی فشاری دەوێ و دەبێ کاری سایکۆلۆجی و ئابووری و سیاسی و دامودەزگایی و لەشکری بۆبکرێت، بەڵام بەئاشکرا دەبینین کە لەڕووی سایکۆلۆجیەوە میللەت سەری لێشێوێندراوەو نازانێت عێراقیە یان کوردستانی. ئابووری بۆ دەوڵەت ئامادەنەکراوە جگە لەدروستکردنی توێژێکی کەم لە ملیۆنێر و ملیاردێر کەدەستیان لەناو جونگەی هەموو بزنزەکانی کوردستان دایە، لەڕووی سیاسیشەوە هێشتان پارتی و یەکیتی دوو حکومەتی جیاواز بەڕێوەدەبەن و دوو لەشکری جیاواز و دوو ئاسایش و دوو دەزگای هەواڵگری ودوو وەزارەتی دارایی هەیە. جگە لەو هەشت فیرقەی کە بەناوی یەکگرتنەوە دروستبوون هێشتان لەشکرەکە بەشێوەی پێشمەرگایەتی و خەباتی شاخ کاردەکات و دەجەنگێت لەکاتێکدا جەنگی لەشکری نیزامی جیاوازی زۆری لەگەڵ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

میلیشـــیا هەیە. ئەگەر لەکـــاتی خەبـــاتی شـــاخ پێشـــمەرگە میلیشیایەکی سەرکەوتوو بووە ئەوا بێ گومان بـۆ دروسـتبوونی دەوڵەت دەستنادات و دەبـێ بەتێکرایـی بنـاغەو هەیـکەلەکەی بگۆڕدرێ.

ئەگەر فەرمانەکەی فەرماندەی گشتی لەشـکری کوردسـتان نەبا کە نـابێ ئـاڵای حیزبەکـان هەڵـکەن لەجەنگـی داعشـدا، ئێسـتاش ئـاڵای کەسـك و زەردیـان لەسـەر تانـك و تۆپەکـان هەڵـدەگرت، کە عەیـب و شـورەیەکی زۆر گەورەیە و یەپەکە و پەکەکە تائێستاش جەنگـی داعـش دەکەن و ئـاڵای کوردسـتان هەڵناکەن بەڵکو تەنها ئاڵای حیزبەکەیان دیارە.

دەبێ حکومەتی کوردسـتان و فەرمانـدەی گشـتی لەشـکری کوردستان دەستەبجێ دوو سـێ فـرقەی رەسـمی دروسـتکەن بـۆ شەرڤان و گەریلالاکانی پارچەکانی تـری کوردسـتان و بەرەسـمی مافی پێشمەرگەییان بۆ ببـڕێتەوە ودەرگـای خۆبەخشـی لەژێـر ئەمـری وەزارەتـی پێشـمەرگە بکـرێتەوەو دائیـرەی تەجنیـد بەرەسمی بکاتەوە بـۆ ئەوەی هەرگەنجێکـی ئەو وڵاتە بەکـورد و تورکمان وعەرەب و ئاشـووری هەمـوو پێکهاتەکـان وەك هەڤ کوڕەکانی خۆیان بۆ بەرگریی وڵات بنێرنە خزمەتـی لەشـکری. ئەوە کەڵەکەبوونی فشار و پەیداکردنی مەرجـی دەوڵەتە نەك بەتەمـای ئەمریکـا بـین بـۆ ئەوەی پێمـان بڵـێ بـڕۆن داوای دەوڵەت بکەن دەتاندەینێ!

کۆتـایی: هەتـا بەنـدە هەسـت بەبەنـدایەتیخۆی نەکـات کەس ناتوانێت ڕزگاری بکات.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

## سایكۆلۆجیای دەسەڵات لەنێوان ئایدیۆلۆجیا و پراكتیكدا

**2009**

دەسەڵات ئەو هێزە سەروەرەیە كە هەموو تاكەكان یان زۆربەیان بە حوكمەكەی ئەرێ دەبن و كەسیش هێزی وای لە بەردەست نەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرامبەری بوەستێت، چونكە نوێنەرایەتی حەق دەكات، هەركاتێ دەسەڵات عەدالەتی لەدەستدا و كەوتە ژێر پاراستنی بەرژەوەندی چینێك یان چەند كەسێك و تاكەكانی تری پشتگوێ خست، هێزی سەروەریی و رەوایەتی شەرعی دەكەوێتە مەترسی و لە وانەیە لەدەستی بدات.

دەسەڵات، لەپێناو رێكخستنی ژیانی خەڵك و پاراستنی مافەكانیان گرنگی خۆی بەدەست دێنێ، هەروەها دابینكردنی كۆمەڵە ئاسایشێك، وەك ئاسایشی نەتەوەیی، ئابووری، كەسایەتی و پاراستنی كەسایەتی تاك لە مەترسی تاكی بەهێزتر، یان دەزگایەكی بەهێز، یانیش دوژمنی دەرەكی، هەروەها بۆ رێكخستنی ژیانی رۆژانەی خەڵك.

دەسەڵات لە دوو ئێلێمێنتی (عنصر) سەرەكی پێكدێت، ئەویش ئایدیۆلۆجیا و سایكۆلۆجیایە، ئایدیولۆجیا ئەو هزرەیە كە لەناو پەیرەو و پرۆگرامی نووسراوو بڵاوكراوەیدا دەبیندرێتەوە، واتە ئەو حاڵەتەیە كە دەسەڵات دەیەوێ وابێت وەكو Supper Ego واتە خودە باڵاكەی، سایكۆلۆجیە تیشی واقع حاڵیەتی واتە ئەو قۆناغانەن كە دەسەڵات دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی بەو بەرنامە نووسراوە بگات و ئامانجەكانی خۆی بهێنێتە دی، زۆر جاریش دەبینین كە دەسەڵات دەكەوێتە ناو پێڤاژەكانی گوتاری سیاسی كە لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نووسـراودا شـتێك دەڵێـت و ڕەفتـارەكـانی یـان ڕەفتـاری دارو دەستەكە بەشێوەیكی جیاواز كاردەكەن.

میشێل فۆكۆ لە پەرتوكەكەی (چاودێری و سزا) دا دەڵێ:

"*دەسەڵات، هەموو ئامێرو سیستمێكی دەسەڵات، دوو جەمسەری هەیە: جەمسەرێكی نەگەتیڤ و جـەمسـەرێكـی پـۆزەتیـڤ ... كـاتێ كـە باسـی هـەر دەسـەڵاتێـك دەكـەیـن بـەردەوام باسـی لایەنـە نـەگـەتیڤـەكـەی دەكرێـت- ئـەو بـەرهـەمـەی وا لـە دەسەڵات دەكات ببێتە دەسەڵاتێكی نەگەتیڤ ..*"[5] دەگـوترێ: دەسەڵات خزمەتدەكات، ڕێگا دەدات، پشتگیری دەكـات، یـانیش ڕێگادەگرێ، سەركوت دەكات».

بەهەر شێوەیك بێت دەبێ ڕەهەندەكانی دەسەڵات لـەگـەڵ باری گوزەران هەمواربن، ئـەگینـا دەسـەڵات دەكـەوێتـە گێـژاو، چـەسپانـدنی هـزریش دەبـێ لۆجیـك بێـت، ئـەگـەر لۆجیـك و مەعقول نەبێـت بـەزەحمـەتتـر دەچـەسپێ، (هـەتـا هـزرەكـە دەبەنگتر بێت چەسپاندنی لەسەرخەڵك زەحمـەت تـر دەبێـت) نمونـە: هـزری Transcendental واتـە بـاڵا، لـەو جـۆرە سیستمانەدا دەسەڵات دەكەوێتە ناو ئەو جۆرە گێژاوانە ئەگەر هات و ئایدیۆلۆجیـەكـەی بـە مـەبـەسـتی خـۆی نـەگـەیشـت و ئایدیۆلۆجیای نەبوو بە پراكتیك، واتـە ئـەنجـام نـەدرا، بۆیـە دەبینین لەزۆربەی دەسەڵاتە هـەمـەگـەرەكانـدا، (شـمولی) بـە عەقیدە Doctrine و ئایدیۆلۆجیای خۆیەوە بـەسـتراوەو بـە شێوەیەكی پیرۆز سەیریان دەكات، بەڵام لـەكـاتی بـەرپـاكردن، نشوستی دەهێنێ، چونكە ئەو ئایدیۆلۆجیایە هـەمـوو ویسـت و

---

[5] میشێل فۆكۆ. چاودێری و سزا

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

خواستەکانی دەسەلآت ئەنجام نادات، بۆیە دەکەویتە ناو بارێکی ئەنارکیی Anarchy ناوخۆیی و هەرکارێکی خراپ کە دەیکات کەدژی پەیرەوو پرۆگرامیەتی، ناوی حالەتی نا ئاسایی «أستثنائی» لەسەر دادەنێت و هۆکارەکان بەدوژمنانی گەل و شۆڕش دەبەستێت و دەیاناکات بە سنگێك هەلەو نشوستیەکانی خۆی پێ هەلواسێت.

ئایدیۆلۆجیاش شتێکی نەلف نییەو بەگوێرەی جۆری بیرکردنەوەو پێداویستەکان توانای گۆڕانکاری هەیە، بەلآم ئەو ئایدیۆلۆجیانەی توانای خۆگۆڕینیان نییە، دەبن بە شتێکی وشك و مردوو و تاکەکانی کە بەدوای کەوتون توشی دۆگما Dogma (جمود عقائدی) دەبن، زۆرجار دەبینین دروشمەکانی دەسەلآت خەلکێکی زۆر بۆخۆیان رادەکێشن کە ئایدیۆلۆجیای دەسەلآتیان ئەرێیە، بەلآم پراکتیکەکە وا لەتاکەکان دەکات هزرەکە لەبنەڕەتەوە ڕەتبکەنەوە، بەلآم هەر بەرگریشی لێدەکەن چونکە بەشتێکی کەسایەتی لەقەلەمدەدەن و ئەگەر هەرکەسێك قسەیەکی خێریش بکات دژی ئایدیۆلۆجیایەکە، ئەوان بە سوککردنی کەسایەتی وەریدەگرن.

ئەگەر لەدەسەلآت نەگەین و نەزانین چۆن بیردەکاتەوەو ئامانجەکانی چین و دەیەوێ بەچی وبە کوێ بگات، زۆر زەحمەت دەبێت بزانین دەسەلآت چی لەئێمە دەوێت، چ وەکو تاك و چ وەکو جەماوەر.

ئەگەر زانیمان دەسەلآت چۆن وەرگیراوە و سەرچاوەی هێزی لەکوێیەو شەرعیەتی چۆن بەدەستەوە هێناوە، دەتوانین بەئاسانی بزانین دەسەلآت دەیەوەێ چی بکات و بەرەو کوێ بڕوات یاخود ئامانجەکانی چین؛ ئەوسا دەزانین چی لەتاك

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەویَ بۆ ئەوەی وەکو تاکێکی صالح لەقەڵەم بدرێت و ڕێگاکانی بەصاڵحبوونی چین بۆ ئەوەی لە مەیدانی جیاوازدا وەك هاولاتی ڕشت بکات و بەرەو پێش بچێت و پاشەرۆژێکی گەش بۆ خێزان و منداڵەکانی دابینبکات.

سیستم هەرچەند خراپ و دواکەوتوبێت، باشترە لە بێ سیستمی، منیش بڕوایکی تەواوم بەوە هەیە کە سیستمی خراپ لە بێ سیستمی باشترە و بەهاو ئاکاری دواکەوتو لەبێ بەها وئاکاری باشترە (ئەخلاقی خراپ لەبێ ئەخلاقی باشترە) و حکومەتی خراپ لەبێ حکومەتی باشترە، لێرەدا کۆنسێپتی ریفۆڕم دێتەکایەوەو دەبێتە سەنتەری بیرکردنەوە، نەخاسمە ئەگەر بەو قەناعەتە بگەین کە چاککردنەوەی سیستمێکی خراپ زۆر ئاسانترە لە روخاندنی و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی، ئەو سیستمانەی ڕێگا لە ریفۆرمیش دەگرن میللەتەکە بەرەو هەڵدێرێکی خراپ دەبەن کە ناچاردەبێت بیر لە توندوتیژی بکاتەوە بۆ گۆڕینی سیستم، کە نە لە بەرژەوەندی دەسەلاتەکەدایە ونەك لەبەرژەوەندی میللەت و ئامانجە بەرزەکانی دوارۆژیدایە.

دەسەلات لەکوردستان لە پێکهاتەیکی شۆڕشگێڕی خێڵەکی دروستبووەو ئایدیۆلۆجیای لەناودا نابیندرێت و خەباتە درێژخایەنەکەی حزبەکان جۆرە دەسەلات و ڕەوایەتییێکی بە حزبە دەسەلاتدارەکان بەخشیوە کە زیاتر بەو دەسەلاتە حوکمیان کردووە، بەلام هەڵبژاردنی 2009 کۆنسێپتەکەی تەواو گۆڕی و حزبەکان بە ویستی خۆیان و فشاری مۆدێرنیزم ڕێچکەیەکی تریان گرتەبەر و دەسەلات و شەرعیەتی شۆڕشیان دووبارە بەمیللەت بەخشی، لەکاتێکدا کە لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەسەڵاتبوون و هێزو توانایان هەبوو، شەرعییەتەکەیان داوە میللەت بۆ ئەوەی بەراستەقینە نوێنەری خۆی هەڵبژێرێ، ئەوەندەش لە رێبازی خەبات گۆڕانکاریکی دراماتیکی و گەورەو گرنگە، لەبەرئەوەی حزبە دەسەڵاتدارەکان کە دەسەڵاتێکی رەهایان لەکوردستان هەبووە بەلام، هەنگاوێکی دیرۆکی زۆر گرنگیان هاوێشت کە بە ئیرادەو هەستێکی نەتەوایەتی بەرز لەقەڵەمدەدرێ، بەو هەنگاوە کە رێگایان تەنانەت بو مرۆڤ و گروپی بێهێزیش کردەوە بۆ ئەوەی هەمویان بێنە ناو شانۆی سیاسی و دەوری ئاسایی خۆیان ببینن.

ئەگەر چاودێری سیاسی لە دوای راپەڕین ودوای شەڕی ناوخۆ پێشبینی شتێکی بکردبا، تەنها پێشبینی دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری دەکرد، بەلام بویەرەکە وانەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەو پێشبینییە هاتە دی و دەسەڵاتەکە لەیەکێك بۆ ئەوەیتر ئاڵوگۆڕی پێکرا، کە لەهیچ دەوڵەتێکی دەوروبەری کوردستان دەسەڵات وا بە ئاسانی و ئاشتیانە تەسلیم ناکرێ.

ئەوەی دیتمان تەنها هەڵبژاردن نەبوو، ئەوەی دیتمان دامەزراندنی سیستمێکی نوێی دابونەریتی سیاسی بوو، کە بۆ نەوەی داهاتو دەبێتە نەریتێکی سیاسی بەردەوام و میللەتیش جارێکی تر بەشتێك ئەرێ نابێت کەلەوە کەمتربێت، ئەوەندەش گۆڕانکارییێکی گەورەیە لە دیرۆکی خەباتی رزگاریخوازی کوردستان.

لێرەدا سایکۆلۆجیای دەسەلاتیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو جارێکی تر بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە، پراکتیك و ئایدیۆلۆجیاکان لەهەف نزیکدەبنەوەو خولی خۆیان بە تەندروستی و نۆڕماڵ بەڕێدەکەن، جگە لەمەش خاڵێکی زۆر

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

گرنگ هەیە کە نابێ چاوپۆشی لێبکرێت، ئەویش نەهێشتنی ئەو درزە مەزنەیە کە سەرکردایەتی شۆڕش وەك «زبرایەتی شۆڕشگێڕی» خەریکبوو لەنێوان میللەت و دەسەلاتدا درزێك دروست بکات، بەلام ڕوداوە سیاسییەکانی ئەمدواییە درزی نێوان دەسەلات و میللەتی نەهێشتەوەو دلنیاشم کە بەرەو چەسپاندنێکی بەردەوام دەبیات.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# کوردستان مەیدانی جەنگی بێگانە

21.08.2012 بڵاوبۆتەوە

**لابردنی رژێمی بەشار ئەسەد جەنگی چاڵدێران دەکاتەوە فاکتێکی ریالیست و لەبویەری قەومان نزیکتری دەکاتەوە.**

**لە 23ی ئەو مانگەدا 498 ساڵ بەسەر جەنگی چاڵدێراندا تێدەپەڕی، ئەو جەنگەماڵوێرانکەرەی نێوان ئوسمانی و سەفەوییەکان کە کوردستانی وێرانکرد، جەنگی خۆیان راکێشا ناو خاکی کوردستان و لە 23.08.1514 دوای راگەیاندنی شا عەباسی سەفەوی کە ئێرانی بۆ شیعە گۆڕی و بوو بە مایەی توڕەبوونی سلطان سەلیم و هێرشی کردە سەر ئێران و تەبرێزی داگیرکرد، بەڵام سەفەوییەکان توانیان تەبرێز رزگارکەنەوە و کردیان بە کۆمەڵکوژی دژ بە سوننەکان.**

**ئەو جەنگە هەرچەندە روخساری ئایینی و مەزهەبی پێوە دیاربوو، بەڵام هەژمونی و ستراتیجیەتی فراوانکردنی ئیمپراتۆرییەکانی بەسەردا زاڵبوو.**

**ئێستاش لەنێوان تورك و فارسدا هەمان گرفت و ململانێی جاران هەرماوەو هەردووکیان لەپێناو هەژمونی رۆژهەڵاتی ناڤین تێدەکۆشن، ئەی لەوانەیی دووبارەبوونی جەنگی چاڵدێران بۆ نەبێت؟**

**ئەمریکا لەعێراق توشی شکستێکی زۆر مەزنبوو و جارێکی تر ئامادە نییە لەشکری ئەمریکی لەخاکێکی بێگانەدا بەکوشتبدات، بۆیە لەوانەیە ئەمریکا بەچەند گفتێکی ستراتیجی تورکیا هاندات و پشتگیری بکات بۆ ئەوەی ئەو جەنگەی بۆ بکات، ئەو جەنگەی کە ئەمریکا خۆی دەیەوێ**

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بقەومێ بەڵام خۆی تێوە گل نەدات، پشتگیری و دراوی ئەمریکا بۆ تورکیا یان ئێران بێسنوردەبێت و گفت و گفتاری زۆری پێدەدات، تورکیاش بەوپەڕی رازیبوونەوە بۆی دەکات چونکە: هەم گرفتی کوردی لەکۆڵ دەبێتەوەو هەم خەونی ویلایەتی موسڵی بۆ دێتە دی، ئەورووپاش پێموانییە رێگا لەوە بگرێت ئەگەر مەرزی رەسمی ئەورووپا ببێتە حمرین!

لەوانەیە زۆر کەس بەوگوتارەی من بڵێن: مەحاڵە و هەرگیز شتی وا روونادات، بەڵام ئەگەر ئیحتیمالی لەسەدان یەکیشی هەبێت، پێویستە ئێمەی کورد خەمێك لەخۆمان بخۆین وبە جیدی بیر لەداهاتوو بکەینەوە، چونکە ئەوجارە دیرۆك بەزەییمان پێناکات وناشکرێ جارێکی تر بڵێین و بنوزێین: بەخوای نەمانزانی وامانلێدەکەن، یان میلەتیکی هەژاری بێکەسین و بێ برادەر! .. هتد.

لەژێر چەتری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی،

Pre-emptive Strike واتە دەستپێشخەری لەهێرش بردن بۆ پاراستنی مەرزی خۆی، هەر دەوڵەتێکی خاوەن شکومەندی بۆی هەیە سنورەکانی ئارام ودڵنیا بکات، بۆیە تورکیا وئێران بۆیان هەیە سنورەکانی خۆیان بپارێزن و پێشتر هێرش ببەنە خاکی دەوڵەتێکی تر ئەگەر مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لێ دروستببێت، بۆیەش بۆمباران دەکەن بەڵام بە لەشکر نەیانتوانیوە خاکی کوردستان داگیربکەن لەترسی یەکتری بۆ ئەوەی پاساو نەدەن لایەکەی تریش سنور ببەزێنێت.

ئێمە وەکو کورد لەناو پارادۆکسی بە عێراقی بوون، توانیومانە تا رادەیەك ئاسایشی خۆمان وەکو نەتەوە لەناو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

گـەنـداویکی دوژمنانـدا بپـاریزین هـەرچـەنـدە جـۆرەهـا دەستدرێژیمان لـەسـەر دەکرێـت و هیچمـان پێناکرێـت، ئێـران گونـدەکـان دەداتـە بـەر تـۆپ و تورکیـا بـە فرۆکـە و عێـراق بەگێچەڵ و شەڕپێفرۆشتن، بۆیە مافێکی ڕەوامان لە نیگـەرانی هەیەو لەوە دڵنیام ئـەمریکا و ئـەورووپـاش نیگـەرانیـەکـەمان تێدەگەن، چونکی دانیان بە هەبوونی ئێمە نـاوە وەك ئینتیتـی (کەینونە) و هەبوونێکی نەتەوەیی؛ لەبەر ئەوەی ئێمـە هـەیـن و هاوپەیمـانی ئـەمریکا و دۆسـتی ئـەورووپـاین و هـەمووشـیان دەزانـن کـە دەوروبـەرمـان هـەمـووی دوژمنمـانن، بۆیـە مـافی ئەوەمان هەیە ئاسایشی نەتەوەیـی (ئـەمنـی قـەومـی) خۆمـان بپارێزین.

ئەمریکا یان لە ئێران دەدات، یان لێینادات!

شـێمانەکان تـەنهـا دوون و نـابن بـە سـێ. واتـە یـان لێیدەدات یان لێینادات.

ئەگەر لێی نەدا گرفتێکی مەزنمان تۆش نابێـت، دەتـوانین بە کاوەخۆ بیر لـەو شیمانە بکـەینـەوەو دواتـر لێکۆڵینـەوەی تێرو تەسەڵی لەسەر بکەین و خەریکی گرفتەکانی خۆمان بـین لەگەڵ عێراق.

بەڵام ئەگـەر لێیـدا، دەسـەڵاتـی هـەرێمـی کوردسـتان بـۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان دەبێ چی بکات؟

ئەگەر لە ئەنجامی سەرەکی پیتاندنی یۆرانیـۆم، ئـەمریکا لەگەڵ چەند هاوپەیمانێك یان هەموویان بڕیاری دا بەجۆرێـك لە ئێران بدەن یـان لەگەڵـی پێکبـێن لەدژی تورکیـا، پێشـبینی کردنی چۆنیەتی لێدانی ئێـران گرفتێـك نییـە و پـەیـوەنـدیکی ئەوتۆی بەئێمەوە نییە - مـەگـەر لـەخـاکی ئێمـەوە لێیبـدەن-

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بۆیەش وەکو حاڵەتێکی نشکی (طارئ) جارێ گرنگ نیە بۆ ئێمە بزانین چۆن لێیدەدات بەقەدەر ئەوەی کە مەترسی لێدانی ئێران دەبێتە گەف و هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ ئاسایشی نەتەوەیمان و کوردستان دەکاتەوە گۆڕپانێکی فراوان بۆ شەڕ لەنێوان ئەمریکاو ئێران لەلایەك، یانیش پشتگیری کردنی تورکیا و دووبارە کردنی شەڕی ‹چاڵدێران› کە تاکو ئێستاش ئەو کێشەیە لەناو تورکیا و ئێران ساغ نەکراوەتەوەو هەربەردەوام هەڤرکی یەکترین، لەوانەشە Think Tank کۆهزرەکانی ئەمریکا لێکۆڵینەوەی شەڕی چالدێرانیان بەچاکی کردبێت و هەوڵبدەن تورکیا لەو شەڕەدا بەشداری پێبکەن بۆ لەناوبردنی یان لاواز کردنی ئێران بەرێگای هێزێکی موسڵمانی وەکو تورکیا، بۆ ئەمریکا کارێکی بێ زیانەو ئەگەر خۆی لەناوی نەبێت بائەو جەنگە درێژەش بکێشێت، گوێیان لێ نییە و ناکەونە ژێرفشاری میللەتانی خۆیان، دو سێ چاپخانەی تری دۆلار لە تورکیا دادەمەزرێنن و هەرچی چەکی ئێکسپایەرە کەلەو ساڵانە بەکاریان نەهێناوە، هەمووی بۆ ئەو جەنگە تەرخاندەکەن.

لەلایەکی ترەوە ئێران دەمێکە لەرێگای شیعەی عێراقەوە شەڕی ئەمریکا دەکات، توانای لۆجستیکی و لەشکری پشتگیریکردنی ئێرانیان بەتەواوەتی هەیە، بەلام دوای کشانەوەی ئەمریکا لەعێراق، تورکیا خەریکە ئەو رۆڵە دە بینێت و خۆی بە نوێنەری سوننەکان پێشاندەدات، ئەو سیناریۆیەش شێمانەی دووبارەبوونی «چاڵدێران» نزیکتر دەکاتەوە، نەخاسمە ئەگەر رژێمی سوریا لەناو بچێت، کە پێموانیە، ئەوە بێگومان تورك دەخاتەوە حاڵەتی بەرگری

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کردن لەشەپۆلە ئیسلامییەکانی سوریا، کە تەنها هێزن بتوانن دوای ‹بەشار ئەسەد› سوریا ڕابگرن و پەکەکەش دەکاتە بیانو بۆ دەستێوەردان، سەنگی هاوکێشەکە لاردەبێتەوەو نەخشەی هێزەکان لەدەڤەر گۆڕانکاریان بەسەردادێت، بۆیە من پێمولیە ئەگەر ڕژێمی ئەسەد لاچو وئیسلامییەکان هاتنە دەسەلات، تورکیا ڕۆلی ئیمارەتی ئیسلامی دەگەڕێنێتەوە ئینجا جەنگەکەی لەگەڵ ئێران دەبێتە شتێکی حەتمی، ئەمریکاش پێی ناخۆش نابێت جەنگێکی ئیسلامی- ئیسلامی دروستکات و هەردووکیانی پێ لاواز بکات و نەخشەیەکی نوێ لە هەموو ڕۆژهەلاتی ناڤین دروستکاتەوە.

لەڕوی جیۆپۆلۆتیکەوە باری تورکیا و ئێرانیش دەگۆڕێت، ئەگەر ئیخوان لەسوریا هاتن بۆ حوکم، ئەوە تورکیا دەکاتە دەوڵەتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل و شەپۆلی سوننی پانوبەرینتر دەکاتەوە و تورکیا لەلای ئوردنەوە کۆنیکشنی ڕاستەوخۆی دەگاتە سعودیە و میسر، ئێرانیش ئەو هەژموونییە قەبوول ناکات چونکە ڕۆڵەکەی لە ڕۆژهەلاتی ناڤین کەمدەکاتەوە.

ئەوەی دەیڵێم پەخشانی سیاسی نییە، بەڵکو بویەرێکی عەقلانییە Rational کە ئەمریکا نیازی هەیە تورکیا لەو شەڕە گلبداتەوە بۆ ئەوەی شەڕی ئێرانی بۆ بکات و ئەمریکاش ئامادەیە بەهەموو هێزی خۆی یارمەتی بدات، بەلام لەوەدەچێت کە تورکیا خۆی زیاتر بخاتە ناو جەمسەری عەرەبی ئیسلامی و بەنوێنەرایەتی عەرەبی سوننە خەونە دێرینەکەی ئیمراتۆری ئوسمانی بێنێتە دی، ئەوەندەش کارێکی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

قەبوولکراونیە لای ئەمریکاو رۆژئاوا بەگشتی لەبەر سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ ئەوروپا.

پێویستە بە زووترین کات لەگەڵ دۆستە ئەمریکییەکان کۆبوونەوە سازبدرێن و نیگەرانی سەرکردایەتی و میللەتی کوردیان پێڕابگەیەندرێ کە لێدانی ئێران بۆ کورد جێگای نیگەرانیەو ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسی، چاوەڕێ نەکەین ئەمریکا ئەوەی ئەو بەباشی دەزانێ ئەوەمان بۆ دابنێ، دەبێ ئێمەش بەرژەوەندیەکانی خۆمان بوروژێنینەوە، بۆ ئەوەی ئەمریکاش بزانێ کە ئێمە هەین و بیردەکەینەوەو مافی ڕەواشمان هەیە، نابێ لەپێناو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بفەوتێندرێین، چونکی ئێمە هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکاین، ئێمە بەکرێگیراوی ئەمریکا نین.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دائیرەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم رۆڵێکی گرنگتر ببینێت، کاری ئەو دائیرەیە بەخێرهاتن و بەڕێکردنی مێوانان نییە، هەروەها کاری ئامادەکردنی گرێبەست لەگەڵ جیهان، تەنها بەشێکی کارەکانی ئەو دائیرەیە، کارەکانی دەبێ زیاتر لەسەر دیپلۆماسیەت بن و بالانسی هێزەکان بخوێنێتەوەو لەسەر ئەو ئاستە کادیری دیپلۆماسی کوردی ئامادە بکرێت، وەك دائیرەیەکی ستراتیجی کار لەسەر پاشەڕۆژی میللەتی کورد بکەن، نەك تەنها لە باشور بەڵکو لەهەر چوارپارچەی کوردستان، دەبێ لێژنەی بالا و تایبەت پێك بێت بۆ ئەوەی لۆبی کوردی لەدەرەوە دروست ببێت و ببێتە خاڵی فشار لەسەر زلهێزو حکومەتە بالادەستەکان، هەروەها دروستکردنی لێژنەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

شاندی تایبەت بۆ ئەوەی جۆری پەیوەندی لەگەڵ ئەورووپا بگۆڕدرێت وببێتە بالانسێك بۆ هاوپەیمانییەتیمان لەگەڵ ئەمریکا، بەبێ ئەوەی ئەمریکامان لێ توڕەبکەن، بۆ ئەوەی خاڵێکی پاشگەزو گەڕانەوەمان هەبێت ئەگەر ئەمریکا پشتی تێکردین.

هەروەها ئەکتیڤکردن و فراوان کردنی پەیوەندی لەگەڵ روسیاو دەوڵەتەکانی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا و ‹چین› بۆ ئەوەی سوود لە ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکا بکەین و بەقازانجی خۆمانی بیقۆزینەوە، ئەویش بە زیادکردنی هەوڵە بازرگانیەکان لەگەڵ ‹تایوان› بۆ ئەوەی فشار بخرێتە سەر ‹چین›.

پێویستە دەزگای پاراستن و زانیاری و دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ببن بە Think_tank، کاریان شیکردنەوەی زانیاری و بەرێوەبردنی پۆڵەسی درێژخایەن بێت و لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەسەر هەموو بارودۆخ و شیمانەو لەوانەیەك بکەن بۆ ئەوەی سەرکردایەتیش و میللەتیش ئامادەبن بۆ هەر داهاتوویەکی چاوەڕوان نەکراو.

بەلام لەهەمووی گرنگتر، گەیاندنی نیگەرانیمانە بە ئەمریکا، بۆ ئەوەی بتوانێ هزرێکمان بۆ بکات و لەوانەیە لەشکری خۆی بگوازێتەوە کوردستان بۆ پاراستنی ئەو تاقیکردنەوەی کە خۆیان پشتگیریان کردوە، یانیش پرچەکمان بکات بۆ ئەوەی بتوانین بەرگری لەخۆمان بکەین، یانیش لە ئێستاوە خێوەتمان بۆ ئامادەبکەن و شوێنی پەناگەو ناوچە ئارامەکانمان پێ نیشانبدەن، ئەگەر نیازیان هەبێت کەسمان لەو جەنگە رزگار ببێ، ئەگەریش نیازیان وابێت بەیەکجارەکی لەسەر نەخشە لامانبدەن، ئەوە پێکەنینە پانوبەرینەی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

مەسئولە ئەمریکییەکان وەکو هۆشبەر بەکاردەهێنین و خەریکی بزنز و مساطەحەی خۆمان دەبین هەتا خودا حەقمان دەکاتەوە.

کۆتایی:

خوابکات ئەو شتە ڕوونەدات، با شیکردنەوەم هەمووی بە هەڵە دەربچێت.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# کورد دەرۆزەکەر نیە

ڕووداو ژ (340) لە 29.12.2014

ئێمە جینووسایدکراوین، کیمیایی کراوین، تالانکراوین، ولاتمان نیە، بێکەسین، جگە لە شاخەکانی کوردستان هیچ هاورێمان نیە .. ئێ؟ دواتر چی؟

بۆئەوەی وەکو جولەکەکانمان لێ نەیت و هەستکردن بە دوونیەت Inferiority نەبێتە پێکهاتەیەکی سەرەکی لەکەسایەتی کوردو میللەتمان بەسەربەرزی بناسرێت، دەبێ هەوڵی جدی و بەهێزی حکومەت و دەسەلات و بەناو ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان، ئەو پالتۆیە ڕسواو هەڵوەریوە داکەنین و خۆمان بە میللەتێکی سەربەرز نیشانی جیهان بدەین، چونکە ئەوانەی یارمەتی ئێمەیان داوە و ئەوانەی حەزدەکن کورد ببێتە نەتەوەیەکی ئازاد کە لەئاستی بەرزیی جەنگی پێشمەرگە دژی داعش بێت، دەبێ سەرچاوە کانزایی ونەفتیەکانمان وەك بەرژەوەندیەکی نەتەوەیی بالا لەخزمەتی ئەو ئامانجە بەکار بێنین، نەك بۆ بەرژەوەندی حزبێك یان گرووپێکی دەستەلاتدار.

دوای کۆتایی هاتنی هەر جەنگێك، ئۆردەر و یاساو دابەشکردنی نوێ بەرپادەبن، بەتایبەت ئەگەر جەنگەکان جیهانی بن، کارتێکردنەکان گشت جیهان دەگرنەوەو کۆمەلێك گۆڕانکاری دراماتیکی پەیدا دەبن کە بێگومان پەیوەندیان بە هۆیە سەرەکیەکەی جەنگەوە هەیە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم league of Nation عصبة الأمم دامەزرا، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، UN

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

نەتەوە یەکگرتووەکـــان بـــوو بە جێگیـــری و وڵاتـــانی دونیـــا ناچاربوون بکەونە جیهانێکی جوت جەمسەر، Bi_Polar

و لەســـەر ئەو بنەمـــایە ببـــنە بەشـــێك لە ململانێـــی جیهـانێکی نـوێ لەنێـوان وڵاتـانی ڕۆژئاڤـای ئەوروپـا کە وڵاتە سەرمایەدارەکان و ئەمریکا نوینەرایەتیـان دەکـردو کـۆمەڵەی ڕۆژهەڵات، کە بە بلـۆکی سۆسـیال دەناسـرا چـونکە، دوای جەنگـی جیهـانی یەکەم سـۆڤیەت دەسـتی بەسـەرداگرتبون و حکومەتی کۆمۆنیستی بەسەردا سەپاندبوون.

کاتێ جەنگی دووەمی جیهان UN نەتەوە یەکگرتووەکـانی بەرهەم هێناو شێوەی پەیوەنـدیەکانی جیهـانیی گـۆڕی و بـوون بە فاکتەرێـك بـۆ چـوونە نـاو جەنگـی جیهـانی سـێهەم کە بەجەنگـی سـارد نـاوبردراوە، وڵاتـانی ڕۆژئاڤـاش تەفـویزی ئەمریکایان کرد بۆ ئەوەی نەهێڵێـت شـاڵاوی کۆمـۆنیزم ڕوو لە جیهانی ڕۆژئاڤا بکات و خۆیان سەرقاڵی دروستکردنی جیهانێکێ باشتر کرد بۆ ژیانی مرۆڤ، ئەویش بە دامەزرانـدنی کـۆمەڵەی مرۆڤدۆسـت و خێرخـواز و کـارکردن لەژێـر چەتـری نەتەوە یەکگرتووەکـان و دەسـتبەرداری بیـرۆکەی داگیرکردنـی جیهـان کۆلۆنیالیزم بوون.

هەرچەندە ڕوخانی دیـواری بەرلـین لە ئەنجـامی ڕوخـانی بلۆکی سۆسـیال بـوو کە کۆتـایی بە جەنگێکـی نەقەومـاو هێنـا بەڵام گۆڕانکاریەکـانی دوای ئەوجەنـگە گۆڕانکـاری درامـاتیکی بوون و کاریان کردە سەر شێوەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکـان و دونیـای دیسـان گـۆڕیەوەو هەژمـونی ئەمریکـای دووپـاتکردەوە، بەوەش سیستمی Uni_polar تاکجەمسـەرو چەسـپاو بـوو بە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هـۆی نەمـانی هـزری ڕیـالیزم وەك سـێنترال بـۆ پەیوەنـدیە نێودەوڵەتیەکانی دوای ئەوجەنگە.

بەر لەو ڕوداوە جیهـانیە مەزنـانە وڵاتـانی ڕۆژئاڤا لەژێـر کارتێکردنی سیستمی Bipolar جوت جەمسەر کاریـان دەکـرد و تەنهـــا ئورگـــانە نـــاحکومیە ڕەســـمیەکان کە لەلایەن دەسـەڵاتەوە دەناسـران و تەنهـا مـامەڵە لەگەڵ ئەوان دەکـرا وەك شەریکێکی ڕەسمی بۆ سیستمی هاوکـاریکردن، زۆربەی ئەو چەمکـانەی کە بەشـێوەیەکی تـایبەت لەکـاتی جەنگـی سـارد دەبینـــدران و دەخوێنـــدرانەوە، دوای ئاشـــنابوونی چەمکـــی جیهانگەری پەیوەندیەکان گۆڕانکاریان دووبارە بەسـەرداهاتەوە و مـامەڵە لەگەڵ ڕێکخـراوی مـرۆڤ دۆسـت و نـاحکومی بـوو بەکارێکی ناچار، ڕێکخراوە مرۆڤدۆسـتەکان سـنوریان بەزانـد و مەودای کارەکانیان بۆ هەمـوو جیهـان بەرفراوانکـرد، لەهەمـان کاتدا ڕێکخراوی تیرۆریسـتیش توانیـان جێگـای خۆیـان لەژێـر چەتـری جیهانگەریـدا بـکەنەوەو سـنوورەکان ببەزێـنن وەکـو قاعیـــدە، کە بە ســـوودوەرگرتن لەتەکنۆلۆجیـــا و بۆشـــایی نـاودەوڵەتی و گـۆڕانی جیهـان بەرەو Uni_Polar قاعیـدە تـوانی سـنوورەکان ببەزێنێـت و ببێـت بە تـاکە ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی بـێ سـنوور کە لە هەمـوو شـوێنێکی جیهانـداو بەنەتەوەو ڕەگەزی جیاواز کارە تیرۆریستیەکانی خـۆی ئەنجـام دەدات.

کـــورد بەشـــێوازێك قەرزداری کـــۆمەڵەی مرۆڤدۆســـت و خێرخـــوازی جیهـــانە، چـــونکە یەکـــێکە لەو میللەتـــانەی کە زۆرتـرین سـوودی لە کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی بینیـوە، ڕاسـتە لەوانەیە زۆرتـــرین زیانیشـــی بەرکەوتبێـــت، بەڵام زیـــانەکە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەڕێگای سیاسەتەوە بەریکەوتووەوە دەبێ بزانین کە ئەوانەی سیاسەت دادەڕێژن جیاوازن لەوانەی یارمەتی مرۆڤایەتی پێشکەش دەکەن، ئەگەرچی لەیەك وڵاتیشدابن.

کۆمەڵە مرۆڤدوستەکان لە 1991 ەوە تاکو ئێستا ئێمەیان بەجێ نەهێشتووەو بەهەموو جۆرێك یارمەتیان لەکوردستان نەبریوە، بەهانای کورد هاتوون و بەردەوام کوردیان وەکو مرۆڤ ناسیوە، کە مافی ئەوەی هەبێت لە فەزایەکی پارێزراودا جۆرێك لەهەناسەی ئازادی بکێشێت، بۆئەوەی بتوانێت دامودەزگا دروستکات و وەکو هەر میللەتێکی تری جیهان بەرەو ئازادی بڕوات.

ئێستا و نەك درەنگتر، کاتی هاتووە کورد بە دەزگاکانی خێرخوازی و ناحکومی و مرۆڤدۆست یارمەتی خەڵکی پێویست بدات، وەك چۆن ئەوان سنووریان بەزاند و پێشمەرگەیان کردە هێزێکی جیهانیی ڕەوا، دەبێ ئێمەش هەنگاوێك بهاوێژین و ڕێکخراوەکانمان سنور ببەزێنن، دەبێ کار لەسەر بەجیهانی کردنی ڕێکخراوەکانی خۆمان بکەین و واز لە ڕەوشتی دەرۆزەکردنی جیهانی و داواکردنی هاریکاری بێنین؛ قۆناغی یارمەتی و خوازیاری سەدەقە و وروژاندنی هەستی جیهانی بۆ یارمەتیدانمان بگۆڕین. دەبێ هەوڵی دروستکردنی دامودەزگای مۆدێرن بدەین و دەست بە یارمەتیدانی خەڵکی تر بکەین کە یارمەتیان پێویستە، چونکە قەوانە کۆنەکەی سواڵکردن سواوە، ئێستا ئێمە خاوەن پارەو بودجەیەکی زەبەلاحین و لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە پارێزراوین و جەنگێك دەکەین بەناوی هەموو جیهانەوە، ئەوەندەش وێنەی کورد لە جیهان جواندەکات و دەیخاتە ئاستی وڵاتە بالادەستەکانی دونیا.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

دەبێ حکومتی هەرێم هەوڵ و تەقەلای جیدی بدات بۆ بەجیهانکردنی ئەو ڕێکخراوانە و یارمەتیان بۆ فراوانکات و کارئاسانیان بۆ بکات، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی و UN و لقەکانی کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەرکی دەرەوەی کوردستان بگرنە ئەستۆو قۆناغێکی نوێی نیشاندانی کەسایەتی کورد دەست پێبکرێت.

ڕێکخراوە ناحکومیەکانمان ئیفلجن و جگە لەهەندێکییان، زۆربەیان بۆ خەلاتی حکومەت تۆمارکراون و هیچ کارێکیان نیە جگە لەوەرگرتنی ئەو دراوە مانگانەیە وەك سەرچاوەیەکی داهات بۆ کارمەندانی.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# گەندەڵی نامۆییەکی ڕوخێنەری دێرینە

ڕووداو ژ (215) لە 11.06.2011

(گەندەڵی دەسەڵات)مان کردۆتە بزماریێک، هەڵە و نشوستی خۆمانی پێوە هەڵدەواسین.

گەندەڵی چییە؟ ئەو پرسیارە کلیلی سەرەکی کردنەوەی دەرگای چارەسەری ئەو دیاردە دزێوەیە کە تەشەنەی کردووە و خەریکە هەمووشتێك دەگرێتەوە، ناومان ناوە گەندەڵی، Corruption کە بەزۆرینە دامودەزگاو وڵاتیش دەگرێتەوە، پاش شۆڕشەکان وپاش جەنگ، لە رژێمە تۆتالیتارەکان، ئەگەر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەیری بکەین رووخانی سیستەمی بەهاو ئاکارە و لەرووی دەروونییەوە نامۆییە و لەڕووی ئیدارییە وە نەزانینە!! بەڵێ نەزانین، ئەوەی گەندەڵی دەکات نەزانە، نازانێت چ زیانێك لەخۆی و لە کەسوکار و میللەت و وڵات دەدات، هەمووی لەپێناو بەرژەوەندی کەسایەتی، هەڵبەتە ئەوەش دەکرێت وەکو تۆڵەوەرگرتنێك لە دەزگا یان سیستم یان دەوڵەت، کە تاك هەستی بە تەڤلیبوونی نامێنێت و ئاسایشی کەسایەتی دەکەوێتە مەترسی.

دەبێ بزانین مەبەستمان لەگەندەڵی چییە؟ ئەگەر دزییە؛ ئەوە من دڵنیام کەس ناتوانێت پارەی حکومەت بدزێ، ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو بەرەڵاییەی هەیە کەس ناتوانێت یەك دیناری حکومەت بخوات، بەلام دەتوانێت پسولەی بۆ پرکاتەوە و لەڕووی چاودێری داراییی وا بیرازێنێتەوە کە ژمارەی خەرجکراو بەرامبەر داهاتەکە بێت، ئەگینا ئەوەی تر کەس ناتوانێت بیکات.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکاریدام دژ بەدۆگما، بەڵام لە کوردستان کە باسی گۆڕانکاری دەکرێت دەستم لەسەر دڵمە، چونکە هەر گۆڕانکارییەکی دەکرێ بارەکە لەپێشتر خراپتر لێدەکات، هەڵبەتە هۆیەکانی خراپترلێکردن زۆرن، بگرە لە بە هەڕەمەکی دانی بڕیار بەبێ لێکۆڵینەوە و میتۆدی زانستی Method و هەڵسەنگاندنی هەنگاو، ئەوانەشن دەبن بە ئاکامی بڕیاردانێکی هەڵە. لەگەڵ ئەوەش نیم حکومەت بە گەندەڵی تۆمەتبار بکەین و خۆمان بەپاك و بێگەرد بزانین، (گەندەڵی دەسەلات)مان کردۆتە بزمارێك، هەڵە و نشوستی خۆمانی پێوە هەڵدەواسین.

دەبێ گەندەڵی وەکو دیاردەیەك سەیربکرێت، دیاردەیەك کە جاری یەکەم بە نەمانی بەها و ئاکار میللەتی گرتۆتەوە، حکومەتیش بەوە دەگرێتەوە کە سزای گەندەڵکاران نادات و چاوپۆشی لە گەندەڵی دەکات لەبەر بەرژەوەندی چەند تاکێك و ناتوانێت سزایەکی دیاریکراو لەسەر هەموو تاکەکان وەکهەڤ بەرپا بکات، لەبەر ئەوەی یاسایەکی ئاشکراو کارپێکراو نییە هەموو تاکەکان وەکویەك سزابدات بەبێ ئەوەی ڕەچاوی پایەو خێڵ و ناو ڕێژەی خەبات بکات، دەبێ یاسا جاری یەکەم بەبێ هەڵە دابمەزرێت، ئینجا چەسپاندنی تەنیا لەسەر چینێك نەبێت، چونکە دەبێتە نادادی و خەڵك قەبووڵی ناکات. دەبێ ئەو حاڵەتانە یەکە یەکە شیبکرێنەوە و دەسەلات یاسایی گونجاوی بۆ بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی کارابێت و قسەکەی سەرۆك بارزانی بەکردار بکەوێتە کارکردن (کەس لە یاسا بەرزتەنییە). ئەو قسەیە کرا و کەس خۆی لێنەکردە خاوەن، حزب، مەسئول، بە فیعلی خۆیان لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

یاسا بەرزتر دادەنێن و ئەوەی لەسەر کورە هەژارێك دەچەسپێندرێ لەسەریان ناچەسپێ و ئەو دەرفەتانەی بۆ کورە بەرپرسێك دەرەخسێن، کورە هەژارێك خەونیشی پێوە نابینێ.

یاسا شتێکی بنەڕەتییەو بنیاتی دامەزراندنی هەر کۆمەڵگاییێکە، جگە لەوەی هیچ وڵاتێك بەبێ یاسا دانامەزرێ. یاسا بۆ خۆهەڵکێشان و خۆنیشاندان نییە، هەروەها بۆ ئەوەش نییە کە هەبێ و کاری پێنەکرێ، بەڵام بەهەرحاڵ هەبوونی لە نەبوونی باشترە بۆیەش هەمیشە جەختم لەسەر ئەوە کردووە کە یاسای باش یاسای جوان نییە، بەڵکو یاسای باش ئەو یاسایەیە کە بتوانی جێبەجێی بکەی، ئەگەر یاسایەك زۆر جوان و ڕازاوەش بێت و لەبەر فاکتەری کات و شوێن نەتوانی بەرپای بکەی هیچ نرخێکی نابێت. جگە لەمەش کە یاسا بنەمای کۆمەڵگاکانە، یاسا و دادوەری بنیاتی حوکمگێڕانە (العدل أساس الملك) هەر حوکمێك دادپەروەری لێ کەمبێت شەرعیەتی نییە، هەر حوکمێکیش شەرعیەتی نەبێت درێژە ناکێشێت و لەرۆژێکی نیزیکدا گۆڕانکاریماڵوێرانکەری بە دوادادێ.

بەگوێرەی کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی Social Contract، تاك بەوە ڕازیدەبێت کە سەروەری خۆی بداتە دەست کۆمەڵگایەکی داد، بۆ ئەوەی بتوانێت لەبەرامبەر ئەرکەکانی بەهاوڵاتیبوون مافیشی هەبێت، ئەو دوو جەمسەرە: دەسەڵات وتاك دادپەروەری حوکمیان دەکات و دەبێتە میلی تەرازووەکە، هەر کاتێ تاك قوربانی لەپێناو دەسەڵات دا و دەسەڵات نکۆڵی کرد لە مافەکانی، تەرازووەکە لار دەبێت و تاکەکە دە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

خزێتەوەو گۆشەگیردەبێت و لە سیستمەکە زویر دەبێت و دواتر نامۆدەبێت.

کۆمەڵ/ دەسەڵات، لە تاك نامۆ نابێت، چونکە دەتوانێ تۆڵەی لێوەرگرێ و دەتوانێ حوکمی بدات و سامانی لە دەست وەرگرێ و تەنانەت لەسێدارەشی بدات، بەڵام تاك ناتوانێ تۆڵە لە کۆمەڵ/دەسەڵات وەربگرێت، بۆیە لێی نامۆ دەبێت و دەخزێتەوە ناو قەپێلکی خۆی وەك گیانەکی رووخاو و رەفتارەکی هەڵوەریو، واز لە هەموو شتێك دێنی کە پەیوەندی بە هەڤرا ژیانەوە هەیە، بەڵکو دەبێتە تاکێکی نەگەتیڤ لە کۆمەڵگە و بەهەموو تواناییەوە دژایەتی دەسەڵات دەکات، بگرە لە تێکدانی دامودەزگا و ناوزڕاندنی و ئەزیەتدانی هاوڵاتی، هەتا دەگاتە پشتگیری بزاڤە توندڕەوەکان کە خۆی بڕوای پێیان نییە ،بەس لەبەرئەوەی دژایەتی دەسەڵات دەکەن لەگەڵیان ئامادەیە هەموو شتێك بکات.

کە تاك رازی دەبی سەروەری خۆی بداتە دەست دەسەڵاتێکی داد، ئەوە چەندین پەسەن و سیفەتی تاکایەتی و ئازادی کەسایەتی دەکاتە گووری (قوربانی) ئەوە یەکگرتنەوەیە لەگەڵ کۆمەڵ، بەڵام کۆمەڵ لەبەرامبەر ئەوە هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ دابین ناکات و هەلی کار و خوێندن و رشتکردنی بۆ نارەخسێنێت، چونکە هەلی رەخساو تەنیا بۆ ئەندامانی حزبێکە یان کەمایەتییەکی تایبەتی ناوکۆمەڵگایە، کە دامەزراندن لە فەرمانگە بەخەڵاتکردنی نەفەری خۆیان دادەنێن و هاوڵاتی بێلایەن یان فەرمانبەری بێلایەن هیچ مافێکی نییە، لێرەوە واستە و خۆ نزیککردنەوە لە دەسەڵات و ماستاوچیاتی بۆ حزبەکە دەبێتە تاکە رێگا بۆ خۆپێگەیاندن

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

یان بەدەستهێنانی مافی کەسایەتی و هاوڵاتییەتی، کە دەبێ لەبنەڕەتەوە ئەوماڧانە بێ بەند و مەرج لەپێناو ئەرێبوونی بەهاوڵاتیبوون پێی درابن، نەك مساوەمەیان لەسەر بکرێت.

ئەگەر لەدەسەڵات نزیك بی هەموو شتت پێ دەکرێ و ئەگەر دەسەڵات پشتی لێت کرد تەواو، کەڵکی ئەوەی نامێنی لەو وڵاتەدا بژی. ئەو جۆرە ڕەفتارەی دەسەڵات، مرۆڤی ئینتیهازی و هەڵپەرست بەرهەمدەهێنێ و ئەو مرۆڤانەش بەکارهێنانی پایە ئیدارییە/ حیزبییەکە بۆ خۆ پێگەیاندن و مسۆگەرکردنی پاشەرۆژێکی پڕ دەرامەت بەکاردێنن، ئەو کۆنسێپتەیە وای کردووە خەڵك بەگشتی دائیرە یان حزب بە دەزگای خۆ پێگەیاندن بزانێت و لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەی لەگەڵدا بکات(با لە فلان دائیرە داتبنێن خەنی دەبی و خزم و کەس و برادەرانیشت خەنی دەکەی)، ئەوەی لە کوردستان دە یبینین لەهیچ شوێنێکی دونیادا نییە، چونکە لەڕاستیدا، دائیرە و دامودەزگا بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتییە نەك بۆ حەسانەوەو خۆپێگەیاندنی فەرمانبەرەکەیە، دەبێ دەسەڵات و نەفەرەکانی وا بکەن کە ڕەفتاری ڕۆژانەیان ببێتە عورفێکی باو و وەکو یاسایان لێبێت (بارەفتارەکانت وابن کە بۆ ئەوە دەستبدەن ببن بە یاسایەك بۆ هەموو خەڵك).

گەندەڵی تەنیا حکومەت ناگرێتەوە، بەڵکو دامودەزگای NGO و دامەزراوی تر و تەنانەت میللەتیش دەگرێتەوە، هەموو پیشەکان و هەموو بزنزەکان. ئەگەر کەلتووری گەندەڵی بڵاو بووە و هاوڵاتی فێری ئەو ڕێگایە بوو، دەبێتە دابونەریت، وەکو نەخۆشی نیشتەجێ دەبێت و بڵاودەبێتەوە، ئەگەر هاوڵاتی زانی کە تەنیا ڕێگا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بەرتیلە، ئەوە بێ گومان دەیکات و بەخشیش دەدات، لەوانەیە بەخشیشێکی بچووک گرفتێکی زۆر گەورە دروستکات، فەرمانبەرەکەش فێری بەرتیل دەبێت و ئیتر کاری خەڵکی تر بەبێ بەرتیل راناپەڕێنی، ئەوەندەش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، دەبێ یاسای توندی هەبێت بۆ نەهێشتنی بەرتیل، بەخشیشیش تەنیا پارە نییە، بەڵکو ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندیشە؛ ئەوەی بەرتیل دەدات و ئەوەی بەرتیل وەردەگرێت هەردووکیان گەندەڵن، ناکرێ کابرا بەرتیل بداتە فەرمانبەرێك یان بەڕێوەبەرێك و لە دائیرەکە بێتە دەرێ بڵێ حکومەت گەندەڵە، لەبەرئەوەی گەندەڵی جاری یەکەم لەوەوە دەستی پێکردووە.

گەندەڵی جۆری هەیە، بریتییە لە دزی و بەهەدردانی سامانی گشتی و بەکارهێنانی نابەجێی پایە، لە سوود بەخشین بە خزم و کەس و ناسیار Nepotism، وەکو دامەزراندنییان لەجێگای چاك و پێبەخشینی ماڵی گشتی و پارچە زەویی چاك و نزیککردنەوەیان لەدەستەڵات، هەروەها بەدەستەوە هێنانی سوودی ماددی و مەعنەوی و بەڕێوەبردنی کارە تایبەتەکان لەسەر حیسابی کاری گشتی و بەکارهێنانی پایە ئیدارییە / حیزبییەکە بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی.

ئەوەی سامانی گشتی بۆ کەسوکار و خزم و ناسیاو و دەوروبەری خۆی بەکاردەهێنیت گەندەڵە، بەڵام خزم و کەس و برادەر و دەوروبەریشی گەندەڵن، نەك هەر خۆی. ئینجا لە بازاڕەوە پێدا وەرە هەتا دەگەیە لوتکەی سەرەوەی دەسەڵات ئەو حاڵەتانە دەبیندرێن، بەڵام بازاڕ و خەڵکیش لێی بێبەش نین، ئەوکرێکارەی ساختە لە کاری خۆی دەکات و ئەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

زێرەڤانەی مووچەی بندیوار وەردەگرێ و ئەو حزبەی لەسەرەوە قسە بەدەسەلات دەڵێ و لەژێرەوە نەفەر دادەمەزرێنێ و مووچەیان وەردەگرێ ئەو مەلایەی پارەی خۆی حەلال ناکات وخزمەتی مزگەوت پشتگوێدەخات و ئەو مەیفرۆشەی مەی ساختە دەهێنێ و ئەو مامۆستایەی پێنج چرکە لەدەرسەکە دەدزێت و ئەو دکتۆرەی لەگەڵ دەرمانخانە و دەزگای تیشك وسۆنەر پێکهاتووە و ئەو حزبیەی لەسەر حیسابی پرنسیپەکانی حزبەکەی خۆی زەنگین دەکات و ئەو بازرگانەی کالای خەراپ دەهێنێ لەپێناو قازانجی زۆرتر ... و هتد. هەر هەمویان گەندەڵن، نەك بەس حکومەت و حیزب، بەلام گەندەڵی هەرهەموویان بەملی حکومەت و دەستەلاتدادێت چونکە تەنها ئەو توانای ئەوەی هەیە ئەوکارانە بەیاسای تایبەت ڕاگرێت، ڕاستە حکومەت و حیزب من و تۆین و ئەو خەڵکەیە، کەس لە مەریخەوە نەهاتووە ببێتە مەسئول لەکوردستان، هەموویان گەندەڵن هیچ جیاوازییەك نییە لەگەڵ فەرمانبەرێك یان بەرپرسێك کە گەندەڵی کردۆتە شتێکی شەرعی و بە مافی خۆی دەیزانی لە سەر حیسابی برسیبوونی ئەو میللەتە قازانج بکات.

گەندەڵی بە شەو و ڕۆژێك چارەسەرناکرێ و هیچ حزبێك یان دەسەلاتێك گۆپاڵی موسای پێ نییە (کن فیکون) ولاتەکە بکاتە شامی شەریف. پلانی درێژخایەن و هزری ئەکادیمی و مرۆڤی دڵسۆزی دەوێ، لە هەموی گرنگتر ویستی دەسەلات بۆ چارەکردنی ئەو کێشانە، ئەو ویستەش دەبێ بێگەرد و جدی بێت، نەك بۆ میدیا و خۆ هەڵکێشان یان لەژێر فشاری

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئۆپۆزیسیۆن و لایەنی دەرەکی یان مەبەستی کرکردنی خەڵکبێت.

پرسیارێك لێرە خۆی بەتوندی دەرازێنێتەوە: ئایا دەسەلات بە جیددی دەیەوێ گەندەڵی چارە بکات؟ یان لەژێر فشاری خەڵك و حزبەکانی تر تەنگاو بووەو دەیەوێ بارەکە ئاسایی بکاتەوە؟ (ئەگەر چاکسازی لەکاتی پێویست بەرپانە کرا، ئەوە دەبێتە مایەی هەڵمژینی تورەبوون و ئەستووربوونی کینەی خەڵك و بێزاریان کە دواتر دەبێتە تەقینەوەیەکی ترسناك).

بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵێ دەبێ یەکەم شت یاسایەکی تایبەت بە مۆڕالی هەموو پیشەکان دابمەزرێت، دادوەری گشتی ئەکتیف بکرێت و بکرێتە سەر بەئەنجومەنی دادوەری بۆئەوەی ڕەچاوی پۆستی کەس نەکات. بۆ دەرخستنی کێشەکانی گەندەڵی ئیداری و شکایەتی ڕاستەوخۆی هاوڵاتی وەرگرێت و مافی گشتی بەرپا بکات ئەگەرچی دادگای پەیوەندیدار لێشیان خۆشببێت، دەبێ مافی گشتی ئەکتیف بکرێت: مافی گشتی، مافی کەسایەتی سنووردار دەکات (العام یقید الخاص) بەلام لەکوردستان تایبەتی بەهێز هەموو شتێکی گشتی قورغدەکات و هەموو توانایەکی هەیە چەمکی بەگشتیبوون لەناوببات.

ئەوانە هەموویان پرسیارن لەبەردەم ئەو دەزگایەی کە دەیەوێ چارەی گەندەڵی لەوڵاتەدا بکات، بەتایبەت ئێستا کوردستان بەرەو قۆناغی سەروەری و سەربەخۆیی دەڕوات و هیچ بیانویەك نەماوە. ڕۆژئاڤا ودونیای دەرەوە ئێستا بەچاوی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

زگپێسوتان سەیرمان ناکەن، چاوەڕێی چاکسازین لە ئێمە،
قۆناغی یارمەتی ئینسانی کۆتایی پێهات.
کۆتایی: گۆمەکە بشڵەقێنە ئەگەرنا، ئاوەکەی دەگەنێ.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# هزری توندڕەو بە باروت لەناو ناچێت

**2014**

باسکردنی ئایین بەردەوام و لەهەموو زەمانێکدا کارێکی هەستیارو پڕە لە گرێ و ئاڵۆزی. چونکە عەقیدە Doctrine لەهەموو کات و شوێنێك پەسەنی پیرۆزیی لەگەڵدایەو خەڵك بە بەشێکی گرنگی کەسایەتی و هەبوونی خۆیانەوە دەیبەستنەوە، بۆیەش باسکردن لە ئایین ئەو هەستیارییەی وەرگرتووەو ناشکرێ بەهەرحاڵێك بێت سوکایەتی بە عەقیدەو بڕوای کۆمەڵە خەڵکێك بکرێت کە ڕۆژانە کڕنۆش بۆ هزرە باڵاکەی خۆیان دەبەن و هیواو خێرو خۆشی، قەدەری خۆیان پێوە دەبەستن.

جاران ئایینێکی زۆر جوانمان هەبوو، ئایینی باپیرو و کەسوکارو کۆمەڵگامان، ئایینێك بوو خێروبەرەکەت و نورانیەت و پاکایەتی لێ دەباری، ئایینێك بوو، زیاتر عیرفانیەت و چاکەو ئیرشادبوو، بۆ درۆنەکردن و دزی نەکردن و کوتایی هێنانی هەموو جۆرە چاوچنۆکی و خراپیەك، ئەوها ئایینمان ناسیوەو لەسەر ڕێنمایەکانی گەورەبووین و بنیاتی کەسایەتیمان لەسەری دامەزراوە، ئێستاش هەر هەمان ئایینە ئەوەی داعش و 'قاعیدە' و 'بوکو حەرام' دەیکات لەهەمان سەرچاوە هاتووە، خێرە 180 پلە سەراوگێڕو ئاوەژو بووە؟

ئەو ئایینانە، بەتایبەت ئیسلام، ڕێگای زۆری تێدایە بۆ تەفسیرکردنی ئایەت و ڕێگای زۆرتر بۆ حەدیس و دواتر فقهی ئایین و شەریعەت کە بنەماکانی کۆمەڵگای ئێمەی پێ دامەزراون، کەس ناتوانێت بە چەند کۆمێنتێکی فەیسبووك و نووسینی کتێب یان کاریکاتور و گوتار هیچ کارتێکردنێك لە پیرۆزی ئەو ئایینە بکات، بەڵام ئەوەندەش ئەوە ناگەیەنێت

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

کە ئایینەکـان بەدوگمـا وەربگیـرێن و کەس بـۆی نەبێـت بە ڕاشـکاوی باسـیان بکـات، یـان ڕەخنەیـان لێبگرێـت، هەروەك سەکتاریســـتەکا Sectarianst دەیانەوێـــت، کە جـــگە لە پێهەڵـداگوتن و گەورەکـردن کەس بـۆی نەبێـت ڕەخنەیەکـی لێبگرێت، و ئەوەی ڕەخنە دژی ئەو ئـاینەیە دەکـات، مـورتەدە هەڵگەڕاوەیە.

زۆر جـار لەگەڵ خەڵکـی ئیمانـدار و بـێ بـڕواو نیواونیـو کەوتوومەتە گفتوگـۆی دوورودرێـژ لەسـەر ئەم مەسـەلانە، بـۆم دەرکەوتوە کە تەنانەت بـێ بڕوایەکـانیش ئیمـانێکی شـاردراوە لەناخیانـــدا هەیەو وەکـــو بێبـــڕوای نەتەوەو وڵاتـــی تـــر بەیەکجاری لە ئایینەکە نەشوراونەتە، ئەوەندەش دەگەڕێـتەوە سـەر بنیاتنـانی کۆمەڵگامـان کە کۆمەڵگـایەکی مرۆڤدۆسـت و ئاشـــتیخوازانەیە کە لە زەردشـــتیەوەو دواتـــر بە کـــارکردنی ڕێچکە سوفیەکان بنیاتنراوە، هەمیشـە ڕێچکەسـۆفیەکان ڕۆڵـی گرنگیان لە دروسـتکردنی کەسـایەتی مرۆڤـی کـورددا هەبـووە، ئەو پرەنسـیپە نەرمینـانەی کە ڕایەتـی و بەزۆر چەسـپاندنی چەمکەکـان ڕەت دەکـاتەوە، بـۆیەش هەمیشـە هەوڵـدراوە ئەو ئایینە لەدەست عەرەب دەربهێنـدرێت و بەجۆرێـك لەجۆرەکـان بکـرێتە سـینترالی دروسـتبوونی ئایـدیۆلۆجیایەکی تـایبەت بەمیللەتی کورد، وەکدەبینین هەموو شۆڕشـەکانی کـورد لەسـەر ڕێچـکەی سـۆفیگەری بەتـایبەت نەقشـبەندی و قـادری بـۆ ڕزگاربوونی میللەتی کورد بەکارهـاتوون. شۆڕشـە کـوردیە یەك لەدوای یەکەکـــان لەســـەر دەســـتی شـــێخی نەقشـــبەندی هەڵگیرسـاون و کەوتـونەتە بەرگـری لە دابـونەریتی کـوردی و جۆری ژیانی مرۆڤی کورد، شۆڕشی سەید تەهـای نەهـری، شـیخ سـەعیدی پیـران، سـەید ڕەزای دەرسـیم، شـیخ مەحمـود، شـیخ عبدولسەلام بارزانی و شیخ ئەحمەد بـارزانی و مەلا مستەفای

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

بـــارزانی، کە بەردەوامـــی هەیە تـــاکو ئەمرۆمـــان، زیـــاتر بڵاوکردنەوەی بەهاو ئاکاری کوردەواریان بەئەستۆوە گرتـووەو تێیدا سەرکەوتو بوون.

ئەو ئـایینەی ئـێمە دەیناسـین، ئـایینی بـابو باپیرانمـانە، بۆخۆمان دروستمان کردووەو زیاتر ئـایینێکی کـوردیەو لایەنـی عیرفـانی وەرگرتـووە، لەسـەر بنەمـای ئـایینی ئیسـلام و بە کـارتێکردنی سـۆفیگەری و ئەخلاقـی کـوردەواری دامەزراوە، ئـایینەکەی تـر ئەوی داعـش پڕاکتیـزەی دەکـات، تەنهـا ئەوە ئیسـلامی عەرەبە، بـۆیەش هەمـوو هەوڵەکـانی سـۆفیەکان بـۆ ئەوەبـوون، ئـایین لەدەسـت عەرەب دەربهێنـدرێت و هەمـوو هەوڵەکـانی بـزوتنەوە ڕادیکـالی و سـەلەفی و وەهابیەکـان ئەوەبووە جـارێکی تـر ئـایین بگەڕێنـنەوە ژێردەسـت عەرەب و دابونەریتی عەرەب بە پشتبەستن بە « کل محدثة بدعـة وکل بدعة ضلالة وکل ضلالة في النار» واتە هەر نـوێکردنەوەیەك قـاری بـوونە و هەمـوو ڤاریبوونێـك بـۆ نـاو ئـاگر. ڕێچـکە سـۆفیەکان لە پەنجـا سـاڵی ڕابـردوودا کارتێکردنیـان کەمبـۆتەوەو زۆربەیـان شـێخەکانیان لەدەسـتداوەو کەسـی تـر نەهـاتۆتە جێگایـان، شـێخیش لە تەریـقەت کـارێکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ خەڵکی وێـڵ و سـەرگەردان، کە بەدوای حەقیقەتـدا دەگەڕێن، لەدەوری شـێخەکە کـۆدەبنەوەو ئەو کۆبـوونەوەیەش ئـاڵقەی زکـری پـێ دروسـتکراوەو بۆشـایەکی زۆری لەنـاخی وێڵەکاندا پڕکردۆتەوەو بـۆتە سیسـتمێکی ئەخلاقـی بەرلەوەی ببێـتە سیسـتمێکی بیرکـردنەوە، ئێسـتاش ئەو بۆشـایە بەکـارتێکردنی شۆڤینیسـتە عەرەبەکـان کە لەگەڵ هـزری توندڕەوی ئیسلامی یەکدەگرێتەوەو کـارتێکردنی خـۆی لەسـەر کوردسـتان دەسـپێدەکات و وردە وردە دەبێـتە ئەلتەرنـاتیڤی کـارتێکردنی ڕێچـکە سـۆفیەکان، واخەریـکە مێشـکی کـورد بەو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

تیرۆره ئالودەبکات و وای لێبکات که بوون و نەتەوەو کیانی خۆی بکاتە قوربانی هزرێکی تەکفیری توندڕەو که دژی ئامانجه نەتەوەییەکانیەتی و دەست به Self_destruction خۆ لەناوبردن دەکات، که مەترسیەکی زۆر مەزنی تێدایه بۆ سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد و پاشەڕۆژی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، دەبێ ڕێگا بدرێت به ڕێچکه سۆفییەکان گەشه بکەنەوەو بەئایدیۆلۆجیا ڕێگا لەهزری توندڕەو بگرن چونکه هزری توندڕەو به باروت لەناوناچێت ئایدیۆلۆجیایەکی دەوێ بۆ ئەوەی لەبنیاتراو تائەبەد لەناوببات.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

# یاسای مۆراڵی پیشە

## بانگەوازێك بۆ سەندیكا پیشەییەكان

2010

وەك هەر وڵاتێكی جیهان لەكاتی دروستبوونیدا، مافی ئەوەمان هەیە بەخێراییترین شێوە بەدوای پێشكەوتن بكەوین و بۆ چارەسەركردنی كێشەكانمان سوود لە تاقیكردنەوەی وڵاتانی تر وەرگرین، چونكە لۆجیك نیە چاوەڕێ بكەین تا هەموو دەكەوینە ناو هەموو هەڵەكان، ئینجا لە هەڵەكان فێرببین، هەڵبەتە بەهەزاران ساڵمان دەوێ بۆ ئەوەی هەموو شتەكانمان بەسەربێ و لێیان فێرببین.

خوێندن و بەدواداچون و سوود وەرگرتن لەهەڵەی خەڵكیتر، زۆر ئاسانترو بێ كولفەتترە لەوەی خۆمان هەڵەكە بكەین ئینجا لێی فێرببین، چونكە نازانین لەئەنجامی هەر هەڵەیەك چەند باج دەدەین و زیانەكانی دیارنین، بۆیە هەمیشە ئاسانترە خۆمان فێركەین بەرلەوەی تووشی گرفتەكە ببین.

دەبێ بە توكمەترین رێگا پرۆسەی پێشكەوتن خێرابكەین وباری خودیی و بابەتیی بۆ بڕەخسێنین، ئێمە لە كوردستان هەنگاوێكی زۆر چاكمان هاویشتووە و زۆر بەخێرایی و فراوانی چوینەتە پێش، بەلام بەتۆكمەیی نەبووە، چوونكە پێشكەوتنەكە هەڕەمەكی و عەفەوی بووە تارادەیەك لە هەڵەكانی خۆمان فێربووین بەلام تەنها بەچەند شتێكی بچووك دەمانتوانی نەكەوینە ئەو هەڵە مەزنانە كە ڕێڕەوی خەباتمانیان دواخست.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

یەكێك لەو كارە گرنگانەی كە هەر دامەزراوێك یان هەر وڵاتێك دەبێ ئەنجامی بدات Code of Ethics و Code of Practice واتە مۆراڵی پیادەكردنی پیشە؛ ئەویش ئەو مۆڕاڵەیە كە بریتیە لە كۆمەڵێك پەیڕەو وپرۆگرام و ئیلتیزامات كە خاوەن پیشەكە بەسەرخۆیاندا دەیچەسپێنن بۆ ئەوەی لەپێناو خزمەتكردنی گشتی ستانداردی پیشەكەیان هەمیشە بەرزبێت و هەروەها تەرازوییەكە ماف و ئەرك دەچەسپێنێ وپیادەیان دەكات، ئەوەندەش دەبێ لەلایەن سەندیكاو سەنتەرو دامەزراوەی تایبەت بە پیشەكەوە دابمەزرێن و هەموو ئەوكەسانەی ئەو پیشەیە دەكەن لەسەرخۆیان قەبوڵی كەن و ئیلتیزامی پێبكەن، بۆ ئەوەی ئەوكارە پەسەنێكی شەرعی وڕەوایەتی وەرگرێت پێویستە لەلایەن خاوەن پیشەكەوە پێشنیار بكرێت و بدرێتە سەندیكاكان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەربكرێ و بە ڕوكەش و ناوەڕۆكێكی ئەكادیمی لەلایەن سەندیكاوە بدرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی دەوڵەمەندتری بكات و بیكات بە بڕیار وەكو یاسای دایك، بدرێتە دادگاكان بۆ ئەوەی حاكم یان دەزگای دادوەری بتوانێت لەسەر كەیسە تایبەتەكان بە پیشەكە حوكم بدەن.

ئێستا كاتێكی زۆر لەبارە بۆ دامەزراندنی سیستمی مۆراڵی پیشە چونكە ئۆقرەی سیاسی، توانا، پسپۆر، پارە، تاقیكردنەوەی وڵاتانی تر، هەموی لەكوردستان دەستدەكەوێت، كاتەكەی زۆر لەبارە بۆ ئەوەی پرۆژەی نیشتیمانی مەزن دابمەزرێ و كاری لەسەر بكرێ، چونكە لەو وڵاتە خەریكە پرۆژەی ئاوەدانكردنەوەی دیوار وئاقاهی و مساطحە گرنگتر دەبێ لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پرۆژەی فیکری و کۆمەڵایەتی وئـاوەدانکردنـەوەی دیـوارەکـانی مێشك.

لـەهـەر وڵاتێکـدا پرۆسـەی پێشـکەوتـن دەبـێ هـەمـوو ئێلێمێنتەکان (عناصر) بەیـەکـەوە گـەشـەبکـەن، وەك لاشـەی مرۆڤ، نابێت لاشـەکـەی گـەورەببێـت وسـەرەکـەی وەکـو خـۆی بمێنێتەوە (لاشەی گەورەو سەری منداڵ)، یـانیش لاشـە گـەورە ببێت و دەستێك وەکو خۆی بمێنێت لەگەڵ هەموو لاشەکە گـە شەنەکات، ئـەولاشـەیـە پـەککـەوتـەو بێکـەڵـك دەبێـت، دەبـێ لاشەکە بەیەکەوە و بە هارمۆنییەکـی لۆجیـك بهـەڤـڕا گـەورە ببێت.

گرفتەکـان کـەڵـەکـەیـان کـردووە، نـە هـەمـووی خـەتـای میللەتەو نەهەمـووی خـەتـای دەسـەڵات و حکومـەتـە، بـەڵکـو هەردولا بەشی خۆیان لەبەرپرسیاریەتی وەردەگرن؛ زۆرجار لە نووسینەکاندا و لە دیوانی خەڵکدا، «بە مەبەسـتی لـەملکردنـی خەتاباری بۆ دەسـەڵات کـە هـەموومـان فێربـووین نشوسـتی و بێکەلکی خۆمانی لەملکەین» دەسەڵاتیش بەرپرسیارێتی مەزنـی هەیە بـەرامبـەر بـە تـاك، بـەڵام خـەتایـەکـە هـەمـووی هـی هیچکامیان نییە، چونکـە هـیچ حکومـەتێـك نییـە لـەدونیـادا و ناشـبێت کـە میللـەت بـەخێوبکـات، میللـەت دەبـێ حکومـەت بەخێوبکات، بۆ ئەوەی میللەت لە حکومـەت نـەترسـێ، بـەڵکـو حکومەت لەخەڵك بترسـێت، یـانیش هـەریـەکیـان ڕۆڵـی خـۆی وەك پێویست بەجێ بێنێ.

ئێمە لەدوای ڕاپەڕیـن، هاتینـە سـەر سیسـتمێکی داخـراو بەناوی سیستمی دامـەزرێنـەری یاسـای (مجلـس تشـريعي و تـە نفیزی) ئەو سیستمە بـەحـازری هاتـە پێشـمان، سیسـتمەکـەش

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەلایەن فەقیهە یاساییەکانی رژێمی بەعس دامەزرابوو بۆ چەند مەبەستێکی داخراو کە بواری فراوانکردنی تێدا نەبووە، جێگای دوربینی و ویست وخواستە نەتەوەییەکانمانی تێدا نەبوو، نەمانتوانی نە خۆمان بەقەد سیستمەکە لێبکەین و نەشمانتوانی سیستمێکی نوێتر دابرێژین، بۆیە دژەکرداری زۆرمان هاتە پێش و ئەوهەموو هەڵە و گرفتانە تووشی حکومەتەکانمان بوون، جگە لەقۆناغی شەڕی ناوخۆ، -چونکە هیچ پێوەرێك نایگرێتەوە- ئیمە هەمیشە تووشی قەیرانی خنکێنەر بووین لەئەنجامی ئەوسیستمە کۆنە، چونکە بینینمان و هەبوونمان لەسیستمەکە مەزنتر بوون و لە سیستمێکی داخراودا جێگایان نەدەبووە بەژنوباڵای ویست و خواستمان لە بویەر و واقعمان مەزنتربوو، هەرئەوەش ئەو گرفتە مەزنانەی لەگەڵ بەغدا خولقاند کە نە بەعێراقی رازیبووین وەکو هەموو عێراقیەکان و نەشماندەتوانی وەکو دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ رەفتاربکەین ... هتد.

لەناو سیستمی کۆنی زەمانی بەعس، مۆرالی پیشە رۆڵێکی وای نەبوو، ئێمەش هاتین بەهەمان شێواز لێمانخوری و پەرهەمان بە یاسای سەندیکاکان نەدا بەقەد ئەوەی بە حزبیکردنی سەندیکاکان مەبەست بوو، لەراستیشدا حزبایەتی کاری سەندیکا ئیفلیج دەکات لەبەر ئەوەی لەپێناو سەرکەوتنی حزبایەتی چاوپۆشی لە مەسەلەی پیشەیی و ئەکادیمییەت و مۆراڵی پیشە دەکرێت و لە توکمەیی دوری دەخات، بەڵکو کۆنترۆڵی جۆرەیی گرنگتربووە، کۆنترۆڵی ستانداردی پیشەکە، لەبەر ئەوەی حزبەکان نوێنەری خۆیان دادەنێن ومەرجیش نییە نوێنەرەکانیان باشترین کەس بن بۆ بەرێوەبردنی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

پیشەکە، لەوانەیە لەپێناو رازیکردنی حزبەکە و مانەوەی پەرەپێدان ودەسکەوت، چاوپۆشی لە حرفەیی بکرێت، بۆیەش دەبینین لەناو سەندیکاکان ئەوجۆرە گرفتانە دروستدەبن، من وەکو هاوڵاتی لای من گرنگترە ئەگەر کارەباچی کارەبای ماڵەکەم باش ببەستێت و بۆڕیچی بۆڕییەکان باش ئانجامبدات و وەستای کاشی سەختەکاری نەکات و فەرمانبەر بەدەموچاوە کی بەخەندە کارەکانم ڕاپەڕێنێت، زۆر گرنگترە لەوەی پارتی بێت یان یەکێتی یان ئیسلامی یان گۆڕان .. هتد.

بۆ دامەزراندنی یاسای مۆرالی پیشە، پێویستمان بە ڕەشنووسێکی تێروتەسەل هەیە، ئەو ڕەشنووسەش دەبێ لەلایەن سەندیکاکانەوە ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەرێی بکات و بدرێتە دادگاکان بۆ ئەوەی دادوەر بتوانێت حوکمی خۆی لەسەر کێشەیەك بدات.

ئەگەر یەکمان پێویستی بەسەردانی دکتۆر هەبێت و نەخۆشییەکەی هی ئەوە نەبێت لەبەرچاوی خەڵك باسی بکات، تووشی چ جۆرە شەرمەزارییەك دەبێت ئەگەر دکتۆر سێ یان چوارکەس بەیەکەوە بباتە ژووری پشکنین؛ ئەگەر هات و لەئەنجامی شەرمکردنی ئەو کەسە دکتۆر راچێتەی هەڵەی بۆ نووسی یان نەیزانی نەخۆشییەکەی چییەو کات بەسەریداچو، کە ئیتر نەخۆشیەکەی چارە نەکرێت، ئەگەر ویستی شکایەت لەدکتۆرەکە بکات، دادوەر چۆن حوکم دەدات؟ هیچ دەقێکی قانوونی نییە تا بتوانێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو تێکستە حوکمەکە بدات.

لەبەر ئەوەی مۆرالی پیشە تەنها بۆ دکتۆر پێویست نییە، بەڵکو پێویستە هەموو پیشەیەك ئەوجۆرە زەوابت و ئە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

خلاقیاتەی هەبێت، بۆ ئەوەی ستانداردی پیشەکە بەرزببێتەوە و هاولاتیش متمانە وەرگرێ، دەبێ هەموو پیشەیەکی تۆمارکراو لە سەندیکاکان یان بەشێکیان، ئەخلاقیاتی پیشەی خۆیان بنووسنەوەو بەتێروتەسەڵی گفتوگۆی لەسەربکرێت و بدرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بیکاتە یاسای دایك و بدرێتە دادگاکان بۆ ئەوەی دادوەر کاتێ حوکم دەدات تێکستێکی یاسایی هەبێت پشتی پێ ببەستێت، لێرەش پێم چاکە چەند نموونەیەك بینمەوە بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە و مەبە ستەکەم.

من هیچ لەکارەبا نازانم بەلام سەندیکای کرێکاران بەشی کارەباچییەکانی دەبێ کارابێت و رێنمایی خۆی دەرکات و لەسەر هەموو ئەندامەکانی پەیڕەو بکات، بۆ نموونە: نابێ وایەری یەك ملیمی لە ماڵان ببەسترێت، بۆ ئەوەی ئەگەر کارەباچییەك وایەری یەك ملیمی لەماڵێك ببەست و لە ئەنجامی هەڵەکەی ماڵەکە سووتا، ئەوا دادوەر بتوانێت حوکمەکە بەپشتبەستن بە ستاندارد ورێنماییەکانی سەندیکاکان بدات.

ئەگەر سەرتاش ملی یەکێکی بڕی لەبەر ئیهمالی، یان قژی یەکێکی سوتاند لەبەر کەمتەرخەمی، حاکمەکە چۆن حوکم لەسەر کێشەی وا دەدات؟ ئایا ئەوە راستە وەکو دو هاولاتی سڤیل حوکمیان لەسەربدات کە یەکێکیان ملی ئە ویتری بڕیوە؟، یان قژی سوتاندووە؟ بێگومان ئەو حوکمە هەڵە دەبێت لەبەر ئەوەی ئەگەر کابرا ئیدیعای سەرتاشی نەکات، من ملی خۆمی نادەمە دەست وهیچ کەسێکیش ئامادەنییە قژی خۆی بداتە دەست، بەلام کە ئیدیعای

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

ئەوەیکرد و ئیجازەی پێوەرگرت، دەبێ وەکو ماستەر بێت کەشاگرد لەبەردەستی فێرببێت ونابێت بەهیچ شێوەیەك هەڵە لەپیشەکەی خۆی بکات و ئەگەر کردی، ئەوە یاسای سەندیکا هەیە حیسابی لەگەڵدەکات.

کەسمان ناوێرێت خوشکی خۆی یان کچی خۆی یان منداڵێك، شەوان لەگەڵ تاکسی بنێرێت، نەك لەبەر ئەوەی هەموو شوفێری تاکسییەکان خراپن، بەڵکو ترسمان لەوە هەیە تووشی کابرایەکی خراپ بێت، ئەگەر هاتو منداڵەکە یان ئافرەتەکە دەستدرێژی کرایە سەر، ئەوا دادوەر بە چ یاسایەك حوکمی لەسەردەدات؟ ئایا یاسای ئەوەی هاولاتییەك دەستدرێژی کردۆتە سەر یەکێکی تر؟ ئەوە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوکابرایە تەکسی نەبا ژنەکە یان منداڵەکە سواری ئوتومبیلی تایبەت نەدەبوو، کەواتە ناوی تەکسی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی تاوانەکەی خۆی ئەنجام بدات، بۆیەش نابێت وەکو هەرکێشەیەکی تر حوکمی لەسەر بدرێت.

یاسای مۆرالی پیشە لەسەر هەموو شتێك پیادە دەبێت، بگرە لە سەر فەرمانبەر، پۆلیس، شوفێری باص، وەستای سەتەلایت، ئای تی، بایۆلۆجیست تاقیگە، بەڕێوبەری دائیرە، مامۆستا، ئەفسەر پۆلیس، دکتۆر پارێزەر ... هتد، چون دەتوانین ئەو هەمو پیشانە کۆنترۆلکەین بۆ ئەوەی پابەندیی ئەخلاقی پیشە بپارێزن و ئەخلاقی ماڵەوە نەهێننە ناو کار، ئەگەر سەردانی دائیرەیەك بکەیت وکەس نەناسی (وای لەحاڵت) فەرمانبەرەکە یان مدیرەکە لەپیاوەتی خۆی دەرتناکاتە دەرەوە، ئەگینا هیچ یاسایەکی تایبەت نییە لەسەر فەرمانبەر یان بەڕێوبەر بچەسپێنێت چۆن دەبێت مامەڵە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

لەگەڵ هاوڵاتی ومراجع بکات، ئەخلاقی خۆی ئی ماڵەوە دەهێنێتە ناو دائیرەو ئەوەش بەهیچ پێوەرێك نابێت.

با ئەو نووسینەم بانگەوازێك بێت بۆ سەندیکاکان بۆ ئەوەی خۆیان ئامادەبکەن بۆ پرۆژەیەکی وا گەورەی دوارۆژ لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و هێنانە کایەی دادوەریی کۆمەڵایەتی و بەیەکەوەلکاندنی تاك بەکۆمەڵگاو سیستمی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتو.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

McKay, John P. ; Bennett D. Hill, John Buckler (1996). A History of World Societies. Houghton Mifflin Company.

Miller, George A. ; Christiane Fellbaum, and Randee Tengi, and Pamela Wakefield, and Rajesh Poddar, and Helen Langone, and Benjamin Haskell (2006).

Word Net Search 3. 0. Word Net a lexical database for the English language. Princeton University/Cognitive Science Laboratory /221 Nassau St. / Princeton, NJ 08542. Retrieved on 2007-11-10.

http://an. wikepedia. org/wiki/Government

Ostwald, M. Oligarchia: The Development of a Constitutional Form in Ancient Greece (Historia Einzelschirften; 144). Stuttgart: Steiner, 2000

• Jean-Jacques Rousseau. the social contract and discourses.
Everyman, J. M Dent. London.

• Aristotle, the Politics, Penguin, Clasical

Tim Dunne and Brian. C. Schmidt, The Globalization of world politics. pp162

ARTICLE 63.

The Turkish Government hereby agrees to accept and execute the decisions of both the Commissions mentioned in Article 62 within three months from their communication to the said Government.

ARTICLE 64

If within one year from the coming into force of the present Treaty the Kurdish peoples within the areas defined in Article 62 shall address themselves to the Council of the League of Nations in such a manner as to show that a majority of the population of these areas desires independence from Turkey, and if the Council then considers that these peoples are capable of such independence and recommends that it should be granted to them, Turkey hereby agrees to execute such a recommendation, and to renounce all rights and title over these areas.

The detailed provisions for such renunciation will form the subject of a separate agreement between the Principal Allied Powers and Turkey.

If and when such renunciation takes place, no objection will be raised by the Principal Allied Powers to the voluntary adhesion to such an independent Kurdish State of the Kurds inhabiting that part of Kurdistan which has hitherto been included in the Mosul vilayet'.